# ئەنفالی گەرمیان

# سیاسەتێكو دوو ئامانج

عومەرمحەمەد

كوردستان – سلێمانی
2010/4/14



**ئەم بەرهەمەم پێشكەش بە :**

- بە دایكم ئەو ژنەی كە شەڕی ناوخۆ لەیەكتری جیاكردینەوەو ئەو بەبسكی سپیو منیش بە ریشی سپیەوە بەیەكتری شادبووینەوە .
- بە پەروینی خوشكم كە هاوڕێو هاودەمی ڕۆژگارە سەختو تاڵەكانی منداڵی بووین.
- بەو مرۆڤانەی ئاسودەیی كەسوكاری قوربانیانی ئەنفالیان خستووەتە پێش خۆیانەوە .
- بەو مرۆڤانەی سەربەرزی بەردەم ویژدانی خۆیانو دەرفەت نادەن بەدكاریو دڵپیسی بیانكوژێ .

## ناوەرۆک


1. پێشەکی نوسەر ..... 11
2. دەروازەی کتێبەکە ..... 15
3. بێدەنگی لە پەیماننامەی لۆزانەوە هەتا ئەنفال ..... 23
4. نەوت هۆکارێکی سەرەکی جینۆسایدی کورد ..... 27
5. دڵپیسی و گومان لە دلسۆزی کورد ..... 32
6. پەلاماری ئەنفال و تەعریبی بەردەوام ..... 39
7. تەماحی نەوت و ئامانجەکانی بەعس لەئەنفالی سێی گەرمیاندا ..... 47
8. دەستپێکی پلانەکانی ئەنفال لەژێر پەردەی هەڵمەتی پێشخستنی ناوچەکانی باکوردا ..... 58
9. پەلامارەکانی ئەنفالی سێ بەمەبەستی پاکتاوکردنی گەرمیان ..... 67
10. بەعس و لۆجیکی ئەنفال ..... 76
11. رقێکی تایبەتی ..... 78
12. شەری شێخ تەویل ..... 87
13. هەرەشەی ویرانکردن ..... 99
14. پەلامارەکانی ئەنفالی سێ ..... 108
15. شەڕی تازە شار ..... 124
16. نەخشەی پەلاماری قادرکەرم ..... 136
17. رۆلی جاشە کوردەکان ..... 168
18. لێبوردنە گشتیەکەی بەرەی کوردستانی ..... 194
19. بەردەوامی سیاسەتی بەعەرەب کردن ..... 196
20. ئەم چیرۆکانە ون نەکەی ..... 199
21. ئایا سوپای عیراق نیشتمانی بوو ..... 208
22. دەرئە نجام ..... 212
23. گەرانەوەی تەرمەکان ..... 224

## لەزمانی جەلادەوە : لاریمان نیە سەری خیانەتکاران بپەڕێنن


**لەزمان‌و ڕەفتاری ئەو ڕابمێنە بۆئەوەی هەرگیز لەونەچیت.**

ئەو زمانەی 35 ساڵ پیاوانی ڕژێمێك لەگەڵماندا پێی دەدوان، لە زمانی ستەمکاری
واوەتر بوو، ئەگەر ستەمکاری بەواتای بە
مرۆڤایەتی بێت، ئەوا ئەو زمانەی لەم بە
(5083 ) بەرواری 1987/7/12ی نوسینگە
ڕێکخستنی باکوری حزبی بەعسی هەڵگ
نیازەکانی بەعس ، خەیاڵەکانی جەلادمان بە
ڕووتوقوتی بۆنمایش دەکات.. کاتێك
بەڵگەنامەیەك بەئیمزای سکرتێری
نوسینگەی ڕێکخستنی باکوری حزبی
بەعس دەبینین، دەبێت ئەوەندە لە
مرۆڤبوونی خۆمان نزیك بینەوە بۆئەوە;
بەقەدئەو زیاتریش لەڕەفتارو گفتاری ئەو ج
لەمرۆڤ ( ئەگەر شیاوبێت ناوی مرۆڤی لێ
دوربکەوینەوە، تاهیر توفیق العانی ئەو جەلاد
ڕون نیە دادوەر بەکام لۆجیك‌و بەکام یاسا بێ
سەلماند وەڵامی نوسراوی فەیلەقی یەك دەد

: نوسراوتان نهێنی‌و کەسی (سری والشخصی) ژمارە ( 352) لە بەرواری 1987/7/8 پەیوەستە بەهەڤاڵی تێکۆشەر عەلی حەسەن مەجید – بەرپرسی ڕێکخستنی نوسینگەی باکور بەم شێوەیەیە :

( هیچ لاریمان نیەو ناڕازی نین لەپەڕاندنی سەری خیانەتکاران، بەڵام باشتروایە ڕەوانەیان بکەن بۆ ئاسایش (ئەمن) بەمەبەستی لێکۆڵینەوە " لەوانەیە کە زانیاری
دیان لێوەربگیرێت پێش ئێعدامکردنیان.

ا بەئاشکرا دەردەکەوێت سوپای عێراق کە هەتا ئەمرۆ
ی دەکرێتەوە، چەندە داردەستی حزبی بەعس‌و لەبری
ینتمای بۆ نیشتمان‌و مافی هاو نیشتمانیان هەبێ،
دازەی ستەمکاری بەعس دەستی چووەتە خوێنی
نیشتمانیانی بێگوناهو دەستی لەکۆمەڵکوژی‌و کوشتنی
هاونیشتمانیان نەپاراستووە، کوشتنی کوردەکانیان لە
ێکی نیشتمانی .


حزب البعث العربي الاشتراكي
امة عربية واحدة ذات رسالة خالدة
(سري وشخصي)

## پێشەکی نوسەر

**زۆر گرنگە لەنوسینەوەو دۆکۆمێنتکردنی ئەنفالدا لە قسەو گفتارماندا، تەندروستو زمان شیرینو بەویژدان بین، بەقەد دڵڕەقی جەلاد ئێمە دڵنەرمو بەوەفا بین. بەبێ چاوپۆشیو بەبێ زێدە پێوەنان شان بدەینە بەر نوسینەوەی مێژوو، بێگومان هەوڵەکان هەتا بابەتیو جدیو زانستی بن، زیاترجیگای بایەخ پێدانن.**

ئەم کتێبە خەونوخەیاڵێکی چەند ساڵی رابوردوومە، بەتایبەتی لەسەر قۆناغی سێهەمی ئەنفال کە سنوری گەرمیانی گرتەوە، بەهەرهۆیەکەوە بووکارەکەم لەهەنگاوی سەرەتایدا راوەستابوو، بەڵام مبادەرەکەی برای بەرێزم کاك سالارمحمود خستمیە بەردەم هەنگاوێکی جدی ترەوە، بێ دودڵی ئەو ڕاستیەش پێ لێدەنێمو دەڵێم ئەگەر ئەوخەمخۆرییەی ئەو نەبوایە چاپکردنی چەند ساڵێکی تر دوادەکەوت خۆڕەنگە کتێبە هەرگیز چاپی نەدیایە، مەگەرخەمخۆرێکی تر وەها ئەرکێکی بخستایەتە ئەستۆی خۆی.



بێگومان نوسینی کتێبێك دەربارەی ئەنفال بەگشتیو ئەنفالی سێ بەتایبەتی، چەندە ئەرکێکی ئەخلاقیە، ئەوەندەش کارێکی پێویستو گرنگە. هەرچەندە کارێکی گرانە، چونکە گەرمیان ناوچەیەکی بەفراوانەو پڕە لە گوندو تیرەوهۆزی جیاواز، لەبەرگرنگی ناوچەکەی کە نزیکی بیرەنەوتەکانی (کەرکوكودیالەو تکریتە) بووەتە ئامانجی تەعریبو بەعس مامەڵەیەکی جیاوازی لەتەك قوربانیەکاندا کردووە، ئەمەش پێویستی بە لێورد بوونەوەو بەڵگەی زۆرو هەمەلایەن هەیە.

ئەم کتێبەش تەنها هەولێکە لەوهەولانەی کە بەنیازین نەهێڵین ئەنفال ( بەحیکایەتی جەلادو قوربانیەوە ) لە زاکیرەی مرۆڤایەتیدا ونببێت، نازانم تاچەند دەتوانم سەرکەوتن بەدەست بهێنم، ئەوەیان بەجێدەهێڵم بۆ خۆینەری جدیو مرۆڤی تەندروست.

هەڵبەتە هیچ هەولێك، تەنانەت نوسینی تاکە ووتارێکیش دەربارەی ئەنفال، بێ خەوشوکەموکوڕی خۆ بەدەستەوە نادات، ئەمەش بەقەد ئەوەی پەیوەندی بەگەورەیی تاوانەکەو زۆری حیکایەتەکانی ئەنفالو هەموو ئەوپێشیلکاریانەوە هەیە، ئەوەندە پەیوەندی بەسەلیقەو توانای نوسەرو لێکۆڵیارو توێژەرانی ئەم بوارەوە نیە.

وای بۆدەچم هەرهەولێك لەم پێناوەدا ئەگەر سەرکەوتووش نەبێت لەسود بەدەرنیە، بۆیە دەخوازم ئەوەی دەستی قەڵەم دەگرێ، دور لە دەمارگیریو توندرەوی دەربارەی تاوانی ئەنفال بنوسێ، ئەوەی حیکایەتێك پێ دەزانێ چ بەگێڕانەوە یان بە نوسین، بادۆکۆمێنتی بکات، ئەوەی وێنەیەکی قوربانی یان جەلاد، یان بەڵگەنامەیەکی لەبەردەستە باتوند هەڵی بگرێو لەفەوتان بیان پارێزێ.

بەش بەحاڵی خۆم بەلامەوە گرنگ نیە لەکارەکانماندا هەڵەبکەین، بەپێچەوانەوە خراپ دەکەین لە ترسی ئەوەی هەڵەنەکەین نەوێرین لەپێستی خۆماندا بجولێینەوە،

ئەگەر وامانکرد کات تێدەپەڕێو ئەوەی لەتوانشماندا بووە لەدەست دەچێ. ئەگەر لەخۆمان بپرسین هەر لەپاش گەڕانەوەی پیرەمێردو پیرەژنەکانی نوگرەسەلمانەوە، هەتا ئەمرۆ بەمردنی هەر قوربانییەك لانی کەم حیکایەتێکمان مردووە..؟ لەوکاتەوە ئەگەر مشورخۆر بوینایە بەتایبەتی لەدوای راپەرینی ئازارەوە، ئێستا خاوەنی ئەرشیفێکی گەورەبووین.. وەلی ئەفسوس خەمساردی گورزی کوشندەی لێداوین، ئەگەر هیمەتی چەند کەسێك نەبوایە کەزۆربەی هەرە زۆریان بەپڕکێشی خۆیو لەسەرقوتی خۆیو ماڵومنداڵ کردووەیەتی، ئێستا خاوەنی چی دەبووین دەربارەی ئەنفال..؟ بێگومان هیچ.

زۆر گرنگە لەنوسینەوەو دۆکۆمێنتکردنو قسەو گفتارماندا، تەندروستو زمان شیرینو بەویژدان بین، بەقەدە دلڕەقی جەلاد ئێمە دڵنەرمو بەوەفا بین. بەبێ چاوپۆشیو بەبێ زێدە پێوەنان شان بدەینە بەر نوسینەوەی مێژوو، بێگومان هەوڵەکان هەتا بابەتیو جدیو زانستی بن، زیاترجێگای بایەخ پێدانن.

بەشبەحاڵی خۆم گەڕان بەدوای نهێنیەکانی ئەنفالدا، یەکێك بووە لەخەمە هەرە گرنگەکانی ژیانم، ئەگەرچی لەسۆنگەی ئەم خەمەوە بازرگانەکانی ئێسكو کەللەسەر، جاربەجار لێم قوت دەبنەوەو تەگەرەم بۆدروست دەکەن، بەڵام فەرمۆشکردنیان باشترین وەلامی من بووەو بەقەد توانای خۆم لە نوسینەوەی مێژووی ئەم میللەتە جینۆسایدکراوە دانەبراوم. بروام وایە گەران بەدوای خەمو نهێنیو بەڵگەکانی ئەنفالدا گەڕانە بەدوای بەهای مرۆڤو ئازادیدا ڕاستە کارێکی تاقەت پروکێنە، بەڵام ڤۆلتیر ووتەنی " ئازادی بۆکەس نایەتە خوارەوە بەڵکو دەبێت بۆی سەرکەوی"، بەرپەرچدانەوەی ئەنفال پێویستی بەهەستێکی مرۆڤانەی بەرز هەیە، چونکە قوربانیەکان چ ئەوانەی بێسەروشوێنکرانو چ ئەوانەی بەهەر هۆیەکەوە دەرفەتی دەربازبونیان بۆ رەخساو ئێستا بەدڵشکاوی لەئۆردوگاکاندا دەژین، زۆر نامرۆڤانە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە.

گەڕان بەدوای نهێنیەکانی ئەنفالدا کارێکی پڕمەترسیە، چونکە ئەوانەی دەخوازن ئەنفال فەرامۆش بکەین، کەم نینو بێ دەسەلات نین، بەڵام مرۆڤ کە ئازادی ویست کوا گوێی بەمەترسی داوە، ژیانی سەربەرزانە دەخاتە پێش هەر ترسێکەوە، چونکە ژیان چەندە خوشو گرنگ بێت، هێشتا مردن لەپێناوی ئازادیدا گرنگترە.. کەواتە جوانترین ریزگرتن لەقوربانیانی ئەنفال هەولدانە بۆپاراستنی دەستکەو تەکانو بەدەستهێنانی ئازادی زیاتر .

حارێکی تر سوپاس بۆ کاك سالار محمود کە ئەم ئەرکەی گرتە ئەستۆو بەمەرجەکانم قایل بوو.

**عومەر محمەد**

**نیسانی 2010 سلیمانی**

## دیوێکی فەرامۆشکراوی ئەنفال

بەوپێیەی ئەنفال پرۆسەیەکی نامرۆڤانەوتاوانێکی نائاساییە، بەهەموو پێوانەیەك دەچێتە خانەی جینۆسایدەوە، دەبوایە حالّی حازر بەتایبەتی پاش هەراو غەلبەغەلّی بانگەشەی دیموکراسیو بەسەرچوونی سەروەختی دنیای دکتاتۆرەکان، کۆمەلّگەی مرۆڤایەتیو ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەولّەتی " دەولّەتە زلهێزەکان" بەرامبەر بەگەلی کورد، هەلّویستیی خۆیان رابگەیاندایە بەتایبەتی جۆرە شەرمەزاریەکی خۆیان لەبەرانبەر بێدەنگی تاوانەکانی صدام حسین بەرانبەر بە نەتەوەیەکی جینۆسایدکراودا رابگەیاندایە، بەلایەنی کەمەوە وەکو پەیامێکی جیهانی نویێ لەژێر فشاری یاسا ناوخۆییو نیودەولّەتیەکاندا لانی زۆری تاوانباران‌وگومانلێکراوان‌و داهێنەرانی ستەمکاری ئەنفالیان لەبەردەم مرۆڤایەتیدا شەرمەزار کردبایە. چونکە ئەنفال چ لەکاتی رودانیو چ ئێستاش کە 22 سالّی بەسەردا تێدەپەرێ برینێکی قولّی کردووەتە جەستەی مرۆڤایەتیەوە بەگشتیو کوردیش بەتایبەتی، بەلایەنی کەمەوە ئەو تاوانە ئابروی کۆمەلّگەی نێودەولّەتی لەکەدارکردووە.

بۆیە گرنگترین تێڕامان لە تاوانی ئەنفال نیازو دەرئەنجامەکەیەتی، نیازێك کە بریتی بوو لەسیاسەتی سرینەوەو پاکتاوکردنی نەتەوەیەك، لەپێشەوە سرینەوەی بەشێك لەکورد کە ئەویشس گوندنشینەکانی بوون، ئەو گوندانەی بەپێی سەرژمێری سالّی 1987



خرابوونە دەرەوەی حساباتی نیشتمانەوە، دواتریش تەعریبو پاکتاوی کۆی نەتەوەی کورد بەشیوەی لەسەرخۆو بەسیاسەتی پەرتکەو زالّکەو بە لۆجیکی بەهەنگوین خنکاندن، هەربۆیە دەبێت ئەوە جێگەی تێرامانی هەموو کوردو مرۆڤێکی تەندروست بێت، کە ئەنفالی سیێ بەدلرەقانەترین شیواز بەرێوە چوو، پاکتاوی گەرمیان لەلۆجیکی قۆناخەکانی تری ئەنفال واوەتر بوو، کەدواتر دەریدەخەین هەردو قۆناغی پەلامارەکە لەئەنفالی سی وچواردا هەلبژاردەکاریو پۆلین کردن بەشیوەی گسك لیدان بووە. ئامانجی ئەم کتێبە دەرخستنی سیاسەتێکە کەهەمان ئەو رژێمەوهەمان ئەو سوپایە ئەنجامیداوە، بەلاّم دوو ئامانجی لەخۆ گرتووە یەکیان پەرتەوازەکردن‌و کۆمەلّکوژی گەرمیانیەکان بووەو ئەویتریشیان تەعریب، ئەویش لەبەرئەوەی ناوچەیەکی دەولەمەندە بەنەوت.

لەبەرئەوەی تاوانی ئەنفال سنوری تاوانی ئاساییو ناوخۆیی بەزاندووە، ئەستەمە بۆمرۆڤی تەندروست هەمووساتێك بیری لێنەکاتەوەو بەخەمساردیەوە بەتەنیشت قوربانیەکانیدا تێپەرێو لەبەرانبەریدا تێڕانەمێنیێ، چ جای خەمساردی بنوێنیێ، لەبەرانبەر دوبارەبوونەوەی وەها تاوانێکدا، بەتایبەتیش بۆ میللەتێك کەخۆی قوربانی یەکەمی تاوانەکە بێتو هاونیشتمانیوهاومالّی قوربانیەکان بێت . بەلاّم ئەمە بەس نیە چونکە تێرامان لەئەنفال تەنها مەسەلەیەکی ئەخلاقی نیە، بەلّکو مەسەلەیەکی چارەنوسسازیشە، تاونێك نیە تەنها پەیوەندیدار بێت بەمردووەکان‌و بێسەروشوێنەکانەوە بەلّکو پەیوەندیدارە بە ژیان‌وئایندەی زیندووەکانەوە، تاوانێکی تراژیدیا نیە لەرابوردوماندا بێتو بە فرمێسك رشتن بتوانین خۆمان ئاسودەبکەین، بەپێچەوانەوە مەترسییەکە لەبەردەمماندا‌و لەداهاتوشماندا ئامادەیە، ئەگەرخەمساردی بنوێنین ئەگەرەکانی دوبارە بوونەوەی زیاترەو ئەوسا کیێ فرمێسك بۆکیێ بریژیێ ؟ بێگومان کەس نامێنیتەوە یادی کۆمەلّکوژیشمان

بكاتەوە، ئەگەرچی رەنگە هەرگیز جارێکی تر کۆمەڵکوژی وەکو ئەنفال رونەداتەوە، بەڵام هەرگیز ناتوانین بلێن پرۆسەی جینۆسایدکردن دەوەستێ چونکە جینۆساید تاوانێك نیە بەتەنها لە جەنگدا ئەنجامبدرێت، بەڵکو جینۆساید دەشێت لەئاشتیشدا واتە لەسەقامگیریو ئارامیشدا ئەنجامبدرێت بەبێ ئەوەی دلۆپێك خوێنی تێدا برژێت، ئەویش تەعریبو گۆرینی شوناسی نەتەوەییە، ئەو سیاسەتەی دەولەتی عێراق پێشتر پیادەی کردووە، بەتایبەتیش لەموسڵ ئیستا گەلیك کورد هەن زمانی کوردی نازانن وگەلێکیش هێشتا نازانن باوباپیارانیان کوردبوون.

کەچی ئەفسوس .. نەك هەر تیرامانی قوڵمان نیە لەو بارەیەوە بەڵکو زەق بەبەرچاوانەوە دەبینین پاشئەوەی ئیسكوپروسکی قوربانیانی ئەنفال لەناو گۆڕەبەکۆمەڵەکانی بیاباندا دەرکەوتنەوە، هێشتا بێ باکیو خوێنساردیەك دەبینین بەشێوەیەك یادکردنەوەی ئەنفال بەقەد بردنەوەو دۆڕانی تیپێکی تۆپی پێ بەشداری لەخۆشیو ناخۆشیەکەیدا ناکەن. کەدەشکرێ رێزلەهەستو سۆزی قوربانیەکانی ناگیرێ بەرپرسانی باڵادەست بەبێ کایەوە بەتەنیشت گومانلێکراوانی ئەنفالەوە دەچنە ئەوبۆنانەو جلەوی بەرێوەبردنیان دەگرنە دەست.

بەشبەحاڵی خۆم وای بۆدەچم لێکۆلیارورۆژنامەنوسو کەسایەتی مرۆڤدۆستی بێگانە تارادەیەك بەپەرۆشترین لە دەسەڵاتدارانی لای خۆمان بەتایبەتیش خەمساردیو بێباکیان بەرانبەر کەمکردنەوەو نەهێشتنی ئاسەوارو کاریگەریەکانی ئەو تاوانە( کۆمەڵایەتی، ئابووری، دەروونی ) لەسەرئەوکەسانەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بونە قوربانیو ئەمرۆ بۆ پەتپەتێنومەینەتی لەژیانداماون، هەمومان زەق بەبەرچاومانەوەیە لەئاستی ناوخۆدا ئەنفال وەك مەسەلەیەکی ئیعلامی ولەئاستی جیهانیشدا وەك ئامرازێك بۆ بەرژەوەندی



تایبەتیو نیشاندانی مەزلۆمیەتی نەتەوەیەك بەکارنایەت بە پێچەوانەوە لەوەشدا وەك بەرژەوەندیەکی حزب بەکاری دەهێنن، نەك وەك تاوانێکی نێونەتەوەیی دژبەنەتەوەیەك کەڕوی هەموومرۆڤایەتی ناشرین کردووە.

سەبارەت بەقەوارەی تاوانەکەو، فراوانی رێژەی قوربانیەکان، سەبارەت بە هەڵسوکەوتی بێباکانەودڵرەقانەی تاوانبارانوگومانلێکراوانی ئەنفال پێموایە قسەی زۆرو پڕمانا کرابن، بەڵام پێمشکنایات سیاسەتمەدارو ڕۆشنبیری هیچ میللەتێك بەقەدکورد لەبەرانبەر قوربانیانی میللەتەکەی ئەوەندە خەمساردو بێ باك بووبێت، ئەگەرچی نووسینو یاداشتەکان هەرچەندێك زۆربن هێشتا لە پەراوێزی ئەو تراژیدیەدایە، بەڵام کوا ئەو زانکۆوسەنتەرانەی بۆلێکۆڵینەوەو لێتویژینەوەی ئەم تاوانە دامەزراون، کوا ئەو سەنتەرو بنکە تەندروستیانەی بۆچارەسەری نەخۆشیە جۆراوجۆرەکانی قوربانیەکان بنیاتنراونو چەندیان بەروی قوربانیاندا دەرگایان کراوەتەوە..؟

مەسەلەیەك کەدوای 22 ساڵ هێشتا لەناو راگەیاندنەکانی کوردی و جیهاندا وونەو ئامادەنیە خۆی نیشانبدات، هۆکاری جەنگی ئێران- عێراقە لەسەرتاوانی ئەنفال. کەلەوچرکە ساتە هەستیارانەدا بەڕێوەچوو، بەعس بەخەیاڵی خۆی دەرفەتی قەڵاچۆکردنوکوردقرانی بۆهەڵکەوتووە تا لەنێوتەپو تۆزی جەنگێکی گەورەدا تاوانەکە دیزە بەدەرخۆنە بکات، بەڵام لەوەیاندا خۆشبەختانە بەخت یاوەری نەبوو، بەڵکو رۆژگار فرێی دانە ناو قەفەزی تاوانەوە لەسەرکیمیابارانی هەلەبجەوئەنفال، وەلی ئەفسوس ئەمەشیان هەر بەجەختوکاری لێبراوانەی کوردنەبوو، بەڵکو دەرفەتێك بوو لە بەربەرژەوەندی هاوبەشی نێوان ئەمریکاو هێزە هاوپەیمانەکانوکوردو عێراقیەکاندا، لەلایەك پاساوێك بوو بۆ شەرعیەتدان بە روخاندنی بەعس، بەتایبەتی روخانی بەعس بەبێ

گرتنو دادگایی کردنی صدامو کەمینەیەك، جا رێرەوو عەدالەتی دادگاکە هەرچۆنێك بووە ئەوەیان باسێکی ترە.

لایەنێکی تری تاوانەکە ئەوەیەکە ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەروقایمیەکی زۆرەوە چاوپۆشیو سۆزیان بەلای بەغدابوولە دژی دەسەڵاتی پاوانخوازانەی ئێران، کەئەمە نەعەدالەت بوو نەئینسافو نەویژدان، وەلی بەرژەوەندی وڵاتو حکومەتەکانی ئەوچوار وڵاتەو بێهەلوێستی وڵاتی چینیش لە بیلایەنیدا بوو.

لەکاتێکدا ئەوگوندنشینانەی کەوتنە بەرئاگری بێرەحمانەی ئەنفالەوە وەکو چۆن هیچ بەرژەوەندییەکیان لە جەنگا نەبوو، بەهەمان شێوە هیچ لایەنداریيەکیان لەنێوان عێراقو ئێرانیشدا نەبوو، ئەوەی کرا بەپاساوی تاوانکاری بەعس ئەوحزبە کوردیانە بوون کەپاش راپەرینیش گوێیان بە قوربانیانی ئەنفالو ژیانومەینەتی کەسوکاری ئەنفالو کوژرانی ئەو هەموو مرۆڤە بێتاوانانە نەدا، دەنا حزبەکانی کوردستان چ پرسو رایەکیان بەخەڵك نەکردبووداخۆ هەماهەنگی ئێران بکەن یان نا..؟ هەروەکو چ پرسو راەیەکیشیان بەوگوندنشینە هەژارەوخەڵکی شارەکانی کوردستانیش نەکردبوو داخۆ گفتوگۆ لەگەڵ رژێمی عێراقدا بکەن یان نا..؟ ئیدی لە دوای شکستی وتووێژیشیان لەگەڵ رژێمی بەعس هەرەشەی ریککەوتن لەگەڵ ئێرانیان لێکرابوو، کەچی چوونە پاڵ ئێرانو بەهۆی ئەو هاوپەیمانێتیەی سەروەختی جەنگ بەکردەوە بوون بە بەشێك لەجەنگی ئێران- عێراقو ئێران توانی هیزوتوانای لەبن نەهاتووی ئەوان بقۆزێتەوەو بەرەی تری شەریان بۆ دروستبکات لەگەڵ عێراقدا، تا بون بەبەشێك لە پاساوی کۆمەڵکوژی خەڵکی کوردستان لەگوندەکانیاندا.



هێرشی هاوبەش بۆسەربیرە نەوتەکانی کەرکوكو داگیرکردنی شاری هەڵەبجە، بەکارهێنانوکەڵك لێوەرگرتنی ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە بۆ ئۆپەراسیۆنی هێزەکانی ئێران لە عێراقدا ڕاستەخۆ بوونە هۆکاری تێوەگلانی خاكو خەڵکی کوردستان لەو جەنگە وێرانکەرە.

ئەم تاکتیکە نادرووستەی سەرکردایەتی ناسیونالیزمی کورد، هەلێکی زێرینی بۆ ڕژێمی دڕندەی بەعس خولقاند، تا نەخشەی لە مێژینەی خۆی بۆپاکتاوکردنی خەڵکی کوردستان جێبەجێ بکات، لەلایەکەوە بۆ سەرکوتوپاکتاوکردنی بزووتنەوەی رزگاری خوازانەی گەلی کوردولەلایەکی تریشەوە بۆ تێکشکاندنی بزووتنەوەی سیاسی ناسیونالیزمی کوردو لەریشە هەڵکێشانی ئەوکوردانەی دەمێك بوو بەعس لێوی لێدەکرۆشتنو دەیەویست لەکەرکوكو دەوروبەری شاری زێری ڕەش) وەکو دان هەڵیانکێشیو گورزێکی کەمەرشکێنیش لەکورد بدات، تا بەشێوەیەکی ئاسانتر ناوچەکە تەعریب بکاتو ئەم تاوانانەش لەناوتەپوتۆزی جەنگێکی کاولکاردا دیزە بەدەرخۆنە بکات .

مێژوو گەواهی ئەوە دەدات کە ئەو رۆژانەی ئەنفالیان بەشوێندا هات، رۆژە پڕ کێشمەکێشو ئالوگۆڕەکانی جەنگی ئێران- عێراق بوون، رۆژە چارەنووسسازەکانی پێشکۆتایی هاتنی جەنگەکە بوون، هەردوو بەرەی جەنگ بەروونی دەیانبینی کە ئیتر شەڕ گرنگی نەماوەو وەستاندنی دەبێتە ئەمری واقع، عێراقو لایەنگرانی بەچنگونینۆك تێدەکۆشان ئێران بەئاگربەست قایل بکەن، ئێرانیش بەناچاری هاتبووە سەر ئەوبروایەی کە دەبێت ژەهری رێکەوتنو ئاگربەست بنۆشێ، بۆیە هەریەکە لەو دوو وڵاتە دەیەویست بەرلەوەی ئاگربەست دروست بێت جێگەوشوێنی بالاتر بۆخۆی مسۆگەر بکاتو

لەموقیعی هێزەوە ئەو بڕیارە قبوڵ بکات، پێشڕەویو شکستی خێرا خێرای هێزە سەربازیەکانی ئەم دوو وڵاتە بەدرێژایی سنووری نێوانیان گەواهی ئەو ڕاستیە بوون. لەوەها حالێکدابوو کە عێراق بینی بەهاوکاری پێشمەرگە ئیران پێشڕەوی کردووەو هەلەبجەیان داگیرکردووەو بەنیازیشن بەنداوی دەربەندیخان بکەنە کارتێکی بەهێزو هەڕەشەیەکی مەترسیدار بۆسەر عێراق، بۆیە دەرفەتی ئەوەی بۆهەلکەوت کە لەپەنای بەرگری کردنەوە گورزێکی کوشندە لەکوردیش بدات. ڕژێمی بەعس کە لە رووبەڕوو بوونەوەی دووژمنەکانیدا لە هێزەکانی خۆیشی دەستی نەدەپاڕاست، لەدەرفەتێکی هەلکەوتوودا کوردەکانی کەوتە بەردەست، دەنا خۆ بەرلەوەی جەنگی ئێران هەلگیرسێنێ هەرلە پاش شکستی کوردو پەیماننامەی جەزائیر بەوپەری دلرەقانە مامەڵەی لەگەڵ کوردی نیشتەجێی سەرسنورەکان دەکرد، هەموو گوندەکانی سەرسنوری بەدرێژایی 20کم راگواستبوو، هەرلەسەرەتاوە لەسێ ساڵی سەرەتای جەنگی ئێران- عێراقدا چەکی کیمیاوی خستبووەکارو لەناوەڕاستی هەشتاکانیشەوە دەست بردن بۆ جینۆسایدو کۆمەڵکوژی نەشتێك بووشەرمی لێبکاتو نەکارێکی ئەوەندە ئەستەم بووبەلایەوە، بەتایبەتیش کە ئەجۆرە تاوانانە (کۆمەڵکوژیو بەعەرەبکردن) لەدیدی عەرەبدا شەرعیەتیان هەبووەو لەبەرایی ناسیونالیزمی عەرەبداو لە سەرتای ئیسلام وێڕای سەرکەوتنی گەورە بەشانازیەوە تەماشایانکردووە . بێگومان ڕژێمی بەعس لەو تاوانەدا تەنیانەبوو، بەڵکو ئەوانەش لەگەڵیدا شەریکبوون، کە لەجەنگی ئێران-عێراقدا چاوپۆشیو پشتیوانییان دەکردو لەدژی دەسەلاتی فراوانخوازی ئێران ئاگری جەنگەکەیان خۆشدەکرد، کە بێدەنگی لەتاوانکاریەکانی ئەنفال خۆی ئەو ڕاستیە نیشان دەداتو ئێرانیش کەلایەنێکی ئەوشەڕە بوو نەك هەر پشتیوانیەکی جدی لەخەڵکی کوردستان



نەکرد، بەڵکو پشتی کردە هاوپەیمانەکانیشیو لەسەرئاگر بەجێی هێشتن، وەنەبێ ئەم سیاسەتە چەوتەی سەرکردایەتی کورد لەناوخۆیاندا بەهەلەنەزانرابێو هەستی پێنەکرابێ، بەپێچەوانەوە وەکو سەرکردەیەکی کورد، بە هیلتەرمانی گوتبوو: ئێمە زۆرجار لەنێوان خۆماندا دەمانگوت بەڕاستی نەگبەتین، دەنا لەکاتێکدا ئێمە هاوپەیمانی ئێران بووین، کە هەموو دنیا پشتیان تێکردبوو) کنەی دکتاتۆرێکیان دەدا ئیستفزازی بکاتوجارسی بکات، ئێرانیش ئەوەندە بێباکبوو لە تاوانەکە تەنانەت وەك مەسەلەیەکی ئیسلامیش کەکوردە موسولمانەکان پاکتاودەکران، جگە لەوەی خۆی بەرژەوەندی لەبلاوکردنەوەیدا هابوو دەنا نقەی لێوەنەهات، چجای وەکو مەسەلەیەکی ئینسانی لەمەحفەلی نێودەولەتیدا بورووژێنێ.

# بێدەنگی لە پەیماننامەی لۆزانەوە هەتا ئەنفال

لەبەرواری 1932/1/28 کۆمەڵەی گەلان دوومەرجی بۆدەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق دانابوو، بۆئەوەی ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی هەمیشەیی کۆمەڵەی نەتەوەکان – یان کۆمەڵەی گەلان، مەرجەکانیش بریتی بوون لەرێزگرتنو مسۆگەرکردنی مافەکانی مرۆڤو دامەزراندنی بەرێوەبەرایەیتیەکی کوردی لە ویلایەتی موصلدا "باشوری کوردستان"،و مسۆگەرکردنی هەموو مافەکانی کەمەنەتەوەکانی ترو ئازادی مافە ئاینیەکان، عێراق سەبارەت بەم مەرجانەی کۆمەڵەی گەلان (عصبە الامم) لەبەرواری 1932/5/19 راپۆرتێکی بۆ ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان بەرزکردەوە، لەیاسایەکدا دانی بەهەموو مافەنەتەوایەتیەکانی گەلی کوردستاندانا بوو. لەدرێژەی دەسەڵاتیدا نەدەوڵەتی عێراق پابەندبوو بەویاسایەی خۆیەوەو نەکۆمەڵەی گەلانیش لەداواو مەرجەکەی خۆی پێچایەوە. [1] کاتێک لەسۆنگەی جێبەجێکردنی پەیمانی لۆزانو فەرامۆشکردنی پەیمانی سیڤەرەوە ویلایەتی موصل بەفەرمی خرایە سەردەوڵەتی عێراق، کوردستانی باشور گورزێکی گەورەی بەرکەوت، چونکە دواجار لەو ئاڵوگۆڕەدا کورد دەرگیری بەکەم تەماشاکردنو هەڕەشەی لەبەینبردنو پاکتاوی رەگەزەیی‌و

[1] دەرسیم دیبەگەیی کوردستانیەتی موصل لەبەڵگەنامە ناوخۆییەکاندا – بەرگی دووەم – چاپی یەکەم .



سیاسەتی بەعەرەبکردنبوو، بەرەبەرە لە زۆرینەیەکی ئیتنیکیەوە بەرەوکەمینەیەکی ئیتنی پەلکێشکرا لە چاو دەوڵەتی عێراقدا، هەرچی دەسەڵاتدارانی عێراقیش بوون لەسۆنگەی بێدەنگی کۆمەڵەی گەلانەوە لەهەڵپەی ئەوەدابوون، دەوڵەتی عێراق لەچوارچێوەو قاڵبێکی عەرەبیدا فۆرمۆڵە بکەنو بەلایەنی کەمەوە لەبەرایدا لەروخسارێکی عەرەبیدا، دای بڕێژنەوە، چونکە لەڕاستیدا بێتوانایی کوردو پشتیوانی بەریتانیا هێزێکی مەعنەوی بەعێراق بەخشیبوو، دەنا لەهەقیقەتدا عێراق بەبێ ویلایەتی موصل هیچ نەبوو، هەروەکوحاڵی حازر ئەگەر هەرێمی کوردستانی لێبکەیتەوە نیوە دەوڵەتێکیشی تێدانابێ، هەرلەوکاتەوە، دەسەڵاتدارانی عێراق کە هەڵگری بیری شۆڤێنی عەرەبی بوون، هەمیشە جەختیان لەدروشمێك کردووەتەوە " بەئێستاشەوە" کەگەلانی عێراق بەشێکی دانەبڕاوی نەتەوەی عەرەبە) هەروەها عێراقیش بەشێکە لەنیشتمانی عەرەبی، کەلەڕاستیدا وانیە بەلای کەمەوە نەکوردستانی باشور بەشێکە لەنیشتمانی عەرەبی‌و نەگەلی کوردیش بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب. ئەم ملهوڕیەی سیاسەتمەدارانی عەرەب بەشێکی لەسۆنگەی بێدەنگی کۆمەڵگەی عێراقیەوە بووەو بەشێکیشی لەسۆنگەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە.

هەروەکو نوسەری ناوداری عەرەب کەنعان مەکیە دەڵێت، ئەوە ڕژێمی دکتاتۆری صدام نەبوو کەخەڵکی بێدەنگ کردبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوە بێدەنگی بوو صدامو ڕژێمەکەی کردبووە دکتاتۆر. لەسەر ئاستی ناوخۆ ڕژێمە ستەمکارەکانی عێراق هەمیشە کاریان لەسەر لۆجیکی نەتەوەپەرستی‌و باڵادەستی عەرەب‌و هەڵخەڵەتاندنو دوبەرەکێی کوردو نەتەوە غەیرە عەرەبەکان کردووەو ئەوکاتەی عێراق کەوتە وێزەی کوردنیشنەکانو پاکتاوی کوردو ڕاوەدونانی هێزەسیاسیەکانی

کوردستان، چوار لەئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، هاوسۆز بوون لەگەڵ صدام حسێن لەدژی ئێران، بۆیە زەق بەبەرچاوانەوە چاوپۆشیان لەبەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو بە"کیمیاویشەوە" دەکرد، ئەمەش دەرفەتی زێرینی دایە رژێمی بەعس تاسنوری ملهوریەکانی ببەزێنیٚ و دەست بۆکۆمەڵکوژی بەریٚ، ئەی خۆڵە خۆرانەبوو کە عەلی حەسەن مەجید لەیەکێك لە کۆبوونەوەکانیدا لەگەڵ بەپرسە حزبیوسەربازییەکانی هەردوو فەیلەقی یەكوپێنجو پارێزگاکانی کەرکوكوسلێمانیو هەولێرودهۆك بەراشکاوی دەڵێت: ( من بەچەکی کیمیاوی لێیان دەدەم کیٚ قسەدەکا ..؟ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەمو لەوانەش کە گوێیان لێدەگرن..) [2] ئەمە هەردەمارگیریو توند ڕەفتاری عەلی حەسەن مەجید نیە بەڵکو ئەو ئیشارەتە سەوزەشە کە ئەنجومەنی ئاسایشو بەرژەوەندی دەوڵەتەکانیان لەبەرانبەر پێشیلکاریەکانی بەعس هەڵیکردبوو، بۆیە دەتوانین بەراشکاوی ئەوە بڵێن کەتاوانی ئەنفال هەربە دکتاتۆریەتی بەعسەوە پابەندنیە بەڵکو پابەندیشە بەبیٚ دەربەستیو بیٚ پرەنسیپی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە کە لەسۆنگەی بێدەنگیو بەرژەوەندی ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیەوە، سەرئەنجام لەسۆنگەی توند ڕەفتاری بەعسو بێدەنگیو چاوپۆشی ئەوانەوە پاکتاوی رەگەزیو سەروەتو سامانی نەوتەوەیی کوردی لێکەوتەوە، بەتایبەتیش لەگەرمیاندا کۆمەڵکوژییەکی مرۆیی بەئەندازەیەك ڕۆیشت کەتەواو لەگەڵ نیازو مەبەستەکانی بەعس وێك دەهاتەوەو هەتا

[2] – کاسێتەکان– کۆبوونەوەی عەلی حەسەن مەجید رۆژی / / 1988 کەرکوك – بارەگای نوسینگەی باکوری حزبی بەعس .



ئەمرۆش لەعێراقی نوێدا کاریگەریەکانی بەرچاون چ لە هەڵبژاردنەکانو چ لەدەستەبەرنەکردنی شێوەژیانێکی شایستەی مرۆڤانەدا بۆ ناوچەی گەرمیان.

### نەوت هۆکارێکی سەرەکی جینۆسایدو مەینەتیەکانی گەلی کورد :

هەرلەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە ئەمرۆشی لەگەڵدابێت لەگەڵ دەوڵەتی عێراقو دنیای دەرەوە نەوت فاکتەری سەرەکی ناکۆکیەکانو چەوسانەوەو پاکتاوکردنی گەلی کوردبووە، هەروەکو چۆن ئەم نەوتە بووەتە شێرپەنجەو تەنها نەگبەتیو مەینەتی بۆ خاوەنەکەی بەرهەمهێناوە، ئەم سامانە دەوڵەمەندەی کەوتووەتە ناوخاکەکەیەوە نەك هەرمایەی خۆشگوزەرانی کورد نەبووە بەڵکو ئەوەندەی مەینەتی بۆ دروستکردووە، خەریکبوو بەتەواوی لەباشوری کوردستان و لەسەردەستی دەوڵەتی عێراق پاکتاو بکرێتو بەنیازبوو لەنێوان جەنگی ئێران–عێراقدا ئاسەواری ئەم نەتەوەیە ببڕێتەوە.

ئەگەر هەموومان کۆکبین لەسەرئەوەی کە سیاسەتی جیهانو ناکۆکی نێوان دەوڵەتان هەموو لەدەوری بەرژەوەندیە ئابوریەکان دەخولێتەوە، ئەوا لەناویاندا نەوت پشکی شێردەبات لەناکۆکییەکان چونکە بەهێزترین بەهای کاڵاکانی ئابورییەو دەبێتە گرنگترینی ئەو فاکتەرانەوهەر خۆشی ناکۆکیەکان دروست دەکات، هۆی سەرەکی هەڵگیرسانی هەموو شەڕەکانی ئەم ناوچەیە لەساڵانی سیەکانی سەدەی رابووردووەوە، تابەجەنگی هەشت ساڵەی ئێران– عێراقو جەنگی کەنداو دەگات، لەسۆنگەی نەوتولەپێناوی کۆنترۆڵکردنی ناوچە نەوتیەکاندا بووە، یان لەپێناوی

زەمینەسازکردندا بووە بۆگەیشتن بەو ناوچانە، ئەم ناوچەیەش کە شەروململانیو جەنگی خوێناوی بەخۆوە بینیوەوە چ لەشەرەناو خۆییەکانی ناوعێراقو چ جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراقو ئێران لە سۆنگەی نەوتەوەیەو لەم فاکتەرە تێناپەڕێ. تەنانەت بێدەنگی لەئاستی کۆمەڵکوژیو جینۆسایدکردنی کوردو پێشیلکردنی پەیماننامەو رێکەتننامەکانی کۆمەڵەی گەلانی ئەوساو نەتەوەیەکگرتووەکانی ئێستاش هەرلەسۆنگەی نەوتەوەیە، بابە گوڕگوڕ- کە لەئەدەبیاتی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوەو تاهەنوکە کێشەی لەسەرە، مەبەست ئەومافە زەوتکراوەیە، کەدیارە دواکردنەوەشی نەك هەرمەسەلەیەکی رەوایە بەڵکو مافی خۆیەتی بەرەنگاری هەرلایەك ببێتەوە کە داگیری دەکەن، چ جای ئەوەی تەماحی ئەو سامانە هەوڵێك بێت بۆ پاکتاوکردنیو شوناسی نەتەوەیی بسرنەوە..! نەوت – کە عەرەبەکان لێرە پێیان دەگووت ( زێڕی ڕەش) لەسەرەتاکانی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە لەساڵی 1927وە لەناوجەرگەی خاکی کورستانەوە دەردەهێنریۆ خێروبێرەکەشی نەك هەر بۆکورد نەبووە بەڵکو بەشێك لە داهاتەکەی بۆسەرکوتانەوەی بەکارهێنراوەتەوە لەلایەن دەوڵەتی عێراقو حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی یەوە." بەپێی هەندێك مەزندە بەتەنها بیرەنەوتەکانی کەرکوك لەساڵانی شەستەکاندا بایی بیست ملیار مارکی ئەڵمانی بەرهەمی هەبووە"[3] وەکو دکتۆر کوێنەردێشنەردەڵێ: دیارە ئەم پارەیە دەیوتوانی ژیانی کوردان لەنێو

[3] بورانە د. کوینەر دێشنەر کورد: گەلی لەخشتەبراوی غەدر لێکراو– چاپی دووەم – ساڵی 1999 – ل 184 – وەرگیرانی حەمە کەریم عارق .



زیخو کەپران رزگاربکات.[4] بێگومان ئەگەر زیادەیەك بخەینە سەرقسەکەی د. کوێنەر دیشنە دەبێت بلێین، نەك هەمووی بەڵکو پارەی تەنیا ساڵێکی قازانجی نەوتی کەرکوك، کورد لەژیانی کولەمەرگیو مەینەتی رزگاردەکات، بەڵام کێشە لێرەدا چاوچنۆکیو دڵی بەبەردبووی دەسەڵاتدارانی عێراقو شۆڤێنزمی عەرەبی یە، کەماڵ بەخاوەن ماڵ حەرام دەکاتو لەبری ئەوەی بیرلەژیانێکی تەندروستو بێ ئاژاوە بکەنەوە دەیانەوێت نەك مافەکەی بخۆن بەڵکو بوونی کورد وەکو نەتەوەیەکی جیاواز لە عێراقو باشوری کوردستان بسڕنەوە.

کورد کە بەزۆرەملیۆ بەبێ خواستی خۆی بە دەوڵەتی عێراقەوە لکێندراوەو کۆمەڵەی گەلانو دەوڵەتی عێراق دانیان بەوە داناوە کەنەتەوەی کورد بەشێکە لەپێکهاتەکانی عێراق، مافی خۆیەتی ژیانێکی ئارامو شکۆمەندانە بژی، سەرباری ئەوەی هەمیشە لەمافی خۆشی کەمتری داواکردووەو دەستپێشخەرنەبووە لەئاژاوەو شەڕەناو خۆییەکانی ناوعێراق، کەچی هەمیشە گورزی گەورەی بەرکەوتووەو کۆمەڵکوژکراوە، بێ ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵوێستێکی بەرپرسیارانەی هەبووبێ، بۆیە ئۆباڵی هەموو ئەوکەسە عێراقیانەی لەشەڕی کورد کوشتندا دەکوژرێن، یان پێشتر کوژراون، لەگەڵ هەموو ئەوکوردانەی لەسەنگەری بەرگریو کۆمەڵکوژیدا شەهیدبونو بێ سەروشوێنکراون دەوڵەتی عێراق بەپلەی یەکەمو دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان بەپلەی دووهەم لێی بەرپرسیارن، مێژوو ئەو ڕاستیەی یەکلایی کردووەتەوە کە کورد وەکو چۆن ساڵی 2003 بەشداری دروستکردنەوەی

[4] هەمان سەرچاوە

دەوڵەتی عێراقی کرد( هەرچەندە دەبوایە نەیکردایە) ئاواش پشتیوانی لە شۆڕشی قاسم کردووە، لەبەرئەوەی ئومێدی ئەوەی هەبوو کە شۆڕشەکەی پرۆسەی تالآنکردنی سەروەتو سامانی عێراق بەتایبەتیش نەوت کە برێکی زۆری دەکەوێتە خاکی کوردستانەوەو لەلایەن کۆمپانیاکانی ڕۆژئاواوە بەتالآن دەبرا، چونکە ڕژێمی تازەی قاسمیش وەکو ئۆپزسیونەکانی ئێستای دەسەلآتی عێراق، بەڵێنی ئەوەی دابوو کە پێش بەو تالآنکردنە بگرێو بەلای کەمەوە سنورێکی بۆ دابنێ، کورد زۆری لەبەشە نەوتی خۆی داوانەکردبوو، بەڵکو چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەبوون کەچیتر ئەم سامانە نەوتیە بەفیڕۆنەچێو بەرەو هەندەران نەبرێ، بەهیوای ئەوەبوون کەدەوڵەتی عێراقو ڕژێمی نوێ بۆخۆی بە دەرهێنانو بەرهەمهێنانی هەستێ، کەچی پاش سێ ساڵ لە کەوتنەکاری بڕیاری جێبەجێکردنی خۆماڵی کردنی نەوت ڕژێمی قاسم لەبری ئەوەی ستایشی کورد بکاتو ڕێز لە نیازپاکی بگرێت دڕدۆنگی دروستکردو لە پەیمانەکانی پەشیمان بووەوەو پەیوەندیەکانی تێکدا.

هەرچەندە وەکو ئەم دەستورەی ئێستای عێراقی بەناو نوێ بەپێی دەستوری کاتی ئەوکاتەی عێراقیش ،کورد شەریك بوون لەوڵآتدا، بەلآم بەکردەوە دەریانخست کە دەسەلآتدارانی عێراق بەنیازنین ڕێز لەنەتەوە غەیرە عەرەبەکانی عێراق بگرن. یان گیروگرفتەکانیان چارەسەر بکەن، هەر زوو پەردە لەسەر ڕوخساری عەبدالکریم قاسمیش لاچوو کەوەکو فیودالەکانی پێشخۆی عێراقی بەدەوڵەتێکی عەرەبی یەکگرتوو دەزانی، بەوشێوەیە ڕژێم بەرەبەرە خۆی لەجێبەجێکردنی بەلێنەکانی دەدزییەوە. نەك هەرئەوەندە بگرە بەهەمان شێوەی دەسەلآتدارەکانی پێشخۆی پەنای بردەوە بەر هەمان



ئەو شێوازە کۆنە پەرستانەی کەڕژێمەکانی ئێرانو تورکیاو عێراق لەدژی کورد ئەنجامیان دەدا.

قاسمیش کەوەتەوە چەکدارکردنی عەشیرەتە کوردەکانو ڕەفتاری ناپەسەندو تەفرەقەوجاشایەتی زیندوکردەوە، ئەم ڕەوشی بێ متمانەییو دردۆنگی دروستکردنە هەتا ئێستاش بەردەوامە، کە ڕۆژگار ڕژێمی قاسموعەبدالسلام عارفو ئەحمەد حەسەن بەکرو صدامیشی لەگۆڕناوە، لەساڵی 2003 هاوکات لەگەڵ حکومەتی بەعسو هەڵوەشانەوەی حزبەکەی ئۆتۆماتیکی دەوڵەتی عێراقیش هەڵوەشایەوەو سەرلەنوێ کورد، نیازپاکی خۆی پیشاندایەوەو بەشداری کاریگەری لەدروستکردنەوەیداکرد، کەچی هێشتا وێرای ئەو نەرمی نواندنەو ئەوهەموو قوربانیەو جینۆسایدکردنیشی کەدادگای عێراقی خۆی سەلماندویەتی هەمان ئەوعەقلیەتە کۆنە لەئارادایەو هێشتا شەری ئەوە دەکات کەعێراق دەوڵەتێکی عەرەبیەو گەلانی عێراق بەشێکن لەنیشتمانی عەرەبو ڕێزبۆ پێکهاتەکانی تروکەمایەتیەکان قایل نیە.

## دڵپیسیو گومان لەدڵسۆزی کورد

لەسەرەتای ساڵی 1930 کانیش بەدواوەو بەشێوەیەکی تایبەتی تر لەحەفتاکان تا نەوەدەکان هەمووحکومەتە ناوەندییەکانی بەغدا هەوڵیانداوە بەشی کوردستانی باشور " ویلایەتی موصل " لە بەرگێکی عەرەبیدا دابرێژنەوەو گەلانی عێراق وەك بەشێك لەنەتەوەی عەرەبوخاکەکەشی وەك بەشێك لەنیشتمانی عەرەبی پێناسە بکەن، بەلام کە زانیویانە کورد بەئاسانی نایەتە ژێرباری ئەم صیاغەکردنە شۆڤێنیانەوە، نە کوردستان دەبێتە بەشێك لەنیشتمانی عەرەبیو نەکوردیش دەبێتە بەشێك لەنەتەوەی عەرەب هەوڵیانداوە کورد لەناوچەیەکی جوغرافیدا قەتیس بکەنو پێکهاتەی نەتەوەیی

کورد لەباکوری عێراق بگۆڕن، بۆئەم سیاسەتە دزێوشۆڤێنیە سڵیان لە هیچ پێشیلکاریەك نەکردووەتەوە لەسەرەتاوە بەوەدەرنانی سەدان هەزارخێزانی کورد بەتایبەتیو پێکهاتە غەیرە عەرەبەکانی تربەگشتی لەناوچەکانی موصلوکەرکوك پیادەکردووە، پێگە ستراتیژیوناوچەکانیشیان بەوعەرەبانە پڕکردوەتەوە کە لەناوەڕاستو باشوری عێراقەوە هێنراون ئەم سیاسەتەی نائینسانیەی دەوڵەتی عێراق کە بە (تەعریب) ناسراوە بەرەو ئاقارێکی ترسناکتر لەوەی باس دەکرێ شۆڕبیووەتەوە، کە لەناویدا سیاسەتی راستکردنەوەی نەتەوەیی پیادەکراوە کە مەبەست لێی گۆرینی ناسنامەو شوناسی نەتەوەیی کوردە بۆ عەرەب ئەمەش ترسناکترین جۆری جینۆسایدە، کە بەمەبەستی کەمکردنەوەی رێژەی دانیشتوانی کەمینەکان بەگشتیوکورد بەتایبەتی کە دەسەڵاتدارانی عێراق گومانیان لەدڵسۆزییان هەبووە لە ناوچە ستراتیجیو دەوڵەمەندە نەوتیەکەدا پیادەکراوە.

عەبدالکریم قاسم کە لەپێشدا ویستی لەرێگەی کۆمەڵێك عەشیرەتو ئاغاو دەرەبەگەوە ئاژاوەو پشێوبنێتەوە، کەچی پاش ئەوەی نەیتوانیوە سەرکەوێ کەوتووەتە قسەکردنو لێدوانی شۆڤینیانە لەبارەی رۆڵی خراپی کورد لە مێژووی عێراقدا( وەك بڵێی مێژووی عێراق پڕبێت لەدەستو دڵکراوەییو شەفافیەتو پڕۆژەی چارەسەری ئاشتیانەی حکومەتەکانی بەغدا بۆچارەسەری کێشەی کوردو بەغدا ..!) قاسم پروپاگەندەی ئەوەی دەکرد کە کورد هیچ پرەنسیپێکی نەتەوەیی تێدا بەرجەستەنابێ، لەوتارێکیدا لەزستانی ساڵی 1960 رایگەیاندبوو کەوا هەموو ئەو شۆڕشانەی پێش ساڵی 1958 کە لەعێراقدا رویانداوە جگە لەشۆڕشەکانی 1920 –1936و 1941 دەستو پەنجەی ئیستعمارو ئیمپریالیزم جولاندوونی[5] هەروەها لەوتارێکیدا جارێکی تردێتەوە سەر ئەم باسەو دەڵێت: کورد هیچ دەلالەتێکی نەتەوەیی هەڵناگرێت دواتریش زنجیرەیەك وتار بۆ هاودەنگی سەرۆك تاماوەی ساڵێك لە هەردوو رۆژنامەی بغدادو (الثورة)دا بلاوکراونەتەوە کە بەئاشکرا بانگەشەی تواندنەوەی نەتەوەی کوردیان لەبۆتەی نەتەوەی عەرەبیدا کردووە. [6] لەمانگی ئازاری ساڵی 1974 یشدا حکومەتی عێراق لەزاری ئەحمەد حەسەن ئەلبەکرەوە بەیانی 11ی ئازاری راگەیاند، کەئەوکاتە سەرۆکایەتی کۆماری عێراقی دەکرد، لەبەیانەکەداهاتبوو کەواشارەکانی کەرکوكو خانەقینو مەندەلیو شەنگال بەشێك نین لەناوچەی ئۆتۆمۆمی.. ئەمانە کەموکوڕی بەیانەکەی ئەوسای حزبی بەعس بوون چەندخالێکی ترکە هەموویان پابەندبوون بە بێبەشکردنی کورد، لەوناوچانەو قەدەغەکردنی ئازادی سیاسی. [7] . پاش ئەوەی خەڵکی کوردستان نارەزاییان لەم راگەیاندنەوکەموکوڕیەکانی دەربڕی، حکومەتی عێراق دەرگای لەسەرشەڕێکی ترکردەوە لەدژی پارتی دیموکراتی کوردستانوخەڵکی کوردستان بەگشتی، گەمارۆیەکی ئابوری توندی خستە سەرگوندەکان، بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ وەکو ناپاڵمو بۆمبی هیشویی بوونە دیاردەیەکی زەقی تاوانەکانی دەوڵەت.

---

[5] د.عبدالفتاح عەلی یحی البوتانی – وپائق عن حرکە اترریە اکوردیە– اربیل 2001 ص 71 .

[6] هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەرە .

[7] ئەنفال کورد ودولە العراق – شۆرش حاجی 2003 ترجمە دارترجمە للپقافە

هاوکات بەشێوەیەکی چڕتر لەجاران دەستی کردەوە بە تەعریبکردنی ناوچەکانی دەوروبەری موصلوکەرکوكو خانەقیو مەندەلیو کوردەکان تیایدا دەردەکرانو عەرەبی دەخستە شوێنیان.

پاش ڕێکەوتنامەی جەزائیرو شکستی کورد ڕژێمی بەغدا دەرفەتێکی زێرینی بۆ ڕەخسا نەك هەرناوچە نەوتیەکان راگوێزی، بەڵکو ناوچە سنورییەکانیشی بەدرێژایی 10-20 کم بەناوی پشتێنەی ئەمنیەوە لەشاخەکان هێنایە خوارەوە لەنێوان سالآنی 1975 تا 1980 دەیان هەزار خێزانی کوردی لەوئۆردوگا زۆرەملێیانەدا کۆکردەوە کەناوی گوندی هاوچەرخی لێنابوون، وەکو شانەدەریونالپارێزو تەکیە کەهەتا ئێستاش نەبوونە گوندی هاوچەرخ، ئەمەش بۆلەقکردنی پێگەی سەرهەڵدانی هەرجموجۆلێکی شۆڕشگێرانەی کوردستان بوو، ئەم گومانو دلپیسیە لەسەردەمی دەسەڵاتداریێتی عبدالکەریم قاسمەوە درێژە دەکێشێ تا لەچەرخی "صدامو عەلی حەسەن مەجید" دا دەگاتە لوتکەی پێشیلکارییو بەئاقاری توندڕەویدا قوڵی پاکتاوکردنی یەکجارییو جینۆسایدکردنی لێ هەڵدەماڵێ بەعسو سەرکردایەتیەکەی وەك بەد کارترین دەسەڵاتداری عەرەبی دوژمنایەتی لەگەڵ کورد ڕادەگەیەنێ، عەلی حەسەن مەجید کە بۆسەرکوتکردنی کورد بەبڕیاری 160ی ئەنجومەنی بەناوشۆرش لەبەرواری 29ی ئازاری 1987دا دەسەڵاتی ڕەهای وەرگرت بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی کورد، وەکو لەکاسێتە دەنگیەکانیدا دیارە ( جارێك بەکەرو جارێك بەبزن) ناوی کورد دەباو، بەنیازە هەموویان بەچەکی کیمیاوی بکوژێو ئەوەو دواشی کە خۆبەدەستەوەدەدەن وەك خەیار لەتیان بکا، یان شۆفڵ بنێرێ بۆ نزیكو دور بەمەبەستی ئەوەی کوردە ئەنفالکراوەکان لەگۆڕبنێ، هەروەك لەکۆبوونەوەی ڕۆژی



15ی نیسانی ساڵی 1989دا کەبۆ بەخێرهاتنی عەلی حسن العامری ڕێکخرابوو عەلی حەسەن مەجید بەراشکاوی دەڵێت : ( کە بڕیاری لێبوردنەکە دەرچوو خەریکبوو عەقلم تێکبچێ، بەڵام وەکو بەرپرسێك قایلبوومو ووتم قەیانکا باوابێت، من دەموت لەوانەیە ئێمە خەڵکی باشمان لێهەڵبکەوێت لەناویاندا (لەناوکورددا)، چونکە ئەوانیش گەلی خۆمانن، بەڵام هەرگیز کەسمان نەدۆزییەوە، خۆئەگەر دەربارەی کاربەدەستە پایەبەرزەکانی کورد پرسیارم لێبکەن، کامیان باشو دڵسۆزن، من دەڵێم تەنیا هەردوو پارێزگارەکەی هەولێرو سلێمانی، بێجگە لەم دووانە کەسیان نەباشو نەدڵسۆزن) 8 دیارە هەموو خەڵکی هەولێرو سلێمانی شاهیدی ئەوەن کە ئەو دوکەسەی عەلی حەسەن مەجید بە خەلکی باش باسیان دەکات، بەدکارترینو دزێوترین خەڵکانێك بوون، لەپێشیلکاریەکانی مافی مرۆڤو دژایەتی کردنی خەڵکی کورد.

نەك هەر حکومەتی بەعس بەڵکو حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق لەگەڵ ئەوەی بەردەوامییانداوە بەتوندڕەفتارییودڵرەقی دەرهەق بەکوردەکان دەرکردنێکی بەردەوامو بێبەزەییانە پیشەی هەمیشەییان بووە،و لەهەوڵی ئەوەشدابوون کەوا ئەم توندڕەفتاریانەی خۆیان بخەنە بۆتەو قاڵبێکی یاساییەوەو بەتایبەتی لەبەردەم ڕای عەرەبیو ئیسلامیدا شەرعیەتیان پێبدات، ئەمەش بۆ ئەوەی پرۆسەی ڕاگواستنو ئاوارەکردنی کورد بەشێوەیەکی شەرعی جێکەوتەبێو لەدورمەودادا وەکو ئەمری واقع بچەسپێت. لەناو هەوڵی ئەو حکومەتانەدا کە حکومەتی بەعس دواترینیانە هەمان

---

[8] عەلی حەسەن مەجید کاسێتی تۆمارکراوی کۆبۆنەوەی بەرواری 15 ی نیسانی ساڵی 1989 نەوارە دەستەبەسەرداگیراوەکان – ڕێکخراوی میدل ئێست وۆچ .

سیاسەتی تەعریبی حکومەتەکانی پێشخۆی بەزیادەوە درێژە پێداوەتەوە لەتازەترین ڕێوشوێندا پوچەڵکردنەوەی بەڵگەنامەکانی موڵکایەتی ئەوکەسانە دەستی پێکرد کە غەیرە عەرەب بوون، ئەمەشی بەشێوەیەکی ڕووکەشانە دەستپێکردبوو بۆئەوەی قەرەبووکردنەوە نەیانگرێتەوە. بەتایبەتیش زەوییە کشتوکاڵییەکانی بەناوی خۆماڵی کردنەوە کردن بەموڵکی دەوڵەت –مەبەست دەوڵەتی عێراقە– کەچی بەلۆجیکی بانێك‌و دوهەوا دەستی دایە هەڵمەتێکی بەرفراوان بۆ هێنان‌و نیشتەجێکردنەوەی عەرەبە عەشایەرەکان کەبە زۆری لەخواروی عێراقەوە دەیهێنران‌و ئەوانەش بەشێوەیەکی گشتی خەڵکانێکی دەشتەکی بوون‌و سەریان لەم کەین‌و بەینەی حکومەت دەرنەدەچوو، ئەوان ئەمەیان بەئینجازو ڕەحمی شۆڕش پێدەفرۆشرایەوە. لەولاشەوە غەیرە عەرەبەکان ڕەوانەی ناوچە کوردنشینەکانی وەکو هەولێروسلێمانی دەکران یان بەسیاسەتی نەفی ڕەوانەی شارەکانی خواروی عێراق دەکران، بەمەبەستی ئەوەی داب‌ونەریت‌و کلتورو زمانیان لە دورمەودا لەنێوکلتوری عەرەبدا لەبەین بەرێ. بێگومان دۆزینەوەی خەڵکە عەرەبەکەش بۆهێنان‌و نیشتەجێکردنیان کارێکی زەحمەت نەبوو، وەکو باشوری خۆراوای شاری موسڵ بیابانی فراوانی جزیرەیەو ئێستا بووەتە زێدی سەدان هەزار عەرەبی کۆچەریی خێڵەکی سوننە مەزهەب، کەئەمانە هەم بەهۆی ئینتمای مەزهەبی‌و هەم بەهۆی ئینتمای خیڵەکییانەوە بەشێوەیەکی جدی تر پشتیوانییان لەدەسەلاتدارانی حزب‌و حکومەت کردووە. بەتایبەتیش ئەو خەڵکە خێڵەکییەی لە ژیانێکی سادەوساکاری هەژارانەوە هاتبوونە بەردەمی دورێیانی نەفرەت‌و پاداشتی دەوڵەتەوە، ئەوانەی بەرپاداشتی ئەم سیاسەتی تەعریبە دەکەوتن دەمیان چەوردەکراو بەپارەو هەندێکی زۆریشیان بەخانوو زەوی ئاودێریی‌و



کشتوکاڵییەوە پاداشت دەکران‌و لەوەش گرنگتر لەلایەن هاندانی شێخەکانیانەوە، ئاسانترملیان دەداو بەلای کەمەوە لەنێوان گومان‌وترسی حەرام‌و حەڵاڵدا هەڵوەستەیەکیان نەمابوو، یان هەر نەدەبووە مەسەلەیەك، بەوشێوەیە ژیانی‌سەخت‌و هەژاری خۆیان لەبیابان توڕدەداو بەکۆمەڵ ملیان بەو ڕاگوێزایانە دەدا بۆ باکور. ئەمەش تارادەیەکی زۆر لەقازانجیان بوو، چونکە هەم ئاووهەوای باکورو هەم خێروبێری لەبارتروگونجاوتر بوو، بۆژیانێکی بەرهەمداروئاسودەتر لەچاو ئەوناوچانەی خواروی عێراق کە لێوەی هاتبوون، گەرچی ئەوخاکە بەموڵکی حکومەت ڕاگەیەندرابوو، بەلام بەحیلەیەکی یاسایی **(حیلة الشرعیة)** گرێبەستی سالانە**(عقد السنوي)** ڕادەستی جوتیارە عەرەبە تازە گەیشتووەکان دەکران، بێ ئەوەی ئەم گرێبەستەکاتیانە هیچ کەسێکی تری غەیرە عەرەب بگرێتەوە ..!

## پەلاماری ئەنفال‌و تەعریبی بەردەوام

لە دوادواییەکانی جەنگی هەشت ساڵی عێراق– ئێراندا بۆیەکلایی کردنەوەی کێشەی کورد لەباکوری عێراقدا ڕژێمی بەعس بەبڕیاری 160ی بەرواری 29ی ئازاری ساڵی 1987 عەلی حەسەن مەجیدی دیاری کرد بۆئەوەی کۆتایی بەکێشەی کورد بهێنێ، لەدوتوێی ئەم بڕیارەدا دەسەلاتی ڕەهادرایە ناوبراو، ئامانج لەو دەست‌و بردکردنە ڕاونانی هێزی پێشمەرگەو ڕوخاندنی گوندەکانی کوردستان بوو، کە بەعس هەستی بەوە کردبوو، گوندەکان‌و جوتیاران پشت‌و پەنای هێزی پێشمەرگەن کە ئەوسەروەختە حزبی بەعسیان بەگیروگاز هێنابوو، بەنیازی ونکردنی تاوانی گەورەی ئەنفال لەناو تەپ‌وتۆزی جەنگی گەورەی عێراق– ئێراندا ویستی تاوانی ئەنفال

جێبەجێکات‌و بەیەکجاری کێشەی کورد لەکوردستان، کۆتایی پێبێنی‌و هاوکات ناوچە ستراتیژیەکانی دەوروبەری بیرەنەوتەکانی کەرکوك‌و دیالەو خانەقین لەکورد پاکبکاتەوەو بەناوی پاکسازی تێکدەرانەوە ناوچە ستراتیژیەکان تەعریب بکات، بەلای کەمەوە ئامانجی ڕیشەکێشکردنی کورد لەو ناوچانە بهێنێتەدی.. سەرئەنجام پەلامارەکانی ئەنفالی لەهەشت قۆناغی بەربەریانەدا جێبەجێکردو تاوانەکانی ئەم ئۆپەراسیونە سەربازیانەش سنوریان بەزاندوگەیشتنە ئاستی جینۆساید[9] ئەم سیاسەتەی بەعس جگەلە دیوە ستەمکاریەکەی بیرلێکردنەوەیەکی قوڵو بەرهەمداریش بوو، چونکە ئەو دەیەویست لەپاڵ زەرەرو زیانەکانی جەنگی هەشت سالەیدا دەستکەوتێکی گەورە بچنێتەوەو بە یەکلایی کردنەوەی کێشەی کوردو تەعریبکردنی ناوچەیەکی گەورەی نەوتی قەرەبووی زیانەکانی بداتەوە، عەلی حسن مەجید لەکۆبوونەوەی ڕۆژی **1988/4/15**دا لەگەڵ بەرپرسانی حزب‌و پارێزگارەکانی باکور بەم شێوەیە نیازەکانی بەیان دەکات‌ودەڵێت : (لەهاوینی داهاتووەوە لێرەولەوێ هیچ گوندێك نامێنێت، تەنیا ئۆردووگا نەبێت، لەئۆردووگاکان وەك چۆن مریشك جوجەڵەکانی دەخاتە ژێر باڵییەوە، ئەوا لە ژێر ڕکێفی خۆماندا دەبێت، ئێمە خەڵك دەخەینە ئەو ئۆردووگایانەوەو لەژێرچاودێری خۆماندا دەبن، ناهێڵین چیتر لەگوندەکاندا وەك کەر بژین، تێکدەران بچنە ناویانەوەو سەردانیان بکەن، لە ئێستاوە چیترئارد، شەکر، سووتەمەنی، ئاوو کارەبا نادەم بەگوندنشینەکان. وایان لێدەکەم لێم نزیك بنەوەوگوێم لێبگرن، ئەو شتانەیان پێدەڵێم کە بروام پێەتی و لەرووی ئایدۆلۆژیی،

[9] بروانە ماڵپەڕی هیومان رایتس ۆچ . ئۆرگ –



پەروەردەیی‌و گیانی هاوبەش پێویستمان پێیەتی. چۆن دەیهێڵم لەگوندەکاندا بژین‌و وەکو کەر هیچ نەزانن؟ بۆ گەنم؟ ئەو گەنمەی ئەوانم ناوێت، ئێمە لە ماوەی **20** ساڵی ڕابردوودا گەنممان لە دەرەوە کڕیوە، با بۆ پێنج ساڵی تریش بیکرین. لەسەر قسەکانی دەرواو دەڵێت من ئەو ناوچە فراوانە قەدەغە دەکەم، ناهێڵم کەس لەو شوێنانەدا بێت، چییە، گەرئێمە ئەو ناوچانە هەمووی بکەینە قەدەغە کراو؟ لە قەرەداغەوە تا کفری بۆ دیالە بۆ دەربەندیخان بۆ سلێمانی؟ چ کارێکی باش دەبێت، چیمان لەو ناوچانە دەستکەوتووە، بیربکەنەوە بزانن چیمان لە دەستچووە و چیمان بۆ ئەو ناوچانە کردووە، چەند هاووڵاتی باش لەناو ئەو خەڵکەدا بوون، چەندیان خراپ بوون، چ هەڵەیەك بووە؟ چی ڕوویدا؟ **30**، **20**، **25** ساڵ لەچالاکی تێکدەرانە بیربکەنەوە چەند شەهیدمان داوە!..ئێستا ئێوە ناتوانن لە کەرکوکەوە بۆ هەولێر بەبێ پاسەوان برۆن، ئەو ناوچانە لەکۆیەوە بۆ ئێرە (کەرکوك).. دەمەوێت چۆڵیانبکەم، هەروەها لە گوێرەوە بۆ موسڵ چۆڵدەکەم، هیچ کەسێك جگە لەسەر شەقامی سەرەکی نامێنێت. بۆ (**5**) ساڵ ناهێڵم هیچ کەسێك لەو شوێنانەدا بێت، کشتوکاڵی ئەوانم ناوێ، تەماتەم ناوێ، بامێ و خەیارم ناوێ، گەربەم شێوەیە کارنەکەین، چالاکی تێکدەرانە، نەك بۆ یەك ملیۆن ساڵ هەرگیز، کۆتایی نایات)

قسەکانی عەلی حەسەن مەجید هاش‌وهوشی پەلاماردان نەبوون، بۆچاوترساندن‌و خۆبەدەستەوەدان، بەڵکو لەپەلامارەکەدا بوون بەکردار بۆیە لەئەنفالدا بۆردومانی ئاسمانی، هێرشی زەمینی، وێرانکردنی گوند، ڕاگوێزانی بەکۆمەڵ بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی نەك هەرلە دژی پێشمەرگە کەلەچیاکاندا بەرگریان لەسەنگەرەکانیان دەکرد، بەڵکو لەدژی دانیشتوانی مەدەنیش هەروەکو عەلی حەسەن مەجید بەئاشکرا

باس لەوە دەکات کە بەچەکی کیمیاوی لێیان دەدات (لە رووبەرێکی بچووکدا گەرمارۆیان دەدەین و بەچەکی کیمیاوی هێرش دەکەینە سەریان، تەنیا رۆژێك بەچەکی کیمیاوی پەلاماریان نادەم بەڵکو بەردەوام دەبم بۆ 15 رۆژ، ئەوکاتە رایدەگەیەنم هەرکەسێك ئامادەیە بەچەکەکەیەوە خۆی بدات بەدەستەوە، دەتوانێت خۆی بداتە بەدەستەوە، یەك ملیۆن کۆپی لەم نووسراوانە بەکوردی، سۆرانی و بادینی و عەرەبی لەباکور بڵاودەکەمەوە، ناڵێم ئەمە لە حکومەتی عێراقەوەیە، نامانەوێت حکومەت بێتە ناو ئەو مەسەلەیەوە، دەڵێم ئەمە لێرەوەیە (نووسینگەی باکور)، هەرکەسێك دەیەوێت بگەرێتەوە بەخێربێتەوە، ئەوانەشی ناگەرێنەوە، جارێکی تر بەچەکێکی کیمیاوی نوێو وێران کەر لێیان دەدەینەوە، ناوی کیمیاوی یەکە ناڵێم لەبەرئەوەی زانیاریەکی پۆلێن کراوە، بەڵام دەڵێم بەچەکی نوێی وێرانکەر کەلەناوتان دەبات، بۆیە هەرەشەیان لێدەکەم و هانیان دەدەم خۆبەدەستەوە بدەن، ئەوکاتە دەبینن هەموو ئۆتۆمبیلەکانی خوا ناتوانێت هەڵیان بگرێت .

ئەگەرچی ئەنجامی هێرشەکانی سوپاو قوربانیەکانی ئەنفال لەبەرگەورەیی قەوارەی تاوانەکە هێشتا بەتەواوی یەکلایی نەکراوەتەوە کەهەندێك پێیان وایە 182000 کەسو هەندێك مەزندەش بە200000 بەدووسەد هەزارکەسی دەخەملێنن‌و هەرچی میدل ئیست ۆچیشە اعترافیکی عەلی حەسەن مەجیدی کردووەتە ستانداردو بەنزیکەی 50000 پەنجا هەزار تا 100،000 کوردی کوژراوو بێسەروشوێنکراوی دەخەملێنێ. کەمن بۆخۆم وای بۆدەچم کە هەموو قوربانیە ڕاستەقینەکانیی پاکتاوی کورد لەنێوان سالآنی 1987–1989 دا نزیکە 200000 دوسەد هەزارکەس بێت



کەبەزۆری لەپەلاماری ئەنفالدا تێداچوون، لەبەرئەوەی ( من– نوسەری ئەم کتێبە) هۆکارەکەی دەگێرمەوە بۆ ئەم خالآنانەی خوارەوە :

1. بەلای کەمەوە هەموو ئەو ژنانەی لەئەنفالدا دوگیان بوون‌و بێسەروشوێن بوون، بەشێوەیەکی گشتی تەنها حسابی تیاچوونی تاکە کەسێکیان بۆکراوە، کە ئەمە لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ (کورپەلە) ناکۆکە. ئەگەر لانی زۆریش لە رێژەی ٪1 وەربگرین واتە لەنێوان هەر 100 ژنێك لەوانەی ئەنفالکراون تەنها یەك کەسیان سکپڕبوو‌بێت ئەوا لەکۆی 100000 سەد هەزار ئەنفالکراو دەبێت دەهەزاریان ژن بوو‌بێت‌و لەوانەش رێژەیەك لەوانەی هاوسەرگیر بوون سکپڕ بوون.

2. هەندێك ناوچەی کوردنشین بەرپاکتاوکردن‌و کۆمەڵکوژی کەوتن کەعەلی حەسەن مەجید بە کوردی نەدەزانین، وەکو مەسیحی‌و یەزیدیەکانی ناوچەی شێخان‌و بادینان‌وپارێزگای موصل. چونکە زۆرێك لەومسەیحی‌و یەزیدانە لەپاش لێبوردنەگشتیەکەی 6ی ئەیلولی سالی 1988 گەرانەوەو کۆمەڵکوژکران بەپاساوی ئەوەی لێبوردن ئەمانە ناگرێتەوە بەلکو کوردەکان دەگرێتەوەو ئەمانەش کوردنین .

3. زۆربەی ئەو ئاوارانەی لەپەلاماری ئەنفالی یەکەمدا بۆسەردۆڵی جافایەتی بەرەو ئێران رۆیشتبوون، لەبەفردا رەقبوونەوە یان لەبەرکاریگەری ماندوێتی‌و سەرمابوونیان لەشارەکان‌و کەمپی ئاوارەکانی ئێران مردوون‌و

زۆرێکیان هەتا ئێستا گۆڕیان لەوێ هەیەو تەبەڵەی پزیشکیان هەیە، مەگەر چۆنها دەنا زۆربەیان بەئەنفال ناونوس نەکراون بەڵکو بەقوربانیانی دەستی ڕژێم، یان بەشەهیدانی سەنگەرو هاوڵاتی خەملێندراون‌و لەدامو دەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا موچەی جیاواز لەقوربانیانی ئەنفال وەردەگرن. هەروەك بینیمان لەدوای روخانی حکومەتی بەعسدا بەشێك لەو قوربانیانەی ناو گۆرەبەکۆمەڵەکەی حەزەریش لەوکەسانە بوون کە بەلێبوردنی گشتی گەرابوونەوەو کەچی پۆلێنکرابوون‌و کوژرابوون.

4. ئەو پێشمەرگانەی لەپەلامارەکانی ئەنفالدا یان لەساڵی 1987–1988 دا مەگەر بەدەگمەن بە ئەنفال یان بە کیمیاباران تۆمارکرابن، دەنا هەموویان بەشەهیدی سەنگەر تۆمارکراون‌و نەچوونەتە خانەی ئەو سەرژمێریەی بۆ ئەنفالکراوە.

5. هەندێك لەخێزانەکان هیچ تاکەکەسێکیان لەپەلاماری ئەنفالدا دەرنەچووەو ئێستا هیچ وارسێکی یاسایی نەماوەو بەدوری نازانم لەئامارەکەی وەزارەتی ئەنفالیش تۆماری کردبن.

یەزیدی بۆچی باشن :

وێرای هەموو ئەوکوشتارو زیانە گەورەی بەرکورد کەوت هێشتا عەلی حەسەن مەجید لەخەیاڵی جێبەجێکردنی سیاسەتی بەعەرەبکردندابوو، تەنانەت ئەم سیاسەتەی تا ساڵی 2003 بەردەوام بوو، رەنگە نیازەکانی عەلی حەسەن لەقسەکانی خۆیدا لەهەموو



تەحلیلێك باشتر گوزارشت لەسیاسەتەکەی بکەن کە لەکۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ ئەفسەرانی ناونەبراو، لە بەرواری 1ی ئابی 1988 بەئاشکرا باس لە تەعریب‌و پاکتاوکردنی کورد دەکات بە قۆناغ لە پێشەوە بۆ ئۆردوگاو دواتریش لەوێ دەیاندۆزێتەوەو وەك خەیار لەتیان دەکات هەروەکو دەلێت: ( هەرعەرەبێك ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بگۆڕێت بۆکورد، ئەوا بۆیە وادەکات خۆی لەخزمەتکردنی سوپابدزێتەوە. ئەمە کێشەیەکی گەورەیە، چی بکەین بۆ ئەو مەسەلەیە؟ بۆیە پارێزگاری موسڵ ئەوانە بەکورد ناونووس دەکات؟[10] داوامان لێکردوون هەموو ئەوکوردانەی لەوێن دەریان بکەن‌و بیاننێرن بۆ شاخەکان بۆ ئەوەی وەکو بزن بژین، بیان گێن! بۆچی خۆتان بەمانەوە شپرزە کردووە؟ ئێمە لە موسڵ بێ هیچ قەرەبووکردنەوەیەك رامانەگواستن، ماڵەکانیانم تەخت کرد، پێم وتن، برۆن، برۆن! بەڵام ئەوانەیان کە پێشتر جەنگاوەربوون، لە سەرەتاوە پێیان دەڵێین دەبێت برۆن لە ئۆردوگاکاندا نیشتەجێ بن، دوای ئەوە پێیان دەڵێین بچن بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی، هیچ بێنەو بەرەیان لەگەڵدا ناکەین، من بەڵێننامەکەیان بۆدەخوێنمەوە پێویستە ئیمزای بکەن، دوای ئەوە لە هەر شوێنێکیان بیانبینین (دەنگە کەروون نییە) سەریان پان

[10] سەرەتا هەندێك كورد كەپێشتر ناسنامەیان گۆری بوو بۆ عەرەب لە نیوەی چەنگەكەی عێراق – ئێران دا كە كوردەكان نەدەچوونە بەرەكانی جەنگ دەبوونە پێشمەرگە یان دەچوونە گوندەكان دادە نیشتن، زۆر لەو عەرەبانە ناسنامەی خۆیان دەگۆرییەوە بۆسەر كورد– ئەمەش بەعس دركی پێكردبوون، بۆیە دەمێك بوو لێوی لێدەكرۆشتن، بەڵام وادیارە ئێستا دەرفەتی تۆڵەكردنەوەیان هاتووەتە پێشەوەو عەلی حەسەن مەجید باس لەچۆنێتی مامەلەكردنیان دەكات لەو كۆبوونەوەیەدا.

دەکەینەوە، ئەم سەگانە، مێشکیان دەهارین، بەڵێننامەکەیان بۆدەخوێنینەوە: بە پێی ئەم دانپیانانەی کە ئیمزام کـردووە پێویسـتە لـە ناوچـەی ئۆتۆنـۆمی نیشـتەجێ ببـم، بـە پێچەوانەوە من ئامادەم هەموو جۆرە سزایەك قبوڵبکەم لەوانە سزای مردن، پاش ئـەوە من بەلێننامەکە دەخەمە گێرفانمەوەو بەمودیری ئەمن دەڵێم رێگایـان پێبـدات بۆکـوێ دەیانەوێت برۆن، دوای ماوەیەك، پرسیار دەکەم لە کوێن؟ ئەوان پێم دەلێن، ئەمەیـە، رەفیق حزبیەکان پێویستە راپۆرتم بۆ بنووسن و بڵێن فلان و فلان کەس لـەو شـوێنەدا دەژین، دەستبەجێ دەڵێم دەریان پەرێـنن و وەکـو خـەیارلـەتیـان بکـەن. دەتانـەوێت دانیشتوانی عەرەب بەو کەسە خوێنرێژانە زیاد بکەن؟ دەبێت ناوچـەکـەتـان تـەعریب بکەین (موسڵ).. تەنیا عەرەبە ڕاستەقینەکان، نەك ئێزدی کەرۆژێك لەرۆژان وتوویانـە کوردینو رۆژێکی تر وتوویانە عەرەبین، چاومان لە ئێزیدیەکان پۆشی کەبـن بـەجاش، بۆئەوەی نەهێڵێن ژمارەی تێکدەران زیاد ببێت، بەدەرلـەوە، ئێزیدی بۆچـی باشـن؟ بـۆ هیچ.

دوای راگـەیانـدنی لیبوردنەگشـتیەکەی 6ی ئـەیلولی سـاڵی 1988 زۆرێـك لەوکەسانەی گەرانەوە پۆلێنکران‌و کۆمەڵکوژکران، بەتایبـەتی کـوردە یەزیدیـەکان‌و مەسیحیەکان، هەروەها هەنـدێك لـە ئـەنـدامانی کـەمینـەکـان کـەلـەگـەڵ کـورددا هەڵاتبوون، خۆیان تەسلیمی هێزەکانی عێراق کردو بێسەروشوێنکران —ئەگەری ئەوە هەیە رووبەڕووی هەمان چارەنوس بووبنەوە کەئەوانـەی لـەئـەنفالـدا دەسـتگیرکران بەسەریان هات‌و رەوانەی ناوچە دوورە دەستەکانی بیابـان کـران، کۆمـەڵکـوژکران‌و خرانە گۆڕی بەکۆمەڵەو، لەبنەرەتەوە کۆمەڵکوژی یەزیدیەکان، لەبەر ئەوەبوو کـەوا ئـەوەیان رەتکردبـووەوە کـە بەعـەرەب نـاونوس بکـرێن، هـەروەك مەسـیحی‌و کلدۆئاشوریەکانیش بەهەمان شێوە بەر زەبری کۆمەلکوژی کەوتن لەناوچەی بادینان، ئەوانیش لەسۆنگەی ئەوەی رەتیان کردبووەوە کە سەر بەنەتەوەی عەرەب یان کـورد بن، لەبەرئەوە بەعس بەهەمان ئەو لۆجیکەکاری کرد، کە هەتا ئەمرۆش ئوسامەبن بن لادن کاری پێدەکات ( مادام دۆستم نیت دوژمنی ) ئەوانیش لەبەرئەوەی ئامادەنەبوون نەتەوەی خۆیان بگۆڕن بۆعـەرەب ئـەوا لـە زەبـری بـەعس بەدەرنـەبوون، بەتایبـەتی ئەوانەی بەلێبوردنە گشـتیەکەی 7ی ئـەیلولی سـاڵی 1988 گەرانـەوە پـۆلینکران‌و بێسەروشوێن‌وکۆمەڵکوژکران بەبیانووی ئەوەی لێبوردنەکە بۆکوردەو ئەوانە عەرەبی خائینن.[11]

[11] ( سەبارەت بە ساختەکاری‌و ئامانجە گڵاوەکانی لێبوردنە گشتیە لیکۆلینەوەیەکی تایبەتم بۆ کۆنگرەی بەجینۆسایدناساندنی ئەنفال ئامادەکرد، کە حالی حازر لەو کتیبەدا بڵاوکراوەتەوە کەهەموو باسەکانی کۆنگرەی لەخۆگرتووە، تیایدا نیازەکانی بەعسم رونکردووەتەوە کە ئامانج لەو لێبوردنە جینۆسایدکردنێکی ترە بۆ ئەوکەسانەی بەهەرجۆرێك بووە، توانیبویان دەربازبن، لەوانە بێسەروشوینکردن‌و کۆمەلکوژی زۆر لەخەلکی دۆلی جافایەتی‌و هەلەبجەو کوردە یەزیدیەکان‌و مەسیحیەکانم خستووەتە روو– نوسەر)

# ئامانجەكانی بەعس لەئەنفالی گەرمیاندا :

ئەگەرچی پەلامارەكانی ئەنفال بەناوی دژە یاخی بوونەوە ئەنجامدران، چونكە لەلۆجیكی بەعسدا ئەوانەی پەلامارەكانی ئەنفال دەیانگرێتەوە ئەوانەن كە لەنیشتمان یاخی بوونو بەكرێگیراوی ئێرانین، بەڵام ئەم پروپاگەندانەی بەعس زۆردوربوون لەڕاستیەوە چونكە زۆربەی هەرە زۆری قوربانیەكان لە ئۆپەراسیونە سەربازییەكانی ئەنفالدا خەڵكی مەدەنی گوندنشینی هەژارو بێچەك بوون، وەك ئەو هەموو ژنومنداڵو گەنجە بێچەكانەی لەگوندەكانی كوردستاندا بەگشتیو لەگەرمیان بەتایبەتی گیران، ئەنفالكراوەكانی گەرمیان كەبەزۆری لەناحێی قادركەرمو گوندی مللەسورە كۆكرانەوەو بەوەعدو بەڵێنی هەڵخەڵەتێنەرانەی جاشەكوردەكان دابەزیبوونو دواتر بەقۆناغ گوازرابوونەوە بۆقەڵا نەفرەتیەكەی قۆرەتوو، لەوێشەوە بۆ تۆپزاواو نوگرەسەلمانوكامپی دبسوتكریت، كەزۆرترین ژمارەیان لەدواین پۆلێنكردندا بەرەوگۆری بەكۆمەڵبراون، یان لەقەڵا نەفرەتیەكەی نوگرە سەلمان، لە برسامردوونو ڕێژەیەكی زۆر لەپیروپەكەوتەو ڕێژەیەكی كەمیش لەژنومنداڵ پاش شەش مانگ دەستبەسەركردن بەرلێبوردن كەوتن .

دەنا لەریشەهەڵكێشانی گەرمیانیەكان لەئەنفالدا مەسەلەیكی بەڵگەداروحاشاهەڵنەگری نیازەكانی بەعس بوو چونكە نیازومەرامەكانی عەلی حەسەن مەجیدو هەڵسوكەوتی پیاوانی بەعسو پۆلێنكردنیان گومان لەوەدا ناهێڵێتەوە



كە هەرگیز ئامانج لە پەلامارەكانی ئەنفالی سێدا بەتەنیا ئامانجێكی سەربازی نەبوو تابەدەرپەراندنوشكاندنی هێزی پێشمەرگە كۆتایی بە رەشەكوژی گەرمیانیەكان بێت، بەپێچەوانەوە دەرپەراندنی هێزی پێشمەرگە بۆسەرخستنی سیاسەتەكەو بەدەستهێنانی ئەونیازە بوو، كە كورد لەگەرمیان ریشەكێش بكات، كە دواتر بەوردی بەعس ئیشی لەسەركردو ئەنفالكراوەكانی بەپێی شوێنی نیشتەجێبوون پۆلینكردو دواتر پاكتاوی كردن، ئامانج ڕامالینو نەهێشتنی كوردبوو لەوناوچانەی بەعس گومانی لە دلسۆزیو پاكیان هەبوو بەهەڕەشەی دوا رۆژی دەزانین، چونكە كاتێك دەبینی لەكۆی 18 ملیون دانیشتوانی عێراق 4 ملیون كورد لەعێراقدا هەیە، ئەم ژمارەیەش ڕێژەیەكی بەرچاوی كەوتووەنەتە دەوروبەری بیرەنەوتەكان تیایدا نیشتەجێنو، بەپێی تیفكرینی شۆڤینیانەی بەعس ئەم كوردانە بوونەتە مەترسی بۆسەر رێژەی دانیشتوانی كورد لەناوچەی كەركوكو ناوچەنەوتیەكە ئیدی دەبێت جدی مشوریانبخواو پلانێك بۆنەهێشتنیان، بەلای كەمەوە بۆكەمكردنەوەیان دابنێت، ئەمەش بەروونی لە قسەكانی عەلی حەسەن مەجیددا دەردەكەوێت (ئەوخاڵەی قسەی لەسەردەكەین كەركوكە، كاتێك من هاتم عەرەبو توركمان 51٪ی سەرجەم دانیشتوانی كەركوك زیاتر نەبوون، وێرای هەموو شتێك من 60 ملیۆن دینارم خەرج كردووە تا گەیشتووینەتە ئەم بارەی ئێستا، حاڵی حازر مەسەلەكە ڕوونەو بۆ زانیاریتان ئەو عەرەبانەی كەهێنراون بۆ كەركوك رێژەكەیان بۆ 60٪ یش بەرز نەكردەوە. پاشان تەعلیماتمان دەركردو نەمهێشت كورد لەكەركوك، لەونزیكانەو گوندەكانی

دەوروبەریداو لەدەرەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کاربکەن، )[12] ئەگەر بەوردی بروانین عەلی خەسەن مەجید تەرکیزی تەواوی لەسەر کوردە نەك لەسەر غەیرە عەرەب وەکو تورکمان بەتایبەتیش لەو ناوچەیەدا کە هاوسنوری ناوچە عەرەبیەکەیەو، زۆرترین ڕێژەی نەوت دەکەوێتە ناوییەوە، بۆیە دەتوانین بە روونی ئەو هۆکارە ببینین لەپاکتاوکردنی پەلامارە سەربازیەکەدا زۆرترین زیانی مرۆیی لەپەلامارەکانی ئەنفالی سێهەمو چوارەمدا چڕدەبێتەوە، هەرئەم سیاسەتەش بووە کە لەهەموو قۆناغەکانی ئەنفالدا چارەنوسی ژنومنداڵ پابەند نەبووە بەرادەی بەرگری هێزی پێشمەرگەوە بەڵکو پابەندبووە بەشوێنی نیشتەجێبوونی ئەنفالکراوانەوە، ( خەڵکی کوێن ) ؟ هەروەك لە لێکۆلینەوەو توێژینەوەکەی یۆست هێڵتەرماندا دەرکەوتووە ( ئەگەر ئەوان خەڵکی ناوچەکانی ئەنفالی 2– 5–6–7 بوونایە ئەوا دەیانناردن بۆکەمپەکانی دبس، تکریت لەباکوری کەرکوکەوەو زۆریش لەمانە لەلیبوردنەکەی 6ی ئەیلولی سالی 1988 دابەربوون، ئەگەر دانیشتووی ناوچەی بادینانو قۆناغی هەشتی ئەنفالبونایە ئەوا دەیان ناردن بۆ کەمپیی سەلامیە کەبەندیخانەیەکی گەورەی هاوشێوەی نوگرەسەلمانبوو لەنزیك موصل، ئەوانیش زۆریان لەهەمان لێبوردندا بەردران، خۆ ئەگەر خەڵکی گەرمیانیش بونایە لەپەلامارەکانی ئەنفالی 4و3 ئەوا لەزۆربەی حاڵەتەکاندا وەکو پیاوان مامەڵەدەکرانو راپێچی شوێنەکانی کۆمەڵکوژی دەکران، ئەوکەسانەی کە لەناوچەی ئەفالی دووی قەرەداغەوەبەرەوگەرمیان هەلاتبوون

[12] کاسێتەکانی عەلی حەسەن مجید وەرگێردراوی میدل ئیست وۆچ – محمد حمە صالح توفیق –



لەئەنفالی سێدا گیرابوون بەهەمان شێوە ئەمانیشیان رەوانەی مردن کرد.([13]) دەنا زۆربەی ئەو خەڵکەی لەگەرمیاندا گیران خۆیان بەپێ بەرەو سەرجادەی گشتیو ناحیۆقەزکان رۆیشتوونو خۆیان بەدەستەوە داوە، تەنانەت هەندێك لەوانە لەنزیك یان لەناو شارەکانی دوزخورماتوو، قادرکەرەم گیرابوونو دواتر هەمان مامەڵەی پیاوانیان لەگەڵدا کردن، بۆنمونە هەموو ئەنفالکراوەکانی گوندی تازەشار لەناو قادرکەرەمدا گیرابوون..هەروەها خەڵکی گوندی پەلکانەی سلێمان بەگیش لەنزیك دوزخورماتوو گیرابوون، لەمبارەیەوە ژنێکی گوندی پەلکانەی بەناوی کافیە عەزیز کەلەسەر وەختی ئەنفالدا لەگوندی (پەڵکانە) بوونو ئێستا لەدوزخورماتوو دادەنیشێ ئاواباسی گیرانی خۆیانو جیاکردنەوەی کچە عازەبەکانی بۆگێرامەوەو وتی: ( لەتکریت کچە گەورەکانمیان لێسەندمو بردیان، هەموویان جیاکردنەوە شەوو ڕۆژێ هەرچی ئافرەت عازەب، هەبوو گشتی ناوی نووسرا موالید چەندەوخەڵکی کوێیە، ئافرەتێك بوو عەرەبی دەزانی بەعارەبی گشتی ئەنووسی ئیتر ئێمە هاتینە ڕێوە بۆ نوگرەسەلمان دوای ئێمە کەنیشکان تا 14ی ڕەمەزان لەتکریت مانەوە ئێ وەللە برا بردیانن گشتیان بردن ئیتر نازانم چیان بەسەرهات کردیاننە چاڵەوە؟! (14) وەنەبی گوندی پەلکانە تەنها حیکایەتی ئەم ژنەی لەخۆگرتبێ نەخێر

[13] بۆزانیباری زیاتر یوست هیلتەرمان – کارێکی ژەهراوی ئەمریکاوعێراق و گازبارانی هەلەبجە – 177

[14] – چاوپێکەوتنی نوسەر لەگەڵ کافیە عەزیز– دوزخورماتوو . ئازاری 2006 . بۆزانیاری زیاتر دەربارەی بەسەرهاتی ئەم شایەتحاڵە بروانە ژمارە 4 ساڵنامەی ئەنفالستان چاوپێکەوتنێکی دورودرێژی ئەم ژنەی گرتووەتە خۆ– .

**خەڵکی گوندی پەڵکانەی ناحێی سلیمان بەگ 44 کەسیان لەپەلاماری ئەنفالی سیدا** بێسەروشوێنکرانونەبینرانەوە. 15 رەنگە ئەنفالکردنوکۆمەڵکوژی گوندی پەلکانە زیاتر ڕاستی ئامانجەکەی بەعسمان بۆ بسەلمێنی کەئەنفالی سیٚ ئەوەندەی پاکتاوی کوردو تەعریب بووە، ئەوەندە بەرهەڵستی پێشمەرگە نەبوو، لەبەرئەوەی ئەوگوندە دەوڵەمەندە بەنەوتوپێشتریش بەرهەمهێنانێکی سەرەتایی نەوتی تێداکراوە، بەڵام لەوەش مەترسیدارترئەوەیە ئەوگوندە ئاسارێکی کۆنی سەردەمی زەردەشتی تێدابووە، ئەمەش هۆی سەرەکی پاکتاوکردنی یەکجاری ئەوگوندەبووە.16 چونکە زۆرجار کورد ئاینی زەردەشتی بەئاینی خۆی دەزانیٚ .

بەڵام کەلە تێفکرینی بەعس ورد دەبیتەوە جگەلە توندڕەفتاریو بەدحاڵیی بونێکی دەمارگیرانە هیچ شتێکی ترنادۆزیتەوە، لەڕاستیدا کوردە گوندنشینەکانی وەك کافیە عەزیزوکچەکانی هیچ هەرەشەیەکی ئەوتۆیان بۆسەر حکومەتی صدام حسین دروست نەکردبو، بەڵام نیازی بەعەرەبکردنو پاککردنەوەی کەرکوك لە کورد یەکێك بووە لەئامانجی سەرەکی ڕژێمی صدام حسین، نابێت ئەوەش لەیاد بکەین کە ئەنجامدانی ئەنفال لەناوتەپوتۆزی جەنگی ئێران – عێراقدا تارادەیەك لەباربوو بۆ ونکردنی ئەو تاوانە گەورەیەی کە دواجار بووە جینۆساید، دەنا گەرمیان بەئەندازەی مەترسی نەهاو سنوری ئێران بوو نە خەڵکەکەشی بەکرێگیراوی ئێرانو توندڕەفتارو ئاژاوەگیربوون

---

15 **بروانە ئاماری ناوی ئەنفالکراوەکانی گوندی پەلکانە کە بەرێز مەلافریاد ئاکادەی کردووە.**

16 **بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم گوندەو پاکتاوکردنی بروانە مالپەری فریاد زەنگەنە .**



وەکو بەعس پروپاگەندەی بۆ دەکردو لەدنیای عەرەبیدا هەوڵی دەدا شەرعیەت بۆ ئەنفالکردنی وەرگریٚ . لەکاتێکدا گەرمیان نەك هەر لەسەر سنوری ئێران نەبوو، بەڵکو لە پایتەختی عێراقەوە نزیکترە ، بۆیە هەرلێکۆلیارێك دەتوانیٚ ئەو ڕاستیە ببینیٚ کە مەسەلەکە بەزۆری ئەوەبوو کەگەرمیان دراوسێی ناوچە عەرەبیەکەی عێراق بوو، بەتایبەتیش کە ناوچەکە بەنەوت دەوڵەمەندە "کەرکوك"و بیرەنەوتەکانی تری ئەو ناوچەیە، دەکەوێتە ناوچەی گەرمیانەوەو بەعس ئامانجی تایبەتی خۆی هەبوو لەپاکتاوکردنی گەرمیانیەکان، تێڕامان لەکۆمەڵکوژی گەرمییانیەکان نەك هەر بۆکورد، بەڵکو بۆکێشە سیاسەیەکەشی گرنگیەکی لەڕادە بەدەری هەیە، بەهەند نەگرتنی قۆناغی ئەنفالی سیٚو وردنەبوونەوە لەهۆکارەکانی ئەوکۆمەڵکوژییەی لێی کەوتەوە، هەرخەمساردی نیە، بەڵکو تێنەگەیشتنو بێباکیشە لەبەرانبەر ئایندەو دوبارەبوونەوەی ئەو تاوانەی کە ڕوی سەرجەمی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی تەڵخکردوو ئابروی بەعسیەکانیشی فرێدایە زبڵدانی مێژووەوە، بۆیە لۆژیکی بەعس بەرانبەر بەئەنفالی گەرمیان، زیاد لەخوێندنەوەیەك هەڵدەگریٚ، وەلی ئەفسوس کورد بەگشتیو گەرمییانیەکان بەتایبەتی لەهەموو کەس لێی خەمسارد ترن..! هەروەك گەریدەو لێکۆلیاری بەناوبانگی هۆڵندی یوست هێلتەرمان لەسەر زاری بەرێوەبەری ئیستخباراتی ئەوسا ( وەفیق سامەرایی) یەوە مەبەستەکانی سەدام حسنو حزبی بەعس لەئەنفالدا ڕوندەکاتەوەو ئاشکرای دەکات کە کوشتنی هەڵبژاردەی ژنومنداڵ وەکو بەشێکی تەواوکەری ئەنفال باس دەکات چونکە ئەوانەی کوژراون بەزۆری لەو کەسانەی دەوروبەری کەرکوکن لەوبارەیەوە زیاتر قسەدەکاتو دەڵێت: ( بەوردی کرابوونە ئامانج بۆکەمکردنەوەی دانیشتوانی کەرکوك " تۆ دەتوانی نیوملیون کورد

لەهەولێر بکوژی، بەڵام ئەوە هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێ چونکە هەولێر هەر بەکوردی دەمێنێتەوە بەڵام کوشتنی 50000 پەنجا هەزار کورد لەکەرکوك بۆهەتا هەتایە کۆتایی بەکێشەی کورد دەهێنێت ) (17 ) لەناو ئەو قسانەدا بەروونی دەبین لە لۆجیکی بەعسدا کوژرانی گەرمیانیەکان ئاماژەیە بەکوژرانی کوردەکانی دەوروبەری کەرکوك لەجیاتی هەمووکوردەکانی هەولێر یان هەرشارێکی تری کوردستان، چونکە ئەوشارانە هەرچەندێکیشیان لێکوژرابایە هەربە کوردنشینی دەمێنێتەوەو هەرگیو نابێتە شارێکی عەرەبی ، بەڵام کوشتنی کوردەکانی نزیك کەرکوك گرنگیەکەی لەوەدایە کەناوچەکە دەکاتە عەرەبیو کەرکوکیش دەکاتە شارێکی عەرەبی بەکورتی ئامانجی بەعس لەڕیشە هەڵکێشانی کوردبوو لەو ناوچە پانو پۆرەی دەوری بیرەنەوتەکانی کەرکوکیاندابوو، بەعس دورترو وردتر تەماشای پرۆسەی ئەنفالی کردووە، هەر بۆیەشە پەلەکراوە لەکوشتنی پیاوەکانی گەرمیان بەتایبەتیو ژنو منداڵەکانیان بەگشتی ، چونکە لێکدانەوەکە بەو شێوەیە بووە، ئەگەر نێرینەکانیان لەبەین ببرێت سبەی ژنان ناتوانن لەناوچەکە وەچە بخەنەوەو لە ئامارەکانی سەر ژمێریدا ناتوانن رێژەی دانیشتوانی کورد زیاد بکەن، خۆئەگەر تەعریبیش بکرێت، لەدورمەودا دا ژنانی ئەو ناوچەیە لەگەڵ پیاوی عەرەب هاوسەرگیریش بکەن نابنە وارسی یاسای مڵكو زەویو زاری خۆیانو هەربەعەرەب دێنە ئەژماردنو مەترسیەك دروست ناكەن . هەروەك دەبینین هەتا ئێستا ناوچەی گەرمیان، نەهاتووەتەوە سەرحاڵەتی ئاسایی خۆی بەلای کەمەوە ئەو زیانە مرۆییەی

[17] یوست هیلتەرمان کارێکی ژەهراوی ئەمریکاو عێراقو گازبارانی هەلەبجە– ل179.



بەرگەرمیان کەوت لە هەلبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا ئەگەر رێژەی زاوزێش لەبەرچاونەگرین لەماوەی 22 سالی رابوردوودا تەنها ئەوانەی بوونە قوربانی زەرەرێکی گەورەی بەئامادەبوونی رێژەی کورد گەیاندووە لەعێراقدا. ئەمە جگە لەوەی هێشتا کوردانی دانیشتووی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان لەدڵەراوکێو بێ متمانەییەکی کوشندەدا دەژینو بە دودلییەوە دەچنەسەر صندوفەکانی دەنگدان یان زۆر جار لەلایەن سیاسەتی پەراوێز خستنەوە لە دەنگدان بێبەش دەکرێن، ئەمە جگە لەوەی هەتا ئەمرۆش سیاسەتی ریشەکێش کردنی کورد لەو ناوچانە بەردەوامە چ لەلایەن دەوڵەتەوەو چ لەلایەن هێزە بەناو ئۆپزسیونە مەزهەبیو تیرۆرستیەکانەوە خۆتەقاندنەوەو بۆمب نانەوە لە بۆنە نیشتمانیو دینیو کۆمەڵایەتیەکان، تەنانەت لەپرسەدانانی کوردەکاندا لەشارەکانی کەرکوك، خانەقی، جەلەولاو دیالە نیشانەیەکی زەقی ئەو رەفتارە شۆڤێنیەی عەرەبن.

ئەمە بێجگەلەوەی لەسەروەختی رژێمی بەعسدا بەردەوام هەوڵی دەرکردنی کوردەکانی کەرکوكو تەنانەت گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی کورد بۆسەر نەتەوەی عەرەبی هەولێکی بەردەوام بووە، دەتوانین لێرەدا بلێین ئەوپەندە کوردیە لە هەموو کات گونجاو تربێت کە دەلێت: ماڵ بەخاوەن ماڵ حەرامە ، بۆسەلماندنی ئەو ڕایەمان لەسەر ئامانجەکانی بەعسو تەعریبکردنی کەرکوكو دەوروبەری گرنگە بەڵگە نامەیەکی پربەپێستی خۆی نمایش بکەین:

**نامەیەکی زۆرنهێنی محمد هادی ئەلجەنابی جێگری قایمقامی قەزای مەرکەزی کەرکوك ژمارەکەی (دیارنیە) لە بەرواری مانگی 12ی 2000 دەرچووەو**

ئاڕاستەی کاروباری پارێزگای کەرکوک کراوە، دەربارەی نیشتەجێکردنی ژن‌ومێردێکی کوردی دانیشتووی کەرکوک بۆ ئەوەی لە شاری کەرکوکدا بمێننەوە. بەپێی ئەم نامەیە سیروان ئیبراهیم‌و ڤیانی هاوسەری ڕێگەیان پێدراوە لەگەڕەکی فەرمانبەرانی شاری کەرکوک خانووی ژمارە 1120/122 بژین لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە بۆچی سەرەڕای ئەوەی کە سیروان‌و ڤیان کوردیشن، کەچی بێ کێشە ڕێگەیان پێدراوە، لە کەرکوک نیشتەجێبن، کەچی هەربەپێی ناوەرۆکی ئەم نامەیەی جەنابی قایمقام ئیبراهیم محێدین کەباوکی سیروانە ڕێگەی پێنەدراوە لەکەرکوک بمێنێتەوە بەڵکو لەو کەسانەیە کەبۆشاری سلێمانی رابگوێزراوەو بەزۆرلەشارەکەی خۆی دەرکراوە.. ئەمەش لەبەر ئەوەی سیروان ئامادەبووە شوناسی نەتەوەیی خۆی لە کوردەوە بگۆڕێت بۆسەر عەرەب .[18]

تەنانەت بەعس ئەوەندە بەدەمارگیری‌و چاوی دوژمنکارانە تەماشای کوردی کردووە، هەمیشە بەلۆژیکی بانێك‌و دوهەوا کاری کردووە، لەکاتێکدا بە ئیمزای عەلی حەسەن مەجید بریاری 4008ی نوسینگەی باکور بەسەر هەموو هێزەکانی ئەمن‌وو‌ئیستخبارات‌و سوپادا بڵاوکرایەوەو گشتێنرا، کە دەبوایە هەر زیندەوەرێك لەناوچە قەدەغەکراوەکاندا مەحکوم بێت، بەکوشتن کەچی بۆ هاونیشتمانیەکی عەرەبی سنوری گەرمیان وانەبووە، بۆ سەلماندنی ئەم رایەش بەڵگەنامەیەکی تر دەخەینە روو کەبریتیە لەنامەیەکی ئیستخباراتی کەلارکە بۆمەنزومەی

[18] بروانە شۆرش حاجی– تەعریبی کەرکوك – سیاسەتی تەعریب لەدووتوێی هەشتا بەڵگەنامەدا – 2004 – هەم لێکۆلینەوەکەو هەم بەڵگەنامەی ژمارە شەست‌و هەشت هەم بڵاوکراوەتەوە – ل 258–259–260



ئیستخباراتی ئەلشەرقیەی حزبی بەعس ئاڕاستەکراوەو ناوەرۆکەکەی ئاماژە بەلێکۆلینەوەیەك دەکات کە لەگەڵ دوو کەسی عەرەبدا کراوە، کە لەناوچەی قەدەغەکراودا گیراون. لەوەش گرنگتر ئەوەیە ئەو دو عەرەبە لە گوندی کولەجۆ گیراون کەلەم گوندەو گوندی ملە سوورەدا نزیکە 20000 بیست هەزار کەس لە ژن‌ومندال‌وپیر کۆکرانەوەو بەرەو تونی مەرگ بەرێکران، کەچی بۆ عەرەبەکان ئەمناوچەیە وەکو قەدەغەکراو تەماشانەکراوە..!

بەپێی ئەوپرسیارو وەڵامانەی لەلێکۆلینەوەکەی ئیستخباراتی کەلاردا هاتوون، وادەردەکەوێ کەوا ئەو عەرەبانەی لەکوردستان نیشتەجێبوون، هەموو کوردستانیان بەموڵکی خۆیان زانیووە، بەهەمان لۆژیکی بەعس عەرەبەکانیش ماڵ لەخاوەن ماڵ بەحەرام دەزانن، بۆیە ئەو ناوچانە بۆ کورد بە قەدەغەو بۆخۆشیان بەحەڵاڵ تەماشادەکەن، دیارە ئەوعەرەبانەش باش ئاگایان لەسیاسەتی دەوڵەتی عێراق هەبووە، بەرانبەر بەکوردو تەعریبکردنی خاکەکەی، (حمید حمودی داود) کە عەرەبێکی خەڵکی گوندی (قلعەی عەرەبی) بووەو لەلایەن ئیستخباراتی کەلارەوە لەناوچە قەدەغەکراوەکاندا دەستگیرکراوە، لەکاتی لێکۆلینەوەکەیدا بەراشکاوی باسی تێگەیشتنی خۆی لەسیاسەتی تەعریب دەکات، کاتێك ئیستخبارات پرسیاری ئەوە لە حەمید دەکەن کەئایا نەیزانیوە ئەوناوچەیەی ئەوی لێدەستگیرکراوە قەدەغەکراوەو (محرەمەیە) ئەم لەوەڵامدا دەڵێت: بەڵی زانیومە کە ئەم ناوچەیە محرمە– قەدەغەکراوە بەڵام ئەوەش دەزانم کە ئەوقەدەغەیە بۆکوردە بەڵام من عەرەبم..! دوای لێکۆلینەوە حمید حمود داود ئازاد دەکرێت، ئەمە بەڵگەنامەی شەست‌و هەشت هەمینە لەکتێبی تەعریبی کەرکوك سیاسەتی تەعریب لەدوتوێی هەشتا بەڵگەنامەدا کەکاك شۆڕش

حاجی ئامادەی کردووەو دەربارەی ئەونیازە شـۆڤێنیانە نوسـیوێتیو منـیش ڕاسـتەوخۆ گواستمەوە نێو ئەم باسە، هەروەکو کاك شۆڕش ووتوویەتی: ( بەپێی برگە 5ی بریاری 4008 ی بیرۆی بـاکوری ڕێکخسـتنی حزبـی بـەعس کـە بـەرواری 1987/6/20 بەسـەرهەردوو فەیلـەقی یـەكو پێـنجو تـەواوی یەکـەکانی سـوپاو دامودەزگاکـانی ئەمنوموخابەراتدا گشـتێنراولەلایەن تـاهرتۆفیق ئەلعانیـەوە ئاڕاسـتەکرا، لەبـەرواری 22ی حوزەیرانی 1987 وە هەرجموجۆلێك لەوناوچانەدا قەدەغەیەو بۆنی هـەرمرۆڤو زیندەوەرێك تیایدا مەحکومەبەکوشتنو تەقەکردن تیایدا ئازادە.. سەدان کەس لـەپێش پەلامارە سەربازیەکانی ئەنفالو دەیان هەزارکەسی کوردی گوندنشین بـەپێی ئـەوبریارە مامەڵەیان لەگەڵدا کراو لـەکاتی پەلامارەکانـداو دوای ئـەنفالیش گیرانوکـوژرانو بێسەرو شوێنکران، هەموو ئەوانەشی ئەنفالکرانوکوژرانوبێ سەروشـوێنکران کـورد بوون)[19] بەڵگەی زیندووش مامەڵەی ئیستخباراتی کـەلارە لەگـەڵ ئـەودوو عەرەبـە، کەهێشتا بریارەکە لەکاردابوو، ڕەنگە هەنـدێك لەئـەنفالکراوەکان هێشـتا لـەتۆپزاوا لەنێوان چاوەڕوانی مەرگو ژیاندا بووبن.

19 بروانە شۆرش حاجی- تەعریبی کەرکوك – سیاسەتی تەعریب لەدووتوێی هەشتا بەڵگەنامەدا – 2004 – بەڵگەنامەی شەستو هەشت هەم – ل 258–259–260



## دەستپێکی پلانەکانی ئەنفال
## لەژێرپەردەی هەڵمەتی پێشخستنی ناوچەکانی باکوردا
### 21ی نیسان تا 21ی مایس

بۆ ئەوەی بزانین کە ڕژێمی بەعس بەر لەوەی پەلامارە سەربازیەکانی ئـەنفال دەست پێبکات سێ قۆناغی سەرەتایی دانابوو بۆ سەرخستنی پلانەکەی لـەقۆناغی یەکەمـدا 21ی نیسان دەسـتی پێکـرد، لـەژێرناوی هەڵمـەتی پێشخسـتنی ناوچـەی بـاکور ئەمـە تـا 21ی مایسی خایانـد، دووەم قۆنـاغ لـە 21ی مایسـەوە تـا 21ی حوزەیرانی خایاند، لە 22ی حوزەیران بەدواوە هەرکەسێك لەو ناوچانەدا بگیرایە دەبـوو دەسـتبەجێ بـەبێ هـیچ ڕارایـیو دوو دڵییـەك بکوژرایـە"[20] ئەمـە بێجگـە لەوەی خودی عەلی حەسەن مەجیـد لـە کۆبوونـەوەی لەگـەڵ بەرپرسـانی ناوچـەی بـاکور بەراشـکاوی باسـی دەکـات: (لـە یـەکـەم کۆبوونـەوەم، لـەگـەڵ فەرمانـدەی فەیلەقەکانی سوپا، بەرێوەبەرانی ئەمن و پـۆلیس، پارێزگـارەکـانو لێپرسـراوانی حزبی بەعس لە نیسانی **1987**، بریارماندا بـۆ لـەنـاوبردنی تێکـدەران تـەواوی خەڵکی گوندەکان رابگوێزین، کارەکەمان بەدوو قۆناغ جێبەجێکرد، یەکەم قۆناغ لە **21**ی نیسان دەستی پێکردو تا **21**ی مایسی خایانـد، دووەم قۆنـاغ لـە **21**ی

20 بروانە بریاری 4008 ی نوسینگەی ڕێکخستنی باکور .

مایسەوە تا **21**ی حوزەیران، لە **22**ی حوزەیران بەدواوە هەرکەسێك لەو ناوچانەدا بگیرایە دەبوو دەستبەجێ بەبێ هیچ رارایی‌و دوو دڵییەك بکوژرایە، بە پێی ئەو بریارو راسپاردانەی تائێستاش کاریان پێدەکرێ) هەروەها لە کۆبونەوەیەکی تردا لە بەرواری 15 نیسانی ساڵی 1989 کە بۆ بەخێرهاتنی عەلی حسن العامری رێکخرابوو" زیاتر پەردە لەسەر نیازە دزیوەکانی هەڵدەداتەوە، لەم قۆناغەدا بۆ کۆکردنەوەی گوندنشینەکانی سەرجادە گشتیەکان لە ژێر هەراو هوریای پێشخستنی ناوچەی باکوردا کەوتەکارو ئەم کارەی بەشێوەیەکی سیستماتیك ئەنجامدا، دەشێت بەوردی لە ناوەرۆك‌و نیازی دەسەلاتدارانی عێراق وردبینەوە کە لەپشت ئەو هەڵمەتەی بناوی پێشخستنی ناوچەی باکورەوە رێکیان خستبوو نیازێکی تری هەبوو، ئەوش ریشەکێشکردنی گوندنشینە کوردەکانی دەوروبەری کەرکوك‌و سەرجادە گشتیەکان بووە، بەتایبەتی کە زۆرترین ئەوخەڵکەی لە کەرکوك دورخستنەوەو لە ئۆردوگا زۆرە ملێکان نیشتەجێی کردنەوە کە لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا لە 12 ئۆردوگای رەزاگرانی نەخشە بۆکێشراودابوون، لەبەڵگەنامەکاندا بەروونی دەردەکەوێ کە هیچ هەلمەتێك نەبووە بۆ پێشخستنی ناوچەی باکوربەڵکو وێرانکردن بوون، بەزۆریش کە هەڵەتەکە دەوروبەری موسڵ‌و کەرکوکی گرتووەتەوە.

## حەزوئارەزووەکانی عەلی حەسەن مەجید

حەزو نیازەکانی عەلی حەسەن مەجیدو قسەکانی لەوکۆبوونەوەیەدا رون‌و ئاشکران " کە بەم شێوەیە دەدوێت‌و دەڵێت: ( حەز دەکەم لەبارەی دووخاڵەوە قسە بکەم: یەکەم، بەعەرەبکردن و دووەم ئەوشوێنانەی هاوبەشن لە نێوان ناوچە



عەرەبنشینەکان‌و ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا، ئەوخاڵەی قسەی لەسەر دەکەین کەرکوکە، کاتێک من هاتم عەرەب و تورکمان **51**٪ی سەرجەم دانیشتوانی کەرکوک زیاتر نەبوون، وێرای هەموو شتێک من **60** ملیۆن دینارم خەرج کردووە تا گەیشتووینەتە ئەم بارەی ئێستا، حاڵی حازر مەسەلەکە روونە و بۆ زانیاریتان ئەوعەرەبانەی کە هێنراون بۆ کەرکوک رێژەکەیان بۆ **60**٪ پش بەرزنەکردەوە. پاشان تەعلیماتمان دەرکردو نەمهێشت کورد لەکەرکوک، لەونزیکانەوگوندەکانی دەوروبەریداو لەدەرەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کاربکەن، کەرکوک تێکەڵەیەکی نەتەوەو ئاین‌و مەزهەبە، ئەوخەڵکانەی کە ئێمە لە **21**ی مایسەوە بۆ **21**ی حوزەیران رامانگواستوون، یەک کەسیان لە ناوچە قەدەغەکراوەکاندانەبوون، بەڵام لە ژێرکۆنترۆڵی تێکدەراندا بوون، جا ئیتر لایەنگرانی ئەوان بووبن یان دژیان)[21]
ئەگەر وردبینەوە بە ئاشکرا ئەو راستیە دەردەکەوێ کە ئەنفالی سێ‌و ئەوکۆمەڵکوژیەی لێکەوتەوە هیچ پەیوەندی بە پێشمەرگەو بەرگرییەوە نیە " جا لایەنگر بووبن یان دژیان" ئەوە پەیوەندی بە لۆجیکی ئەنفال‌وسیاسەتی بەعەرەبکردنەوە هەیەو دەبوایە کورد لەوناوچەیە ریشە کێشبکرایە.

لەم هەڵمەتی بەناو پێشخستنەدا چەندین گوندو تەنانەت ناحێ بەر پەلاماری تەختکردن‌و راگوێزان کەوتن، بەتایبەتی گوندەکانی نزیکەکان‌و ئەوانەی سەرجادەگشتیەکان. بەڵگەکان دەری دەخەن کەوا بەرنامەرێژی بەعس بۆ ئەنفال

[21] عەلی حەسەن مەجید- کاسێتی کۆبوونەوەکان - میدل ئیست وۆچ - وەرگێرانی کوردی 2004 محمد حمە صالح توفیق.

به شێوەیەکی زۆر ترسناك بووە، وەکو ئەلمەجید لەیەکەم دەستپێکی قسەکانیدا دەلێت: لە کۆبوونەوەیەکیدا، لەگەڵ ژمارەیەك لەئەندامانی نووسینگەی باکورو پارێزگارەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە 1987/4/15دا، عەلی حەسەن مەجید دەلێت: (لەهاوینی داهاتووەوە لێرەولەوێ هیچ گوندێك نامێنێت، تەنیا ئۆردووگا نەبێت، لەئۆردووگاکان وەك چۆن مریشك جوجەڵەکانی دەخاتە ژێر باڵییەوە، ئەوا لە ژێر رکێفی خۆماندا دەبێت، ئێمە خەڵك دەخەینە ئەو ئۆردووگایانەوەو لەژێرچاودێری خۆماندا دەبن، ناهێڵین چیتر لەگوندەکاندا وەك کەر بژین، تێکدەران بچنە ناویانەوەوسەردانیان بکەن، کۆچی گوندنشینەکان بۆ شارلەباکوری عێراقدا زۆر پێویستە.

عەلی حەسەن مەجید قسەی خۆی بردەسەرو دەستی کردە جێبەجێکردنی پلانەکەی بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێیی درابوو بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی کورد کەس نەبوو قسەلەقسەیدا بکات، ئەوکاتانە دەسەڵاتی هاوتای صدام بوو، بۆیە هەولیدا نەك هەرسەرجەمی دامو دەزگاکانی دەوڵەت، بەڵکو زۆرترین خەڵکی عێراق‌و کوردستانیش لەوتاوانەوە بگلێنی، لێرەدا مەبەست لەوەنیە هەمووئەوانەی لەتاوانی ئەنفالەوە گلێنراون وەکو تاوانباری سەرەکی تەماشابکرێن، بەڵکو مەبەستمە ئەوە رونبکەمەوە کە عەلی حەسەن مەجید هەولیداوە زۆرترین شەریك دروستبکات لەو تاوانە کەدواتر بەڵگەکان دەخەمە بەرچاو لەبەشداری کردنی هەموو ئەو خاوەنی شۆفڵ‌و گەلابە ئەهلیانەی بەناوی ( مجهود حربی) یەوە بەشدارییان پێکراوە. ئەگەرلەپەیوەند بەوەها تاوانێکی گەورەی وەکو ئەنفالەوە کە دواتر لەدادگا وەکو تاوانی جینۆساید یەکلایی



کرایەوە، سەرنجبدەینە ئەو بەڵگە نامانەی خوارەوە ئەوا لەرووی یاساییەوە زۆر رەهەندی تری لێدەبێتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی لەکۆبوونەوەکەدا دانیشتوون‌و گوێبیستی وەها نیازێکی وێرانکەر بوون، چ جائەوەی کاراکتەری چالاکی سەرخستنی پلانەکەی ئەلمجید بووبن..؟! بۆیە ئەوانەی ئینکاری تاوانی ئەنفال‌و کاروکردەوەکانی عەلی حەسەن مەجیدیان کرد لە رۆشنبیرانی عەرەب دەبێ لەخۆیان نەپرسیبێ داخۆ بەو دەم‌و لەفزو کاروکردەوانە لەتوانادا بووە "ناوچەی باکور" پێبخری ؟ سەرنج بدەنە ئەم دەستەواژانەی کەسێك کە دەسەلاتی هاوتای سەرۆك کۆماربووە " لە ئێستاوە چیترئارد، شەکر، سووتەمەنی، ئاوو کارەبا نادەم بەگوندنشینەکان. وایان لێدەکەم لێم نزیك ببنەوەوگوێم لێبگرن، ئەوشتانەیان پێدەڵێم کە بروام پێەتی و لەرووی ئایدۆلۆژیی، پەروەردەیی‌و گیانی هاوبەش پێویستمان پێیەتی. چۆن دەیهێڵم لەگوندەکاندا بژین‌و وەکو کەر هیچ نەزانن؟ بۆ گەنم؟ ئەو گەنمەی ئەوانم ناوێت، ئێمە لە ماوەی 20 ساڵی رابردوودا گەنمان لە دەرەوە کڕیوە، با بۆ پێنج ساڵی تریش بیکرین." ئیتر نازانم رۆشنبیرانی عەرەب شانازی بەکوێی ئەم قسانەو ئەوکردەوانەوە دەکەن کە لەسالآنی 1987– 1989 هەربەقسە نەمانەوە بەڵکو بوونە کردارو لەسۆنگەیانەوە بەبریاری دادگای عێراق لەسێدارەدرا.


ئەگەر سەرنج بدەین لەبەڵگە نامەکاندا بەروونی دەردەکەوێ کەوا بەلای کەمەوە ئەو کەسانەی خاوەنی شۆفڵ‌و گەلابە بارهەڵگرەکان بوون، دەتوانرێ وەکو شایەتحاڵ کەڵکیان لێ وەربگیرێ، کەئەو هاولاتیانە بێئەوەی لەهیچ دامەزراوەیەکی سەربازی‌و ئەمنی دابووبن راپێچ کراون‌و بەناوی "مجهود حەربی"یەوە بەشداری تاوانێکی گەورەی وەکو ئەنفالکراون.

بەلگـەی ژمارەیـەك (زۆر نهێنـی) لەلایـەن( **قیـادة القـوات حمایـة الـنفط** ) پیشەوایەتی هێزی پارێزگاری نەوت کە العمید الرکن بارق عبداللەحاج حنتـەبووە بـەژمارە 41 /4718 بـەرواری 30ی حـوزەیران 1987 کەئاڕاسـتەی پارێزگـای کەرکوکی کردووە، بۆ دابینکردنی شۆفل بەمەبەستی روخانـدن‌و تێکدانی گونـدی چیمەن لەنزیك رەبیەکانی کەرتی صدام / 71 ی (ج.ش).

بەلگەنامـەی دووەم لەلایـەن پارێزگـاری کەرکوکـەوە لـەبرواری 29 /6 /1987 ژمـارە خ/478 ئاڕاسـتەی کۆمپانیـای نـەوت کـراوە بۆبـەکارهێنانی ئامێرەکانیـان بەمەبەستی تێکدانی گوندەکانی کوردستان‌و بە ئیمـزای (سعدی رشید صالح) کە ئـەو سـەروەختە جێگـری پارێزگـاربووە، بەلگەنامەکـە دەڵێـت(تکایـە شـۆفلێك‌و بارهـەلگرێکی گواسـتنەوە بنێـرن بـۆ ناحیـەی شـوان لـە رۆژی 30 /6 / 1987 بەمەبەسـتی جێبـەجێکردنی نەخشـەی کۆکردنـەوەی گونـدەکان. ئەگـەر سـەرنج بدەین لێرەدا جێگری پارێزگار رونتر پێ لەوە دەنێت کە ئەمەی لە ئارادایـە نـاوی پێشخستن ناوی نەبردووە بەڵکو بە (تجمیع القری) کۆکردنـەوەی گونـدەکان نـاوی بردووە کەلەڕاستیشدا جێگری پارێزگار ڕاستی ووتووە.


لە بەلگەنامەی سێهەمدا بارق بەشێوەیەکی ڕوونتر قسەدەکاو دەڵێت بـۆ ( تهدیم) تێکـدانی گونـدەکان نـەك پێشخسـتنی ناوچـەی بـاکور، ئەمـەو تێوەگلانی خـەڵکی سڤیل لەتاوانی ئەنفالمان پیشان دەدات کـە لەلایـەن عمیـد رکـن فەرمانـدەی هێـزی پارێزگـاری نەوەتـەوە ئاڕاسـتەی پارێزگـاری کـەرکوك کـراوە لـە بـەرواری 27 /7 /1987 ژمارە 4319 کەتیایدا هاتووەو داوا دەکات هەموو ئەو سەیارانەی ژمارەو






نـاوی شـۆفێرەکانیان دیـاریکراون‌و لە(مجهود حربی)([22]) هێنراون بۆراپەراندنی ئەرکی تێکدانی گونـــدەکان‌و لـــەکاتی رووبەرووبوونـــەوەدا لەگــەڵ تێکدەرەکانـــدا تایـــــەی ســـــەیارەکانیان تـەقیوون، تکایـە تایـە کانیـان بـــۆدابین بکەنـــەوە لەبەرئـــەوەی لـــەبازاڕەکانی نـــاوخۆدا کـــەمن. شـــایانی باســـە بلگەنامەکـە نـاوی سـیانی شـۆفێرەکان‌و جۆروژمـارەی ســـەیارەکان‌و ئەنـدازەی تایەکانیشـی لـەخۆ گرتـــووە. لێـــرەدا زۆر گرنگە سەرنج بدەین کە ئەو سەیارانە مەدەنی بوون‌و هیچ پەیوەندیەکیان بەدام‌و

[22] ئەوسەروەختە هێزەکانی رژێم بە زۆر خەڵکی سڤیلیان دەگرت‌و بەخۆیان‌و سەیارەکانیانەوە دەیان ناردنە بەرەکانی جەنگ ئەم بیگارەشیان ناونابوو (مجهود الحربی)





دەزگای دەوڵەتەوە نەبوە بێگومان ئەم بەڵگەنامانەی لەبەردەستی هەندێکیان بەرواریان دەکەوێتە دوای راسپاردەکەی تاهیر توفیق الاعانیەوە دەنا، (باکوری ئەنفالکراو) کەبەشی سەرەوەی عێراق دەگرێتەوەو ناوچەکوردنشینەکەیە کوا پێشخستنی بەخۆیەوە دیوە..؟ بەپێچەوانەوە ساڵی 1987 سەرەتای ئەنفالو تێکدانی گوندەکان بوو.

## پەلامارەکانی ئەنفالی سێ:

## بەمەبەستی پاکتاوکردنی دانیشتوانی گەرمیان بوو

**لە31ی ئازار ـ 20 ی نیسانی 1988**

پەلاماری ئەنفالی گەرمیان لە 1988/3/31-18-/4/1988 بەسەرپەرشتی عەلی حەسەن مەجیدولیوا روکن بارق عەبدولڵا بەبەپێی نەخشەیەکی سەربازی دارێژراو لەناوچەکانی (دوزخورماتوو، لەیلان، قادرکەرەم، نەوجول، کفری سەرقەڵا ، جەبارە، کەلار، باوەنور، تیلەکۆ دەربەندیخان چەمچەماڵ، سەنگاو)دا ئامادەکاریانکرد بۆئەوەی لەبازنەیەکی سەربازی ترسناکدا گەمارۆی گەرمیان بدەن، ئەگەرچی پەلامارەکانی ئەنفال ئۆپەراسیونێکی سەربازی تایبەت نەبوون بەگەرمیان بەڵکو ئەنفال دواهەمین گوندی سەرسنوری کوردستانیشی گرتەوە، بەڵام ئامانج لەم پەلامارە تەواو جیاواز بوولە دووپەلامارەکانی پێشتری دۆڵی جافایەتیو قەرەداغ، دواتریش ئەنجامی زیانی خەڵکەکەی گەرمیان لەکۆکردنەوپاکتاوکردنی کۆی ئەنفالکراوەکاندا زیاتردەرکەوت کە لەگەڵ گیراوەکانی سنوری ئەنفالی سێو چوارو لەگەڵ ئەوکەسانەی لەقەرەداغەوە هاتبوونو لەگەرمیاندا گیران، حسابێکی جیایان بۆکراو لەگەڵ کورە جاحیلەکاندا دەستپێشکەری کراوە



لەکۆمەڵکوشتنیان، ئەمەش بەوهۆیەوەبووکەئەم ناوچانە نزیکبون لەبیرەنەوتەکانی( کەرکوك، تکریت، دیالە) لەبەرئەوە بەعس گەرمیانی بۆ پاکتاوی یەکجاری دانابوو کەئامانجی بوو بەلای کەمەوە رێژەی کورد لەناوچەکەدا کەمبکاتەوە.

رەنگە کەسانێك هەبن بپرسن کەوایە بۆ یەکەم پەلامار بۆسەر ئەم ناوچەیە نەبوو، وەڵامی وەها پرسیارێکیش هەرئەوەیە کەبلێین ( گرنگ ئەنجامە نەك شتێکی تر) چونکە لۆجیکی بەعس وابوو کە دەبێت لەپێشەوە سەری مارەکە پانبکاتەوە واتە سەرکردایەتی بشکێنێ، تا ئەوانی تر ئاسانتر خۆبدەنە دەستەوە، بەهەرحاڵ وەڵامی تەواو ئەوەبە کە لەم پەلامارەدا سوپا ئامانجەکانی خۆی پێکاو گەرمانیەکان، " ئەوانەی بەرچنگی سوپاکەوتن" ژمارەیەکی زۆرکەمیان نەبێت هەرگیزچاویان بەژیان نەکەوتەوە بەژنو پیاومنداڵو پیرەوە کەوتنە ناوتۆڕی ئەنفالەوەو بەهەمووی زیاترلەهەزار گوندوشارۆچکە وێرانکرانو خەڵکەکەشی بێسەروشوێنکران. دەمێك بوورژێم لەدەرفەتێکی ئاوا دەگەراو بەچاوی دوژمنەوە دەیروانیە خەڵکی ئەم ناوچەیە، ئەویش لەبەرئەوەی پێشتر سیاسەتی (بەعەرەبکردنو بەبەعسی کردنو راگواستن) نەیتوانیبوو ئامانجی تەواو بپێکێو گەرمیان لەکوردستان بترازێنێ. بەڵام دەبوایە ئەنفال ئەم ئامانجەی بۆ بپێکێو سەرئەنجام توانی تارادەیەکی زۆربە سەرکەوتن بگات.

گەرمیان– ئەوناوچەپانوپۆڕە پڕلە هەردودەشتەبەرینو بەربڵاوەی خوارووی کوردستانی باشورە، کە سنووری ئەم ناوچەیە بەر لەپەلامارەکانی ئەنفالی سێ چەندەها دێهاتو شاروشارۆچکەی گرتبووە ئامێز، لەوانە شاری کەرکوكو قەزاکانی کەلار، کفری ، دوزخورماتوو(کەبە بریاری 41ی ئەنجومەنی بەناو سەرکردایەتی شۆرش ساڵی 1976بەمەبەستی تەعریبکردنی خرایە سەر پارێزگای تکریت)،[23] چەمچەماڵ، لەگەڵ چەندین ناحێ کە ئەوانیش بریتی بوون، لە ناحێکانی ( قادرکەرەم، سەنگاو، تیلەکۆ، زەنگابات، سەرقەڵا، جەبارەوقەرەتەپە، قەرەهەنجیر، پێباز، قۆرەتوو (قۆرەتو– مەیدان ئەوسەروەختە چۆلکرابوون) هەرچەندە خانەقین بەگەرمیان ناژمێردرێت، بەڵام چ لەڕوی کەشوهەواوچ لەپێکهاتەی نەتەوەیی‌وتەنانەت لەرووی زمانەوانیشەوە کەبەگەرمەسێر ناودەبرێت هەرگەرمیان دەگرێتەوە بۆیە وای بۆدەچم جیاکردنەوەی خانەقین لەگەرمیان زۆرلەگەڵ لۆجیك نەگونجێ، لەڕۆژئاواوە شارێی نێوان شاری کەرکووكو شارۆچکەی تووزخورماتووە، شارێگاکە دەشتی عوزێمی خوار زنجیرە چیای حەمرین دەبڕیۆ بەرەو بەغدادی پایتەخت شۆڕدەبێتەوە لەباکووریشەوە ڕێگای کەرکووك– چەمچەماڵ بەرەوشاری سلێمانی و لەرۆژئاوایەوە ناوچەی شوانو شێخ بزینیو ناوچەی قەڵاسێوکەیە کە تیایدا هەردوو گوندی گۆپتەپەو عەسکەر بوونە ئامانجی کۆمەڵکوژیو بەچکی کیمیاوی لێیاندرا. لەڕۆژهەڵاتیشەوە چیاکانی قەرەداخو لەباشووریشەوە هەرسێ شارۆچکەی کەلارو کفریو پێبازە. ئێستا هەردوو ئۆردوگای رزگاری (صمود) لەنێوان شاری کەلاروکفریو

[23] بروانە کتیبی چەند لاپەرەیەك لەمیژووی خورماتوو– 2007 حسن بارام



شۆڕش بەتەنیشت شاری چەمچەماڵیشیان هاتووەتە سەر کە ئەم جووتە ئۆردوگایە زۆرترین قوربانی ئەنفالیان گرتووەتەخۆ.

هەموو ئەم شاروشارۆچکانە بەگوندەکانیانەوە لەلۆجیکی ئەنفال بەدەرنەبوونو جگە لەشارە گەورەکانی کەرکوك، دوزخورماتوو کەلارو چەمچەماڵو کفریو پێباز هیچیان بەپێوەنەمانو لەگەڵ زەوی تەختکرانو بەزۆری خەڵکەکەیان ئەنفالکران، بۆنمونە قادرکەرەم کە لەسەردەمی پەلامارەکانی ئەنفالدا ناحێ بووکەوتبووە چەقی جوگرافیی گەرمیانەوە، کە لەسەروەختی ئەنفالدا بەرلە تەختکردنی ببووە پێگەیەکی گرنگی کۆکردنەوەی خەڵکە ئەنفالکراوەکانی دەوروبەری و دواتر خۆشی پاش ئەوەی ناونوسی خەڵکەکەیانکرد، راگویزراو تەنها ماوەی **15** رۆژێیان پێدان بۆ چۆڵکردن، ئیتر ئەوانیش راگویزران بۆئۆردوگای زۆرەملێی شۆڕشو هەتا ئێستاش بەکەرتی قادرکەرەمیەکان ناسراوەو خانوەکانیشی کەوتنە بەرکەڵبەی شۆفلەکانو لەنەخشەدا سرایەوە، بەپێی لێکدانەوەی میدل ئیست وۆچ لەوکاتەدا تەنها مەلبەندی ناحێکە لەساڵی **1988**دا نزیکەی **10000** دەهەزارکەسی تێدا ژیاوە، کەچی ئێستاش وێرای ئاوەدانکراوەتەوەو بریاری بە بەناحێ کردنی دراوە بەڵام نەکەوتووەتەوە سەرپێی خۆیو بەتەواوی کاریگەریەکانی وێرانی پێوەدیارەو قادرکەرەم لە هەموو خزمەتگوزاریەکی حکومەتی عێراق مەخرومەو حکومەتی هەرێمیش گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەداوە .

گەرمیان ناوی خۆی بەخۆیەوەیە گەرمترین ناوچەی کوردستانە بەتایبەتی لە مانگەکانی تەموزوئابدا گەرمایەکی وەڕزکەروبێئامانە، بەپێچەوانەی کوێستانەکانەوە پلەی گەرمیان لەگەڵ ناوەڕاستی عێراق رێك دەوەستێتەوە، لەهاویندا شەبەنگی گەرما

لەدورەوە وەکودەریا دێتە بەرچاوو واهەستدەکەیت لەبەردەم دەریایەکی پان‌وپۆڕدای، دەشت‌و هەردوجەوڵەکانی گەرمیان هەتا نەچیتە ناوی ناتوانیت وێنەیەکی ئەوتۆی لەزەینی خۆتدا بۆبکێشیت، خوێنەری بەرێز ڕەنگە لەلای خۆتەوە وێنەیەکی ئەم ناوچەیەت کێشابێت‌و هەرلەخۆرا ناوچەیەکی بەرتەسك‌وهاکەزایی وێنات کردبێت، بەڵام کاتێك خۆت وەکوگەریدەیەك دەتەوێ لەنهێنیەکانی ئەنفالی ئەم ناوچەیە تێبگەیت، زوودەگەیتە ئەوقەناعەتەی کەوا زانیاری وەرگرتن لەبارەی ئەم ناوچەیەوە هەرواکارێکی ئاسان نیە.

بەهاری ئەم ناوچەیە هەمیشە تەمەن کورت‌و لەجێی نەبوانەدابووە لەچاوکوێستانەکانی کوردستان، چونکە زوو دەستپێدەکاو زووش کۆتایی دێت، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بلێین ئەوکاتەی بەهار لەکوێستان دەست پێدەکات لەگەرمیان کۆتایی دێت، لەبەرئەوەی لەچاو کوێستانەکانی کوردستاندا کەمترین گژوگیای لێدروێ‌وئەگەرهەشبێت تەمەن کورت‌و بێ زەوقە، بەهۆیەوە خەڵکی گەرمیان لەگەشت‌و سەیرانی ناوچەکەیان بێبەشن‌و وەکو خەڵکی ناوەڕاستی عێراق ناچارن رووبکەنە هاوینە هەوارەکانی پارێزگای سلیمانی‌وهەولێر. هەمیشە لەهاویندا گەردەلووتەپ‌وتۆزئامادەیە. ئەو شوێنانەی خەڵکی گەرمیان بەتایبەتی شاری کەلار روی تێدەکەن، ئەوبەری سیروان‌و قەڵای شێراونەیە، پێشتریش چوونەتە سەی سۆنە[24]

[24] سەی سۆنە ناوی خوشکێکی سەید خەلیل بووە، ناوی سۆنە بووە، وەکو دەڵێن سەی سۆنە کاتی خۆی شیری ئاسکی لەو شوێنەدا دۆشیوە لەچاو ناوچەکانی تردا شوێنێکی دلگیرەو بۆسەیران دەست دەدات.



تیرەوهۆزێکی زۆر لەم ناوچەیەدا لەکۆنەوە گیرساونەتەوە لەوانە عەشیرەتی گەورەی جاف‌وهۆزەکانی هارونی[25]، تەرخانی، رۆغزایی، شاتری، وردە شاتری وەڵیێ، باشکی، کەماڵەیی، میکایلی[26] و چەندانی تر، هەروەها عەشیرەتی زەنگنەو داودەو باجەڵان‌و جمورکە باجەلانیەکان لەبنەرەتەوە دەچنەوە سەرجمور، جگە لەمانەش هۆزەکانی زەندو لەك، ئەمانە بەناوچە پان‌وپۆرەکەی گەرمیاندا بڵاوبوونەتەوە، لەگەڵ

[25] هاروونییەکان لەچوار هۆزی سەرەکی پێکدێن، هۆزی سەلیمی، هۆزی نەردەشەیی "نادرشاهی" هۆزی غولامی، هۆزی قارەمانی. ئەم هۆزەش چەندین کەسایەتیی ناوداریشیان تێدا دەرکەوت وەك ئەحمەد حسێن، عەبدولکەریم حاجی عەبدوڵڵا، محەمەد حەمە ئەمین، حەسەن حاجی قادر، حەمەی تاماس، حەمە عەلی محەمەد ئەمین، حەمە عەلی حاجی محەمەد، حەمە عەلی عەبدولڕەحمان، حاجی مەحموود هاروونی و محمدی کوڕی (محەمەد حاجی مەحموود هاروونی)، هەروەها محەمەدی حاجی مەحموود گوڵەخانەش هەرسەربەم هۆزەیە.

[26] سەبارەت رای جیاواز هەیە کە بە بنەچە و ڕەگەزی ئەم تیرەیە بۆ پیرمیکایڵ شەش ئەنگوست "شەش پەنجە" دەگەڕێتەوە. هەرچی رای مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسیشە کە لە کتێبە بەنرخەکەیدا – یادی مەردانـدا "لە بەشی مەولانا خالیدی نەقشبەندی ل–7 وا باس دەکات کە پیرمیکایڵ زاتێکی خوا پەرستی سەردەمی خۆی بووە و تۆرمەکەی بردوونەتەوە سەر حەزرەتی عوسمانی کوڕی عەفان " ئیتر کەوایە بەعس لەسۆنگەی چییەوە پاکتاوی کردن. بۆیە من بەش بەحالی خۆم ناتوانم ئەو رایەی مەلا عەبدلکەریم پەسەندبکەم..

ئەوانەشدا شێخەکانی گەرمیان کەخۆیان دەبەنەوە سەرشێخەکانی بەرزنجەوئەوانیش سەجەر(تۆرمە)ی خۆیان دەبەنەوە سەرئیمامی عەلی.

گوندنشینەکانی گەرمیان کەدڵرەقانە بەرپەلاماری ئەنفالکەوتن بەشێوەیەکی گشتی هەژاری ماڵی خۆیان بوون‌و بەئاژەڵداری‌وکشتوکاڵەوە خەریکن، بەزۆریش زەویەکانیان دێمە، هەرچەندە ئاوی سیروان بەگەرمیاندا تێدەپەڕێ بەلاّم بەهۆی ئەوەی دەوڵەتی عێراق کەمتر بایەخی بەناوچە کوردنشینەکەی عێراقداوە، لە روی سەروەیەوە هیچ پرۆژەیەکی ئاودێری ئەوتۆی لەئاوی سیروانەوە هەڵنەگواستووەتە ناودێمەکان، بۆیە دەشتێکی پان‌وپۆربەوشکی ماوەتەوەوتەنها بۆدانەوێڵەی وەکوگەنم‌وجۆونیسک‌ونۆك دەستدەدات. بەلاّم لەبەشی خوراوەی بەتایبتی لەناوچەی زەنگاباتەوە ئاوی سیروان هەلبەستراوەو تارادەیەك جوتیارانی ئەوناوچەیە لێی سودمەندن

ئەم جوتیارانەی گەرمیان لەئەنفالدا گەورەترین گورزیان خوارد، زۆرترین ڕێژەی کۆمەڵکوژی ئەنفال لەم ناوچەیەدا چربووەوە کە دواتر دێینە سەر هۆکارە تایبەتیەکانی ئەم کۆمەڵکوژیە، خەڵکەکەی ئەوەندە بەدلرەقی‌و بەدڕەفتاریەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە لەلایەن بەرپرسانی بالاّی نوسینگەی ڕێکخستنی باکوری حزبی بەعس‌و ئەفسەروپلەدارەکانی سوپای عێراقەوە، هەموو پێنوسەکانی دنیای بۆبخەیتە گەر لەوێژەی نایات، هەزاران هەزارحیکایەتی بەجێماو لەم ناوچە گەرمەسێرەداهەن دەربارەی بەرخودان‌و بەرگری‌وتێکۆشانی ئەم ناوچەیە پرسیارگەلێك هێشتا وەلاّمیان نەدراوەتەوە، بێگومان بۆسەرخستنی پرۆژەیەکی مەیدانی جانوسینەوەی حیکایەتەکانی ئەنفال بێت، یان مقاومەت‌وهیمەتی پارتیزانەکانی دوای



ئەنفال‌و دەربارەی ناوچەی گەرمیان جگەلەوەی کاتێکی زۆرو پارەیەکی زۆرت دەوێت، پیویستیشت بەئامادەکاریەکی تەواو دەبێت.

گەرمیانیەکان کە لەناو هەردەودەشتێکی پان‌و بەریندا لەبەشی باشووری کوردستان بلاوبوونەتەوە، بەشێوەزمانێکی تایبەتی دەدوێن کە بە هەمان ئەو شێوە زارە دێتە ئەژمارکردن کە لە باشوری کوردستان هەیە، لەڕوی جوگرافیەوە هاوسنووری ناوچە عەرەبنشینەکانی عێراقەوگەلێك شوێنیشی لەسۆنگەی سیاسەتەکانی دەوڵەتی عێراقەوە تەعریبکراوە، دەتوانین بلێین تەعریب لە لۆجیکی ئەنفالی سێی گەرمیاندا ئامانجی سەرەکی بووە، هەربۆیەشە زۆرترین کۆمەڵکوژی لەپەلامارەکانی ئەنفالدا لەم ناوچەیەدا بووەو خەڵکەکەی بێسەرشوین‌و مالویران بووە.

ئەوعەشیرەتە عەرەبانەی لەناوچەکەدا جێگیربوون عەشیرەتی حەمدانی‌و ئەلعزو ناسراو ترینیان عەشیرەتی بەیاتە، سەبارەت بە مامەڵەو هەڵسوکەوتی ئەم عەشیەرتانە بەتایبەتی بەیات بیروڕای جۆراوجۆر لەبارەیەوە هەیە، هەرچی لەخەڵکی دوزخورماتوو دەبیستین بەشێوەیەکی گشتی لەهەڵسوکەوتی ئەوانەی سەربە عەشیرەتی بەیاتن ڕازین، بۆنمونە مەلاکەریم بەرپرسی ئێستای مەلبەندی ڕێکخستنی حەمرین کەهاوسەرەکەی‌و هەموو مندالەکانی ئەنفالکراون ئەوەی بۆ باسکردم کەوا خەڵکی ناو ئەوعەشیرەتە هەیە کەلەپاش پەلامارەکەی ئەنفالی سێ **6** مانگ گۆشتی ئاژەڵی نەخواردووە، لەبەرئەوەی پێی وابووە کە گۆشتی بەردەستی قەسابەکان ئەو مەڕومالاّتەیە کەبەتالاّن براون‌ولەبازارەکاندا ساغکراونەتەوەو هەرزان فرۆشکراون. بەلاّم بەهەموو ئەوحالاّنەشەوە هێشتا ئامانجی بەعس ئەوە بووکەئەوعەشیرەتە عەرەبانەش لەتاوانەکەوە بگلێنێ‌و بۆسیاسەتەکانی خۆی بیانخاتە گەڕ کە یەکێك

لەئامانجە سەرەکیەکانی لەپەلامارەکانی ئەنفالدا تەعریبکردنێکی یەکجاری بوو. واتە لە ڕیشە هەڵکێشانی کوردو سرینەوەی ئاسەواری نەتەوەیی کورد بووە لەگەرمیاندا، ئەمە لەڕووی پێکهاتەی خاکە دەشتیەکەشیەوە تا رادەیەك گونجاو بوو بۆ پیادەکردنی سیاسەتەکانی عەلی حەسەن مەجید لەچاو ناوچە شاخاویەکانی تری کوردستان، چونکە ناوچەیەکی گونجاو نەبوو بۆبەرگری هێزەکانی پێشمەرگە، هەربۆیەشە لە پەلامارەکانی ئەنفالدا گەرمیان گەورەترین گورزی بەرکەوتو بووەنیشانەی پاکتاوکردنو زۆرترین نێرینە لەم قۆناغەی ئەنفالدا کە بەئەنفالی سێ ناو دەبرێ کوژرانو بێسەروشوێنکران.

ناوچەی گەرمیان بەدرێژایی مێژووچەندین شۆڕشی گەورەی تیادا کراوە و سەرچاوەیەکی وزەبەخشی مرۆیی شۆڕشەکانی کورد بووە، وەکوشۆڕشەکەی شێخ مەحمودو برایم خانی دەلۆیی‌ودواتریش هێزێکی وزە بەخش‌وکاریگەری شۆڕشی ئەیلول‌بووە، لەناوەڕاستی حەفتاکانو سەرەتای هەشتاکانیشەوە گەرموگورتر لەجاران بوونەوە هێزێکی کاریگەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان کەلەدوای نسکۆیساڵی **1975** وە سەری هەڵدایەوەو هەتا پەلامارەکانی ئەنفالی گەرمیان پشتو پەنایەکی گەورەی یەکێتی بوو.

## بەعسو لۆجیکی ئەنفال :

پێدەچێ عەلی حەسەن مەجیدیش گرێیەکی تایبەتی بەرانبەر بەکورد هەبوبێ، ئەو هەموو ڕقو دەمارگیرییەی صدامو ئامۆزاکەی بەرانبەربەکورد، هەیانبوو، سەرئەنجام تاوانی



کۆمەڵکوژیو جینۆسایدی لێکەوتەوە، پاش ئەوەی عەلی حەسەن مەجید جێگەی محمد حمزە زوبێدی گرتەوە، بەشێوەیەکی دەمارگیرانە تر، چاوکراوەترو وردتر هاتە سەرجێبەجێکرنی نەخشەو پلانی پاکتاوکردنو ریشەکێشکردنی ئەو کوردانەی دەمێك بوو لێوی لێدەکرۆشتن، محمد حمزە ئەلزوبێدی کەپێشترچاودێری‌وسەرپەرشتی چالاکی دژە یاخی بوونی دەکرد. نەیتوانیبوو بەربەچالاکیە زۆرەکانی پێشمەرگە بگرێ کەهەمیشە لەسەرجادە گشتیەکانو تەنانەت لەسەنگەرە قایمەکانی سوپاشدا گورزیان لەرژیم دەوەشاندو تەواو شپرزەیان کردبوون، ئیترپاش بۆردومانکردنی بیرەنەوتەکانی کەرکوك لەلایەن هێزی پێشمەرگە بەهاوکاری سوپای پاسداران، ڕژێم هاتە سەرئەوبروایەی دەبێت کێشەکە لەگەڵ (تێکدەرانو بەکرێگیراوانی ئێراندا) یەکلایی بکاتەوەو کۆتایی بەومەترسیەبهێنێ، بۆیە پاش دراسەکردنی ڕژێمی بەعس لەکۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا بریاری ئەوەی دا کە عەلی حەسەن مەجید بۆ یەکلایی کرنەوەی کێشەی کورد راسپێردرێو دەستوبرد لەکارەکانیدابکات، سەرئەنجام هەلبژاردنی ئەم کارەکتەرە بەعسیە توندڕەفتارە بەبریاری 160ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە سەدام حسین سەرپەرشتی دەکرد لەبەرواری 29ی ئازاری 1987 عەلی حەسەن مەجید ، وەکو بەرپرسی یەکەمی ناوچەی باکور دیاری کراو دەست ئاوالاکرا لەناوچەی باکور، بۆئەم مەبەستەش دەسەڵاتەکانی هاوتای دەسەڵاتی سەرۆك کۆمارصدام حسین بوون. ڕژێم لەوە تێگەیشتبوو کەخاڵی لاوازی سەرەکی پێشمەرگە چەکی کیمیاویو ڕیشەکێشکردنی دێهاتەکانو ئەوگوندنشینانەن کە هاوکاروناندەریانن، کەبەبیانوی حیانەتکارانی ئێرانیەوە پەلاماریاندراوئ دوای کۆکردنەوەیان، بەرەو

گۆڕەبەکۆمەڵەکانو زیندانی دۆزەخی نوگرە سەلمان بەرێخران، عەلی حەسەن مەجید نیازەکەی رونو ئاشکرابوو هەرزوو بڕیاری دابوو، ( هێڵی نیوان خۆیانو تێکدەران ) تێکبشکێنێ، سەرەتا ماوەیەکی دیاری کرد بۆگەرانەوەی گوندنشینەکان بۆ ریزی نیشتمانی ( وەکو بلێی ئەوگوندانە لەدەرەوەی نیشتمان بن..!)

## ڕقێکی تایبەتی :

ئەگەرچی پێشەوای ئەنفالی سێ لیوارکن ئەیاد خەلیل زەکی بوو، بەڵام لەبەر توند ڕەفتاریوخوێنڕێژی لیوا رکن بارق عبداللە بەشێوەیەکی گشتی ناوی ئەو، هەمیشە لەتەك عەلی حەسەن مەجیدوصدام حسێن لەسەر زارانە. بێگومان گەلێك پێشەوای بەتواناوئەفسەری کارا رۆڵی بەرچاویان لەئەنفالی گەرمیاندابینی کەرەنگە هەربە ئەقەست نوسینگەی باکور هەڵبژاردەکاری تێداکردبێتن، بۆئەنفال بەگشتیو گەرمیان بەگشتی نمونە بۆسەلماندنی ئەم رایە رەنگە باشترین نمونە هەڵبژاردنی عەمید بارق عبداللە حاج حنتە بێت، کەفەرماندەی لیوایەکی هێزی تایبەت (قوات الخاصە) [27]بوو

[27] بارق عبداللە به" پاڵەوانی قادسیە"ی‌صدام نانرابوو ، بەڵام ئەوکاتەی ئەنفالی سێ دەستی پێکرد ئەو فەرماندەی ئەو هێزە تایبەتیانە بوو کە پاراستنی بیرە نەوتەکانی کەرکووکیان پێ سپێردرابوو. میدیل ئیست وۆچیش لەپەراویزدا لەسەری نوسیوێتی شایەتی تریش هەن باس لەوە دەکەن کەگوایە لەکاتی ئەنفالی دوودا لە سەر شاخی گڵەزەردە بینیویانە. بە گوێرەی قسەی کۆنە بەڕێوەبەرێکی پۆلیسی عێراقی، کە میدل ئیست وۆچ چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کردووە بارق فەرماندەی ئەو پەلامارە سەربازیەش بووە



بەناوی (هێزی بارق) ئەگەرچی هەموئەفسەرە پایەبڵندەکانی بەعس هەرتوندو درندە ئاسابوون، بەڵام لێرەدا قسە لەسەر هەڵبژاردنی بارق عبداللە حنتەیە کە ئەوسەروەختە پاراستنی ناوچە نەوتیەکانو بیرەنەوتەکانی کەرکوکی پێسپێردرابوو، لەهەمانکاتیشدا وەکو پێشەوای یەکەمی پەلاماری ئەنفالی سێ ناوی دەبرێ ئەگەرچی هەندێك جارناوی لیواروکن ئەیاد خەلیل زەکی وەکو پێشەوای ئەنفالی سێ دێت، بەڵام هەرچی خەڵکی گەرمیانو بەزۆریش ئەنفالکراوانن بە زۆری ناوی بارقیان لەسەر زارە، رەنگە هەڵبژاردنی ئەو ئەفسەرە توندرەوە تەنها مەسەلەیەکی رێکەوتو بەجێهێنانی ئەرکێکی سەربازی نەبووبێ، بەڵکو هەلبژاردنەکە مەبەستداربووە، چونکە پاراستنی بیرەنەوتەکانیش بەلای بەعسەوە هەرئەرکێکی گرنگ بوو، بەڵام پێدەچێت هەڵبژاردنی بارق لەلایەن نوسینگەی مەکتبی رێکخستنی باکورەوە بەمەبەست بووبێ، لەبەرئەوەی (بارق) رقی تایبەتی خۆی لەکورد هەبوو، پاساوی ئەم رقەشی ئەوەبووە کەوا باوکی بارق (عبداللە حاج حنتە) لەشەری کوردستاندا کوژرابوو، چونکە جاربەجار بەرگوێ دەکەوێ کەباوکی بارق لەسوپادا پلەی بەرزی هەبووەو یەکێك بووە لەئەفسەرە توندرەوەکانی بەعسو ئەویش رقێکی تایبەتی لەکوردبووە[28] بەڵام ئەم

کە لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا دژ بە نەیارانی شیعەی باشوور ئەنجامدرا. (چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووۆچ لە گەڵ حمدی عبدالمجید گلی، سلێمانی 24 ی تەمووزی 1992). بارق لە ساڵی 1991دا ئیعدامکرا بە گومانی ئەوەی گوایە بەشداریی پیلانێکی کردووە بۆ ڕووخاندنی صدام حسێن.

28 دەربارەی رقی تایبەتی خودی بارقو عبداللە حنتەی باوکی گەلێك کەس هەن ترسێکی زۆریان لەو ئەفسەرە توندڕەوە هەبوو، بۆخۆم سەبارەت بەتوند رەفتاریو رقی

وەکو کورەکەی بەدبەخت نەبوو، بەعس بیگرێو بیکوژێو لەسەرتەرمەکەشی بنوسرێ "جبان "ترسنۆك، بەڵکو عبدولا حنتەی باوکی لەڕووبەڕوبونەوەیەکی هێزی پێشمەرگەدا لەشەڕی ئالانوحاصڵدا لەناوچەی شارەزور کوژرا.[29] بۆیە بەلای بارقی کوڕیشیەوە ئەنفال دەرفەتێکی گونجاوبوو بۆ تۆڵەکردنەوە، دەمێك بوو لەدەرفەتێکی وەکو ئەم تاوانی ئەنفالە دەگەرا هەتا تەڕو وشکی کورد پێکەوە بسوتێنێ ئەمەش تەواو لەگەڵ مەزاجی عەلی حەسەن مەجیدولۆجیکی ئەنفال یەکانگیر بوو، چونکە کەسانێکی گەرەك بوو رەحم بەکوردنەکات، بۆ پاکتاوی ئەو کوردانەی لەگوندەکانی دەوروبەری کەرکوکو بیرەنەوتەکاندا ژیانێکی هاکەزاییان دەبردەسەر، بۆسیاسەتەکانی بەعس بارق کەسێکی گونجاو بوو، بۆیە سوپا ناوچەکەی بەجێنەهێشت تاهەموو گیانلەبەرێکی دەسگیرنەکرد، بەجاشو جەیشەوە، بەهەلیکۆپتەروبەپێ

باوکیشی لە کورد، ساڵی 1989 جارێکیان لەگەڵ نائب زابتێکی سونی مەزهەبدا بەناوی (عبدالحسن مەتەر) کەوتمە گفتوگۆ دەربارەی ئەنفالو ئەو دۆخەی بەسەرکوردستاندا هاتووە، ئەو نائب زابتە زۆربەترسەوە پێی گوتم: کاکە من بۆ خودا شتێکت پێدەڵێم بەڵام ئامان سەد ئامان دەزانم چییان بەسەرئێوە هینا، ئەو زۆرباسی ئەنفالو کچ دابەشکردنی بۆ گیرامەوە بەڵام لەراستیدا ئەو سەروەختە زۆر بەعەقلمدانەدەچوو، ئاوا باسی توندرەوی بارقی کرد ووتی : ( بارق زۆر رقی لەکورد بوو تەنانەت باوکیشی ڕقێکی زۆری لەکوردبووە، بەقسەی ئەونائب زابتە کەمامی لەگەڵ باوکی بارقدا لەسوپادابیوون زۆرجار دەربارەی ڕقوتوڕەیی و پێشیلکاریەکانی حاج حنتەو بێویژدانیەکانی بەرانبەر بەکورد قسەی بۆ خیزانەکەیان کردووە.

29 بروانە بەمۆ هەلدێری نەمانە بۆ داگیرکەران– بیرەوەریەکانی محمودی مامە عەزە – داستانی ئالانو حاصل



بۆناوشاخو شارۆچکەو شارەکان بەدوای هەموو گوندنشینێکی هەلاتوو دەکەوتن، ئەمەش زیادەرۆیی نوسەری ئەم لێکۆلینەوەیە نیە، بەڵکو دەقاو دەق ڕەفتاری بەعسو پیاوەکانی بوونوتەواو لەگەڵ برگەکانی بریاری 4008ی ڕاسپاردەی نوسینگەی رێکخستنی باکوری حزبی بەعس یەکانگیر دەبێتەوە، کە عەلی حەسەن مەجید واژۆی لەسەرکردبوو، لە20ی خوزەیرانی ساڵی 1987دا تاهیر توفیق ئەلعانی ئاراستەی هەردو فەیلەقی یەكو پێنجو تەواوی دەزگا ئەمنیو ئیستخباراتیەکانی کرد، بۆکوشتنو گرتنی ئەوگوندنشینانەی دەکەونە ناوچە قەدەغەکراوەکانەوە، هەروەها لەگەڵ ئەوبەڵگەنامە نهێنیو بەپەلانەی ئیستخبارتی سەربازیشدا دێتەوە کە لەئەنفالی گەرمیاندا، ئاراستەکراونو رێکخراوی میدل ئیست وۆچ بەدەستی هێناونو ئینجا تەتەڵەو تاوتۆیان کردووەو لەراپۆرتەکەیاندا خستویانەتە روو [5].

## ڕەفتارەکانی بارق بەرلەئەنفال

سەبارەت بەکردەوەو ڕەفتارە خراپەکانی عمید رکن بارق عبداللە ، گەلێك حیکایەتی مەترسیدارو تراژیدی دەگێرنەوە. لەساڵی 1986–1987 فەرماندەی

[5] ڕاپۆرتێکی مەیدانیی "نهێنیو بە پەلە" لە *ئیستیخباراتی* عەسکەریی ناوچەی ڕۆژهەلأتەوە بۆ مەکتەبی باکوور، بۆ نموونە، باسی چواردەور گرتنی گوندی کەلار دەکا لە بەرەبەیانی 26 ی نیساندا (وا دیارە مەبەست گوندی گەورەی کەلاری کۆنە بە تەنیشت شارۆچکەی کەلارەوە – و). سێ سریەی زرێپۆشی لیوای پیادەی 444 ئابلۆوقەی گوندەکەیان داوەو گەڕاون بە دوای "ئەوخێزانانەی دزەیان کردووەتە ناو گوندەوە لە ئەنجامی پرۆسەی ئەنفالی سێدا", بە مەرجێ هەموو جۆرە شەڕێك بە لای کەمەوە حەفتەیەك دەبوو تەواو بوو بوو.

لیوایەك بوو لەشاری کەلار، کەبریتی بوو لە سەربازگەیەك بەناوی هێزی بارق، هەتا ئێستاش ئەو بینایەی کە سەربازگەکەی بارقی تێدابووە بەلیوارەشەکەی کەلارناسراوە، بەتایبەتیش لەبەرئەوەی دواتر بووە شوێنی کۆکردنەوەی ئەنفالکراوەکان، بۆ ماوەیەکی کاتی. لەوماوەیەدا کەبارق لەوێ بووە هیچ حسابی بۆ یەکەئیداریەکانی حکومەت نەکردووە، بەردەوام بەهێزێکەوە جا باپیادە یان بەسەیارە بەردەوام جێبێکی سەربازیی پێبووە، کە جاربەجار خۆی لێی خوریوە، بەناو شاردا گەراوە، وەکو خەڵکی کەلار باس دەکەن پیاوێکی رەشتاڵەی قەڵەمیو رێکپۆشێکی مەترسیداربووە، بەردەوام بێریەکی سوری دەکردە سەری، پیاوێك بەناوی سەرکۆ محمد دانیشتووی گوندی کەلاری کۆن لەدیدارێکی کورتدا پێی ووتم : ئەوسا من خوێندکاربووم کەبەلایدا تێپەردەبووین نەمان دەوێرای تەماشای بکەین، چونکە زۆر ترسناك بوو، زۆرجاریش سەردانی خویندنگاکانی دەکرد بەتایبەتی زۆر سەردانی ئامادەیی کوڕانی دەکرد، هەتا جارێکیان دیاریەکیشی بردبوو بۆیان، بەناوشاردا دەگەڕاو جاری واهەبووە لەسەرئەوەی دوکاندارێك مقابەیەك یان کارتۆنێکی لەبەردەمی دوکانەکەیدا بکەوتایە خاوەنکەی بانگ دەکردو دەریدەهێنایە دەرەوەو، بەناوی پاکوتەمیزراگرتنی شارەوە سوکایەتی پێدەکرد، سەری بەهەموو کونێکدا دەکرد، پیاوێکی تر بەناوی نەوزاد هەڵیدایە وتی: بارق تەنها دەستی نەدەخستە ناو مەسەلەی ژنو ژنخوازیو ئەمجۆرە شتانەوە ئەگینا لەهەموو کاسەیەکدا ئەسکوێ بوو، بە زۆری سەردانی کتێبخانەیەکی دەکرد کەئەوکاتە لەشاری کەلار هەبوو بەناوی کتیبخانەی (الوطن) نیشتمان.

## هەربۆپەندی زەمانە :



وەك باس دەکەن جارێکیان لەناو شاری کەلارتەقەی خۆشی کراوە، بارق بۆیانهاتووەتە ناوشار 6 جاشی گرتووە، لەبەرئەوەی تەقەیان بەئاسماندا کردبوو، ئەوشەش کەسەی گرتووەو ڕاستو چەپ بەمەکینە سەری تاشیونو بەشێوەیەکی زۆرناشرین خستبوونیە جیبەکەیەوە کە لاندرۆڤەرێکی پاش بەتاڵی سەربازی بوو، جلەکانی لەبەرداکەندبوونویەکی دەرپێیەکی سپیان لەبەردابوومابوو، لەسەر هەرشەش کەسە جاشەکەی نوسیبوو (النظام) لەمبارەیەوە شیخ سەعید شاکەلی کە یەکێکە لەپیاوە ڕۆشنبیرەکانی ناوچەی گەرمیانو لەبەرەبابی شێخەکانی شاکەلە بۆی گیرامەوە کە بارق سەردانی کردووە بۆ ئەو کتێبخانەیەی کە لەکەلار لە قوڕدروستیان کردبوو، هەرلەوێوە تەلەفۆنی بۆشیخ جەعفەر بەرزنجی کۆنە پارێزگاری سلیمانی کردووەو پێی گووتووە دەبێت کتێبخانەیەك بۆ کەلار دروستبکەیت، چونکە حەیامان دەچێت کەحکومەت پارەی هەیەو ئەم کتێبخانەیە بەم شێوەیە بێت، شیخ سەعید باسی ئەوەشی کرد کەجارێکیان پێمگوتووە عەیبە ئەم تەقەکردنە لەناوشارکە جاشەکان لەبۆنەکاندا دەیکەن، ئەویش پێی گوتووە بۆ پێیان دەلێت جاش ئەوانە پیاوی ئازاو قارەمانن، کەچی رۆژێك کە تەقەیانکردبوو چوبوو ئاوای پێیانکردبوو، تەنانەت پشکۆ محمد ئەوەی لەبیرماوە کەووشەکەی وا نوسیبوو کورد لێی تێبگات بەبۆیەیەکی سور لەسەر زەلامەکان (جاشەکان) نوسیبووی (النیزام) ووشەکە هەربە تەلەفوزە کوردیەکە نوسرابوو، ئیترهەربۆپەندی زەمانە ئەوجاشانەی بەناو شاردا سوڕدەدا. شاری کەلار ئەمەو چەندین بیرەوەری تاڵی لەگەڵ ئەو ئەفسەرە توندڕەفتارە هەیە، بەڵام کەلارییەکان ئەوەش باس دەکەن کەوا سەرباری توندڕەفتاریشی هەندێك کاری باشیشی هەبووە، تەنانەت لە شاری کەلار پردێکی خراپۆکەی لە گەرەکی 500

مالەکە دروستکردبوو، وێڕای ئەوەی ئێستا پردەکەش نەماوە بەڵام هێشتا ئەو شوێنە هەربەپردەکەی تارق ناوی دەبرێ، شیخ سەعید شاکەلیش لە لاپەرە 165ی ەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا ژیلەمۆی گەرمیان باسی ئەم پردەی بارقی کردووە . لەو گفتوگۆیەی نیوان من و شیخ سەعیددا ئەو لەتەك باسکردنیدا بەکارە باشەکانی قسەیەکی مایەی تیڕامانی کرد کە ووتی: بەراستی بارق بەعسی بوو . دیارە مەبەستی شیخ سەعید لەم دەربرینە لەتوندڕەفتاری وەفادرای بوو بۆ بەعس، بەڵام بەرپرسیارانەش باسی لەپاراستنی یاساو ئازایەتیشی دەکرد، هەندێك لەم بیرورایانەی لە کتێبەکەی خۆیدا ژیلەمۆی گەرمیان یاداشت کردووە[30] لەراستیدا بارق هەربەهۆی چاونەترسی خۆشییەوە کوژرا، وەکو دەلێن روبەرووی صدام بووەتەوەو پێی گووتووە ئەگەر ئێمەی جەنگاوەرنەبین تۆ چیت ..؟

## گێچەڵی بارق لەگوندی سەید خەلیل :

لەگفتوگۆی ساڵی 1984دا کاتێك پێشمەرگە لەگوندی سەی خەلیلی فەقی مستەفا بوون، کەهەروا 10 کم لەشاری کەلارەوە دورە، بەبێ هیچ گرژیەك ئەو هێزێکی بەتانك و زرێپۆش و تەنانەت بەهێلی کۆپتەرەوە بردبووە سەرگوندەکە لەوکاتەدا چوارپیاوی گوندی سەی خەلیل بەقورئانێکەوە بەرەو پیری هاتبوون، ئەویش کردبوویە نامەردی و هەربەدەمانچەکەی دەستی خۆی یەك گوللەی نابوو بەناوچاوانی ئەو پیاوەی قۆرئانەکەی بەدەستەوە بووە، هەرلەجێدا هەرچواریانی کوشتبوو، ( شێخ سەعید شاکەلیش ئەم روداوەی پشت راستکردەوەو لەکاتێکدا پرسیارم لەبارەی ناوی

[30] بروانە ژیلەمۆی گەرمیان بەرگی یەکەم – ل 165



ئەو چوار قوربانیەی دەستی بارق لێکرد ئەو وتی: بەداخەوە ناویان نازانم بەڵام ئەو روداوە دلتەزێنەراستە) ئیتر شەڕلەنێوان پێشمەرگەو هێزەکەی بارقدا دەستی پێکردبوو، بەو شێوەیە هەتا ئێوارە خۆرئاوا شەڕ بوو، بەڵام نەیاتوانیبوو پێشمەرگەکان بشکێنن، پێشمەرگەیەك بەناوی عەلی شامار لەو شەڕەدا بریندارببوو، هەرچەندە بارق بەشکستی گەڕایەوە بەڵام یەکێك لەپێشمەرگەکانی بەناوی ( مجید کەریم حەسەن ) کەخەڵکی باوەنوربوو، بەدیلی گرتبوو، ئیتر چارەنوسی ئەو پێشمەرگەیە بەنادیاری مایەوە هەتا لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق وەفاتنامەکەیان دۆزییەوەو لەگۆرستانەکەی ئەبوغریب بەهۆی ئەو ژمارەیەی دەخرایە سەرپلێتی قوربانیەکان لەسەر گۆرەکانیان، تەرمی ئەوشەهیدەش هەروا دۆزرایەوە پاش نزیکەی بیست ساڵ ئینجا بەمەراسیمێك هێنرایەوەو لەزیدی خۆی بەخاك سپێردرایەوە.

## حیکایەتی کوشتنی عەبداللە خەرابەیی :

یەکێك لەو حیکایەتانەی کە کارەکتەرەکەی دەخاتە ناو قارەمانەکانی ئەنفالەوە شەهیدکردنی عەبداللەی خرابەییە، یان شێوازی کوشتن و ئەشکنجەدانی ئەو پیاوە قارەمانەیە لەئەنفالی چواری ناوچەی قەڵا سێوکەدا گەلێك لەخەڵکی ناوچەکە ئەم بەسەرهاتەی عەبداللەی خەرابەیی بیستووەو حیکایەتی لەبارەوە دەگێرنەوەو عارف قوربانی نوسەریش یەکێك لەکتێبەکانی لەتۆپخانەوە بۆ عەرعەری پێشکەش: **بە (عەبدوڵڵا خەرابەیی) کردووەو لەبارەیەوە نوسێویتی:**

**عەبدوڵا هاوڵاتیەکی گوندی خەرابەی دەشتی کۆیە بوو، لەئەنفالی چواردا کاتێك هەزاران ژن و منداڵی ناوچەکەیان دەستگیرکرد.. (عەبدوڵڵا) لەناوحەشارگەکەیدا خۆی حەشاردابوو، بەڵام کاتێك چاوی لێبووە وا**

دووسەرباز لەناوقامیشەلاّنێکدا کچێکی کورد راودەنێن‌و دەیانەوێ پەلاماری بدەن‌و بەزۆر جلەکانی لەبەردا دەدڕێنن.. ئەم دیمەنە وا لەعەبدوڵلا خەرابەیی دەکات چاولەمەرگی خۆی بپۆشێ‌و لەحەشارگەکەی دێتەدەرەوەو هەردوو سەربازەکە دەکووژێ.. لە دەنگی تەقەکان هێزەکانی تری ناوچەکە بەئاگادێن‌و پەلاماری ئەو شوێنە دەدەنەوە، شەڕ لەنێوان سوپای ئەنفال‌و عەبدوڵلادا دروست دەبێت.. چەند سەربازێکی تریش دەکوژێ، دوای ئەوەی فیشەکی پێنامێنێت دەستگیری دەکەن‌و (بارق عەبدوڵلا) سواری کۆپتەرەکەی خۆی دەکات‌و لەبەرزایی ئاسمانەوە بەریدەداتە خوارەوەو شەهید دەبێت)

بۆ سۆراخی ڕاستی ئەم حیکایەتەی عبداللە خەرابەیی‌و بارقی گۆڕ بە گۆڕ چەندەین پرسیارم لەخەڵکی ناوچەکە کردووە ئەگەرچی تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوە بەڵام حاکم صالحی کلێسە جارێکی تر لەدیدارێکی کورتی نێوانماندا لە گوندی کلێسە جەختی لە ڕاستی روداوەکە کردووە و وتی: زۆرکەس سەرگوزشتەی ئەو قارەمانەیان بیستووە. هەروەها نوسەری کتێبی رەشەبای ژەهرو ئەنفال عبداللە کریم محمود لەدەمی فەرماندەیەکی ئەو سەروەختەی پێشمەرگەوە ( رابەری سەید برایم) بلاّوی کردووەتەوەو جەخت لەراستی روداوەکە دەکاتەوە. تەنانەت فەرماندەکە ئەوەشی گوتبوو کەوا نەك هەر کاك عەبداللەی خەرابەیی بەڵکو پاش بەرگری‌و شکانی پێشمەرگە لە شاخی تەکەڵتوی لای مخەرەس کە سوپاکەیان توشی هێستریا کردبوو، پیاوێکی تریشی بەناوی (مام عەباس) دانیشتووی گوندی مەخەرەس کەتەمەنی 70 ساڵ دەبوو پاش دەستگیرکردنی سەریان بڕی بوو، هەر



سەبارەت بە تاوانەکانی بارق لەگوندی چیمەن کە هەروا یەك کلم لەسەنتەری شاری کەرکوکەوە دورە لەهەمان پەلامارەکانی ئەنفالدا پاش ئەوەی نزیکەی هەشت گەنجی  چیمەنیان دەستگیرکردبوو بردبوویاننەوە ناو گوندەکەو لەوێ بارق بەدەستی خۆی گوللەبارانی کردبوون‌و کوشتبوونی

## شەڕی شێخ تەویل

سوپای بەعس شێخ تەویل‌و ئەوچەند گوندەی دەوروبەری بەکلیلی سەرەکی ناوچەکە دەزانی، تابیێتە دەروازەیەك بۆچوونە ناوەوەوبیکاتەپێگەیەکی گرنگی ئەوقۆڵەی پەلاماری ئەنفالی سێ، بۆیە کەڕوبەروی بەرگرییەکی سەرسەختانەی پێشمەرگەش بووەوە گوێی بەزیانە مرۆییەکانی لەجەیش‌و جاش نەدەداو بەلایەوە گرنگ نەبوو، چەندی لێدەکوژرێ، ئەمەش لەکاتێکدا بوو کەبۆپێشمەرگە بەرگری نەك هەرلەگوندی شێخ تەویل، بگرە لەهەرناوچەی ئەنفالی سێ، لەدوای تێکشکانی سەرکردایەتیەکەیانەوە لەسەرگەڵوبەرگەڵو کارێکی مەحاڵ‌و بێهودە بوو، کورد وتەنی ( شەڕی خۆتڕین بوو) بەڵام بەوحاڵەشەوە قارەمانێتی‌و بەرگری ئەوپێشمەرگانە کەژمارەیان لە 60 – 70 کەس زیاتر نەبوو، بەرانبەر سوپایەکی پڕچەك‌و لەبن نەهاتوو دەبێت لەمێژووی کوردابەرێزەوە تەماشابکرێن‌و بەرزبنرخێندرێن. چونکە تاقە شەڕی درێژخایەنی پێشمەرگەکانی گەرمیانبوو، لەپەلامارەکانی ئەنفالی سێدا، کەسەرباری لاسەنگی‌و نابەرانبەری هێزوکەمی تەقەمەنی‌وخواردن، شوێنەکەش

هەتابلێی ناقۆلاوتەخت بووە بەرگری لەوەها شەرێکدا ئەستەم بوو، نەسەنگەرێکی لێبووە نەدارودەوەن تا لەشەردا پێشمەرگە سودی لێوەرگرێ، بەلام ئەوەیان باشکردبوو رۆژێك پێشترلەرێگەی گوندنشینێکەوە بەناوی حەمە رشید کەدواتر ئەویش ئەنفالکراوە توانیویانە هەندێك پاچوخاکەناز پەیدا بکەنو هەندێك سەنگەری هاکەزایی لێبدەن، بەلام لەکوێ ئەوسەنگەرانە دەتوانن ببنە لەمپەر لەبەردەم کاریگەریو هێزوتوانای ئەو چەکە مۆدیرینەی بەدەست سوپای عێراقەوە بوو..! کەچی بەوحاڵەشەوە بەرگری پێشمەرگە ماوەی پێنج رۆژی خایاندووەو هەرچۆنێك بووە شانیانداوەتە بەرو ئەوچەند رۆژە دوژمنیان شپرزەوسەرقاڵکردووە، خەلیل سەرکانی کەئەوکاتە یەکێك لەفەرماندەکانی پێشمەرگەولەشەری شێخ تەویلدا شەرِی کردووە، لەکتێبیکدا کەخۆی دەربارەی ئەنفال نوسیویێتی لەباسی پەلاماری ئەنفالی سێدا جێگەیەکی بۆشەری شێخ تەویل کردووەتەوەو بەوردی باسی لەچۆنێتی پەلامارەکەی سوپاکردووە بۆسەرسەنگەکانیان، گێرانەوەکەی ئەوفەرماندەیە تارادەیەکی زۆر قەناعەت بەخشەولەگەڵ ئەو بروسکەو راپۆرتانەی ئیستخباراتیش هاوجووتە، کەرێکخراوی میدڵ ئیست وۆچ لەراپۆرتە بەناوبانگەکەیدا دۆکۆمینتی کردوونو بەدوورودرێژی باسیان لێوەدەکات. میدڵ ئیست وۆچ لە باسی شەری شێخ تەویلدا ئاوا دەستی پێکردووە لە 18 یان 19 ی نیساندا رەتڵەکانی کفریو کەلار بەماوەی دەرۆژ لەئەنفالی سێدا ئەرکەکانی خۆیانیان تەواوکردو هەرچی بەرگریکردن بوو لەنێوان رێگای کفری ـ کەلارو رووباری ئاوەسپیدا تێکشکێنراو تاقەبەردو خشتێکی هیچ گوندێك بەپێوە نەما. لای رۆژهەلاتیشەوە هێزەکانی پێبازو پوونگڵە هەمان سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، هێزە هاوبەشەکەی پێباز کە محمد نازم حسن فەرماندەی بوو بەدوو رۆژ توانی هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وجووتە گوندی سۆفی رەحیمو عەلی وەسمان برووخێنێت، راپۆرتەکە باس لەوەش دەکات کەهێزەکەی سوپا نارەزاییان لە*موستەشارێکی* بەرپرسی فەوجی بەرگریی نیشتمانیی 75 دەربرِیوە کەلەمەیدانی شەرهەلاتووە. بەلام هەرکەئەوگیروگرفتانە چارەسەرکران ئەو دوای هێزەکە بێ هیچ تەگەرەیەك پێشرەویکردو لەپاش تەختکردنی چواردە ئاوایی تر هێزە هاوبەشەکە گەرایەوە شوێنی خۆی .

بەلام ئەو هێزانەی لە پوونگڵەوە پێشرەوییان کرد تەگەرەیەکی سەختیان هاتەرێ . ئەم گوندە ماوەی هەشت میلێك دەکەوتە باشووری بەنداوی دەربەندیخانەوە، هێزە هاوبەشەکە هەرلەیەکەم رۆژی دەرچوونیدا تووشی بەرەنگاریەکی توندی تاقمێکی *پێشمەرگە*بووەوە کەبەرگرییان لەگوندی شێخ تەویل دەکردوچەند رۆژێکیش لەوەوپێش شەرێکی قورسی تێدا قەومابوو.

لەگەڵ ئەوەشدا کەفرۆکەو تانكو هەلیکۆپتەری مووشەکهاوێژو تۆپخانەی قورس یارمەتی سوپاکەیان دەدا بەلام بەرگری قارەمانانەی پێشمەرگەکانی ناوسەنگەرە هاکەزاییەکانی پێنەگیرا کەهەربەدەستی خۆیان بە پاچو خاکەنازهەڵیانکەندبوو، بەلای کەمەوە بەر پەرچدانەوەی پێشمەرگە پێنج رۆژی تەواوی خایاند، *پێشمەرگە* لەگوندی شێخ تەویل شەریان لەگەڵ سوپایەکی پرچەك دەکرد کە ئەزموونی هەشت ساڵ جەنگی بەرەیی هەبوو.

خەلیل سەرکانی سەبارەت بە شەری شێخ تەویل دەڵێت: ( لەتاریكو رونی رۆژی 7–نیسان بینیمان دوژمن بەهێزێکی زۆرەوە لەبەرزاییەکانی بەرانبەرمان خەریکی خێمەهەڵدانوسەنگەرقایم کردنن، ئەوەندەی نەبرد تۆپخانەیان خستەکار، بە تۆپو

کاتوێشا بۆمبارانێکی خەستی سەنگەرەکانیان کردین بەجۆرێك گوللەی تۆپو پارچە وەك برێشکە بەسەرسەنگەرەکانماندا دەباریودەیدا لەزەوی ئەم بۆمبارانە ماوەی یەك سەعاتی تەواوی خایاند، کە بۆمبارانەکەوەستا زانیمان پەلامارمان دەدەنوهێرشی زەمینی دەست پێدەکات، ئێمەش کەپێشتر دامەزرابووین بریارماندا تاتەواو لێمان نزیك نەبنەوە دەستیان لێناکەینەوە، هێرشەکەیان دەستی پێکرد کەبریتی بوون لەهێزێکی تێکەڵاو لەجاشوجەیش 5 دەبابەی ( T72) ڕوسی پێشڕەوی دەکردوهەڵیان کوتایە سەرمان، سێ هێلی کۆپتەریش بەڕاسەرمانەوە بوو، ئاڕاستەی پەلامارەکەیان یەکەمجار رووەو سەنگەرەکانی ئێمە بوو کەلەگردۆڵکەکانی نێوان گوندی شێخ تەویلو بۆیسانەدا بەسەر رێگەی چوارملانی نێوان شێخ تەویلو بەکربایەفدا بوو، کەمن بەرپرسی بوومو کەرتەکەی ئێمەی لێدامەزرابوو، ناو گوندی شێخ تەویلیش کەرتەکەی (دێوحەسن)ی لێدامەزرابوو، هەروەها گوندی بۆیسانەش هێزەکەی شەهید "مەلا ئەحمەدی"[31] لێدامەزرابوو، هێشتا دەستمان نەکردبووەوە کەشەهید مەلا ئەحمەدو شەهید عەتای حاجی ئەحمەدوخاڵە کەریمی مۆریاس گەیشتنە لای ئێمە( ئەمەش نیشانەی بەرپرسی سەرکەوتوو بوو) چونکە ئەو فەرماندەی یەکەمی هێزەکان بوو بەڵام کەزۆری جەیشەکەی بینیوە خۆی پێرانەگیراوەو خۆشی هاتووەتە ناوەوە، فەرماندەکە

[31] مەلا ئەحمەدو هاورێکانی لەو پێشمەرگە پارتی زانانەی پاش ئەنفال بوون کە لەگەرمیانی ئەنفالکراودا مانەوەو لە رۆژی ئەشکەوتەکەی داری خلە بەسەریاندا روخاو جگە لەدوو پارتی زان هەموویان شەهیدبوونو تا دوای راپەرین ئەشکەوتەکە دوا ئارامگایان بوو.



لەدرێژەی گیرانەوەی شەڕەکەدا دەڵێت: دەبابەکان کەوتبوونە پێشی هێزە پیادەکەوە نزیکەی 100 مەترێکیان ماوە بگەنە سەر سەنگەرەکانیان کەبەیەکەم گوللەی ئاربیجی ئەو فەرمانده‌یەی ڕووەو تانکەکان شەڕدەستی پێکردووە،[32] بەم کاردانەوەیە هێزەکە توشی حەپەسانو شپرزەیی بوون، هەروا نیوکاتژمێرێك خۆیان پێڕاگیرابوو پاش ئەوەی چەند بریندارو جەنازەیەکیان بەجێهێشت پاشکەشەیانکردبوو، ئەمەش ورەیەکی باشی دابووەوە بەپێشمەرگە کەوا لەدەشتێکی ڕوتەندا بەوهەمووهێزو تفاقە جەنگیشەوە وادەبینن سوپا لەبەردەستیان بەرەو خواردەبێتەوەولەبەرلوللەی تفەنگە سوکەڵەکانیان هەڵدێ. ئەو ڕۆژە بێجگە لەتۆبارنی بەردەوام چەند جارێکی تر هێرشیانکردووەتەوە سەرسەنگەرەکانیان بەڵام سەرکەوتوو نەبوونو بەرەوخوارشکاندیاننەوە، هەرچۆنێك بووە پێشمەرگە شەوجارێکی تر خۆیان رێکخستووەتەوە، بۆڕۆژی دواتر 8ی نیسان سوپا بەهێزێکی زیاترەوە، ئەمجارە تەنانەت بەژمارەیەکی زۆری ئۆتۆمبیلی بارهەڵگرو دەبابەی زیاترەوە بەناو ئەوزەویەکشتووکاڵیەی بەهاری تەڕی ئەوساڵەدا کە گەنم باڵایەك هەستابوو گیا تەواو هەراشبوو، کە هەرگیز بۆشەری پێشمەرگە دەستی نەدەدا هێرشیان کردووەتەوە، سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، زۆر جار جاشەکان بەناو ئەوخەڵەو گەنمە هەراشەدا دزەیان دەکردو دەیان ویست زەفەرلەپێشمەرگە بێنن، وێرای مەترسی دزەکردنی جاشیش ئەمجارەیان هێزەکانی سوپا بەپلانێکی سێقۆڵی هێرشەکەیان دەستپێکردبوو بەم شێوەیەی خوارەوە:

[32] بروانە – ئەنفال لەیادەوەری پێشمەرگەیەکدا – 2009 – خەلیل سەرکانی – ل 92

یەکەم : بۆسەر سەنگەرەکانی ڕۆژی پێشوتری نیوان گوندی شێخ تەویلو بۆیسانە.

دووەهەم : بۆسەرگوندی بۆیسانە.

سێهەم : بۆسەرگوندی بەکربایەف .

بەلام پێشمەرگە بۆچارەسەری ئەو مەترسیە دەستەیەکی هەشت کەسیان ناردبووە ناو ئەودەغلو دانەی وامەترسی دزەکردنی جاشو جەیشی لێدەکرا، سەرئەنجام بۆسەی پێشمەرگەکاریگەری هەبوو، دەنا دەتوانرا بەئاسانی گەمارۆ بدرانایەو زوو تێکبشکانایە، بەڵام کاتێك لەوێ دەستەیەکی هەشت کەسی بۆسەیان دانابوو لێیان راپەریبوون ورەی دوژمنە سەرسەختەکەیان هێنابووە خوارەوە، جگەلەوەی چەند جەنازەیەکیان پێ بەجێهێشتبوون ڕاویشیاننابوون ، بەڵام هاوەنی 160ملم پێشمەرگەکانی زۆرهەراسانکردبوو، چونکە لەهێرشی ئەمجارەیاندا پشتیان بەدەیان لەوجۆرە هاوەنانە بەستبووکە لە جەنگدا زۆرکاریگەرە، بەدرێژایی ئەو ڕۆژەش چەندین هێرشی قورسیان کردبووە سەر ئەوسەنگەرە خراپۆکانەی ئەوپەڕی پەنجا پێشمەرگەیەکی شەڕکەریان لێدامەزرابوو، سنگیان بە زەوویە تەختەکەی گەرمیانەوە نابوو هەڵنەدەکەندران، سەرئەنجام ئەو ڕۆژەش تێکشکانو بەسەر لاشەی زۆری کوژراوەکانیاندا کشانەوە، کەیەکێك لەوکوژراوانە ئەفسەرێکی پێشەوای هێزێکەی قۆڵی گوندی شێخ تەویلو بۆیسانەبوو بەپلەی مقدم. دیسانەوە پێشمەرگە بۆبەیانی خۆیان ڕێکخستەوە، سەبارەت بەکوژرانی ئەو ئەفسەرە خەلیل سەرکانی لە یادەوەریەکانیدا نوسیوێتی : لەقۆڵەکەی لای ئێمەوە ئەفسەرێك بەپلەی مقدم کە سەرپەرشتی شەڕەکەی دەکرد، کۆمەلێك جاشوتەواری بەشەقو زللە پێشخۆی



دابوو ژمارەی جاشەکان دوبەرانبەری ڕۆژی پێشوتربوو، ئەوئەفسەرە لەوە دەچوو بەنیازی ئەوە بوبێ مەدالیای ئازایەتی بەسنگو برۆکیدا هەڵواسن، بۆیە والەبەرچاوی سەرووی خۆی خۆی دەنواند، کەچی کەچوومە سەرتەرمەکەی بینیم گوللەیەك بەرسەری کەوتبوو، لەوکاتەدا تەواو بەزەیم پیادا هاتەوە، چونکە مێشکی ئەم جۆرەکەسانە بێجگە لەکوشتنوجێبەجێکردنی فەرمانی سەروی خۆیان هیچی تری تێدانیە، ئەو سەرۆکانەی نایانەوێ لەڕێگەی دانوسانوگفتوگۆوە کێشەکان چارەسەربکەنو هەر ڕێگەی کوشتنو بڕین دەزانن، ئەو بەتەمای ئەوە نەبووبکوژرێ بەڵکو بەتەمای ئەوەبوو مەرگ بەخلکی تر ببەخشێ )[33] کەچی نەك فریای شکستی پێشمەرگە نەکەوت بەڵکو هەر بەدەستی ئەوان سزای سەرەڕۆیی خۆی بینیو تەرمەکەی لەگەڵ لاشەی ئەوجاشانەی سەعاتێك پێشتر دابوونیە بەرشەقو زللە بەجێماو بەخت یاوەری نەبووسەرکەوتنی ئەنفالی ببینێو مەدالیای سەرشۆڕی وەرگرێ ( چما لەوانەی بەعس لەئەنفالدا مەدالیای ئازایەتی بەبرۆکیاندا کرد سەرشۆڕترهەیە).
سەبارەت ڕاستیو دروستی کوژرانیو ناوی ئەوئەفسەرە مقدەمە چاوم بەم فەرماندەیەی شەری شێخ تەویل کاك خەلیل کەوت، لەو بارەیەوە ووتی: لەڕاستیدا پێناسو تفەنگەکەشی کەوتە دەستمان بەڵام ڕۆژگاری تاڵی ئەنفالو ئاوارە بوونمان بۆسەرسنورو دواجاریش بۆئیران زۆرلەوە سەختترو دژوارتربوون ئەوجۆرە شتانە بۆ دۆکۆمینت بپارێزین، بەڵام بڕی 300 دینار لەگیرفانی دابووکەبریتی بوو لە 12

[33] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بیست‌و پێنج دیناری چاپی سویسری)[34] سەبارەت بەم پاشەکشێیانەی کەخەلیل سەرکانی فەرماندەی ئەوسای پێشمەرگە باسی دەکات لە راپۆرتەکەیدا جینۆسایدی لەعێراق پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد ) ڕێکخراوی میدل ئیست ۆچ بەم شێوەبە باس لەراپۆرتێکی سەربازی دەکات: ( عەقید سەلمان عبدالحسن کەفەرماندەی فەوجی کۆماندۆی یەکی سەربەفیرقەی 17 بوو پێشتر لە پێکدادانێکدا بریندارکرابوو، زنجیرەی فەرماندەیی لێکترازابوو. سوپا بەشپرزەیی ماوەی دوومیل پاشەکشەی کرد، یەکێك لەفەوجە پاڵپشتەکانی *جاش*، کە فەوجی 131 بوو، بەشپرزەیی‌وناڕێکی پاشەکشەی کرد. بەشێکیش لە هێزەکە لەگەڵ ئەفسەرێکی تردا دابڕابوون‌و *پێشمەرگە* دایانگرتنەوە، ئەو دواشیان ماوەی دوومیل پاشەکشەیان کردو داوایان لەفیرقەی 21 ی قۆرەتووکردبێت بەهانایانەوە.

لەڕۆژی سێهەمی شەرەکەدا پێشمەرگە دواین چەردە فیشەکی بەردەستیان بەسەر پێشمەرگەکاندا دابەشکردبوو، وێرای ئەوەی دەشیانزانی پەلاماری دوژمنەکەیان ڕۆژبەڕۆژ توندتر دەبێت، کەچی فەرماندەکان بەپێشمەرگاکانیان وتبوو دەبێت دەست بەفیشەکەوە بگرن، ئەمە سەرباری ئەوەی خواردنیشیان بەتەواوی هاتبووە کزی‌و کەسیش نەبوو پشتیوانیان بکات، بەکورتیەکەی پێشمەرگەکان باش هەستیان بەوە کردبوو کەشەر بێهودەیەو بەهەرنرخێك بووە دەوڵەت دەبێت ئەو ناوچەیە بگرێ، ئەوەشیان زانیوە کەهێزێکی گەورەتریان بۆهاتووە، مەیدانی شەڕەوە سوپای ئەنفالکەر ئەمجارە زۆربەتوندترو بەچەکی قورسترکەوتە بۆمبارانکردنیان، وەکو ئەو پێشمەرگەیە

[34] چاوپێکەوتن لەگەڵ خەلیل سەرکانی – سلێمانی 6–2––2020



دەڵێت هیچ نێوان لە تۆپێك‌ویەکێکی تردانەمابوو، هەرزرمەوگرمەو هاڕەبوودەیکوتایە زەوی‌وگوێی وڕوکاس دەکرد، دوای ئەم بۆمبارانە خەستە سوپا پێشڕەوی زەمینی کرد بۆ پەلاماردانەوەمان، پێشمەرگەش بەوهەموو بیٚ نانی‌و بیٚ تەقەمەنی‌و بەوچەکە سوکانەی دەستیانەوە بەرەنگاربووە، بەڵام ئەمجارە لەبەختی پێشمەرگەکان تاوێك بارانی باش باریبوو، بەرەو چێشتەنگاویش تەمێکی چڕ ناوچەکەی داپۆشیبوو، پێشمەرگەش ئەم دەرفەتەیان قۆستبووەوەو بەنەخشەیەکی ورد، ئەمجارە خۆیان دەستپێشخەرییانکردبوو، لەژێربالّی تاریکی تەمەکەدا پەلاماری هێزەکەیان دابوو، هەرچەندە سەرکردایەتی بەرەی شەڕەکە لەمەڵبەندەوە داوای لێکردبوون دوایاننەکەون بۆئەوەی تووشی زیان نەبن، بەڵام ئەوان گوێیان بەو ڕێنماییە نەدابوو، هێزەکەی سوپایان بەرەوخوار ڕاونابوو چەند رەبایەیەکیشیان لەدەست ستاندبوونەوە، لێرەدا پێشمەرگە بەختێکی تربەرەو پیریان هاتبووکەلەناو ئەو رەبایانەدا چەند فەردەنان‌و ناوساجی جاش‌وخۆراکی لەقوتونراوی جەیشیان دەستبەسەردا گرتبوو، کەلەترسی زەبری پێشمەرگەو هاڵاتندا لێیان بەجێمابوو، دواتر پێشمەرگە وەکو دەستکەوتێکی گرنگ دابوویان بەکۆڵیانداو هێنابوویانەوە ناوسەنگەرەکانیان. لەهەمانکاتیشدا دیاردەیەکی مەترسیداریان ڕەچاوکردبوو کاتێك بینیبوویان لەناوسەربازە کوژراوەکاندا دەمامك‌و پیلاّوی دژەکیمیاویان پێیە، ئەمەش وای لەفەرماندەکانی بەرەی شەڕەکەی شێخ تەویلکردبوو بیرێك لەحاڵی خۆیان بکەنەوە، چونکە ئەوە ئاماژەیەکی ترسناك بوو، دەنا سەربازی عێراقی دەمامکی دژە کیمیایی بۆچیە، خۆ پێشمەرگە چەکی کیمیایی پێنیە، بۆیە هەستیان بەمەترسی کردبوو، کەبەدوریان نەزانیوە لەپەلاماری داهاتوویاندا ئەم چەکە نەفرەتییەیان لەدژبەکاربهێنن،

که هیچ هۆکارێکی بەرگری کیمیاویان نەبوو، حکومەتیش باش دەیزانی خاڵی لاوازی پێشمەرگە چەکی کیمیاییونەبوونی کەرەستەی خۆپاراستنیانە، بەتایبەتیش لەشوێنێکی وەکو شێخ تەویلدا لەبەرئەوەی تەختونزمابیەکاریگەری زیاتری دەبێتو پێشمەگەکان لەناوسەنگەرەکانیاندا دەخنکێنێت، چونکە حکومەت ئەزموونی ئەوەی کردبوو، کە پێشمەرگە لەچیاکاندا تارادەیەك فێرببون خۆیانی لێبپارێزن..کاتێك زانیبووی لەبەرانبەر بۆمبارانی ڕەتڵی بەگوژمی راجیمەکانیاندا، سەنگەری قوڵو مەحکەمیان لێدابوو، لەوکاتانەدا دەچوونە ناوسەنگەرەکانیانەوە، زیانێکی ئەوتۆی پێنەدەگەیاندن بەڵام دواتر حکومەت فێلێکی تری بەکارهێنابوو، ئەویش بەوەی لەپێشەوە بەراجیمە سەنگەرەکانی دەکوتان بۆئەوەی هەموو پێشمەرگەکان خۆیان لەناوسەنگەرەکانیان بخزێننەوە تا دواتر بۆمبی کیمیایی (بەتۆپی دورهاوێژ) یان بۆهەڵبدات، ئەمەش لەبەرئەوەبووکەکیمیایی زیاتر شۆردەبێتەوە بۆخوارەوەو لەناو سەنگەرەکاندا کاریگەرترەو ناهێڵێت بێنە دەرەوەوهەرلەجێدا دەمرن، هەروەکو عەلی حەسەن مەجید بەئاشکرا پێی وتبوون چەکێکمان بۆ پەیدا کردوون بۆتان دێتە ناوسەنگەرەکانەوەو لەوێدا دەتان کوژێ، کەپێشمەرگە کەوتنە سەرفێلەکەی دوژمنەکەیان ئەمجارە، پاش بۆمبارانی راجیمەکان کەگوێیان لە دەنگەنزەکان دەبوو دەتەقینەوە، ئینجا بەپەلە لەسەنگەرەکانیان رایاندەکردە دەرەوەو خۆیان بۆقەدپاڵە بەرزەکان دەکوتا، دواترکە حکومەت بەمەی زانیی ئینجا تۆپی کیمیاییو راجیمەکانی بەیەکەوە بۆ دەناردن بۆئەوەی بەهەردوباردا کاریگەریان بکاتەسەر،( ئەگەر بەدەرەوەبن تۆپوپارچە بیان کوژێ ئەگەر لەناوسەنگەریش بن کیمیایی ) بەڵام لەشێخ تەویل ئەم هەموو کەینوبەینەی گەرەك نەبوو، تەنیا دوو بۆمبی کیمیاوی بەس



بوو بۆ ئەوەی تافبڕیان بکاو شکستیان پێبهێنێو بریندارەکانیشیان بەلاڵۆپاڵی بگریۆ کۆتاییان پێبهێنیێ، بۆیە مانەوەی پێشمەرگە لەوەهاحاڵێکداو لەبەردەم سوپایەکدا کەهەموو پرەنسیپێکی شەڕی پێشیلکردبوو، دەچووە دەرەوەی ئازایەتیو کوردووتەنی دەبووە شەڕی خۆتڕێن.

هەرچۆنێك بووە ڕۆژێکی تریش خۆیان لەشەری قورسی شێخ تەویلدا مابوونەوەولەبەرانبەر پەلامارێکی سەختدا خۆیان راگرتبوو، بەڵام لەشەوی 13 ی نیساندا *پێشمەرگەکان* فەرمانیان بۆهات کە چیتر شەڕکردن لەوناوچەیە بێسودەو بکشێنەوە، خەلیل دەڵێت: مەڵبەندیش خۆیان بریاریاندابوو پاشەکشێ لەناوچەکە بکەن، بۆیە کەمەڵبەند ئاگاداریانکردینەوە بکشێینەوە ئێمەش بەدڵێکی خەمناکەوە شوێنەکەمان چۆڵکرد، کە چەند ڕۆژێك بوو، بەرگریمان لێدەکرد، ئێمە ڕۆیشتین، ئیترحکومەت کەزانی هیچ بەربەستێك لەبەردەمیدا نەماوە لەهەمووقوڵەکانەوە پێشڕەوی کردوخانووەکانی دەدایە بەرکەڵبەی شۆفلۆ دەیانسوتاندن، خەڵکەکەشی هەموو چۆڵیانکردبوو، بەرەوچارەنوسێکی نادیار ڕۆیشتن، زۆریان کەوتنە دەست جاشەکوردەکانوئەوانیش دایاننە دەستی سوپاوە بەرەوتونی مەرگبران کە دواتر هەندێکیان لەگۆڕی بەکۆمەڵدا دۆزرانەوە.

جێگەی باسە خەڵکێکی زۆرلەگوندی بۆیسانە چنگ سوپاکەوتن، بەزۆریش لەوخەڵکانە بوون کە لەدیوی قەرەداغەوە هاتبوون بەنیازی سەلامەتیو دەربازبوونیان، بەڵام ئێرە دوامەنزلی هیوای دەربازبوونو گەرانەوەیان بوو بۆسەرماڵۆ حاڵی خۆیان. ئیتر ڕۆژی دوایی لەکاتژمێر 2:30ی پاشنیوەرۆ ئەفسەرێك ( ڕائید سالم) کەئەفسەرێکی تازەی فەرماندەی هێزە هاوبەشەکەبوو، ( پێدەچێت جێگەی ئەفسەرە

کوژراوەکەی شێخ تەویلی گرتبێتەوە) هەواڵی دابەبارەگای خۆی کەهەردوو گوندی شێخ تەویلو بۆیسانەی دەراوسێشی " گیرانو تێکدران". هەرلەوکاتەشدا ڕاپۆرتدرا کەوا پەنجاو سیٚ خێزان "گەڕاونەتەوە ڕیزی نیشتمانی"[47].

## هەڕەشەی وێرانکردن:

عەلی حەسەن مەجید لەکۆبوونەوەکەیدا لەگەڵ بەرپرسان نیازی خۆی رادەگەیەنیٚ :
دوای ماوەی دیاری کراو ئەگەر خۆبەدەستەوە نەدەنو ( نەیەنەوە ریزی نیشتمانی) چەکە کاریگەرەکەیان بۆبخاتە گەڕو لەچیا سەختەکانیش هەموو ئەوانەی لەنیشتمان یاخی بوون دەریان پەرێنیٚو لەسنورێکی تەسکدا لەمەنگەنەیانبداتو بەکەیفی خۆی بکەوێتە ویزەیان ئەمەش بەزەبری چەکی کیمیاوی ئەنجامبداتو زەندەقیان بباو ورەیان بروخێنیٚو لەناوچەیەکدا گەمارۆیان بداو بکەوێتە وێزەیانو یەکلاییان بکاتەوە، هەلبەتە تیرامانێکی زۆری ناویٚ کە قسەکانی عەلی حەسەن مەجیدتەنها ئەو پێشمەرگانەی نەگرتووەتەوە، بەڵکو وردودرشت ئامانجی کۆمەڵکوژی بون، چەکداریوبێچەکی مەسەلەیك نەبووە بەڵکو هەموو ئەوخەلکەی لەگوندەکاندا ماون

---

**[47] ئەم زاراوە بریقەدارانە بەردەوام لە ئاڵوگۆڕی نامەو نووسراوە ڕەسمیەکانی ماوەی ئەنفالدا بەکاردەهات. هەرچەندە زۆربەی ئەو کەسانەش کە لەم کاتەدا دەگیران, زیاتر پێدەچێت کوژرابێتن وەك لەوەی مابێتن. برووسکەکانی *ئیستیخباراتی* فەیلەقی دوو بۆ فەرماندەیی مەکتەبی باکوورو دەزگاکانی تر ژمارە 10780 و 10915 لە 15 ی نیسانی 1988دا. شیاوی باسە بۆیسانە شوێنی خۆبەدەستەوەدانی خەڵکە هەڵاتووەکەی هۆمەرقەلاٚ بوو کە لە ئاخرو ئۆخری مارتدا، لە ئەنجامی عەمەلیاتی ئەنفالی دووی قەرەداخدا گەیشتبوونە ئێرە.**



بەتیکدەرو بەکرێگیراوی لەقەلەمداون، بۆیە دەیەوێت بەزەبری چەکی کیمیاوی بیانهێنیتەوە ریزی نیشتمانی وەکو بلیٚی ئەوانەی لەناو ئۆردوگاکاندا نەدەژیان لەدەرەوەی نیشتمان بووبن ؟ (**(ناوی کیمیاوی یەکەناڵێم لەبەرئەوەی زانیاریەکی پۆلێن کراوە، بەڵام دەڵێم بەچەکی نوێی وێرانکەرکەلەناوتان دەبات، بۆیە هەرەشەیان لێدەکەم ، ئەوکاتە دەبینن هەموو ئۆتۆمبیلەکانی خوا ناتوانێت هەڵیان بگرێت، پێموایەو چاوەروانم شکست بێنن، سوێند دەخۆم دڵنیام کە دەیان بەزێنین، <u>بە هەڤاڵە پسپۆرەکانم وتووە کەپێویستم بەگروپی پارتیزانە لەئەوروپاوە بۆ ئەوەی بیانکوژێت، هەرکەسێکیان لێبینین</u> (تێکدەران)، <u>ئەوە دەکەم بەیارمەتی خوا، دەیانبەزێنم</u>)**[35] مەبەستی عەلی حەسەن مەجید لەچەکی کیمیاویو پسپۆرە بیانیەکانە، رەنگە هێشتا کەمترین سەرنج لەسەرئەوە بێت کەلەبەرانبەر بەرگریەکی چەند سەعاتیدا سوپا لەگوندی ( تازە شار) چەکی کیمیاوی بەکارهێناوەو ژمارەیەك پێشمەرگەش گیانیان لەدەستدا کە زۆربەی بیرورا کان کۆکن لەسەرگیان لەدەستدانی 22 پێشمەرگە لەکۆی 25 پێشمەرگە**)** دواتر بەدرێژی باسی شەری تازە شار دەکەینو ئاماری قوربانیەکانی ئەو شەڕە خراوەتە روو.
زۆری نەبرد کە کەوتە جیبەجێکردنی پلانەکەو چەکی کیمیاوی کاریگەری لەسەر ورەی خەڵكو پێشمەرگەو خەڵکی مەدەنیشی گرتەوە، بەتایبەتی پاش کیمیابارانکردنی

---

**[35] شریتەکانی عەلی حەسەن مەجید کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەندامانی نووسینگەی باکورو لێپرسراوانی بارەگاکانی بەعس لەپارێزگاکانی باکور: لەسەرکاسێتەکە نووسراوە 26 ئایاری 1988، بەڵام لە قسەکانیدا دەردەکەوێت 1987-ە.**

شاری هەڵەبجە کەدواتریش کیمیابارانکردنی گوندەکانی سێوسێنانی قەرەداغ و تەکیەوبەلەکجارو گۆپتەپەو عەسکەری، بەدواداهات ئەمەش تەواو کاریگەری خۆی هەبوو لەورەبەردانی خەڵك و پێشمەرگەو دەستپێشخەرییەکی کاریگەر بوو بۆسەرخستنی نیازو پلانەکەی عەلی حەسەن مەجید. ئەو هەربەوەندەش دڵی ئاوی نەدەخواردەوەو بەکۆمەڵکوژی ناوخۆش قایل نەبوو بەڵکو نیازی بوو لەناو ئێرانیش هێزەکانی مجاهیدینی خەلق بخاتە گەر لەدژی نەیارە کوردەکانی ( **هەرکەسێکیان لێبینین (تێکدەران)، ئەوە دەکەم بەیارمەتی خوا، دەیانبەزێنم و دوایان دەکەوم بۆ ناو ئێران، دوایی داوا لەموجاهیدین دەکەم لەویّ پەلاماریان بدات).** [36]

لەکۆتایی یەکەم حەفتەی مانگی نیساندا، زۆربەی ئەو *پێشمەرگانەی* لەناوچەی سەرکردایەتیەکەیانەوە" لەدۆڵی جافایەتیەوە کەسەرگەڵوو ـ بەرگەڵوو" بنکەی سەرەکی و یەکەمین ناوچەی پەلاماری ئەنفال بوو شکابوون، هەروەها ئەنفالی دووی قەرەداغیشی هاتبووە سەر پێشمەرگەبەشپرزەیی و بەپەرشوبڵاوی و ماندوبوونێکی زۆرەوە بەرەو ئەم ناوچەیانەو پۆرەی گەرمیان گەرابوونەوەو هاتبوونەوە شوێنەکانی خۆیان، چونکە هەم بنکەو بارەگای پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەهەندێك شوێنی گەرمیاندا هەبوون، هەم خەڵکی ناوچەکەش تائەندازەیەکی باش پشتیوانیان بوون، ئەوگوندنشینانەی لەئەنفالی دووی قەرەداغیش ئاوارەبوون و بەشپرزەییەوە لە پەلاماری ئەنفال قوتاربوون، بەرەوگەرمیان هەڵاتبوون بەنیازی دەربازبوون، چونکە وای بۆ چووبون ئێرە ناوچەیەکی سەلامەتترە. بەڵام پێشمەرگە

[36] هەمان سەرچاوە .



پاش ئەوەی گەرابوونەوە، ئەو هێزوتوانایەیان نەمابوو قەرەداغ لەبەردەم هەرەشەی پەلاماردابوو هەندێك لەپێشمەرگەکانی مەڵبەندی دوو سەنگەری بەرگرییان لە چەندگوندو شوێنی وەکو شێخ تەویلدا لێدابوو، کە هاوکات شێخ تەویل خەڵکێکی زۆری هەڵاتووی ناوچەی قەرەداغیشی لێخربوونەوە لەبەرئەوەی ئەوگوندە لەچاو هەردو پێدەشتەکانی گەرمیان قایمتربوو لەلێکدانەوەی ساکارانەی خەڵکدا، بەلای کەمەوە بناری شاخەکەی زەردەی گرتبوو ئامێز. هەندێکیتریش چوون بۆ گوندی باشتەپە لەسەر (چەمی ئاوەسپی) کەپانتایی گەرمیان دەکا بەدوو بەشەوە [2].

بەڵام ئەم بۆچوونەی خەڵکە لێقەوماوەکە لەوێرەی هێرش و پەلاماری بێشوماری ئەنفال نەدەهات، ئەوان وای بۆچووبوون هێزەکە هەرچەندە لە چاوپەلامارەکانی ساڵانی پێشتریش بەهێزترە بەڵام نەدەچووە عەقلیان کەوا بەیەکجاری هێزی پێشمەرگە ڕامالێ، چونکە گەلێکجار دیبویان لەشکری بەهێزیان بەچەند پێشمەرگەیەکی کەمەوە پاشەکشە پێکردووەن، بەڵام ئەوە خەیاڵ پلاوبوو، ئەوکاتەی ئەوان وابیریان دەکردەوە ناوچە عاصیّ و سەختەکانی وەکو دۆڵی جافایەتی و شارباژێڕوشاخەکانی قەرەداغیش نەیتوانی بوو بەرگەی ئەو پەلامارە وێرانکاریانە بگرێت، چ جای پێدەشتەکانی گەرمیان..! کە هەرگیز هەردەو جەوولەکانی گەرمیان بە بەراورد لەگەڵ دۆڵی جافەتی و ناوچە شاخاویەکانی قەرەداغدا، بەراورد ناکریّ بۆ بەرەنگاربوونەوە، بۆیە شەرکردنیش لەوناوچەیەدا تەواو نالۆجیکی بوو، چونکە زەویە تەختایەکانی گەرمیان

(2) **بروانە میدڵ ئیست ووچ کە چاوپێکەوتنێکی لەمبارەیەوە لە گەڵ فەرماندەیەکی یەکێتی نیشتمانی ئەنجامداوە . لە سلێمانی بەرواری ، 28 ی مارتی 1993.**

کەمتر بۆ چالاکیو شەڕی پارتیزانی دەستیاندەدا. بەڵام هەرچۆنێك بووە گەرمیان ناوجەرگەی جموجۆڵو چالاکی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، لەم ناوچەیەدا خەڵکێکیش لەگوندەکان بەحەماسەوە پشتگیری هێزی پێشمەرگەیان دەکردو زۆربەی هێزی شەڕکەری یەکێتیو تیپەکانی یەکێتیان پێکدەهێنا. ئەمە جگەلەوەی گوندنشینەکانیش بەسۆزو خۆشەویستیەوە پێشوازیان لەپێشمەرگە دەکرد، بەدەرلەمانەش گوندەکانی گەرمیان زۆرێك لەسەربازی هەڵاتوویان تێدابوو، کە هێزێکی تارادەیەك تۆکمەی لێپێکهێنابوونو زۆرجار پشتیوانی کاریگەری هێزی پێشمەرگە دەبوون لەشەڕەکانداو وەکو هێزێکی سەربار رۆڵی خۆیان دەگێراو گەلێکجاریش ئەگەر پێشمەرگەش نەبوایە ئەو هێزانە متمانەی ئەوەیان بەخۆیان هەبوو، کەبەر پەرچی هێرشی سەرگوندەکانیان بدەنەوە، ئەوە ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگربوو کەوا ئەم هێزانە بەرلەپەلاماری ئەنفال بەلەخۆرادیوییەوە بەرەنگاریان دەکردو تارادەیەکیش سەلامەتی ناوچەکەیان کەوتبووە ئەستۆ. " بەڵام هەندێك جاریش پێشمەرگە فشاری بۆدەهێنانوزۆری لێدەکردن کە گەنجەکان ببنەپشتگیریو هاوکاریان بکەن میدل ئیست وۆچ لەمبارەیەوە نوسیویێتی " پێشمەرگە فەرمانیان دەرکردبوو کە هەرماڵێك دەبێ چەکێ بکرێت، ئەمەوەك یاسایەکی خۆجێیەتی وابوو خەڵکەکەش پێی ڕازی بوونو وایاندادەنا کەئەرکێکەو پێویستە لەسەریان.[37] بۆیە زۆرجار گەنجە مەدەنیەکانی ئەوگوندانە دەچوونە پاڵ پێشمەرگە بۆ داکۆکیکردن

[37] میدل ئێست وۆچ – کتیبی جینۆساید لەعێراقو پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد. خانەی وەرگێران حمەد حەمە صالح توفیق – 2004



لەگوندەکانیان. ئەمان وەك "هێزی پشتگیریی" باسدەکرانو هەموو گوندێك یەکەی بەرگریی مەدەنی خۆی هەبوو"[4]. بەکورتیەکەی هێزی پشتگیری: بەو گوندنشینە چەکدارانە دەگوترا کە لە ناوچە ئازادکراوەکاندا خۆیان پەناداب‌و لەوێ دەژیان هەندێك لەوخەڵکانە سەربازی هەڵاتووی شارەکان بوون، لەلایەن پێشمەرگەوە مەفرەزەو لێپسراویان بۆدیاری کرابووئەم هێزە پشتگیریە لەزۆربەی شەرەکاندا کە ڕژێم بۆسەر پێشمەرگەوناوچەکانی ژێردەسەڵاتی دەیکرد، شانبەشانی پێشمەرگە شەڕیان دەکرد، لەناوچەکانی گەرمیانیشدا ئەم هێزە بە تەنیا شەڕی زۆر باشیان لەگەڵ حکومەت کردووەو بەرگرییان لە خۆیانو گوندەکانیان کردووە.

چەك هەڵگرتنی گوندنشینەکان بەشێوەیەك لەشێوەکان ناچاریشی تێدا بووە، لەلایەن خەڵکی گوندەکانەوە ئەمەش نەك هەرلەگەرمیان بەڵکو لەتەواوی کوردستان بەناچاری دەبوو پشتگیری هێزی پێشمەرگە بکەن، چونکە هێزەکانی میلیشیای جاشو هێزە نیزامیەکەشی مەگەرلەروکەشدا دەنا لەسەر زەمینەی واقع جیاوازی تاڵەمویەکیان لەنێوان چەکدارو بێچەکدا نەهێشتبووەوە بۆیە زۆرجار رێککەوتووە کەجاش چوونەتە گوندێك بێ ئەوەی هیچ پێشمەرگەیەك یان بەرگریەکی تێداروپدابێت خەڵکیان ئەزیەتداوەو نەفسیەتیان شکاندونو خەڵکی ئاواییەکانیان توشی پەرچەکردارکردووەتەوە، دواجاریش ئەوکەسانەی خۆیان لەجەنگی قادسیەی بەدناو پاڕاستبوو لەم گوندانەدا خۆیان پەنادابوو، ئەگەربگیرابانایە ئەوا ئەزیەتدەدرانوبەلای کەمەوە قۆلبەستیان دەکردنو دوای ماوەیەکی زۆرلەزیندانی

[4] چەك هەڵگرتن لەگوندەکان جۆرێك چاولێکەریشی تێدابوو– نوسەر .

کردن ئینجا ئەگەربەخت یاریانبوایە دەبرانەوە بۆبەرەکانی جەنگ‌و زۆرجاریش دەبرانە پێشی پێشەوەی شەرەکانەوە، دەنا لەناوەڕاستی هەشتاکاندا چەندین جارخەڵکی بێچەك‌و مەدەنیان لەو سەربازە هەڵاتوویان گرتووەو لەسەر جادە گشتیەکان یان لەناوەڕاستی سەربازگەکان بۆچاوترساندن بە کۆمەڵ گوللەباران دەکران‌و دواتریش خەرجی گوللەکانیان لەکەسوکاریان دەستاندەوەو نەشیان دەهێشت پرسەگێریان بۆبکرێت بە پاساوی ئەوەی ئەوانەی کوژراون ترسنۆك بوون([38]).

بەڵام پەلامارەکانی ئەنفال زۆرلەوەکاریگەرتربوون، بەوهێزە کەمەو بێتفاقی‌وبەبێ لۆجستی جەنگی‌و بێ پشتیوانی ئەوهێزە بچوکانەی پێشمەرگە لەچاو لەشکری بێ ئەژماری ئەنفالدا بتوانن پێش بەنیازەکانی بەعس‌و هێرشە وێرانکەریەکانی سوپا بگرێت، چونکە پەلامارەکانی ئەنفال بەسیستماتیك‌وکەرەستەی جەنگی‌و تەنانەت بەچەکی مۆدێرن‌و قەدەغەکراویشەوە بەعس خۆی بۆ ئامادەکردبوو.[39]

[38] نمونەی ئەم جۆرە کوشتن‌و ئازاردانە لەتەواوی پارێزگاکانی کوردستان‌و عێراقدا هەن، لەو سەربازگایانەی نوسەری ئەم کتێبە قوربانیانی پێشك دێت سەربازگەی تانجەرۆی نزیك شاری سلێمانیە کە گوللەبارانکراون‌و ئێستا بەشەهیدی هاولاتی یان قوربانیانی دەستی رژێم ناسنامەیان بۆکراوەو موچە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرن

39 سەبارەت بە گیان لەدەستدانی پێشمەرگەکانی (تازە شار ) بەچەکی کیمیاوی گەلێك شایەتحاڵ هەن‌و بەر لەڕوخانی رژێمی بەعسیش میدل ئیست وۆچ ئاماژە بە بروسکەیەکی ئیستخباراتی سەربازی ناوچەی کەلار دەکات کە باس لەکوژرانی تێکدەران‌و ناشتنیان لە گۆڕێکی ناو سەربازگەکەی دوزخورماتوو دەکات، ئەمانەو چەند شایەتحاڵیکیش لەسەرهەمان بابەت قسەیان بۆ میدل ئیست وۆچ کردووە، بەڵگەی سەلمێنەریش ئەوەبوو کە



سەرئەنجام هەروا کەوتەوە بەعس چۆنی ویست گوندەکانی راماڵی‌و پاکتاوی کردن، پێشمەرگەش وێرای بەرگریەکی کورت خایەن بەڵام قارەمانانە شتێکی ئەوتۆی پێنەکراو لەتوانایدا نەبوو بەربەهێرشی قورس‌و زەبەلاحی سوپای عێراق بگرێت، کە تازە لەبەرەکانی حەنگی ئێران گێرابوویانەوە بۆ تەواوکردنی نەخشەی ئەنفال‌و بەشێوەیەکی تۆکمە خۆی بۆ راماڵینی کوردە گوندنشینەکان‌و پێشمەرگەئامادەکردبوو، ئەوەی لەئەنفالدا بەعس نیازی بوو لەشەڕێکی ئاسایی واوەتربوو، هێزێکی نابەرانبەر چۆن دەیتوانی خۆی لە بەردەم ئەوسوپا زەبەلاحەدا بگرێ کەبەچەکی مۆدیرن هاتبووە مەیدان‌و تەجروبەی هەشت ساڵ جەنگی ئێرانی هەبوو، جەنگاوەرەکانی لەشەڕی بەرەیدا تەواو قاڵبوون، ئەمە جگەلەوەی لە ڕوی ژمارەشەوە زۆرو لە شکرێکی تێکەڵە لەجاش‌و ئەمن‌و موخابەرات، بەکورتی ژمارەی شەرکەرانی سوپا لەکێشنەهاتوبوو. بۆماوەی چەند حەفتەیەك شەپۆلی هێرشەکان لەوپێدەشتەدا لەچەندین قۆڵەوە لەکاردابوون، هێرش‌و پەلاماردانی زەمینی‌وئاسمانی بەپیادەو زرێپۆش‌وتۆپخانەوفرۆکەو *جاشی شارەزای ناوچەکان، ئەوەندە مەترسیداربوو کەترسی مەرگ‌و رۆژی رەش باڵی* سەرجەمی ناوچەکەدا گرتبووەوەو، وەکو گەرمیانیەکان خۆیان دەڵێن رۆژانی ئەنفال دۆزەخ‌و رۆژی حەشربوون، ئەو کاتانەی ئەنفال گەرمیانی گەمارۆدابوو، خەڵکی لێقەوماوهاوکاری هەموولایەکی لەیەزدان‌وکۆمەڵگەی مرۆڤایەتی گەرەك بوو، وەلێ کەسیان بەهانایەوە نەهاتن.

دوای روخانی رژێم ئەوشەهیدانە لەگۆڕێکی ناوسەربازگەیەکی دوزخورماتوو دۆزرانەوەو دواتر لەمەراسیمێکدا بەخاکسپێردرانەوە.

سەرئەنجام عەلی جەسەن مەجید لە کۆبوونەوەیەکی لە نووسینگەی باکوری حزبی بەعس بۆ پێداچوونەوە بەپەلامارەکانی 1987و 1988 ئاوا قسەدەکات : ترسناکترین قۆناغی هەڕەشەکان بۆسەرعێراق لەنێوان ئابی 1987و نیسانی 1988 بوو، رەوشێکی ترسناك بوو، دەستمان بەزنجیرەیەك کاری سەربازی جدی لە 18ی شوبات بۆ 4 ی ئەیلولی 1988 کرد.

هەموو فەرماندەکانی فەیلەقی 1و فەیلەقی 5، فەریق نزار (ئەلخەزرەجی)و سوڵتان هاشم لە فەیلەقی1 و تاڵع ئەلدوری، شهید حەدیسی، محەمەدو نیعمە فارسو ئەیادی فەیلەقی 5،(مەبەست لە ئەیاد خەلیل زەکی– ع) ئەم پیاوانەی ناوم بردن لەباکورخزمەتیان کردووە لەوکاتەوەی ملازم بوون، یەکەم کەسیان کەبووە ئەندامی حزبی بەعس تالع ئەلدوری بوو، کاتێك بریارماندا گوندەکان بڕووخێنین و گوندنشینەکان کۆبکەینەوەو هێڵی دابەشکردن لە نێوان ئێمە و تێکدەراندا بکێشین (ئەوەی پێی دەگوترێ هێڵی سوور)، یەکەم کەس کەگومانی خۆی بۆ من دەربری لەبەردەم سەرۆکدا تاڵیع ئەلدوری بوو، یەکەم کەس کە بەئاگای هێنامەوە تاڵیع ئەلدوری بوو، لەوکاتەوە تائێستا کاریگەریی تاڵیع شتێکی ئاشکرایە، ئەو گوندانەی وێران نەکرد کە لەوکاتەدا کەداوام لێکردبوو، ئەمە بەتەمەنترین ئەندامی حزبی بەعسە ئەی ئەوانی تر دەبێ چۆن بن؟ چۆن قایلمان بکردنایە کەمەسەلەی کورد چارەسەر بکەن و تێکدەران سەربرن.

بۆیە خۆبەدەستەوەدانی (تێکدەرانمان) لە کەناڵەکانەوە نیشاندان، وا بکەم کەبەشێوەیەکی باش بمێننەوە؟ چیم لەوبزنانە بکردایە؟ پەیامێکم پێگەیشت لەلایەن ئەو پیاوە مەزنەوە، باوك (سەدام حسێن)، دەڵێت: ئاگاداری خێزانی تێکدەرەکان بەو



ئەمەو ئەوە، فەرماندەیی گشتی پەیامەکەی بۆهێنام، پەیامەکەیم خستە سەر سەرم. بەڵام ئاگات لێیان بێت؟ نا، بەبلدۆزەر زیندەبەچاڵیان دەکەم، دوایی داوای ناوی هەموو دەستگێرکراوەکانم لێدەکات بۆ ئەوەی بڵاویان بکاتەوە وتم: قایلن بەوەی لەتەلەفزیۆن بینیوتانەو لەرۆژنامە خوێندوتانەتەوە؟ بۆ کوێیان بەرم ئەم هەموو خەڵکە؟ دەستم کرد بە دابەشکردنیان لە نێوان پارێزگاکاندا. دەبوایە بلدۆزەر بنێرم بۆ نزیکو دوور.[40]

ئەمە لۆجیکی ئەنفالو بیروبۆچۆنی بەعسو پێشخستنی ناوچەی باکور بوو، یاران ئەگەر وێرانکردن، بێت دەبێت ئەم بیرە شۆڤینیە چی لەهەگبەدا هەڵگرتبێ بۆ کورد.

## پەلامارەکانی ئەنفالی سێ بۆناوچەی گەرمیان :

دەکرێت نەخشەو پلانی شەڕی سوپای عێراق لەپەلامارەکانی ئەنفالی گەرمیاندا هەم لەزاری ئەو پێشمەرگانەوە کە لەناوچەکەدابوونو بەشداری شەرەکانیان کردبوو، کە بیرەوەریەکانیان نوسیوەتەوە هەم لەراپۆرتەکەی میدڵ ئێست ۆچدا بەهەندێك وردەکارییەوە بزانرێت، دەنا وێنەی گشتی ئەو پێشیلکاریانەی

[40] کاسێتەکەدەستبەسەرداگیاوەکان کە بەرواری لەسەر نییە، بەڵام لەوەجبەیەکدایە کە بەرواری 21–22 کانوونی دووەمی 1989 لەسەرە. میدل ئیست ۆچ جینۆسایدلەعێراقو پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد– وەرگێرانی کوردی محمد حمە صالح توفیق – 2004

لەسەروەختی پەلامارەکەدا ئەنجامدراون لەتوانای هیچ کەسوسەنتەرێکدا نیە وەکو خۆی بەهەموو وردەکارییەکەوە پیشانی بداتووەکوچۆن بووە ئاوا رونکردنەوەی لەسەربدات، ئەوەی بەسەرگەرمیاندا هاتووە، وێرانکارییەکی تەواو سەدلەسەد، بووە بۆیە زیادە رۆیی نیە ئەگەر رلێم لەدوای **22** ساڵ لەو تاوانەو پاش گەشە سەندنەوەیەکی ئەوتۆی ناوچەی گەرمیان حاڵی حازر ئەگەر بودجەی مانگێکی داهاتی نەوتی عێراقی بۆ دابین بکرێت، هێشتا وەکو پێویست ناکەوێتەوە سەرپێ، ئەمە ئەگەر ژمارەی ئەوهەموو قوربانیەشی نەخرێتە سەر وەکو زیانی گیانیومرۆیی لەناوچەکەدا. میدڵ ئێست وۆچ بەهۆی سیوسێ برووسکەی یەك لەدوای یەکی "نهێنیو بە پەلە" ی *ئیستیخباراتی* سەربازییەوە، کەوا سەعات بەسەعاتی بارودۆخیان خستووەتە ڕوو لەمەیدانی شەڕدا [8]. توانیوێتی دیوێکی ڕەفتارومامەڵەی سوپای عێراق بخاتە ڕوو، ئەم بەڵگەنامانەی میدل ئیست وۆچ تاوتۆی کردبوونو کردوونی بەبەڵگەی راپۆرتە گرنگەکەی باسی زنجیرەیەك جموجوڵی گەمارۆدانی گەورەو هەمەلایەن دەکەن کەوا ڕەتڵی هێزەکانی عێراق بەلایەنی کەمەوە لە هەشت قۆڵەوە بەدەوری گەرمیاندا پێشڕەوییان کردووەو پەلاماریانداوەو سات بەدوای ساتدا ئابڵووقەی شوێنە دەسنیشانکراوەکانی پێشمەرگەیان داوە، [41] سەرباری قورسی هێرشەکانو توندڕەفتاری جاشو جەیش، بەڵام ئەمە هەموو بەسەرهاتو قەوارەی تراژیدیاکە ناخاتە روو، بەتایبەتی کاتێك لەراپۆرتەکەی میدل ئێست وۆچدا هاتووە لەلایەکیشەوە وەکو تەڵەیەك ڕێگەیان بۆخەڵکە هەڵاتووەکەکردووەتەوە هەتا بکەونە داوەو بەپێی خۆیان بچنە ئەو شوێنانەی بۆخڕکردنەوەیان دیاریکرابوو، بەڵام ئەمە سیاسەتێکی سەربازی بووە هەتا وەکو هەناسەدانێك و تاقە دەروازەیەك بۆ گرتنەوەیان نەك بۆ دەربازبوون، کە هاوکات هەموو ڕێگەکانی دیکەی دەربازبوونیان لێگرتبوون. (بڕوانە نەخشەکە). لەم بارەیەوە گرنگی راپۆرتەکەی میدل ئیست وۆچ لەوەدایە کە هەموو برووسکەکانی ئیستخباراتی سەربازی تاوتۆیێ کردوون کەباس لەنزیکەی **120** گوند دەکەن کەوا "گیراونو تێکدراون" یان "سووتێنراونو وێرانکراون"، کەچی لە هەندێ حاڵەتی کەمدا نەبێت هیچکامیان وەك ئامانجی سەربازی باس نەکراون..! ئەمەش وەڵامی ئەو پرسیارەمان دەداتەوە کەمادام ئامانجەکە تێکشکاندنی هێزی پێشمەرگەنەبووبێ لەگەرمیاندا کەواتە جگە لەکۆمەڵکوژیو پاکتاوی رەگەزی چیی

---

(8)– ئەم برووسکانە لەمیدیل ئیست وۆچ یاداشت کراونو بە گشتیی سەرناوەکەیان "کورتەیەك لە سەر *عومەلای* ئێران" بوو بەروارەکانیان لە 9 . 27 ی نیسانی 1988 بوو. ئەمانە هەموو لە نێو فایلدا بە پەت بەسترابوونو بە دەسخەت ناونیشانەکەیان نووسرا بوو "فایلی عەمەلیاتی ئەنفالی سێ (کەرتی قادر کەرەم)، 9 ی نیسانی 1988. بەڵام بە پێی وردەکاریی ناوەڕۆکەکەی پیایدا دیارە کەوا دوورە لەوەی فایلێکی سەرتاپاگیری گۆڕەپانی گەرمیان بێت. زۆربەی بەڵگەنامەکان بە *ئیستیخباراتی* سەربازیی کەلار یان فەیلەقی دوو دەستپێدەکاتو باسی عەمەلیاتی بەشی خوارووی گەرمیان دەکات. ژمارەیەکی کەمیان ڕاپۆرتی *ئیستیخباراتی* توزخورماتوو و چەمچەماڵنو باس لە عەمەلیاتی ژوورتر دەکەن. هەندێ لەم دۆکیومێنتانە لە ڕاپۆرتی 19 ی شوباتی 1993دا لەسەر عێراق لە لایەن ڕاپۆرتدەری تایبەتی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە خرانەڕوو لە لاپەڕە 203 . 221 دا.

[41] بڕوانە میدڵ ئیست وۆچ بەشی پێنجەم ئەنفالی سێ گەرمیان– ل **189**

تربووە..؟ کەلەپروپاگەندەی بەعسیەکاندا باس لەوە دەکرا گوایە ئەوگوندانە بەرەنگاریان تێدا کراوە، کەچی جگەلەوەی خەڵکی ناوچەکە لەچەندین دیداری تەلەفزیونیو رۆژنامەوانیدا جەخت لەوە دەکەنەوە کەبێچەك بوونو زۆربەیان هەژاری ماڵی خۆیان بوون، راپۆرتەکەی هیومان رایتس وۆچیش جارێکی تر ئەوە روندەکاتەوەو هەمان قسەی خەڵکە مەدەنیەکە پشتڕاست دەکاتەوەو پەردە لەسەر نیازومەبەستەکەی سوپای عێراق هەڵدەماڵی کەوا ( لەهەندێ حاڵەتی دەگمەندا گوندێکیان پشکنیوەو سەربازهیچیان نەدۆزیوەتەوە جگە لەتاوانبارکردن بەوەی کە "وێنەی تێکدەران یان خومەینیی جادووگەریان" دۆزیوەتەوە)[10] **بەڵام دەبێ ئەوەش بووترێ کە لەگوندەکانی کوردستاندا هەڵواسینی وێنەی باوباپیرانو شێخو موشایەخو شەهیدەکان مەسەلەیەکی باوبووە، بەڵام هەرگیز لەکوردستان باونەبووەو پێم شك نایات کەس لەماڵی خۆی وێنەی خومەینی هەڵواسیبێ، چونکە لەبنەرەتەوە هاوسۆزیەك لەنێوان کوردو خومەینیدا نەبووە. ئەمە ئەگەر ئەوەش لەبەر چاوبگرین کەوا کورد بەشێوەیەکی گشتی سونەمەزهەبن نەك شیعەمەزهەب.**

ئەگەرچی خەڵکی گەرمیان قەناعەتیان بە خۆبەدستەوەدان هێنا، زانیان کەدەربازبوون مەحاڵەوهەرگیز لەمەوپێش هێزی ئاوا زەبەلاحی سەربازو یلیشیایان

---

**[10] میدل ئیچست وۆچ – برووسکەی فەیلەقی دوو ژمارە 10724 لە 14 ی نیسانی 1988دا باسی عەمەلیاتی ڕەتڵی کفری دەکات "لە پاش داگیرکردنی گوندی عەزیز قادر، هێزەکە لە ناو گونددا هیچی نەدۆزییەوە لەکەلوپەلی ناوماڵو بەڵگەنامەو وێنەی تێکدەرانو خومەینیی جادووگەر بترازێ، کە هەمووی سووتێنرا".**



نەبینیووە. کەچی ئەم خۆرادەست کردنە بەفریایان نەکەوتو وێرای خۆبەدەستەوەدان، وێرای وەعدو بەلێنی درۆینەی جاشیش هەربوونە قوربانیو لە رقو دەمارگیری بەعس رزگاریان نەبوو بۆیە زۆرترین ژمارەی کوژراوو بێسەروشوێنکردن ئەم ناوچەیەی گرتەوەو ئەمرۆ لەدوای بیستو دوو ساڵ بەسەر ئەو تاوانەدا هێشتا گەرمیان وەکو پێویست هەناسەی نەهاتووەتەوە بەروهێشتا بۆنی پرسەی قوربانیانی ئەنفالی لێدێت.

نیازومەرامی پرۆسەی ئەنفال لەگەرمیاندا زۆر ڕوونو ئاشکرایە: بەتایبەتی لەوەدا کەدەبوو تەواوی شوێنەواری نیشتەجێبوونی مرۆڤی کورد لەناوچەکە بسڕێتەوە. ئەوەی لەدوای راپەرینی ساڵی **1991** سەردانی گەرمیانی کردبێ بە روونی ئەنجامی وێرانکاریەکەو توندڕەفتاریو بەدکاری سوپاو بەکرێگیراوەکانی دەوڵەتی عێراقی بینیوە، ئەمە جگەلەوەی هیومان رایتس وۆچ لە راپۆرتەکەی ساڵی **1993** یدا بەڵگەکانی دۆکۆمینت کردوون ( گەلێ لە ڕاپۆرتە مەیدانیەکانی *ئیستیخبارات* ئەم مەسەلەیە بە ئاشکرا باسدەکەن") تەواوی ئەو گوندانەی هێزەکانیان پێدا تێپەڕیووە خانوەکانیان سوتێنراوەو لەگەڵ زەوی تەختکراونوتێکدران، کە هەتا ئێستا **22** ساڵ بەسەر ئەو تاوانەی دەوڵەتی عێراقدا تێدەپەرێ هێشتا زۆربەی ئەوگوندانە وەکو چۆن بەعس "لە سەر نەخشە سڕیبونیەوە ". هێشتا هەر سراونەتەوەو ئاوەدانیان بۆ نەچووەتەوە. لەکاتێکدا ئەرکی دەوڵەتی نوێی عێراقە بەپێی ماددەی **112**ی دەستورلەداهاتی نەوت ئەو ناوچەیە وەکو قوربانی دەستی ڕژێم ئاوەدان بکاتەوەو قەرەبووی زیانەکانی بکاتەوە، یان حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپێش دەستبردن

بۆهەندێك پرۆژەی زەبەلاح لـەسەنتەری شارەکاندا دەستی ئاوەدانی بۆئـەم ناوچـانە درێژکردبایە.

## ئەو قۆڵانەی پەلاماری ئەنفالی سێی گەرمیانیان پێکهێنا .

1. لەکەلارەوە بەرەو تیلەکۆ. کولە جۆ
2. لەباوەنورەوە بەرەو شێخ  تەویلو بۆیسانەو بەکربایەف–.ناوچەی شاتری .
3. لەدوزخورماتوو بەرەو بناری گل – ناوچەی داودە– باش تەپەو ئاوەسپی .
4. رەتلێك لەکفریەوە بەرەو تیلەکۆو کولەجۆ .
5. رەتلێکی تر لەکفرییەوە بەرەو دوڕاجی
6. لە پونگەلەوە بەرەو بەکر بایەف .
7. لەدەربەندیخانەوە بەرەو درۆزنە.
8. لەچیای قەرەداغەوە بەرەو درۆزنە –تەپە کەرۆس
9. لەقادرکەرەمەوە بەرەو ئیبراهیم غوڵام . قەیتول– ناوچەی زەنگنە.
10. لە ناحێی قەرە حەسەنەوە بەرەو هەنارەو محمود پەریزاد.
11. لەلایلانەوە بەرەو تازە شار .
12. لە سەنگاوەوە بەرەو سەرقەڵا .  هەنارە– قەیتول– کچان
13. لەسەرقەڵاوە بەرەو هۆمەر بل– ناوچەی رۆغزایی .
14. هەروەها لە چوارملانو بەرکەلەوە پەلاماردرا.



بەپێی ئەو راپۆرتانەی رۆژانە لەلایەن ئیستخباراتی سـەربازی ناوچـەی ئـەنفالی سـێوە بەرزکراونەتـەوەو دواتـر بەردەسـت کـەوتوون، ئـەم هێـزو یەکـە سـەربازیانەو ئـەو فەوزحانەی جاش کـە لـەخوارەوە ناویانهـاتووە بەشـداری پـەلامارە وێرانکاریـەکانیان کـردووە لـە ئـەنفالی گەرمیانـدا، سەرچـاوەی نـاوی ئـەم یەکـەو فەوجانـە تـەواو باوەڕپێپچکراونو لەهەردوو کتێبی جینۆساید لەعێراقو پەلاماری ئـەنفال بۆسـەرکورد، ئـەنفال کـوردو دەوڵـەتی عێـراق کـە بـەرێز شـۆڕش جـاجی نوسـیوێتی، بەبەڵگـەوە دۆکۆمێنتکراون. بۆیە من بەئامانەتەوە دەیانگوازمـەوە نیـو ئـەم کتێبـەو بـەو پێیـەی بروایەکی تەواوم بە سەلیقەو لێهاتوویی‌و ڕاستگۆیی هەردو سەرچاوەکە هەیە کەمترین زیادەیان لە زانیاریەکانی خۆم خستووەتەسەری .

سوپا :

هەردوو فەیلەقی یەكو دوو فەیلەقی پێـنج کـە پێکهـاتبوون لـەم یەکـە سـەربازییانەی خوارەوە .

1. فیرقەی 4 کەسەربە فەیلەقی یەکبوو .
2. فیرقەی50  هەمان فەیلەق .
3. فیرقـەی پیـادەی 23 . بـەپێی زانیاریـەکانی شـۆڕش حـاجی ئـەم فیرقەیە بەتەنیا 75 گوندی سوتاندووە.
4. فیرقەی 21
5. فیرقەی 27
6. فیرقەی 46

7. فەرماندەیی هێزەکانی پارێزگاری نەوت کە لیوا بارق حاج حنتە پێشەوای بوو.
8. لیوای مغاویری 65
9. لیوای مغاویری 66
10. لیوای مغاویری 68 ئەم سێ لیوایە هەرسێکیان سەربە فەیلەقی دوو بوون.
11. لیوای مغویری 10 کە ئەویش سەربە فیلەقی یەك بوو.
12. لیوای 443
13. فەوجی 211
14. فەوجی 212
15. فەوجی 213 ئەم سێ فەوجەش سەربە فیرقەی 22 بوون.
16. فوجی ( یەك، دوو، سێ ) سەربە لیوای پیادەی 444
17. فەوجی مغاویری یەك فیرقەی یەکی ( خاصە) .
18. فەوجی مغاویری یەك فیرقەی دووی ( خاصە) .
19. فیرقەی 18ی ئالی کە سەربە لیوای مغاویری حەفتا- 70 کە فەرماندەکەی ناوی فواد ئیبراهیم محمد بوو
20. فەوجی مغاویری یەکی کە سەربە فیرقەی حەوت – 7. بوو .
21. فەوجی مغاویری یەك سەربە فیرقەی حەڤدە – 17 .
22. کەتیبەی مدرعە – زرێپۆشی- عباس .



23. کەتیبەی مدرعە – زرێپۆشی الکرامە . لەگەڵ 12 سرییەی تەیارە – یەکەی 55 .
24. بەتاریەی 3- ت- خ .
25. سەرکردایەتی جەحافلی دیفاع وەتەنی – یەکەم.
26. مەفرەزە خاصەکانی سەربەهێزی تەواری سلێمانی ( ئەمە دزێوترینو بەدڕەفتارترین هێزی سەربە دائیرەی ئەمن بوون کە بەڕێوەبەرایەتی ئەمن و بەرپرسی کاروباری ناوچەی باکوری نوسینگەی ڕێکخستنی باکور ی حزبی بەعس بەسەرۆکایەتی عەلی حەسەن مەجید چاودێری دەکردنو شێخ جەعفەر عبدالکريم کۆنەپارێزگاری سلیمانی سەرۆکایەتیو ئاراستەی دەکردن )
27. نەقیب عبد عوّاد : فەوجی پیادەی 417 هێزی هاوبەشی دووەمبوو، کە لە 11 ی نیساندا بە فەرماندەیی ئەم ئەفسەرە نەقیب عبد عوّاد بۆ پەلاماری ئەو ناوچەیەی بۆ دیاری کرابوو لە هێزە سەرەکیەکە جیابووەوە کەدواتر دەرکەوت ئامانجی هێرشکردنە سەر گوندی دوڕاجیە کەچەند میلێك لە ڕۆژاوای هۆمەربلەوە یە.

ئەمانەو هەموو ئەو فەوجە جاشانەی لەپەلاماری ئەنفالی دووی قەرەداغدا بەشدارییان کردبوو، لەم پەلامارەی گەرمییانیش بەشداربوون.

بێجگەلەمانەش ئەم فەوجانەی لەخوارەوە ناویان هاتووە ناویان لەناو ئەو ڕاپۆرتوبروسکانەدایە کەئیستخباراتی سەربازی ئاراستەی سەرەوەی کردوون :

1. سابیر رەقیب سورچی فەوجی 2

2. ئەسعەد جیهانگیر هەرکی فەوجی 5
3. صالح جەمیل ئاغا خۆشناو فەوجی 18 .
4. سەعید یوسف ئەسعەد زراری فەوجی 25 .
5. فەتاح کەریم جاف – فەتاح بەگی جاف فەوجی 35 . لەشوێنێکی ناو راپۆرتەکانو لەناو کتێبەکەی کاك شۆش حاجیشدا (ئەنفال– کوردو دەوڵەتی عێراق) ئەم موستەشارە بەلیوا ناوی هاتووەو لەدیدارێکی ژمارە 4ی سالنامەی ئەنفالستانیشدا فەرماندەیەکی سریەی ئەم فەوجە دەڵێت : فەتاح بەگ مەسئولی ئێمە (جاش)و مەسئولی جەیشیش بوو.
6. موشیر ئیبراهیم ئەحمەد فەوجی 46 سەرگەڕان .
7. کیسرا محمد سەعید – جاف فەوجی 75 .
8. ئەنوەر محمەد رەزا لەك – فەوجی 131 ( ئەم موستەشارە لە شەری گوندی شێخ تەویلدا برینداربووە) شایانی باسە شەڕی شێخ تەویل پێنج رۆژی پڕلەبەرگری خایاند– بڕوانە شەری شێخ تەویل لەلاپەرە ( ) ی ئەم کتێبە.
9. محمد عیسا جاف – فەوجی 100 .
10. جەلال ڕەفیق وەلەد کاکەیی، فەوجی 101 .
11. محمد عەلی ئاغا حەسەن زەنگەنە، فەوجی 139
12. نەقیب عەبدالله حەسەن سالح بابان فەوجی 151 .
13. محمد سەعید ئەحمەد جاف (هارونی) . فەوجی 197 .
14. سەعید قادر محمد جاف فەوجی 199 .



## نەخشەی پەلامـــــــارەکانو مەینەتیەکانی خەڵك :

**پلانی یەکەم: ئەنفالی تووزخورماتوو**

**پلانی دووەهەم: قادر کەرەم و باکووری گەرمیان :**

**پلانی سێهەم : پەلاماری سەنگاو باشووری گەرمیان .**

لەبەرەبەیانی ڕۆژی **7** ی نیسانی ساڵی **1988** لەیەکەم جموجۆڵی سەربازیدا، هێزەکانی سوپاوفەوجەکانی *جاش* لەژێرچاوەدێری عەلی حەسەن مەجید بەرپرسی نوسینگەی باکوری حزبی بەعسو بەپێشەوایەتی لیوا بارق عبداڵە حنتە کەوتنە جموجوولێو بەچەكو تفاقی جەنگی پێویستەوە لەبنکەکانیان دەرچوون، سەرەتا هێزەکان بەچاوساغی جاشەکوردەکان کەزۆربەیان شارەزای ناوچەکە بوون، لەشاری تووزخورماتووەوە کە دەکەوێتە ڕۆژاوای گەرمیان بەرەو ناوچەی داودە پێشڕەوییانکرد. لەدوو ڕۆژی دواتریشدا، هێزەکانی تر لەکەرکوكولەیلانو چەمچەماڵو سەنگاوەوە دەرچوون، لەلانی کەم لەهەشت قۆڵەوە هێرشکرایە

سەرناوچەی گەرمیان ئەو هێزانەی لەدوزخورماتووەوە کەوتنە جولـە بەسـێ قـۆڵ دابەشکرابوون:

<u>یەکەم :</u> لە خۆرئاوای دوزخورماتووەوە لەنەوجوولەوە کە دەکەوێتە باکوری نـاحێی قادرکـەرەمو رۆژهـەڵاتی نـاحێی سـلێمان بەگـەوە، کـە ئـەو سـەرووەختە شارۆچکەیەکی گەرمیانبوو، لەو پەلامارەدا روبـەرووی بـەرگری نەبوونـەوە بـەڵام **115** کەس لە دانیشتوانەکەی گیرانو راپێچکران، هەتائێستاچارەنوسـیان نادیـارە، ئینجا هێزەکە بۆ باشووری ڕۆژهەڵات بەنیازی ئەنفالکردنیان بەرەو چەمی ئاوە سپی پێشڕەوی کرد.

<u>دووەم:</u> هێزێکی گەورەتر ی هاوبەش لەلیوای **65** ی هێزی تایبەت لەگـەڵ دوو فـەوجی جـاش کـە پێکهـاتبوون لەفـەوجی( **58**و **200**) ی بەناوبـەرگری نیشتمانی..! بەرەو ڕۆژهەڵات بەگوێچەمداپێشـڕەویان کـرد، لـەوێ لەگـەڵ ئـەو *پێشمەرگانەی* مابوونەوە لەگوندی باشتەپە روبەروبونەوە، بەڵام پاش ئەوەی فڕۆکـە جەنگیەکان هاتنە سەرشەرەکەو، ئاسمانی ناوچەکە بەچڕی بۆمبـارانی گونـدەکانی ( باشتەپە، ساڵەیی، قەڵای سەرشاخ، ئاوایی حەسەن، لفتی اغا) یانکرد زۆری نەخایاند کەشەرەکەی باشتەپە کۆتایی هات،[42] دیسـانەوە لـە رۆژی **4/8/ 1988** هێـرشو پەلامار دەستی پێکردەوەو رووەو گوندی تاڵاو کەدەکەوێتە سەر ڕێگای نەوجول – دووزخورمـاتوو، پێشـرەویانکرد، ئەوخەڵکـە بێـدەرەتانو مەدەنیـەی پـێش ئـەم

[42] بروانە میدل ئیست وۆچ – جینۆساید لەعێراق پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد _ پەلاماری ئەنفالی سێ بۆسەر گەرمیان –



ئۆپەراسیونانە بەکشتوکاڵو ئاژەڵداریەوە سەرقاڵبوون، شپرزەو بێدەرەتان بەخـەیاڵی خۆدەربازکردن بەرەو ئەو هەردو جەوەڵانـە ملیاننـا، پـاش ئـەوەی خـەڵکی تـاڵاو گەیشتبوونە هەردەکانی دەوروبەرکۆمەلێك پێشمەرگەش لەتازە شارەوەچوون لەگەڵ هێزەکەی بەعس کەوتنە بەریەك، سەرباری نابەرانیەریو ناهاوسەنگی هێز پێشمەرگە لەگوندی تاڵاو رۆژێکی تەواوی بـەرەنگارییانکرد، سـەرئەنجام پـاش شـەهیدبوونو برینداربوونی دوو پێشمەرگە شەڕ کۆتایی هات گوندە **75** ماڵییەکە کەوتە بەرلمۆزی شۆفلو لەگەڵ زەوی تەختکرا، [43] بەڵام تراژیای گوندی تاڵاو بەوەندە کۆتایی نەهات بـەڵکو. رۆژی **1988/4/9** خـەڵکی گونـد کەلەوهەردانـەخۆیان مەڵاسـدابوو کەوتنەبەرپەلاماری دڵرەقانەی جاشو سەربازو ئەوەی بەرچنگیان کەوت هەموویان گیرانو بەسەیارەی جۆری ئیڤای سەربازی بارکرانوبەرەو ناحیەی نەوجولو دواتریش بۆبنکەکانی کۆکردنەوەی دوزخورماتوو، لەوێشەوە دابەشـکرابوونە سـەربنکەکانی کۆکردنەوە لە تکریتو تۆپزاوا رەوانە کرابوون، لەوپەلامارەی ئەنفالیشـدا ( **96**) کەسی مەدەنی بەژنومنداڵەوە بێسەروشوێنو ئەنفالکران،[44] دوای شەری تاڵاوهێزە هاوبەشەکەی بەعس[(11)] ڕایگەیاند کەحەڤدە گوندی ناوچەکەی ڕماڵی و لەتێکدەران

[43] گوندی تاڵاو بەرلەئەنفالیش گورزی کەمەرشکێنی سوپای بەرکەوتبوو چەند جارێکی تریش روخێنرابوو، تەنانەت ساڵێك پێش پەلامارەکانی ئەنفال سوتێنرابوو، لەکاتێکدا خەڵکەکەی بێچەك بوونو بەکشتوکاڵو ئاژەڵداریەوە سەرقاڵ بوون.

[44]- مەلا هاوار بەشێك لەشایەتحالەکانی ئەنفالی سێ – بەرگی یەکەم – چاپی یەکەم 2007

[(11)] ئەو هێزە هاوبەشە پێکهاتبوو لە لیوای 65 ی هێزی تایبەتو لە لایەن هەردوو فەوجی بـەرگریی نیشـتمانیی 58و 200ەوە پاڵپشـت دەکـرا. برووسـکەی ***ئیسـتیخباراتی***

پاکراوەتەوە، چارەنوسی خەڵکی ئەو **17** گوندە هەمان چارەنوس بووکە گەرمیانی بەگشتی گرتەوەو خەڵکەکەی هەموو ئەنفالکران، شایانی باسەبەپێی هەواڵدەرە سەربازیەکانی بەعس زیانی هێزی هێرشبەر یانزە کوژراوبووە، لەوانە هەشتیان *جاش* بوون. لەکۆی ئەو **17** گوندە دوانیان وارانیی ژوور([45])و وارانی خوارو[46]بوون، کە هێزێکی *پێشمەرگە* لەدوای شەری باشتەپە خۆیان گەیاندبووە ئەوێ.

تووزخورماتوو ژمارە 10340 لە 10 ی نیسانی 1988دا. برووسکەکە سکاڵای ئەوە دەکات کەوا فەوجێکی تری *جاش* (فەوجی 25)، "لە هێزەکە کشاوەتەوەو ئەو ئەرکانەی پێیسپێردراوە ئەنجامی نەداوە"، ئەم جۆرە سکاڵایانە لەمەڕکەموکورتیی میلیشیای کورد بەردەوام دووپات دەبێتەوە لەم برووسکانەدا.

45 – وارانی ژوورو وارانی خوارو دراوسێی یەکترن و دەکەونە سەرچەمی ئاوەسپی ، وارانی ژوورو لەناوەراستی سەدەی نۆزدەهەمدا لەلایەن ئیبراهیمی لفتی ئاغاوە دروستکراوە، هەمیشە لەلایەن دەولەتی عێراقەوە لە نائارامیدابووەو ساڵی 1963 لەلایەن حەرەس قەومیەکانەوە سوتێنراوە، بەرلەپەلامارەکانی ئەنفال نزیکەی بیستماڵیکی تیدابووەو بەزۆری بەکشتوکاڵ و ئاژەلداریەوە حەریك بوون، لەساڵانی هەشتاکاندا بەردەوام بەرتۆپ وراجمەدراوەو زیانی قورسی بەکەوتووە، لە بەرواری 10 /4/1988 رۆژێك دوای وێرانکردنی گوندی تالاو وارنی ژوورو کەوتە بەرپەلاماری ئەنفال و 103 کەسیان دەستگیرکران و ئەنفالکران و هەتا ئێستە بێ سەروشوێنن.. ئەم گوندە بەجۆرێك شیرازەی تێکچوو تەنانەت دوای راپەرینیش بە زەحمەت توانراوە ژیانی بۆبگەرێتەوە ساڵی 1996 هەندێك لەخەڵکەکەی گەرانەوە بەڵام ئێستا وارانی ژوورو نزیکەی بیست 20 ماڵێکی لێ دامەزراوەتەوە.

46 – وارانی خوارووش دەکەوێتەسەر چەمی ئاوەسپی کە هەروا چەند مەترێك لێوەی دورە بەهۆی ئەوە بەرلە پەلاماری ئەنفال جۆگەی ئاودیری بۆهەلبەسترابوو، خەلکەکەی



وەنەبی خەڵکی گەرمیان هەرلەپەلامارەکانی ئەنفالدا گورزی توندی دەوڵەتیان بەرکەوتبێ– نەخێر .. (من ..نوسەر) گەلێك حیکایەتی ئەم ناوچەیەم تۆمارکردووەو زۆرکەسم دواندووەو دیدارم لەگەڵ سازکردوون تائێستا نەم دیوە کەسێك لەو شایەتحالانە باسی ئەوەی بۆنەگێرابمەوە کە پێش ئەنفالیش هەمیشە لەژێر هەرەشەی دەوڵەت و بۆمبارانی تۆپ وراجیمەوفرۆکەکانی هێزی ئاسمانی سوپادابوون.

پێشتریش وارانیەکان زۆر زەبروزەنگ ومەینەتی و سزای دەوڵەتیان چەشتبوو، وارانی سەروو لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا لەلایەن لفتی ئاغاوە ئاوەدانکراوەتەوەو وارانێی خواروش لەسەرەتای سەدەی حەوتەمەوە لەلایەن ناودارێکەوە بەناوی جەمشیر دروستکراوە، ئەم دوو گوندە لەساڵی **1963**وە سێجار لەماوەی جیاجیادا بەسەختی بۆمبارانکراوەو تەختکراون و سووتێنراوون. هەروەها ئەم جووتە گوندە بوون بەنموونەی وێنەیەکی تاڵی کاریگەریی فەرمانەکانی علی حسن المجید بەبۆردمانی فڕۆکەو تۆپباران بۆ ئەوەی "گەورەترین ژمارەی خەڵك بکوژن لەوناوچانەی ئەم بازنەی سوری بەدەوردا کێشابوون وبە قەدەغەکراوناوی

خەریکی کشتوکاڵ و ئاودێری بوون، ئەم گوندەش بەرلە پەلامارەکانی ئەنفال چەندجارێك بەسەختی کەوتووەتە بەر پەلامارەکانی سوپا بەتایبەتی تۆپباران، بەرلە ئەنفال 29 ماڵی تێدابووە، ئێستا کە ئاوەدانکراوەتەوە تەنها 10 مالیان ماون چونکە بەهۆی پەلامارەکانی ئەنفالەوە گوندەکە کۆمەڵکوژی و ویرانی زۆری بەخۆیەوە دیوە، قوربانیانی ئەم گوندە 129 کەسن و هەتا ئێستا بێ سەروشوێنن. شایانی باسە هەردوو وارانی سەربە ناحێی نەوجولن.

دەبـردن"[12]. هـەروا چـەند مانگێـك بەرلـە ئـەنفال هەلیکۆپتـەرەکانی دەوڵـەت پیرەمێردێکی جوتیاری لەکاتی دروێنەدا کوشتبوو، لەپەلامارێکی هاوشێوەدا دیسـان کچێکی پانزە ساڵانو دایکی کوشتووە کەخەریکی کاروباری خۆیان بوون لەوکاتەدا کـەئاویان لـە چـەمەوە هێنـاوە، بەهـەمان شـێوە دوو کـوڕی منـداڵیان کوشتبووکەهەردووکیان برابوون، شوانی مەرومالاًت بوونو تەمەنیان هەشت ساڵو یانزە ساڵان بووە. سەرئەنجام بێدەنگی لەم رەشـەکوژیە بازنـەی تاوانـەکانو نیـازی بەکۆمەڵکوشتنی کوردی زیاتر کرد، بۆئەوەی رێژەیان لەناوچەکە کەمبکرێتەوە یان ناچاربن دەستبەرداری زیدی خۆیانبن، ئەمە تەنها حاڵی گوندێکی گەرمیانو کوردستان نـەبوو، بـەڵکو تاسـاڵی **1988** ئـەمجۆرە ڕەفتـارە نامرۆڤانەیـە بـەردەوام بـووەو حاڵوگوزەرانی گوندنشینەکان بووە، کەبۆردومانی رەتڵی کاتوێشاو تۆپو فرۆکەکانی بەعسیان لەسـەربووە، ئـیتر گوندروخانـدن بەدەسـتی دەوڵـەتو چـاککردنەوەیان بەدەستی گوندنشینەکان ببوونە حیکایەتی مێشو برانەوەیان نەبوو، ئـەم روخانـدنو چاککردنەوەیە دوهێڵی تەریببوونو نەدەگەیشـبنەیەك، چـونکە بـەلۆژیکی بـەعس ئەوگوندانە دەروخێنران لەپێناوی ئەوەی گوندنشینەکان ملکەچی سیاسەتەکانی رژیم بنو بچنەوەبن بالی خۆی،[47] بەلۆجیکی گوندنشینەکانیش زیدی خۆیان بەجێناهێلنو

(12) بڕگـە 4 ی ڕاسـپاردەی فەرمانـدەیی مەکتـەبی بـاکوور س ف 4008 لـە 20 ی حوزێرانی 1987 کەلە پاشکۆی کتێبەکەدا خراوەتە روو .

[47] ئەم گوازەرەلێکردنە لەقسەیەکی عەلی حەسەن مەجیدەوە هەلهێنجراوە کە لەکۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ بەرپرسانی حزبی دەلێت : من ئەو گوندانە چۆڵدەکەمو لە



ویـرای گـەمارۆی ئـابوریو نەگەیشـتنی زخـیرەو خزمـەتگوزارییو وێـڕای هەرهەرەشەیەکی مەترسیداریش زێدی خۆیـان لـە ئۆردوگـاو بـن بـالی بـەعس پـیّ باشتربوو، هەربۆیە چۆڵیان نەدەکردودەیانەویسـت لەزیـدی خۆیانـدا بـژین، بـەلاّم لۆجیکی ئەنفال تەواو جیاوازبوو، ئەمجارە بەزەبری هێزو بەسـتەمکاریەکی زیـاترەوە هاوکێشەکەی گوڕیو غەدری سنوربەزین هێلەتەریبەکانی تێك شکاند، عەلی جەسەن دەیوست بەغروری خۆیو بەپشتیوانی چەکی تایبەت- کیمیاوییو لەژێربالّی بێدەنگی جیهانی ئیسلامو کۆمەڵگەی نێودەوڵـەتی مـەحاڵ بکاتـە جەقیقـەت هـەروەك ( لـە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ موستەشارە کوردەکاندا عەلی حەسەن مەجید بەراشـکاوییو چاوقایمییەوە پێی گوتیون، یان عەگال دەکەمە سەری کورد یان مـن شـەرواڵ لـەپیّ دەکەم ) [48]

بەزۆری هێزەکان لەکاتی بەرچـایی بەیانیـدا دەگەیشـتنوئاگریان بەردەدایـە خانووەکانو هەرچی ئاژەڵو مالاّتوسامانی هاولاّتیانیش بوو تالاّنیان دەکرد، ئەمەش بەپێشچاوی ئەوخەڵکەوە دەگوزەراکـە دەیـانگرتنو ڕاپێچـیاندەکردن. هەنـدێکیش لەوخەڵکانەی کەبەرەو هەردەو تەپۆڵکەکان هەڵدەهاتنو چەند ڕۆژێك لەو نـاوەدا دەمانەوە، بەلاّم دوایـی هەردەبوونـە داوەو بەدەسـت هێـزە زەبەلاحەکـەی ئـەنفال

ئۆردوگاکاندا نیشتە جێیان دەکەوە وەك چۆن مریشك جوجەلەکانی دەخاتەوە بن بالی خۆی .

[48] بروانە گۆڤاری ئەنفالستان – ژمارە 6 چاوپێکەوتن لەگەل سەعید جاف موستەشاری فوجی 72 لایەرە .

دەکەوتن، زۆریشیان بەناچاری خۆیان رادەستی جاشەکوردەکان دەکرد، بەتایبەتی ئەوکاتەی کە بێئومیدبوون و زانییان کەوا لە سێ لاوە ئابلۆقەدراون و هیچ چارێکیان نەماوەوناچارن بەرەوخوارببنەوە بۆ سەرجادەی سەرەکی و لەوێ خۆیان دەدایە دەست موستەشاروجاشەکانەوە بەوهیوایەی ئەمانە کوردن و بەو لۆجیکەی ئەگەرگۆشتیشمان بخۆن ئێسکمان ناشکێنن، بەلاّم ئەمە زۆر لەگەلّ ویژدانی جاشەکوردەکان وێکنەدەهاتەوەوزۆربەی زۆری ئەوانەی چەکیان هەلّگرتبوو لەئەنفالدابەشداربوون ویژدان و هەستەمرۆڤایەتیەکانیان دۆراندبوو، خەلّکی ئەو قوّلەی گەرمیان کە سوپا تەنگی پێهەلّچنیبوون خۆیان رادەستی موستەشارێك کردبوو بەناوی عەدنان جەباری. لێرەش وەك هەموو گوندەکانی تری ناوچەی داودە ئەوانەی کەتێداچوون وئەنفال بێ سەروشوێنی کردن ژمارەیەکی زۆریان ژن ومندالّ بوون.

سێهەم:

## شەری تازە شارو بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی :

هێزێکی هاوبەش لە تووزخورماتووەوە جولاّو هێرشێکی توندی کردە سەر پێشمەرگەکان کەبریتی بوون لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حزبی شیوعی عێراقی، لەگوندی تازە شار، ئەو گوندە کە بەهەمووی 20 مالّێك دەبوو نزیکەی دوانزە میلێك دەکەوێتە باکووری چەمی ئاوەسپی. ئەو گوندە بچووکەی گەرمیان، بووە ئامانجی سوپا چونکە وا حسێبدەکرا کەبایەخێکی ستراتیجیی تایبەتی هەیە لەبەرئەوەی نزیکی ڕێگای نێوان تووزخورماتوو- قادرکەرەم بوو. ئەوکاتە سوپا کەوتە جولاّن هێزێکی پێشمەرگەی 25 کەسی لێدامەزرابووکەپێکهاتبوون لەدەستەیەکی



پیێشمەرگەی یەکێتی و دەستەیەکی حزبی شیوعی لەوانە هەندێکیان عەرەب بوون، بەتێکەلّی سەنگەریان لەهێزەکانی سوپا گرتبوو کەوا لەڕێگای سەرەکیەوە پێشڕەویی دەکرد، هێزەکە پشت ئەستور بەچەکی قورس و تانکی روسی، لەخوارەوە دەجولاّو فڕۆکەو هەلیکۆپتەریش لەئاسمانەوە پشتگیرییان دەکرد. ئەوا گوندی تازە شار جارێکی تربووەتەوە بە ئامانج، چونکە ئەم گوندە چەندین جاری تربەر بۆمباران و تالاّن و برۆکەوتبوو، سالّی 1963لەلایەن حەرەس قەومیەکانی رژێمی (عەبدالسلام عارف)ەوە بەرپەلاماری دلرەقانەی حکومەت کەوتبوو، گوندەکەیان ڕوخێنرابوو، لەوسەردەمەشدا هەمان تاس وحەمام جارێکی ترخەلّکی تازەشاربەرەو ناچەکانی زەنگنە هەلاّتوون و لەدەست حرس قەومیەکانی عەبدالسلام عارفەوە ڕاودونراون، دوای ئاسایی بوونەوەی بارودۆخ خەلّکی تازەشار ترگەراونەتەوە بۆگوندەکەو سەرلەنوێ خانویان بەشێوەیەکی هاکەزایی و هەژارانە دروستکردووەتەوە، بەلاّم هێرشی ئەمجارە لەهەموو جارەکانی تر بۆنی مەرگی لێدێ و نیازی لەریشەکێشانی کوردە لەم ناوچە پان وپۆرەی وا دەولّەمەندە بەنەوت.  خەلّکەکەی سەرووەختە هاکەزایی و هەژارانە دەیانگوزەراندو هەروا لەبیست مالێکی لەقوردروستکراوی خواروخێچدا قەناعەتیانکردبوو،  دەبوون و ژیانێکی هاکەزایی دەژیان و بەزۆری بەکشتوکالّ و بەخێوکردنی ئاژەلّەکانیانەوە خەریکبوون.

پاش ئەوەی بیری ڕوخاندن و وێرانکردنی گوندەکان وەك پشت و پەنای پێشمەرگە لەلایەن بەعسەوە گەلاّلّە بوو، ناشێ گوندی تازەشار بەتەنیا لەلۆجیکی عەلی حەسەن مەجیدو ئەنفال رزگاری بێ، بەلّکو نیازو خەیالّی حکومەت خەراپەو دەبێ ئەویش چارەنوسی وەکوهەموو ئەو گوندانەی تری گەرمیانبێ.

ئەو کاتەی سوپای عێراق بەهێزێکی هاوبەش و بەچاوساغی جاشە کوردەکان پەلاماری گوندی تازەشاریدا دودەستە پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانوحزبی شیوعی تێدابوو، کە دەیانویست بەرگری لە گوندی تازە شاربکەن، پێشمەرگەکانی یەکێتی بە فەرماندەیی نازم بچکۆڵو شیوعیەکانیش بەفەرماندەیی (ملازم سامی) بوو . هێزەکانی سوپای عێراق پێکهاتبوون لە فیرقەی 12 یسەربە هێزی نوعمان، لیوای 36ی مغاویر، لیوای 46ی کەتیبەی دەبابەی کوڕی هیسم، بەپێشەوایەتی ئەفسەرێك بەپلەی رائیدێك بوو بەناوی (عەبدلەتیف مەجید کەرخی) دووهێزی جاش بەسەرپەرشتی عەمید شاکرو عەمید کاکل، لیوای 66ی مغاویر کە لە130 سەربازی تایبەت پێکهاتبوون، شەرەکە لە رۆژی 9ی نیسانی 1988 کاتژمێر 8ی بەیانییەوە دەستی پێکرد، سوپای عێراق هەرلەسەرەتاوە زۆر بەدڵرەقانەو بەربەریانە بەهێرشی زەمینیو ئاسمانی دەستی پێکرد، لەخوارەوە بەهێزی پرچەکی مۆدێرنودەبابەو لە ئاسمانیشەوە فرۆکەی هێلی کۆپتەر ئاسمانی ناوچەکەیان تەنیبوو، هێرشی یەك لەسەر یەکی سوپا تا 3ی پاشنیوەڕۆی خایاند، ئەگەرچی شەڕی تازە شار بەشەهیدبوونو گیان لەدەستدانی زۆربەی پێشمەرگەکان کۆتایی هات، بەڵام ئەمە داستانێکە کەنەك هەرلەگەرمیان بەڵکو دەبێت لەمێژووی کوردا بەتایبەتی لەپەلاماری ئەنفالدا وەکو بەر گرییەکی بێوێنە بخەملێندرێ، چونکە پێشمەرگەکانی تازەشار سەرباری برسێتیو کەمی خۆراكو کەمی تەقەمەنیو نەبوونی چەکی پێشکەوتووش، بەو چەکە هاکەزاییانەی دەستیانەوە، کە بە زۆری چەکی سوکی کلاشینکۆف بووە، بەرگرییەکی قارەمانانەیان نواندو توانیان داستانێك تۆماربکەن. کەچی لەبەرانبەردا حکومەتی عێراقی بۆ تێکشکاندنیان چەکی کیمیایی بەکارهێنا کە لەدنیادا قەدەغەکراوە، [49]

سەرئەنجام بەهۆی کاریگەری ئەم چەکەوە لەکۆی 25 پێشمەرگە 22 یان شەهید بوون، [50] لەوانە هەردوو فەرمانەدەکەی یەکێتی نازم بچکۆڵو ملازم سامی . ئەگەرچی لەناو ئەو پێشمەرگانەدا کەسی وایان نەماوە کە چۆنێتی شەڕەکە بگێڕێتەوە، لەناو دەربازبوەکاندا کوڕێك بوو بەناوی کەمالسەعید کەلەسەرەتای ساڵانی نەوتدا بەنەخۆشی گیانی لەدەستدا. یەکێکی تر لە دەربازبوەکان پێشمەرگەیەکی گوندی تازەشاربووە بەداخەوە ئەویش وونبوو، چونکە هەتا هەڵدانەوەی گۆڕی شەهیدەکانی تازەشار خەڵك بەیەکێك لەشەهیدەکانی زانیوە بەڵام کە گۆڕی ئەوشەهیدانەیان لە سەربازگەیەکی دوزخورماتودا دۆزییەوە ئەو پێشمەرگەیەی تازەی شاری تێدانەدۆززرایەوە [51] کەزۆر پێدەچێت بەبرینداری دەست هێزەکانی ئەنفال کەوتبیێو بێ سەروشوێنکرابێ، بەڵام هەرچی شایەتحاڵەکانی دەورروبەرن نەبەردی ئەوپێشمەرگانە دەگێڕنەوە کەبەو ژمارە کەمەو بەونەختە چەكو فیشەکەیانەوە چۆن ڕوبەرووی

[49] ساڵی 1925 نەتەوەیەکگرتووەکان لە جنێڤی بارەگای سەرەکی خۆی پەیماننامەیەکی لەدژی چەکی کۆکوژ مۆرکرد.

[50] بۆ زانینی ناوی ئەو پێشمەرگانەی لە شەڕی تازە شاردا شەهیدبوو، بروانە ئاماری ناوی شەهیدەکان.

[51] هەرئەو هاوڵاتیەی دوزخورماتوو (صمد) ووتی: تا ئەوکاتەی تەرمەکانیان لەسەربازگەیەکدا دەرهێنرانەوە برورامان وابووکەوا ئەویش لەناوئەوشەهیدانەدایە کەچی بەداخەوە کەدەرهێنرانەوە ئەویان تیدانەبوو،

ئەوجەیشە زەبەلاحە بوونەوە، لەبەیانییەکی زووەوە تا دوایینیوەڕۆیەکی درەنگی ڕۆژی **9** ی نیسان بەرگرییەکی ئازایانەیان کرد، ئەمە سەرباری ئەوەی سەنگەرەکانی ئەمان لەچەمو شیوێکدابوو، کەوا دەورووپشتی هەمووگردو تەپۆڵکەبوو، بارودۆخی بەرگریکردن زۆرلاسەنگبوو، بەڵام بەوپێیەی چەکی کیمیایی تێدا بەکارهاتووە، دەشێت بڵێین هۆکاری بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی ئەوەبووە کە پێشمەرگەکان بەرگریەکی زۆریان کردووەو سوپایان بەرادەیەك شپرزەکردووە، ئەمەوێرای ئەوەی سوپا چەکی قورس‌وکاریگەریشی بەدەستەوەبووە، سوپا تاکتیکێکی کردووە، پێدەچێت تاکتیکەکەی سوپا بەئاسانی سەری گرتبێ، ئەویش ئەوەبوو کە بەشێوەیەکی کاتی پاشەکشەیەکی کردبوو، تاجارێکی تر لەهێرشێکدا لەپشتی گوندەکەوە چواردەوری پێشمەرگەکانی گرتبوو، ئیتر سەربازسەریاڵەکانیان گرت‌و هەرلەرێوە سێ گوندی تریان وێرانیان کرد. 52

گەلێ کەسی خەڵکی گوندەکانی دراوسێ شایەتی ئەوە دەدەن کەواسوپا لەتازەشاردا چەکی کیمیایی بەکارهێناوە. پیاوێك کە ئێستا لە دوزخورماتوو دادەنیشێ بەناوی صمد نوری دەڵێت: بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە تازەشار مەسەلەیەکی حاشاهەڵنەگرە، بەڵام سەبارەت بەژمارەکەیان کەوا چەند پێشمەرگە شەهیدبوون رایەکی تری هەیەو دەلێت **25** شەهیدبوون، کەمال سەعید یەکێك بوولەو پێشمەرگانەی لەشەڕەکەدا بەشداربووە لەسالآنی نەوەدەکاندا کۆچی دوایی کرد.

[52] ئەوگوندانە کانی قادری سەروو، کانی قادری خواروو، ئاوایی شێخ حەمید بوون– بروانە میدل ئێست وۆچ– بەرگری لەتازەشار.



53پیاوێکی تری خەڵکی کانی قادری خواروو، کە چوارمیل لەوێوە دوورە، بەمیدڵ ئیست وۆچی ڕاگەیاندووە کەبەڕادیۆ گفتوگۆی بێتەلی وەرگرتووەو ئەفسەرە فەرماندەکە وتوویەتی گازتاقە ڕێگەیە بۆ تێکشکاندنی بەرگریەکە(14)، پاشان شایەتەکە فڕۆکەی هۆکەرهەنتەری بەریتانیی بینیوە کەگوندی تازەشاری بۆردمانکردووەوگەواڵە دووکەڵی سپیی زۆری لێپەیدا بووە. سەعاتێك لەوەو دواش سوپا چووەتە ناودێوە، بەڵام پاش چی ئەوکاتەی تەواوی پێشمەرگەکان کە پێش چەند سەعاتێك بەرگری قورسیان دەکردگیانیان لەدەستداوە. هەروەها ژنێکی تر بەناوی ئایشە، کەئەوکاتە

[53] پەیوەندی تەلەفۆنی نوسەر لەگەڵ صمد نوری – دوزخورماتوو– 8ی شباتی 2010 .

(14) به پێی قسەی شایەتگەلێکی زۆر کەوا میدڵ ئیست وۆچ چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردوون مەسەلەیەکی باو بووە لای پێشمەرگەو خەڵکی گوندەکان کە ڕادیۆکانیان بخەنە سەر ئەو فریکانسانەی لەلایەن هێزی چەکداری حوکوومەتەوە بەکاردەهاتن. فەرماندەیەکی PUK لە گەرمیاندا دڵنیا نەبوو لەبەکارهێنانی کیمیایی لەتازە شاردا، بەڵام باس‌و گێڕانەوەی شایەتەکان لەگەڵ گەلێ سەرچاوەی تردا کەچاوپێکەوتنیان لەگەڵکراوە، بەڵگەی قەناعەت بەخش دەدەنە دەستەوە کەپەلامارێکی لەوجۆرە بووە. چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ لە گەڵ دانیشتووانی ئەوسای شێخ حەمیدو کانی قادری خوارووداء کۆمەڵگای باینجان‌و سلێمانی ، 19 ی مایس و 25 ی تەمووزی 1992و 19 ی مارتی 1993. هەروەها ئەگەری ئەوەش هەیە کەوا هێرشێکی کیمیایی دووەمجاریش لە 10 ی نیساندا ئەنجامدرابێت. جووتیارێکی مەڕدار لەگوندی تالآوی ئەو نزیکانە باس لەوە دەکا ئەو *پێشمەرگانەی* دەرباز بووبوون بەو لایەدا هەلآتن‌و لە دەروبەری نیوەشەودا فڕۆکە بۆردمانی کردبوون. بەگوێرەی قسەکانی ئەم پیاوە ئەو کیمیابارانە دە کەسی لەتالآو کوشتووە. چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ، کۆمەڵگای دارەتوو، 18 ی نیسانی 1992.

ئافرەتێکی دووگیانی تەمەن بیست ساڵ بووە لەدێی شێخ حەمید، بەمیدڵ ئێست ۆچی ڕاگەیاندووە کەوا( لەسەر بەرزاییەکی ناوکێڵگە گەنمەکەی خۆیانەوە تەماشای بۆمبارانەکەی کردوە، ئەویەکەمجار نەیزانیبوو کەکیمیایی بەکارهاتووە، بەڵام کاتێ لای ئێوارە لەبەرزاییەکە هاتبووە خوارەوە لاشەی هەربیست و پێنج پێشمەرگەکەی بینیبوو[54] " هەر هەمان شایەتحاڵ دەڵێت: ئەو کاتە زانیم کەچەکی کیمیاییان بەکارهێناوە، چوونکە ژمارەیەکی زۆریش بزن و مانگاو پەلەوەرم بینی مرداربووبوونەوە". شەوی **10** ی نیسانیش ئیستیخباراتی توززخورماتو برووسکەی کردووە بۆ مەنزوومەی ڕۆژهەڵات کە "لاشەی **15** تێکدەر لابراون و لەنزیك فەرماندەیی کەرتی سەربازیی توززەوە نێژراون. لەپێش ناشتندا وێنەیان گیراوەو بەنووسراوێکی تایبەتی دەنێرریێت"(**15**). ڕەتڵەکە، پاش ئەوەی لە تازەشار بووەوە، بەرەوخوار پێشڕەویی کردوکۆمەڵێك گوندی تری ڕامالّی و تەختی کردن، ئەوجا دوابەرگریکردنی پێشمەرگەی لەگوندی کەریم باسام تێکشکاندو گەیشتە لای باکووری گوێچەمی ئاوەسپی.

[54] **بەزۆری بروا لەسەر ئەوە کۆکن ئەو پێشمەرگانی لە تازە شار گیانیان بە خشی ژمارەیان 22 کەس بووە لەکۆی 25 پێشمەرگە، بۆیە پێناچێت ئەو ژمارەی شایەتحاڵەکەی میدل ئیست ۆچ تەواو بێت.**

(15) **میدل ئێست ۆچ – جینۆساید لەعێراق و پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد. برووسکەی *ئیستیخباراتی* توززخورماتوو ژمارە** 10334، 10 **ی نیسانی** 1988.



پاش ئەوەی سوپا گەیشتە گوندەکە هەموو خانووەکانی لەگەڵ زەوی تەختکردودواتر هەموو خەڵکەکەشی لەناو قادر کەرەم گرتن و ئەنفالی کردن.[55] ئێستاش ئەوگوندە ئاوەدانکراوەتەوە بەڵام لەکۆی ئەو بیست ماڵە تەنها شەش ماڵی تێداماوە، ئەویش نەلەلایەن حکومەتی عێراقیەوەو نەلەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و نەلەلایەن ڕێکخراوەکانەوە هیچ هاوکارییەك نەکراون و لەهەموو خزمەت گوزارییەك بێبەشن.

[55] **بۆ ناوی ئەنفالکراوەکانی گوندی تازە شار– بروانە خشتەی مارەکە.**

## ناوی ئەنفالکراوەکانی گوندی تازەشار

| ز | ناوی سیانی ئەنفالکراو | لەدایکبوون | ڕەگەز | شوێنی ئەنفالکردنی |
|---|---|---|---|---|
| 1. | ابراهیم ئەمین سلیم | 1972 | نێر | قادر کەرەم |
| 2. | ئەمین ئەحمەد شاسوار | 1950 | نێر | قادر کەرەم |
| 3. | بشارات محمد صالح | 1976 | نێر | قادر کەرەم |
| 4. | حسن ئەمین سلیم | 1952 | نێر | قادر کەرەم |
| 5. | حسن محمد صالح | 1954 | نێر | قادر کەرەم |
| 6. | حسن نوری غالب | 1974 | نێر | قادر کەرەم |
| 7. | حسین علی سلیم | 1950 | نێر | قادر کەرەم |
| 8. | رشید محمد صالح | 1952 | نێر | قادر کەرەم |
| 9. | شکور ئەمین سلیم | 1973 | نێر | قادر کەرەم |
| 10. | تەلعەت محمد صالح | 1957 | نێر | قادر کەرەم |
| 11. | عدنان قادر مجید | 1964 | نێر | قادر کەرەم |
| 12. | عزیز نوری غالب | 1957 | نێر | قادر کەرەم |
| 13. | علی ئەحمەد شاسوار | 1957 | نێر | قادر کەرەم |
| 14. | عمر علی صالح | 1970 | نێر | قادر کەرەم |
| 15. | فاتح مدحت شریف | 1947 | نێر | قادر کەرەم |
| 16. | فاگمە ئەمین سلیم | 1950 | مێ | قادر کەرەم |
| 17. | قادر نوری غالب | 1972 | نێر | قادر کەرەم |
| 18. | قاسم علی سلیم | 1963 | نێر | قادر کەرەم |
| 19. | مجید قادر مجید | 1965 | نێر | قادر کەرەم |
| 20. | ناصح قادر مجید | 1958 | نێر | قادر کەرەم |
| 21. | نەجات قادر مجید | 1973 | نێر | قادر کەرەم |



## ناوی شەهیدانی خەڵکی تازەشار

| ت | ناوی سیانی شەهید | تێبینی |
|---|---|---|
| 1. | خولە جەمیل | هاوڵاتی |
| 2. | رەشید سەلیم معروف | پێشمەرگە |
| 3. | صمد محمد صالح | پێشمەرگە |
| 4. | عادل مجید کریم | پێشمەرگە |
| 5. | عبداللە محمد علی | پێشمەرگە |
| 6. | عمرئەمین سلیم | پێشمەرگە |
| 7. | محبوبە رەحیم صفر اغا | هاوڵاتی گوندی تازە شارکە لەساڵی (1963) بەدەستی جەرەس قەومیەکان شەهید کراوە. |
| 8. | محمد صالح حمید | پێشمەرگە |
| 9. | محمد عزیز قاچی | پێشمەرگە |

## ناوی شەهیدانی شەڕی تازە شار

| ت | ناوی سیانی شەهید | نازناوی پێشمەرگایەتی | پلەی پێشمەرگایەتی | لایەنی پەیوەندیدار |
|---|---|---|---|---|
| 1. | نازم رەشید ئەحمەد | نازم بجکول | فەرماندەی کەرت | یەکێتی |
| 2. | غائب عبداللە امین | هونەر | ف . ك | یەکێتی |
| 3. | احسان محمود صالح | احسان سوور | ف . ك | یەکێتی |
| 4. | نقام ئەحمەد رمچان | | ج . ف . ك | یەکێتی |
| 5. | فاروق رشید ئەحمەد | | پ . م | یەکێتی |
| 6. | حمید محمد صالح | | پ. م | یەکێتی |
| 7. | یاسین سعدون مجید | | پ . م | یەکێتی |
| 8. | نەجات فتح اللە امین | نجاە افتخاری | پ . م | یەکێتی |
| 9. | شیرزاد حەسەن علی | شیرزاد بجە | پ . م | یەکێتی |
| 10. | جبار عبدالکریم محمد | | پ . م | یەکێتی |
| 11. | عادل مجید رستم | مام عادل | پ . م | یەکێتی |
| 12. | ئەحمەد امین رستم | | پ . م | یەکێتی |
| 13. | ئەحمەد قادر کریم | | پ . م | یەکێتی |
| 14. | ا . و . ك | | پلەی نادیاربووە | یەکێتی |
| 15. | ملازم سامی ( عرب ) | | فەرماندە | شیوعی |
| 16. | بها الدین علی محمد | ماجد | | شیوعی |
| 17. | عبدالرحمن علی محمود | ئاشتی | | شیوعی |
| 18. | عبداللە وەلی حیدر | حیدرە سوور | | شیوعی |
| 19. | عدنان رشید غیدان | | | شیوعی |
| 20. | علی عرەب | عرب | | شیوعی |
| 21. | عامر عرەب | عرب | | شیوعی |
| 22. | تارق محمد امین | | | شیوعی |



## نەخشەی پەلاماری قادر کەرەم وجەباری :

هەرلەوماوەیەدا، یەکەکانی تری سوپا بەردەوام خەریکی هەمان پەلاماری تۆقێنەربوون بۆسەر ناوچەکانی باکووری قادرکەرەم، بەسەرپەرشتیی عەمیدی هێزی تایبەت، بارق عبداللە الحاج حنتە، کە وەکو باس دەکرێت فەرماندەی گشتیی عەمەلیاتی ئەنفالی سێ بوو لەگەرمیاند ا. ئەو ڕەتلانەی لە ڕۆژاواوە پێشڕەوییان دەکرد هیچ کۆسپو تەگەرەیەکیان نەهاتە ڕێو لەشارێکەی نێوان کەرکووكو چەمچەماڵەوە لایانداو بە ناوچەیەکدا گوزەریانکرد کەوا لەپەلاماری بەهاری **1987**دا بە شێوەیەکی بەربڵاو وێرانکرابوو خەڵکەکەشی بەرلەئەنفال ڕاگوێزرابوون بۆ ئۆردوگاکان. هێزەکە لەدوانیوەڕۆیەکی درەنگی **10** ی نیساندا گەیشتنە قادرکەرەم. بۆسبەینێ بەیانی ڕەتلێکی *جاش*، کە موستەشار سەید جەباری فەرماندەی بوو، لەناحیەکە دەرچوو بۆ تێکدانی تاقە دێیەکی چەپەك بەناوی برایم غولام، کە لەناوهەردەو بەردەلانیەکی باشووری قادرکەرەمدا بوو [18]. خەڵکەکەی، پاش ئەوەی هەواڵیان زانیبوو کە شەڕ لەنزیکیانەوە ڕوویداوە هەموویان هەڵاتبوون. بەلام پاش چەند ڕۆژێك لەخۆشاردنەوە بەناچاری بلاوەیان لێکردو ملی ڕێگەیان گرت بۆ

(18) برووسکەی ژمارە 10488 لە *ئیستیخباراتی* چەمچەماڵەوە بۆ بنکەی *ئیستیخباراتی* ناوچەی ڕۆژهەلات لە 11 ی نیسانی 1988دا. باسێکی نەسەلماوی ئەوەش هەیە کەوا لەو ناوچەیەدا هێرشێکی کیمیایی کراوەتە سەر گوندی خالۆ بازیانی .

خۆبەدەستەوەدان. کەچی خۆبەدەستەوەدان فریایان نەکەوت و نزیکەی **50** کەسیان ئەنفالکران.[56]

برایم غولاّم گوندێکی سەربە هۆزی زەنگنــەبوو. زەنگنەوجــەباریی دراوســێیان هەردوك بوون بەقوربانیی سەختترین وێرانکاریو تالاّنوبرۆی ئەنفالی سیّ[(20)]. لەنیسانی **1988**دا زەنگنە دانیشــتووی کۆمەڵــە گونــدێکی ڕۆژهــەلاّتی قادرکــەرەم بــوون، گوندەکانی جەبارییش دەکەوتنە هەردەو تەپۆڵکەکانی باکوورییەوە. ڕەتڵی ئەوهێزانەی کە لەبنکەکانی عەمەلیاتیانەوە لە سەنگاو و چەمچەماڵ دەرچووبوون تــەواوی ئــەو گوندانەیان ڕامالّیو بەرتالاّنو بڕۆکەوتنو خانووەکانیان لەگەڵ زەویدا تەختکران .

هەندێك لەخەڵکی گوندەکانی جەباری، بەختی ئەوەیان هەبوو لەکەلـەبەرێکی کاتییەوە کە *پێشمەرگە* لە سەر ڕێگای کەرکووك ـ چەمچەماڵ کردبوویەوە، توانییان پاشەکشە بکەنو دورلەچاوی سوپاوجاش دەربازبن. بەلاّم بەداخــەوە خــەڵکێتریش بەهەمان شێوە هەوڵیاندا دەربازبن بەلاّم نەیانتوانی لەدەست هێزەکانی سوپا دەربچن. لەکاتی ئەنفالی سێدا دانیشتوانی گوندی تاوێربەرز، کەگوندێکی بچــووکی ناوچــەی

---

[56] **لیستێك بەناوی پەنجاو یەك پیاوی برایم غولاّم دراوە بە میدلّ ئیست ووّچ، لەوانەی کە تا ئێستا هیچ سەرو سۆراخێکیان نیە**

[(20)] **زەنگنە یەکێکە لە گەورەترین هۆزەکانی کوردستانو لە هەردوو دیوی سنووری ئێران ـ عێراقدا نیشتەجێن. جەباریش، لە گەڵ ئەوەشدا کە دوو *موستەشاری* سەر بە ڕژێمیان هەبوو، سەیدو عەدنان جەباری، بەلاّم هیچیان پێنەکراو عەشیرەتەکەیان پیّ نەپارێزرا. بۆ زانیاریی گشتیی لە سەر هۆزەکانی کوردو هاوپەیمانێتی خێڵەکی بڕوانە:** (Izady, The Kurds, PP.74-86)



جەباریی بوو لەجادە قیرەکەوە نیوسەعاتەرێیەکەو دەکەوتە ڕۆژاوای قادرکەرەمەوە، خــەریکی دروســتکردنەوەی خانووەکانیــان بــوون کەســوپا هــاوینی ڕابــوردوو سووتاندبوونی. ئەمان کەوەختیّ زانییــان وا هێزەکــانی ســوپا لــەقۆڵی کــەرکووك و چەمچەماڵەوە پێشڕەوی دەکەن تەنگیان پێهەڵچنیون، دەمەو بــەیان هــەلاّتن، بــەلاّم هەرتەنها ماوەی دوو سەعات لەگوند دوورکەوتنەوە کە سەربازو *جاش* دوایانکەوتنو گرتنیان. لەسەرجادە قیرەکەش کاروانیّ سەرباز چاوەڕێی دەکردنو لەوێوە بردنیان بۆناحیەی لەیلان لە باشووری کەرکووك.

گوندەکانی دیکەی جەباری وێرای ئەوەی لەگەڵ گەیشــتنی هێزەکــانی ســوپادا چۆڵکرابوون. گوندی مەحموود پەریزاد، کە دەکەوتە نزیك جادەی سەرەکییەوەو تەنها مــاوەی نیوکاژێرێــك بــەئۆتۆمبیل لەقادرکەرەموکەرکووکــەوە دوورە، تــەواو پروپاگەندەکەی تارق عەزیز بەدرۆدەخاتەوە کەووتبووی ئەوانە لەشوێنی عاصیدانو حکومەت نــاتوانیّ خزمــەت گوزاریــان بگەیــەنێتیّ، ئــەو گونــدەش هــەمان دەردی بەسەرهات. لە زۆر ڕووەوە مەحمود پەریزاد نموونەی سەرجەمی ناوچەی جەباری بوو: بیستو پێنج مالّی لەقوڕوهەندێکی کەمیان بەبلۆکوچیمەنتۆ دروستکراویان هەبوو، لەبەر زەبری لەپێشتری بۆمبارانی سوپا هەرمالّەو ژێرزەمینی خۆی هەبوو، دەنا هیچ خزمەتگوزاریەکی تریان نەبوو، نەکارەباو نــەئاوی خواردنــەوە، جگــە مزگــەوتێکی بچووك، لەگەڵ خانوویەك بۆقوتابخانە دروستکرابوو، ا بەلاّم ئەویش هەر زوو ڕژێم

بەبریاری ژمارە ( **28189** ) ی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار [57] گەمارۆی ئابوری خستبوونە سەرو قوتابخانەکانی داخستبوون مامۆستاکەشی وەکو مامۆستای گوندەکانی ترگوێزرابووەوە کاتێ کەناوچەکە کەوتبووە بندەستی پێشمەرگە.

لە **11** ی نیساندا کاتێ کە ئەنفال گەیشتە مەحموود پەریزاد، پێشمەرگە لەدوو گوندی ئەونزیکانە بەرگرییەکی هاکەزایی سوپایان کردوخەڵکی مەحموود پەریزاد بەرەو هەردەو چیاکان هەڵاتبوون بەنیازی خۆدەربازکردن بەڵام بەنزیکبوونەوەی ئاگری تۆپخانە. دەرپەریندراون‌وئەوانیش لەگەڵ لێشاوی ئاوارەی گوندەکانی تری جەباریدا یەکیانگرتبوو کەژمارەیان نزیکەی هەزارکەسێك دەبوون. دەنگوباسی هێرشە کیمیاییەکەی ڕۆژی پێشتر بۆ سەرگوندی تازەشار بەخێرایی بڵاوبووەوەو بەتەواوی خەڵکی شپرزە کردو چۆکی پێدادان، ژن‌ومنداڵ ناچاربوون خۆبدەنە دەستی سوپاوەو پیاوەکانیشیان کە زۆریان سەربازی هەڵاتوو تیاشیاندا *پێشمەرگەی* کاراو ناسراوی ناوچەکە بوون لەناو هەردەو جەوڵەکاندا خۆیان شاردبووەوە. ناوچەکە بەتەواوی شڵەژاو شپرزە بوون‌و لەهەموو لایەکەوە زرمەی تۆپ‌و ئاگرباران بوو هەلیکۆپتەربەسەریانەوە دەسووڕایەوەو. بە چاوساغی هێزێکی *جاش* سوپا تازە مەحموود پەریزادی گرتبوو ، سەربازەکان گڕیان لەخانووەکان بەردەداو هەرچی

[57] بروسکەی نهێنی‌و بەپەلەی لیژنەی تەنسیقی ئاسایشی ناوەندی ناوچەی باکور ژمارە 2586ی بەرواری 1988/8/2 بە واژۆی سەرۆکی لێژنەی ئەمنی ناوەندی محمەمەدحمزە زوبیدی ئاراستەکراوە. کە بەتوندی گەمارۆی ئابوری بخرێتە سەرگوندەکان.



ماڵ‌وکەلوپەلێکیش بەخەڵکەکە بوو لێیانسەندن. پێشئەوەی خانووەکان بسووتێن، هێزەکان دەستیان بەهەرچیەك بگەیشتایە ئەوەی بەکەڵك بوایە تاڵانیان دەکردوئەوەی تریشیان ئاگردەدا تەنانەت دەستیان لەگەیانلەبەری ماڵییش بەکەروێشك‌و مریشك‌و کۆتریشەوە نەدەپاڕاست. ئینجا کەوتنە وێزە خەلکە ماڵوێرانکراوەکەشیان ڕاپێچی ناو کۆمەڵێك ئیڤای سەربازی کرد، کەبەریز راوەستابوون‌و چاوەڕێی دەکردن، بەرەو چەمچەماڵیان بردنیان، گوندنشینەکان هەتا دورکەوتنەوە چاویان لەسوتانی ماڵەکانیان‌و گڕودووکەڵی سوتانی مەحموود پەریزاد بوو.

کەم کەس لەخەڵکی ناوجەباری فریاکەوتن لەدەست سوپا قوتاربن، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستیەش بگوترێ کە هەندێك کەس بەهۆی دۆست‌وکەسیانەوە کەجاش بوون یارمەتی دراون یان ئاگاداریان دەکردنەوە، بۆنمونە هەندێك کەسی گوندی هەنارە بەم هۆیەوە دەربازبوون، هەنارە سکەدەکەوێتە باکوورەوە بەلای چەمچەماڵداو ڕێگەیەکی شاخاویی ناخۆش بەستبووی بەبنکەیەکی ناوچەیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ەوە لەتەکێی جەباری. شەڕوشۆڕ لەوناوەدا چەندین ساڵ بوو بەردەوامبوو و ژمارەیەك لەدێهاتیەکان بە بۆردمانی فڕۆکە زەرەری قورسیان بەرکەوتبوو یان هەرتیاچووبوون. خەڵکی هەنارە بوو بوو بەعادەت لایان کە بە ڕۆژ لە دەشتودەربن بەخۆیان‌و ئاژەڵەکانیانەوەو، لەکاتی پێویستدا، لە ژێرزەمین (کونە تەیارە) کانیاندا خۆ بشارنەوەو تەنها بە شەو بگەڕێنەوە ماڵەکانیان بۆ نانکردن.

کەئەنفال گەیشتە گوندی هەنارەی سەنگاو، بەیانیەکەی بەهەلیکۆپتەروفڕۆکەی جەنگی‌و دوای نیوەڕۆش بەهێزی پیادەوە، تەنها ژمارەیەکی کەم *پێشمەرگەی* شەڕکەری لێبوو. هەندێك لەخەڵکی گوندیش بەدلسافی خۆیان پڕکێشییان

ئەوەیانکردبوو چووبوونەلای *جاشەکان*و زۆرلێپاڕانەوە کەگوندی هەنارە نەڕووخێنن. جاشەکانیش هەرچۆنێك بووە نەیانگرتبوون، بەپێچەوانەوە ئامۆژگارییان کردبوون بەپەلە فریای خۆیان بکەونوهەڵبێن. شەوکە تاریك داهاتو خەڵکی گوند لە هەردەوچیاکانەوە داگەڕانە خوارەوە بێجگە لەکەلاوەو دووکەڵ هیچیتریان نەدیبوو، کە تەواوی خانووەکانیان بەبلدۆزەر تەختکرابوون. دواجارخەڵکەکە کەڵکیان لەشەوبینیبوو لەتاریکیدا ئەوەی هەیبووبەتراکتۆرو ئەوەی نەیبوو بەپێ بەرەوشارۆچکەی لەیلان چووبوون. پیاوێکی خەڵکی هەنارە دەگێڕێتەوەو دەڵێ: " کاتێ تراکتۆرەکەم بەرەو لەیلان لێدەخوڕی لایتەکانیم کوژاندبۆوەو ئەو ناوە هەموو تاریكو نووتەك بوو گوندەکەی خۆم نەبێ دەسووتا، بۆیەدەستم کردە گریانو زانیم کۆتایی هەموو شتێکە"[21].

لە لەیلانیش، خەڵکە ڕاکردووەکەی هەنارە لەگەڵ ئاوارەی دووگوندی تر یەکیانگرت. خەڵکی شارۆچکەی لەیلان هەرچۆنێك بوو پێیان لەجەرگی خۆیان ناوەو ئەو شەوە تابەیانی داڵدەیان دابون. لەوێوە خزموکەس توانییان گەلێکیان لێدەربازبکەنوبردنیان بۆکەرکووکو لەقەرەباڵغیی شاردا ونیان کردن، هەندێکیتر توانییان خۆیان بکەن بەئۆردووگای شۆڕشدا، کەئۆردوگایەکی گەورەی ئەنفالکراوەکان بوو بەتەنیشت چەمچەماڵەوە نەخشەی بۆکێشرابوو هەندێك خانوی

(21) ناوەڕۆکی ئەم دوو کەوانە لە چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ وەرگیراوە لە گەڵ دانیشتوویەکی جارانی هەنارەدا، سلێمانی 21 ی مایسو 28 ی حوزێرانی 1992.



تێدا دروستکرابوو، ئەوکەسانەی گەیشتبوونە شۆش ڕزگاریان بوو، بەڵام هەموو ماڵوحاڵیان تاڵانکرا. ئەگەرچی هەنارە لەچاو گوندەکانی دیکەی جەباریدا کەمتر نەهامەتیی ئەنفالی بەرکەوت، بەڵام ئەویش بێ ئارەق دەرنەچوو چونکە بە چاوپۆشی جاشەکانیشەوە هێشتا حەڤدەکەسیان بێ بێسەرو شوێنکران. بەگوێرەی قسەی ئەوکەسانەی دەربازبوونو قسەیان بۆ میدل ئیست وۆچ کردووە بیستو شەش کەس لە یەك خێزانی خەڵکی گۆلەمە سەرنگوم بوونو بانگۆڵی نزیکیشی چلو یەك کەسی لەدەستداوە[22]. ، *ئیمامی** مزگەوتەکەو شانزە کوڕی هەرزەکار کە خۆیان دابوو بە دەست *موستەشاری* بەدناو تەحسین شاوەیسەوە، کەوا بەڵێنە پووچەکانی لەبارەی لێبووردنەوە لەناوچەی قادرکەرەمدا زۆر باسدەکرا. یەکێك لە دەربازبووان پێیڕاگەیاندین کەوا: "(*موستەشار*) بە خەڵکەکەی ڕاگەیاند کە لێبووردنێکی گشتیی دەرچووەو بەڵێنی شەرەفی دا کە گەنجەکان هیچیان بۆ نابێتو یارمەتییان دەداو هەرکەسی دۆزییەوە دەیگەیەنێتە شوێنی سەلامەت. لە بەر ئەوە دەبێ خۆ بدەنەدەستەوەو لێبووردن دەیانگرێتەوە. پیاوێك شانزە لاوی هێنا، کە هەموو کوڕو خزم و کەسی بوونو دانیە دەست سەرەك *جاشەکەوە*، ئەمانە هیچیان پێشمەرگە نەبوون. لە پاش دوو سێ مانگ باوکەکە چووە لای تەحسین بۆ سۆراخی کوڕەکان.

(22) چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای جدیدە زاب، هەولێر 2 ی مایسو 16 ی تەمووزی 1992.

* لە دەقە ئینگلیزیەکەشدا هەر وشەی ئیمام هاتووە کە لێرەدا مەبەستی مەلای مزگەوتە-و.

تەحسینیش پێی گوتبوو کە علی حسن المجید قسەی بۆ هەموو *موستەشارەکان* کردووەو پێی وتوون نابێت کەس لە چارەنووسی ئەوانەی بێسەروشوێن کراون بپرسێتەوە"[(23)].

### شەڕی گوندی گۆلباخ

هەرلە پەلامارە بەدناوەکەی ئەنفالی سێدا گوندەکانی بەشی ڕۆژهەلاتی هۆزی زەنگنە دووچاری مەینەتیو کارەساتێکی زۆرخراپتربوون. هێزێکی هاوبەشی گەورەی سوپا بەدەیان تانکەوە، تێکەڵ بەرقی پێشەوای پەلامارەکەی ئەنفال بارق حاج عبداللە بوون کە لەناحیەی سەنگاوەوە بەرەو ڕۆژاوا دەرچوو بەنیازی گرتنی بنکەیەکی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە لە گوندی گۆلباخ سەنگەریان گرتبوو، گۆلباخ ماوەی دە میلێك کەمتردەکەوتە ڕۆژهەلاتی قادرکەرەمەوە. سوپا بەرۆژێکی تەواو هەتا ئێوارە ئینجا توانی ناوچەکە بگرێوهێزی پێشمەرگەکانی گۆلباخ تێکبشکێنێ، هەرچەندە بەرگری لەلایەن پێشمەرگەوە کارێکی بێ هودە بوو چونکەڕوونوئاشکرابوو کەوا دژ بەمەحاڵ شەڕ دەکەن، بەلام بەرگریشیان دەکردوهەتا بوار هەبوایە دەجەنگانو کۆڵیان نەدەدا سەرئەنجام پێشمەرگەکان سیانیان لەقەیتوول شەهیدبوونوحەوتیشیان لەگەڕاوی. ئەوهێزە پێکهاتبوون

(23) چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ، سلێمانی 21 ی مایسی 1992. گەلێ لە *موستەشارە* بێزلێکراوەکان،بە تەحسین شاوەیس خۆیشیەوە، دواتر هەلگەڕانەوەو لە دەمی ڕاپەڕینەکەی مارتی 1991دا چوونە پاڵ *پێشمەرگەو* تێکەلوپێکەلێیەکی ئیزافییان لە ڕووخساری ئالۆزی بارودۆخی سیاسیی کورددا دروست کردووە.



لەپێشمەرگەکانی تیپی **59** ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەگەڵ ئەوپێشمەرگە پەراگەندانەی تیپی **55**ی قەرەداخ کەلەناوچەکەدا مابوونەوە لە **10** ی نیساندا لەهەردوو گۆلباخی سەروو و خواروو دامەزرانو بەری هێزەکانیان گرت تاشەو داهات. دوو *پێشمەرگەی* ترلێرە "شەهید بوون لەکاتژمێر هەشتی ئێوارەدا کە زانییان شەڕ لێرەش بێ هودەیەو سوپاکە لەبتن نایاتو بەنیازین دەستەبەرداربن،ئەوانیش شوێنەکەیان بەجێهێشتوبەرەو باشوور پاشەکشەیان کرد[(24)].

خەڵکی گوندی گەراویش لەئەنفال دەربازنەبوون مام ئەمین عەلی فارس پیرەمێردێکی تەمەن هەڵکشاوی **75** ساڵە خەڵکی گوندی گەڕاوی وتەپەسپی سەربەناحیەی قادرکەرەمەکە لەپەلامارەکانی ئەنفالی سێدا کوڕەکانی ((شێرازاد، فەرهاد، لوقمان)و هەروەها سێ برای بەناوەکانی (قادر، عبدولکەریم، نەسرەدین) بەدەستی جاشەکانی قاسم دڕەیی گیراونو تەسلیم بەرائید (عبدالحمید) کراون،لە قادرکەرەم ، دەگێڕێتەوە کە ئەسکەر وەك میرولە ناوچەکەیان تەنی بوو، هیچ دەرەتانێك نەبوو، ئەو هجومە لە قووەتی پێشمەرگەدا نەبوو، بەرپەرچی بداتەوە، ئەوەی بەو خەڵکەکرا لەئەنفالەکەدا لەکافرستانی ئەچوو ڕۆژی حەشربوو. [58]

(24) چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ لەگەڵ فەرماندەیەکی ئەوسای PUK دا کە لە شەڕی دۆڵی گۆلباخدا بەشداری کردووە ، کەلار 30 مارتی 1993. گرتنی گۆلباخی سەروو و خواروو لە برووسکەی *ئیستیخباراتی* چەمچەماڵ ژمارە 10488 لە 11 ی نیسانی 1998 دا باس کراوە.

58 – چاوپێکەوتنی نوسەر لەگەڵ پیاوێکی گوندی گەراوی بەناوی مام ئەمین فارس– ئۆردوگای بازیان– حوزەیرانی 2007

گوندی قایتەوەن، کەسەد ماڵێك دەبوون لەسەر ڕۆخی ڕوباری باسەڕە، بەبۆردمانکردنی گوندی گەڕاویی نزیکیان وەئاگاهاتن کەوا ئەنفالیان پێگەیشتو هەرئەوەیان پێکرا بەپەلەپڕووزێ منداڵ بدەن بەکۆڵیانداوبەجلەکانی بەریانەوە هەڵبێن. بەڵام سوپالەپێش تاریکیی ئێوارەدا پێیانگەیشت. پیرەژنێکی دەربازبووی ئەوێ بۆمێدل ئیست ۆچی گێڕاوەتەوەو دەڵێت: "ئێمە دەوڵەمەند بووینو مەزراو باخ و باخاتمان هەبوو، گشتی بە تالان چوو. ئەوان تراکتۆریان بردین، بۆڕیی ئاویان بردین، تەنانەت چراکانیشیان بردین کە بۆ ڕووناککردنەوەی ماڵەکانمان بەکارمان دەهێنان لەکاتی تاریکیدا"[25]. چوار کوڕی ئەم ژنە کە تەمەنیان لە سی و پێنج تا چل و یەك ساڵ بوو، خەڵکی گوندی قایتەوەنیش تەواو شپرزەو سەرهەڵگرتووبون، هیچ دەروویەکی تریشیان نەبوو سەری پێوەبنێن تەنها ڕێی ئەلیاوانەبێ بەناچاری ئەو ڕێگەیان گرتەبەر، کە کەلاوەی کۆنە گوندێکی ڕووخاو بوو لەقەراخی قادرکەرەمداو لەوێ ئەوانیش بەهەمان دەردی خەلکی زەنگنە خۆیان دابووە دەستەوەو هانایان بۆ *موستەشار* شێخ موعتەسەم بەرزنجی بردبوو، کەبرای پارێزگارە بەدناوەکەی سلێمانی شێخ جەعفەرعەبدالکەریم بەرزنجی بوو[26]،"بەڵام شێخ موعتەسەم بەدڵگەرمییەوە هەرهەموویانی دابوو بە دەستی دەوڵەتەوە"و ژنە جارێکیتر نەیبینینەوە.

[25] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، 21 ی مایسی 1992.

[26] شێخ موعتەسەم، کە یەکێك بوو لە مەترسیدارترینی موستەشارەکان، برای شێخ جەعفەر بەرزنجیی دڵسۆزی سەدام حوسێن بوو، کە پارێزگاری سلێمانی بوو و پاشان بوو بە سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان.



خەڵکی قەیتوول، دووحەفتە پێش ئەوەی ئەنفالیان پێبگات چووبوونە هەردەو چیاکان، پاش ئەوەی لە 19ی مارتدا هەواڵی گرتنی بنکەوبارەگاکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان یان بیست لەسەرگەڵوو ـ بەرگەڵوو. لەوکاتەدا *پێشمەرگە* لەودەورووبەرە نەبوونو ئەمانیش هەستیان بەمەترسی دەکرد. خەڵکەکە لەباکووری گوندەکەوە لەوشوێنانەوە کەخۆیانیان تێدا شاردبۆوە ڕوانییان واسەربازدەڕژێنە ناوگوندی قەیتوولەوەو *جاش* پێشیان کەوتوونو هەلیکۆپتەریش لەسەرەوە پاڵپشتییان دەکات وئەمانیش لەپاش ڕاوێژکردن بەرەو سەنگاو چەمچەماڵ ملی ڕێگایان گرتووەتەبەر، کە ئەو کاتە سەنگاوسالێك دەبوو کەبەرپەلاماری روخانو وێران کردن کەوتبوو، چەمچەماڵیش کە دەکەوێتە باکووریانەوە ماوەی چەند سەعاتێکی پێویستە. بەڵام ئەوان نەیانتوانی بگەنە چەمچەماڵ بەڵکو هەر زوو لەهەردەو چیاکاندا هێزەکانی لیوا بارقو جاشەکوردەکان پێیان گەیشتنو کۆیانکردنەوەو دەستکرا بەناونوسکردنیان. بەچەندکاروانیکی ئیڤا عەسکەریەکان ڕەوانەیان کردن، سەیر لەوەدایە یەکێکیان لەوسەیارانەی ئەنفالکراوەکانی گوندی قەیتولیان هەڵگرتبوو، بەرەو سلێمانیو ئەویتربەرەو ڕۆژاوا بۆ لای کەرکووك برابوون، بەڵام هیچکام لەوانە نەیانزانیبوو بۆچی بەرەو سلێمانیان دەبەنو لەوانی تریان دابریبوون، بەمجۆرە خەڵکی قەیتولیش گورزی ئەنفالیان خواردوو، گەلێکیان هەرگیز نەگەڕانەوە. لەبارەی ئەنفالی گوندی قەیتولەوە لەسەردانێکی مەیدانیمدا حاجی محمد ساڵح ووتی: ئەم دێیە نزیکەی (150) کەسی ئەنفالکراوە، ئەمە هەرخەڵکی قەیتول خۆی، ئەگەرنا میوانو سەربازی هەڵاتووی ئەملاولاشی زۆر تێدابوو، هەرلەوبارەیەوە مامۆستا موحسین کە دانیشتووی گوندی قەیتوولە قسەکانی حاجی محمدی پشتڕاستکردەوە ووتی بەهەمووی

ئەوکەسانەی لەلایەن جەیش‌و جاشەوە لەم گوندەدا ئەنفالکراون 163 کەس بوون لەوانە 153 کەسیان خەڵکی ئێرە (قەیتول) بوون‌و باقیەکەی تریشی خەڵکی ئەملاولا بوون.[59] کەهەندێکیان سەربازی هەڵاتووبوون‌و دەمێك بووخۆیان لەحکومەت دورگرتبوولێرە خۆیان پەنادابوو بەشێوەیەکی کاتی نیشتەجیبوون. حاجی محمد تەکیدی لەسەر ئەوەدەکردەوە کە کرەکانی ئەو موستەشارێکی کورد گرتوونی بەناوی قاسم درەیی.[60]

خەڵکەکەی تری گوندەکانی ئەوناوە لەناخافڵیداولەماڵەکانی خۆیاندا بەرهەڵمەتی لەناکاوی سوپا دەسبەسەرکران. بۆ نموونە، ئەمە لەگوندی قیرچە ڕوویدا، کەگوندێکی دورە دەستی سەدماڵیی بوو لە سەر ڕێگایەکی خۆڵ لەپشتی قەیتوولەوە. گوندی قیرچە شوێنێکی دورەدەست‌و ئارام‌و تارادەیەك بێوەی بووە، دانیشتوویەکی خەڵکی ئەویَ بۆمیدیل ئیست وۆچ دواوە: "ئێمە زۆربە ئاسایی دەژیاین‌و نە پێشمەرگەو نەدەوڵەت کەس ڕووی تێنەدەکردین". پەلاماردانی ئەم گوندە لەبەرەبەیانێکدا بوو کەهێشتا خەڵك لە خەو هەڵنەسابوون وتەنها ژمارەیەکی کەم بە سەلامەتی گەیشتنە هەردەوچیاکان. لیوابارق خودی خۆی سەرپەرشتیی ئەوهێزانەی دەکرد کەئەو سەرلەبەیانیە دەرچوون‌و تەواوی پیاوەکانی گوندیان لە شوێنێکدا خڕکردەوەو لەپشتەوە قۆڵبەستیان کردن. یەکەمجار پیاوەکان بەئیڤا ڕەوانەکرانو تاقمێکی تری ئیڤا مەڕومالاتی خەڵکەکەیان بارکرد*. دواجاریش ژن‌و منداڵ‌و بە ساڵداچووان ڕاپێچکران، پاش ئەوەی سەربازەکان ماڵەکانیان تالانکردن. ئەوان لە کاتێکدا کەچاوەڕوانی ئیڤاو کۆستەر بوون بیانگوێزنەوە بە بەرچاویانەوە خانووەکانیان سووتاندن‌و بەبلدۆزەر تەختی زەوییان کردن. شەست کەس لە خەڵکی قیرچە سەرنگوم کران لەوانە هەموو نێرینەیەکی لەچل ساڵ بەرەوخوارو گەلێ ئافرەتیش) هەروەها شەستیش لە گوندی قەیتوولی هاوسیێ لەناوچوون. ژنێکی ڕزگاربووی خەڵکی قیرچە بۆ میدڵ ئیست وۆچ دواوە: "من خەفەت بۆ خۆم ناخۆم، بەڵکو بۆ ئەو ژنانەی کە گەنج بوون، چوونکە نازانین چییان بەسەرهاتووە. ئەوان زۆرگەنج و جوان بوون، ئاخرچ گوناهێکیان هەبوو؟ بۆچی‌و لەبەرچی؟ چ کارێکی نادروستیان کردبوو؟"(27). بۆ پشتڕاستکردنەوەی قسەکانی شایەتحاڵەکەی گوندی قیرچە سەردانێکی گوندەکەمان کرد، کەوابستبووم لەوگوندەدا 11 ماڵ ئاوەدانکراوەتەوە، بەڵام لەکۆی ئەو یانزە ماڵە 14 بێوەژنی ئەنفال بەمەینەتی دەژین.[61] بەڵام کەچووینە

[59] سەردانێکی مەیدانی نوسەر بۆ گوندی قەیتولی ئەنفالکراو– چاوپێکەوتن لەگەڵ هەردوو دانیشتووی گوندی قەیتول– حاجی محمدو مامۆستا موحسین.

[60] پێدەچێت ئەو موستەشارە قاسماغای کۆیە بێت نەك قاسم درەیی.

* گەلێ سەرچاوە باسی ئەوە دەکەن کە بارق ئەم مەڕومالاتە تالانیەی بۆ ماڵی باوکی گواستووەتەوە, بێجگە لەویش ئەفسەرە فەرمانەدەو دەسەلاتدارەکانی تری سوپای عێراق هەمان ڕەفتاریان بووە, هەرچیەکیش لەوان دەمایەوە موستەشارو جاشی کورد بۆ خۆیان چەپاویان دەکرد . وەرگێڕ.

(27) چاوێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ، سلێمانی، 12 ی مایسی 1992.

[61] لەنەورۆزی ساڵی 2006 بەمەبەستی چاوپێکەوتن بۆگوندی قیرچە لەگەڵ بەرێزان مامۆستای کۆچکردوو نەجیب گەرمیانیو کاك لەتیف فاتح کە ئەو سەروەختە هەرسێکمان ئەندامی ناوەندی چاکبووین چوینە ئەوگوندە.

ناوگوندەکەوە تەنها چاومان بەژنێك کەوت بەناوی ئەختەرئەویش لەبنەرەتەوە خەڵکی کەریم باسام بوو.

## نەخشەی سەربازی سەنگاو

پاش ئەوەی ناوچەکە شڵەژاو پێشمەرگە بەوچەکە سوکەڵانەی بەدەستیانەوە بوو نەیانتوانی بەر بە سوپای زەبەلاحی دەوڵەت بگرن، بەشێك لە پێشمەرگەتوانییان بەرەو باکوور دەربازبن‌و لەناوهەردەوتەپۆڵکەکانی سەرو ڕێگای کەرکووك ـ چەمچەماڵدا خۆبشارنەوە. بەشێکی تریان، بەپێچەوانەوە، بەرەوخواربوونەوە لەبەرئەوەی سوپا لەناحیەی سەنگاوەوەهەتا گوندی درۆزنەی نزیك ئاوەسپی ڕایماڵی‌و هەمووگوندەکانی ئەم ناوچەیەشی بەتەواوی وێرانکردو زۆرخەڵکیان لێ بێسەروشوێن کرا)، گوندەکانی نزیك بەیەك، لەوانە هەسەن کەنۆشی سەروو و خواروو، تەپە عارەب، کارێزە، دووبرِیاگ‌و هەرسێك سێ گوندی پێنج ئەنگووست کە چەند ماڵێك دەبوون ویرانکران [29]، کەمێکیش بەلای ڕۆژهەڵاتدا گوندەکانی هەنجیرە،

(29) بەپێی دیاری کردنی میدل ئیست وۆچ نەخشەی ئەم کەرتەی دەزگای نەخشە کێشانی وەزارەتی بەرگریی ویلایەتە یەکگرتووەکان ، شیتی ژمارە (III 5060) ئەم گوندانەی تێدا دەردەکەون: (پێنج ئەنگووستی حاجی محەمەد، پێنج ئەنگووستی حاجی محەمەد ئاغا، پێنج ئەنگووستی شێخ مستەفا). ئەم فرە ناوی لێکچووە زۆرباوە لە دێهاتی کوردستانی عێراقدا.



سێگومەتان، کێلەبەرزە، دەرزیلە، قەڵاگەودارب‌ەڕوو (30). ئەوکاتە ناوچەی سەنگاو بەتەنها **93** گوندی لەخۆوە گرتبوو نزیکەی (**80**) گوندیان لەپێشپەلامارەکاندا روخێنرابوون سەنگاو نزیکەی (**18**) هەژدەهەزار کەسی تیادا دەژیان کەزۆریان تێدا چون‌و شونبزرکران، ئەو گوندانەی کەلەناوچەی سەنگاو بەرئەنفال کەوتن بریتی بوون (دەرەوار، بانەمورد، پێنج ئەنگوستی، حاجی محەمەد ئاغا، پێنج ئەنگوستی شێخ مستەفا، هەنجیرە، سێگومەتان، کێڵەبەرزە، دەرزیلە، قەلاگە، دار بەڕوو). کەبەسەدان لەخەڵکەکانیان دەسیگرکران سەدان کەس لەخەڵکی گوندنشینی ئەم ناوچەیە دەسگیرکران‌وبەرەو چەمچەماڵ بران. ناحیەی سەنگاویش کە لەپەلاماری **1987**دا ڕووخێنرابوو ببوە پێگەی جموجۆڵی سەربازی. ئەو *پێشمەرگانەشی* لەم ناوەدا مابوونەوەو پێشتر دوژمنەکەیان تەنگە تاوکردبوو ئێستابەپێچەوانەوەو بەزەحمەت‌و ترسەوە بەدامێنی چیاکانی قەرەداخدا هەڵدەگەران‌و خۆیان لەچاوی سوپاوسوسەی جاش دەشاردەوە.

کفری : لەباشووری ئەوپەڕی گەرمیانەوە کەهاوسنوورە لەگەڵ ناوچە بەعەرەبکراوەکانی دیالەدا، ڕەتڵی یەکەمی هێزەکان لەشارۆچکەی کفری یەوە کاتژمێر**30**: **6** ی سەرلەبەیانیی **9** ی نیسان کەوتەڕێ. هەرلە هەمان بەیانیدا

(30) چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووۆچ لە گەڵ دانیشتوانی ئەوسای هەسەن کەنۆش‌و درۆزنەدا، کۆمەڵگای شۆڕش‌و سلێمانی، 9 ی مایس و 28 ی حوزێرانی1992. ڕەسووڵ ناوی ئەم گوندانەی لە گەڵ سەرجەمی ئەو شەست‌و حەوت گوندەی ناحیەی سەنگاودا لیست کردووە کەوا لە کاتی ئەنفالدا ڕووخێنراون.

ڕەتڵەکانی ترلەپێگەکانیانەوە لەکەلارووپێبازو پوونگڵەوە کەوتنە پێشڕەوی، ستراتیجیەتی سەرەکیشیان هەمان ئەوەی باکووری گەرمیان بووکە بریتیبوو لە پرۆسەی ئابلّووقەدانێکی گەورەو فراوان لە چەندین قۆڵەوە لەیەك کاتدا، ئینجا سوپا دەستی کردبەڕەشبگیری تەواوی ئەوخەڵکە مەدەنیەورووخاندنی گوندەکانیان، پاش کۆکردنەوەیان. بەرەو چەمچەمال برانو ئیتر کەمینەیەك لەپیرو پەکەوتە نەبێت پاش **6–5** مانگ دەستەبەرکردنیان لە کەمپەکانی دبس‌وقەلاّی نوگرەسەلمان ئەوانەی تر جارێکی تر نەگەڕانەوە.

لەم ناوچەیە سوپا بەنیازبوو پاشماوەی *پێشمەرگە* ناچار بکەن بەرەوشوێنە داخراوەکان بڕۆن و ڕێی دەربازبوونیان لێبگیرێت. لەهەنگاوی یەکەمیاندا گگەرەکیان بوو بنکەوسەنگەرەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان تێکبشکێنن.

یەکەم ئامانجی ڕەتڵەکەی کفری بەفەرماندەیی عەمید سامی لەفەیلەقی یەك، گوندی گەورەی هۆمەربل [31]. بنکەیەکی پێشمەرگەی یەکێتی لەم گوندەدابوو لەکاتی دەستپێکردنی هێرشەکەی سوپادا سەد کەسی شەڕکەری تێدا بوو. ئەمە هێزێکی *پێشمەرگەی* قاڵبووی شەڕبوو پێشتر توانیبووی هێرشێکی گەورەی سوپا بشکێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا کەئەوهێزە هێرشبەرە تانكو زرێپۆشێکی زۆرپاڵپشتی بوو، بەلاّم بەناچاری پاشەکشەیان کرد پاش ئەوەی زیانێکی قورسیان لێکەوت

هێزەکەی عەمید سامی لە چێشتەنگاودا گەیشتە هۆمەربلو دەسبەجێ بەرەوڕووی بەرەنگارییەکی توندی *پێشمەرگە*بووەوە. بەپێی قسەی ئەو فەرماندەیەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە سەرپەرشتیی شەڕەکەی کردووەو بۆ میدل ئێست وۆچ دواوە: ئەو شەڕو پێکدادانە دوو ڕۆژی تەواوی خایاندووەو ئەمەش لەڕاپۆرتە مەیدانیەکانی *ئیستیخباراتدا* دەردەکەوێت[32]. وەلاّمی سوپاش، وەك چۆن لە تازەشارکردی، ناردنی هێزێك بوو، وەك ئەرکێکی لاوەکی، بۆ ڕووخاندنی ئەوگوندانەی ڕاستەوخۆ دەکەوتنە پشت ئامانجەکەوە. برووسکەیەکی 10 ی نیسان باسی ئەوە دەکات کە "لە کاتژمێر 1015 دا گوندی چوارشاخ گیراو تەختکرا." ( گوندی چوارشاخ ماوەی سێ میل دەکەوتە باکوورەوە.) لەو کاتەدا هۆمەربل لەهەموو لایەکەوە گەمارۆ درابوو، ئێوارە کە تاریك داهات *پێشمەرگە* بۆیان دەرکەوت چیتر بەرگریکردن بێسوودەو ناچارپاشەکشەیانکرد. خەڵکی گوند هەموو لەوکاتەدا هەلاّتبوون، بەلاّم خێرا هێزەکانی حکوومەت لە هەردەو جەوەڵەکاندا دەوریان گرتنو دەسگیریان کردنو بەئیڤای سەربازی بەرەو بنکەکانی کۆکردنەوە ڕەوانەیان کردن.

---

[31] ناوی تەواوی ئەم جەنەراڵە نەدراوە. ڕەتڵەکەی کفری پێکهاتبوو لە فەوجە پیادەکانی 417و 444و فەوجەکانی بەرگریی نیشتمانیی 100 و 131 و 197یش پاڵپشتیان بوون. برووسکەکانی *ئیستیخباراتی* کەلار بۆ *ئیستیخباراتی* ناوچەی ڕۆژهەلاّت ژمارە 10212و10238 لە 9 ی نیسانی 1988دا.

[32] چاوپێکەوتنی میدلّ ئیست وۆچ لە گەلّ فەرماندەیەکی ناوچەیی PUK دا، سلێمانی 1 ی ئابی 1992. دانیشتوویەکی جارانی گوندی هۆمەربلیش لە چاوپێکەوتنێکدا بە دوورودرێژی دەیگێڕێتەوە، کۆمەڵگای بنەسلاّوە، 7 ی تەمووزی 1992.

ڕەتڵەکە بەرەو ژوورپێشڕەویی کردوگوندی تووکنیشی گرت، پاشان بیست گوندی تری "وێرانکردو سووتاندنی"و لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا تاسەر ئاوەسپی ڕۆیشت. یەك لەوانە گوندی عەلیانی تازەی بیست ماڵیی بچووك بوو، کە تاقمێك پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەنگەری بەرگرییان تێدا لێدابوو [33]. "محەمەد" کە تەمەنی 32 ساڵ بوو، ئەندامی هێزی پشتگیریی *پێشمەرگە* بوو، ئەو بەیانیەی 13 ی نیسان لەماڵ بووکە هێزەکان گەیشتبوونە ئەوێ‌و دەگێرێتەوە کە:"دەوڵەت لە هەموو لایەکەوە پێشڕەویی دەکرد، لەبەرئەوە مەحاڵ بوو ئێمە بمێنینەوە. ناچار بەرەو گوندی میلقاسم ڕۆیشتین و ژن‌و منداڵمان بە تراکتۆرو عەرەبانە لەگەڵ خۆمان برد. هەروەها ئاژەڵ‌و ماڵاتیشمان بردبوو هەرچیمان هەبوو خستبوومانە عەرەبانەکانەوەو واماندەزانی سوپا دەمانخاتە خێوەتەوە لەبارەگای فیرقە، لەوبەری سیروان، چونکە کەلەرێگا وایانپێوتین کە *پێشمەرگە* نەماوە "[34].

محەمەدو خێزانەکەی سێ ڕۆژیان پێچوو تا گەیشتنە میلقاسم، کە لەکاتێکی ئاساییدا ئەم ڕێگەیە هەر دوو سەعاتەو بگرە کەمتریش. لەوێوە سەرباز پێشی خۆیان دان بۆ سەرجادەی سەرەکی‌و فەرمانیان پێکردن بەرەو قەڵاکەی قۆرەتوولێخوڕن،

[33] برووسکەیەکی " نهێنی‌و بە پەلە" لە *ئیستیخباراتی* کەلارەوە بۆ دەزگای *ئیستیخباراتی* ناوچەی ڕۆژهەڵات ژمارە 10687 لە 13 ی نیسانی 1993دا، لە بارەی عەلیانی تازەوە دەڵێ "سووتێنراوەو ڕووخێنراوە" لە کاتژمێر هەشت و نیوی سەر لە بەیانیی 13 ی نیساندا .

[34] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، گوندی عەلیانی تازە، 30 مارتی 1993.



کەبارەگای فیرقەی پیادەی 21 ی تێدا بوو چەکدارچواردەوری گرتبوون. ئەم قەڵایە یەکەم قۆناخی محەمەد بوو بەناو پێچ و پلووچی ئەنفالدا.

لە هەمان کاتداو لە 11 ی نیساندا هێزی هاوبەشی دووەم، بە فەرماندەیی نەقیب عبد عوّاد لە فەوجی پیادەی 417 لە ڕەتڵەکە کە جیابووەوە بۆ چارکردنی گوندی دوڕاجی کەماوەی چەند میلێك لە ڕۆژاوای هۆمەربلەوە بوو، "لەوێ خەڵکەکە خۆیان دا بە دەستی هێزەکەوەو ڕاگوێزران بۆ ئۆردووگایەکی بەتایبەت ئامادەکراو لەنزیك فیرقەی پیادەی بیستو یەکەوە". ئەمە تێبینی ئەوئێوارەیەی ڕاپۆرتی *ئیستیخبارات* بوو، کە سەرنجێکی ڕەسمیی دەگمەنە لە سەر ڕاگوێزان‌و بەندکردنی بەکۆمەڵی خەڵکی مەدەنی‌و ئاماژەیەکی ئاشکراشە بۆ قەڵاکەی قۆرەتوو [35].

هێزەکەی نەقیب عەواد ئەو شەوە لە دوڕاجی هەڵیداو بۆ بەیانی گەڕایە دواوەو لەگەڵ ڕەتڵی سەرەکیدا یەکیگرتەوە. لەڕێگاکەشیدا هەردوو بەلەگەی گەورەو بچووکی سووتاند، کەئەمانیش وەك دوڕاجی گوندی ناو داودە بوون. بەرلەم ئۆپەراسیونەی ئەنفالیش لەبەرواری 1987/7/14 کۆپتەرەکانی دەوڵەتی عێراق، دەچنە ئاسمانی ناوچەکەو بەچڕی دەکەونە بۆمبارانی ئەو جوتیارانەی خەریکی دروێنە بوون، لەوپەلامارەدا 10 هاوڵاتی ناوچەی گەرمیان شەهید دەبن، کە یەکێکیان فاتح سەمینی باوکی کورێك بوو بەناوی خەسرەو لە گوندی دوڕاجی ناحێی نەوحول سێ برای ترلەخێزانێکی گوندی ئۆمەرمل لەوپەلامارەدا شەهیدبوون،ئەوانی تر لەیادەوەری

[35] برووسکەی ژمارە 10468 لە 11 ی نیسانی 1988دا لە *ئیستیخباراتی* کەلارەوە بۆ دەزگای *ئیستیخباراتی* ناوچەی ڕۆژهەڵات.

خەسرەودا نەماون جگەلە سوتانی 5 ئامێری دروێنە (دراسە)و دەغڵودانی هاوڵاتیان ،شەهیدەکانی ئەو پەلامارە خەڵکی ناوچەکەو گوندەکانی تری دەوروبەریان بوونو تەنها بەتاوانی کورد بوونیان دەکوژرێن.ئەوەشی گوت : کە ئەنفال دەستی پێکرد،ئێمە لەئاوایی دەرچووینو چووینە جەولەکان خۆمان شاردەوە، نەماندەزانی ئەمجارە حکومەت وازناهێنێ، زۆر جاری تر حومەت هاتووەو گەراوەتەوە، بەڵام ئەمجارە وانەبوو، چەندرۆژێك لەو جەوەڵانە ماینەوە وەزع تادەهات خراپتر دەبوو، ماینەوە هەتا نامەی موستەشارێك هاتبوو، نامەکەی بەژنێکدا ناردبوو ناوی (حەبیبە ئەحمەد)ە موستەشارەکە ناوی (شامی دەروێش) بوو ئێستاش لە ژیانداماوە.. ووتبووی وەرن خۆتان تەسلیم بکەن حکومەت بە پشتیوانی من ئازادتان دەکاو هیچتان بۆنابێت..( رەنگە ویستبێتی چاکەشمان لەگەڵدا بکات) خەڵکەکەش لەسەر قسەی ئەو هاتنە خوارەوەو بەرەو دوز رۆیشتین، بۆئەوەی خۆمان بدەینە دەستەوە، ئێمەش لەگەڵ ئەو خەڵکە بووین، تۆپباران بوو هجوم لەهەموو لایەکەوە، تەیارە گیرانەوەی هەربەدەمخۆشە وەزعەکە زۆرخراپ بوو من لەدایکمو خوشكوبراکانم دابرام، ئیتر هەرئەوە بوو نەم بینینەوە.

یەکەم ئامانجی ئەو یەکانەی سوپا کە سەرلەبەیانیی 9 ی نیسان بە فەرماندەیی ڕائید منۆر ابراهیم یاسین لە کەلارەوە دەرچوون جووتە ئاوایی تیلەکۆی ژوورنگ و خوارنگ بوو لە ناوچەی چالاکیی مەڵبەندی یەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە لە



پاش تێکشکانەکەی قەرەداخ لێرە خۆی گرتبووەوە[37]. پێشڕەویی هێزەکان تاڕادەیەك بێ سەرئێشە بوو و لە بەیانیی زووی 11 ی نیساندا هەردوو تیلەکۆ ڕووخێنران، دوای شەڕە تەقەیەکی کەمخایەن کە تەنها چوار سەربازی تێدا بریندار بوو. ئەم ناوچەیە جێنشینی تیرەی رۆغزایی هۆزی جاف بوو و نەخشەیەکی ئەوتۆ وردی نەبوو و پێویستی دەکرد هەلیکۆپتەر هێز بۆ ئەو ناوچانە بگوێزێتەوە چوونکە ڕێگەوبانی تێدا نەبوو. هێزەکانی ڕائید یاسین بە سەر چەندین گونددا گوزەریانکرد کە بوونو شوێنیان بە ڕەسمیی هەر تۆمار نەکرابوو بەڵام بێگوێدانە هیچ شتێك گشتیان ڕووخاندن.

وێرای ئەوەی ئەم هۆزە چەن سەرۆك جاشێکی دەست رۆیشتووشیان هەبوو، بەڵام زۆر بە کەم هۆز هەیە کەوا لەئەنفالدا وەك جافی ڕۆغزایی بەسەرهاتبێت، کەیەکێکە لەوکۆمەڵە تیرانەی هۆزی جافی لێپێکهاتووەو دانیشتووی زیاد لەسەد گوندی ئەم ناوچەیەبوونوزۆریان ئەنفال ڕایماڵین. سەرۆکی رۆغزایی کە پیاوێکی بەتەمەن بووە بەناوی مەحموود تۆفیق محەمەد (ساڵی 1927 لەدایکبووە) ئەمیش وەکو خەسرەو زۆربەی گەرمیانیەکانی ترهەمان قسە دەکاتەوە کە پێشتر لەبن نرکەو نالەی تۆپو تەیارەدابوون بەبێ ئەوەی پەیوەندیان بەسیاسەتو دەوڵەتەوە بوبێت.
مەحموود توفیق خاوەنی خێزانێکی گەورەی بیستوچوار کەسی بوونولە خانوویەکی پانو پۆڕی گەورەدا دەژیان. ئاگری تۆپخانەو بۆردمانی فڕۆکە بوو بوو بە بەشێك لە ژیانی ڕۆژانەیان، گوناهیشیان هەرئەوەندە بووە کە نەیاندەویست زێدی خۆیان

[37] ناوی ئەفسەرەکە لە برووسکەی ژمارە 10212 ی 9 ی نیسانی 1988دا هاتووە کە لە لایەن *ئیستیخباراتی* کەلارەوە ئاراستەی دەزگای *ئیستیخباراتی* ناچەی ڕۆژهەلات کراوە.

بەجێبهێڵن، بەڵام چەکی کیمیایی ورەی ڕووخاندن. لە پاش پەلاماردانی سێوسێنان و شوێنەکانی تری قەرەداخ لەکۆتایی مارتدا، خەڵکی بەراوکە محمود توفیق قسە رۆیشتوویان بووە بەپەلەکۆبوونەوەیەکیان لەناو خۆیاندا کرد. مەحموودتوفیق لەگەڵ یادکردنەوەی ئەو دەمەدا قسە بۆ میدڵ ئیست ۆچ دەکاو دەڵێ: "ئێمە بڕیارمان دا خۆمان بدەینە دەستی دەوڵەتەوە، بەو پێیەی کە باوکی میللەتە، ئێمەش جووتیاری هەژار بووین و پەیوەندیمان بە هیچ لایەکی سیاسییەوە نەبوو، بەڵام ئەوان ئەوەیان پێکردین کە کردیان". کوڕەکەشی هەڵیدایەو وتی: "کە چووینە لایان، دەوڵەت هەموومانی گرت و هەرچیمان بوو تالانیانکردوخۆشمانیان ئەنفالکردو هیچ نەمایەوە"[38]. خەڵکی بەراو ماڵ وحاڵیان بەجێهێشت و ڕێیاندا لە بەر بۆگوندێکی تری ڕۆغزایی کە ناوی کوڵەجۆ بوو و چل پەنجا ماڵێك دەبوو، لەوێ بە پێیان بەرەو باشووری ڕۆژاوا بەناو هەردەو جەوەڵدا چەند ڕۆژە ڕێیەك بوو. لە گەڵ ئەوەشدا کە ئەنفالی سێ هێشتا بە ڕەسمیی دەستی پێنەکردبوو بەڵام لەوکاتەدا گردو بەرزاییەکان پڕبوو بوون لەسەربازو لەهەمووخاڵێکی پشکنیندا، دەبوو خەڵکەکە باسی ئەوەیان بکردایە کە دەچن بۆ ناودەوڵەت و خۆیان بە دەستەوە دەدەن. هێزەکانیش دەستیان نەدەهێنا ڕێیان و پاشان خەڵکەکە گەیشتنە کوڵەجۆو لەوێ دوو شەو بەسەلامەتی مانەوە. بەڵام لەڕۆژی سێهەمدا تەماشایان کرد ئەو گوندەی پەنایان بۆبرد وا چواردەوری گیرا.

[38] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای سموود، 20 ی مایسی 1992.



لەکاتژمێر یانزەو چارەکی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی 13 ی نیسان سوپای ئەنفالچی گەیشتووەتە گوندی کوڵەجۆ. پێش ئەوەی بگەن لەتەپە سەوز تووشی بەرگرییەك بوون بەلام ئەوەندە درێژەی نەکێشاوەو سەرئەنجام ئەوگوندەش وێرانکراوەوەك لەڕاپۆرتێکی هەواڵگریی سەربازیدا هاتووەو میدل ئێست ۆچ یاداشتی کردووە ( ڕەتلەکەی کەلار دەستی بە سەر چوارتفەنگدا گیرا) (39)". کوڵەجۆ زیدی تەیموور عەبدوڵڵایە کە پاش گرتن و کۆکردنەوەیان ڕەوانەی تۆپزاواکراون و دواترخیان لەبەردەم چاڵەکانی مەرگدا بینییەوەو لەناو کۆمەڵکوژیەکەدا تەیموری دوانزە ساڵ بەهەرچۆنێك بووە دەرفەتی ڕزگاربوونی بۆ ڕەخسابوو، پاش دورکەوتنەوەی لەشوێنی کۆمەڵکوژیەکە کەوتە دەست بنەماڵەی ئال ئعێشم لەگوندیکی پارێزگای سەماوەو ئەم مالە عەرەبە شیعە مەزهەبە بۆماوەی سێ ساڵ تەیموریان لەلای خۆیان بەخێوکردبوو، من لەدرێژەی بەدواداچونەکانم دەرفەتی ئەوەم بۆهەڵکەوت بەدیداریان شادبم و ماوەیەك لەگەڵ ئەندامانی ئەو خێزانەدا بەسەربەرم. تەیمور عەبدالللە لەگەڵ شەش دەربازبووی تری کۆمەڵکوژیەکەی گەرمیان بوونە زیندوترین شایەتحاڵی جینۆسایدکردنی نەتەوەی کورد، تەیمور کە لە تەمەنی سێ ساڵییەوە لەگوندی کوڵەجۆ دەژیا[40]. هیچ سەروکارێکی لەگەڵ سیاسەت و پێشمەرگایەتیدا نەبووچ جای

[39] برووسکەی *ئیستیخباراتی* کەلار بۆ دەزگای *ئیستیخباراتی* ناوچەی ڕۆژهەلات، ژمارە 10687 لە 13 ی نیسانی 1988دا.

[40] تەیمور عەبدالله ناوی ئەو میردمنداله بوو کە لەپەلاماری ئەنفالی گەرمیاندا گیراوەو لە کۆمەلکوژییەکی ناوچەی سەماوە دەربازی بووە، ئێستا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەژی و لەدادگای باڵای تاوانەکان بۆ ئەنفال ئامادەبوو.

ئەوەی خیانەتکاربێت..! باوکی تەیموریش جووتیارێکی گوندنشینو خەریکی کشتوکاڵو ئاژەڵداری بوو، ژیانی لەسەر پارچە زەوییەکی بچووك بوو کە لەوەرزی پایزدا دەیکردە گەنمو لەسەرەتای هاویندا دەیچنییەوە. تەیموور کوڕەگەورەی عەبدوللە بووەو سێ کچی منداڵی هەبوو کە هەمویان پێکەوە ئەنفالکرانو تەیموربەچاوی خۆی مەرگی هەموویانی لەگۆڕێکی بەکۆمەڵدا دیبوو، ئەوەی مایەی سەرنجە ئەوەیە کە خەڵکی گوندەکاتی ترلەدورو نزیکیانەوە هاتبوونە کوڵەجۆ بەپێچەوانەی خەڵکی گوندەکانی ناوچەکە کەوا هەڵدەهاتن گوایە سەلامەتو بێ گیروگرفتە، وەك تەیموور بۆ میدڵ ئیست وۆچی باسدەکردووە، خەڵکی کوڵەجۆ تا دوا ساتیش هەرلەماڵەکانی خۆیاندا مانەوەو نەجوولاّن. کەچی تانكوتۆپی قورس لەتیلەکۆوە، کە هەروا سەعاتە ڕێیەك لێیانەوە دوورە، بەرەوڕوویان دێت، ناچارهەرماڵەوئالاّیەکی سپی لەسەربان هەڵکردوئەوجا هەموو ڕایانکرد. پیاوەکان بەباوکی تەیمووریشەوە چەکەکانیان لەبیرەکانی ئاواییو شوێنیتردا شاردەوە. تەیموور خێرا فریای باوكو دایکی کەوتو بەپەلە هەندێك کەلوپەلی ماڵیان خستە ناوعەرەبانەی تراکتۆرە شەقوشڕەکەیانەوە. ئەوانبە گریمانەی ئەوەی کە زۆریان پێناچێتودەگەڕێنەوە سەرماڵ وحاڵی خۆیان، بەخەیاڵی خۆیان وایاندانا کە بچنە کۆمەڵگای سموودی نزیك کەلار، بۆ لای ئەوخزموکەسانەیان کەوا لەئەنجامی پەلاماری پاکتاوکردنی گوندەکان لەبەهاری 1987 دا لەوێ نیشتەجێ کرابوون، بەلاّم خەڵکی کوڵەجۆو ئاوارەکانی تریش هەستیان بەوەکرد کە سوپا تەنها



تاقەڕێگەیەکی درچوونی بۆ هێشتبوونەوە، لەشێوەی ڕەحەتییەکدا، وەك کۆزە کردنێك بەرەوخوار بۆگوندی ملەسوورەی* نزیك ڕێگای سەرەکیی نێوان کفریو کەلار[41]. ئەوان تا گەیشتنە ملەسوورە بەتراکتۆر دوو سەعاتی ویست، چونکە لە بەر قورسیی باروبنەیان لەسەرخۆ دەڕۆیشتن.

هێزەکە پاش ئەوەی کوڵەجۆی تێکدا لەوێوە بەرەو باکوور پێشڕەویی کردو کاروانێك بلدۆزەرو ئیڤای بەتاڵی شوێن خۆی خستبوو و زۆری پێنەچوو گەیشتە هەوارە بەرزە، شوێنی لەدایکبوونی تەیموور، ئەمیش دیسان لەڕۆژانە ڕاپۆرتی هەواڵگریدا تۆمار کراوە کە "سووتاوەو تەختکراوە"[42]. کونەکۆتریش کە گوندێکی بچووکی شەش ماڵیی بوو لەدوای ئەو، سوپا لەوە دابوو پێی بگات بەلاّم هەر شەش ماڵەکە چۆڵیانکردو هەلاّتن، کەچی لە هەردەکەدا کەوتنە ناو دەورێیەکی سەربازەوەو بەرەو ملەسوورەیان خوار کردنەوە.ئەفسەرێك بەڵێنی پێدان کەس زیان ناهێنێو هەموو بەم زووانە لە کۆمەڵگایەکی تازە دروستکراودا نیشتەجێ دەکرێنەوە. بەلاّم لە جیاتی ئەوە مەسەلەکە وا کەوتەوە کە سێو چوار کەس لە شەش

* لە دقەکەدا بە هەڵە نووسراوە ملەستوورە. ئەم گوندە زۆر نزیك نیە لەو ڕێگایەوەو ماوەی 15 کیلۆمەترێکی لێوە دوورە . و.

[41] گوندنشینانی بەشەکانی تری گەرمیانی خواروویان ڕاپێچی شارۆچکەی مەیدان کرد کەمێك دوور لە ودیوی ڕێگاکەوە.

[42] سوپا کاتێکی ڕێكو تەواوی بۆسووتاندنی گوندی هەوارەبەرزە تۆمار کردووە کاتژمێر 17:27 ی 17 ی نیسان. برووسکەی *ئیستیخباراتی* کەلار بۆ دەزگای *ئیستیخباراتی* ناوچەی ڕۆژهەلاّت ژمارە 11180 لە 19ی نیسانی 1988دا.

خێزانەکەی کونەکۆتر بێسەروشوێن بکرێن‌و ئەمە بوو بە شێوازێك و لە ناوچەی ڕۆغزاییدا پەیڕەویکرا. مەحموود تۆفیق محەممەدی بەراوگەڵ پیرەمێردی سەرۆك خێڵ سی‌و حەوت کەسی بنەماڵە گەورەکەی لەدەستدا، لەوانە هەردوو ژنەکەی‌و دە منداڵی کە تەمەنیان لە دوو ساڵانەوە تا پانزە ساڵ بوو، هەروەها کوڕەکەی‌و بووکەکەی‌و شەش منداڵی بچووکیشیان. بێجگە لەوەش بیست‌و پێنج کەسی تریش لە خزمەکانی گوندی تەپە گەڕووسی دراوسێیان، کە بنکەیەکی *پێشمەرگەی* لێبوو، سەرنگوم بوون و زیاد لە نیوەیان منداڵ بوون[43].

لە 15 ی نیساندا، کە باران‌و لێزمەیەکی زۆر بوو، هێزەکانی ڕەتڵی کەلار گەیشتنە باکووری ئەوپەڕی ناوچەی عەمەلیاتی بۆدیاریکراویان‌و گوندی قولیجانی نزیك چەمی ئاوەسپییان وێرانکردوسووتاندیان. خێزانێك لە قولیجان ڕایکردبووکەوتبووە ناو هێزێکی جاشەوە کە *موستەشارێك* بە ناوی فەتاحی کەریم بەگ فەرماندەی بوو، پێی وتبوون "سەردەمی ئێوە تەواو، ئێستا ئیتر زەمانی دەوڵەتە"[44]. ئەمانیش هیچ دەروویەکیان نەبوو بێجگە لەوەی کە بەناچاری ڕووەو ڕێگای سەرەکی ملبنێن. خەڵکە ڕاپێچکراوەکەی گوندەکان دوو ڕۆژیان لە ملەسوورە

[43] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ، کۆمەڵگای سموود، 20 ی مایسی 1992.

[44] بەپێی قسەی زۆرکەسی ناوچەی گەرمیان کە بەرپەلامارەکانی ئەنفال کەوتوون، هەروەها چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ، کۆمەڵگای سموود لە بەرواری 20 ی مایسی1992. زۆر شایەنتحاڵ ناوی فەتاح بەگ دێنن وەك فەرماندەی هێزەکانی *جاش* لەم ناوچەیەدا. فەتاح بەگ کە بنەماڵەی بەگزادەی جافە تا روخانی یەکجاری رژێم لە بەغدا بووەو ئێستاش لەکوردستان نیشتەجێیە .



بەسەربردو نەیاندەتوانی بۆ هیچ لایەکی تر بڕۆن‌و لەو گوزەرەدا لەدەرودەشت لێیکەوتبوون. عەشاماتێکی زۆر لەو ناوەدا خڕببووبوون کە لە ژماردن نەدەهاتن‌و " لە ڕۆژی قیامەت دەچوو" وەك پیاوێکی خەڵکی کونەکۆتر دەیوت کەوا خۆی‌و ئاژەڵ‌و ماڵاتەکەی بە سەلامەتی لەوێوە گەیشتبوونە ملەسوورە، لە ڕۆژی سێهەمدا سەرباز فەرمانی پێدان بکەونەڕێ. ئۆتۆمبیلی ئیڤایان لە سەربازگەی کەلارەوە بۆ هێنرابوو، ئەوانەش کە ئۆتۆمبیل‌و تراکتۆری خۆیان پێبوو بە خاوەنەکانیانەوە بە دوایاندا ڕاپێچیانکردن. کاروانەکە لە ڕووباری دیالە* پەڕییەوەو بە سەر ناوچەیەکی ڕووتەن‌و بەردەڵاندا گوزەری کرد، کەوا لە دوادوایی ساڵی 1975ەوە بە زۆر بەعەرەبکرابوو و پاشانیش لە پاکتاوکردنی ناوچە سنووریەکانی کۆتایی ساڵەکانی 1970و سەرەتای جەنگی ئێران ـ عێراقدا چۆڵکرا. قۆناخی خەڵکەکە قەڵای قۆرەتوو بوو، کە بارەگای فیرقەی پیادەی 21 ی سوپای عێراق بوو. بە واتایەکیتر "ئۆردووگای ئامادەکراوی تایبەت" کە خرابووە ژێر کۆنترۆڵی *ئیستیخباراتەوە* بە پێی بڕیاری 15 ی مارتی فەرماندەیی مەکتەبی باکووری حیزبی بەعس[45].

لە 18 یان 19 ی نیساندا ڕەتڵەکانی کفری‌و کەلار بە ماوەی دە ڕۆژ لە ئەنفالی سێدا ئەرکەکانی خۆیانیان تەواوکردو هەرچی بەرگریکردن بوو لەنێوان ڕێگای کفری ـ کەلارو ڕووباری ئاوەسپیدا تێکشکێنراو تاقەبەرد یان خشتێکی هیچ گوندێك بە پێوە نەما. لای ڕۆژهەڵاتیشەوە هێزەکانی پێبازو پوونگڵە هەمان سەرکەوتنیان بەدەستهێنا،

[45] نووسراوی فەرماندەیی مەکتەبی باکوور, ژمارە 297 , 15 ی مارتی 1988.

هێزە هاوبەشەکەی پێباز کە محمد نازم حسن فەرماندەی بوو بە دوو ڕۆژ ئەوجا توانی هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان جووتە گوندی سۆفی ڕەحیمو عەلی وەسمان بڕووخێنێت و نارەزاییان لە *موستەشار*ێکی ناونەبراوی بەرپرسی فەوجی بەرگریی نیشتمانیی 75 دەربڕیوە کە لە مەیدانی شەڕ هەڵاتووە. بەڵام هەر کە ئەو گیروگرفتانە چارەسەر کران ئەودوای هێزەکە بێ هیچ تەگەرەیەك پێشڕەویکردو لە پاش تەختکردنی چواردە ئاوایی تر هێزە هاوبەشەکە گەڕایەوە شوێنی خۆی.

بەڵام ئەو هێزانەی لە پوونگڵەوە پێشڕەوییان کرد تەگەرەیەکی سەختیان هاتەڕێ. ئەم گوندە ماوەی هەشت میلێك دەکەوتە باشووری بەنداوی بایەخداری دەربەندیخانەوە، هێزە هاوبەشەکە هەر لە یەکەم ڕۆژی دەرچوونیدا تووشی بەرەنگاریەکی توندی تاقمێکی *پێشمەرگە* بووەوە کە بەرگرییان لە گوندی شێخ تەویل دەکردو چەند ڕۆژێکیش لەوەوپێش شەڕێکی قورسی تێدا قەومابوو. عەقید سەلمان عبدالحسن کە فەرماندەی فەوجی کۆماندۆی یەکی سەر بەفیرقەی 17 بوو پێشتر لە پێکدادانێکدا بریندار کرابوو، بێ ئەو زنجیرەی فەرماندەیی لێکترازابوو. یەکێك لە فەوجە پاڵپشتەکانی *جاش*، کە فەوجی 131 بوو ، بە شپرزەییو نارێکی پاشەکشەی کرد. بەشێکیش لە هێزەکە لەگەڵ ئەفسەرێکی تردا دابڕابوونو *پێشمەرگە* دایانگرتنەوە، ئەودواشیان ماوەی دوو میل پاشەکشەیان کردو داوایان لە فیرقەی 21 ی قۆرەتوو کرد بێت بە هانایانەوە.

سوپا لەگەڵ ئەوەشدا کە فڕۆکەو تانكو هەلیکۆپتەری مووشەکهاوێژو تۆپخانەی قورس یارمەتییان دەدا بەڵام پێنج ڕۆژی تەواوی خایاند بۆ شکاندنی پەنجا *پێشمەرگە* لە شێخ تەویلدا. لە شەوی 13 ی نیساندا *پێشمەرگەکان* فەرمانیان بۆ هات کە



بکشێنەوە[46]. لەم بارەیەوە ڕێکحراوی میدل ئێست وۆچ بروسکەو راپۆرتە هەواڵەکانی یاداشت کردووەو نوسیوێتی کاتژمێر14:30 ی ڕۆژی ئاینەدەدا، ئەفسەرێکی تازەی فەرماندەی هێزە هاوبەشەکە بەناوی ڕائید سالم ، هەواڵێکی دایە بارەگاکەی خۆی هەردوو گوندی شێخ تەویلو بۆیسانە " گیرانو تێکدران". هەر لەوکاتەشدا ڕاپۆرت درا کەوا پەنجاو سێ خێزان "گەڕاونەتەوە ڕیزی نیشتمانی"[47].

ئیتر هێزەکانی رژێم بەجەیشوجاشەوە کە زانییان بەرگری نەماوەو بەریان بەرەڵا بوو توانیان بچنە قووڵایی ناوچەیەکەوە کە دوو حەفتە لەوەوپێش خەڵك چۆڵیان کردبوو، ئەوخەڵکانەش کێ بوون هەروەك میدیل ئێست وۆچ باسی تیرەی یان هۆزی رۆغزایی دەکاو نوسیوێتی ( ئەوانەش ئەو گوندنشینانە بوون کەوا مەحموود تۆفیق محەمەدی سەرۆك تیرەی جافی ڕۆغزایی دەمسپییان بوو ) .

---

[46] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ لە گەڵ *پێشمەرگەیەکدا* کە لە شێخ تەویل شەڕی کردووە، کەلار، 31 ی مارتی 1993.

[47] ئەم زاراوە بریقەدارانە بەردەوام لە ئاڵوگۆڕی نامەو نووسراوە ڕەسمیەکانی ماوەی ئەنفالدا بەکاردەهات. هەرچەندە زۆربەی ئەو کەسانەش کە لەم کاتەدا دەگیران, زیاتر پێدەچێت کوژرابێتن وەك لەوەی مابێتن. برووسکەکانی *ئیستیخباراتی* فەیلەقی دوو بۆ فەرماندەیی مەکتەبی باکوورو دەزگاکانی تر ژمارە 10780 و 10915 لە 15 ی نیسانی 1988دا. شیاوی باسە بۆیسانە شوێنی خۆبەدەستەوەدانی خەڵکە هەڵاتووەکەی هۆمەرقەڵا بوو کە لە ئاخرو ئۆخری مارتدا، لە ئەنجامی عەمەلیاتی ئەنفالی دووی قەرەداخدا گەیشتبوونە ئێرە.

لەکۆتایی مانگی ئازارو سەرەتای نیسان بەتایبەتی بەرواری 2ی نیسان کە رژێم بەیانی سەرکەوتنی لەقەرەداغ راگەیاندن، پاش تێکشکانیان پێشمەرگەش رووەو پانتاییەکانی گەرمیانو بناری شاخی زەردە[62] بەدیوی گەرمیاندا پاشەکشەیان کردبوو، کە بریتی بوون لە یەکێتی نیشتمانی کوردستانو حزبی شیوعی عێراق کە هیزێکی کەمتروبچوکتربوون، کە هەندێك بنکەو بارەگایان هەبوولەگەرمیان،. بەلاّم هەڵەی پێشمەرگە ئەوە بوو کە ویرای هەستکردنیان بەوەی کە ئەم ناوچەیە چیتر نەدەبووە شوێنی حەوانەوەی ئەوهێزانە چونکە هێرشەکان بەردەوام بوونو ئەوانیش خاوەنی هێزو چەكوتەقەمەنیو پێداویستیە لۆجستیەکانی جەنگ نەبوون لەگەل وەها لەشکرێکی پرچەكو ئامادەباشدا لەپەلامارەکانی ئەنفالی دووی قەرەداغدا شاخی زەردە لەلای ڕۆژهەلاّتیەوە کۆنترۆڵکرابوو ناوچەکەش وێرانکرابوو، ئەو هێزانەی تریش کەخۆیان بۆ پەلاماری تر ئامادەکردبوو لەڕۆژئاواوە لەپێشڕەویدانو زەمینە سازییان بۆ دەکرد، " لەگەڵ ئەو هێزە تایبەتیانەدا کە هەلیکۆپتەر دایاندەبەزێنیٚ (*قوات خاصە*) گەمارۆیان داوەو تەنگیان پێهەڵچنیوە، لەبەر ئەوە مەحاڵ بوو بۆ *پێشمەرگە* چیتر بەرگری بکات. دوا کەچی بەو حاڵەشەوە بەرنامەیەکی رونیان نەبۆ پاشەکشەو نەبۆ بەرگری نەبوو، خەڵکیش بەتەواوی شلەژابوونو بیٚ بەرنامەو بەسەر لێشیواویەوە دەهاتنو دەچوون، ( ئەوانەی بەرەو خواردەبوونەوە پێشمەرگە ڕێگەیان لێدەگرتنودەیانگێرانەوە )[63] ئەگەرچی سەبارەت بەرێگە پێگرتنو گەراندنەوەی خەڵکی گەرمیان بیروڕای جیاواز هەیە، بەزۆری لەسەر ئەوە

[62] شاخی زەردە نزیکەی 5900 پیٚ بەرزە شاری دەربەندیخان دەکەوێتە بەردەمیو پشتیشی لەگەرمیانە

[63] بروانە محمود سەنگاوی کتیبی بیرەوەریەکانی سەنگاوی – 2004 – ل 207



کۆکن کە بریارێکی مەرکەزی نەبووە، بەلکو ئەوە دەگەرێتەوە سەر بیروڕای بەرپرسی یەکەمی ئەوناوچانەی خەڵکیان تیدا گەراندووەتەوە یان رێگەی رۆیشتنیان لێگرتوون. بەلاّم لەهەموو حالەکاندا لایەنی باشو خراپەی ئەو مامەلەیە لەسەروەختی ئەنفالدا بەپێی ناوچەکان دەگۆرێ . چونکە لەهیچ حالێکدا حکومەت لەوەی نەپرسیوە داخۆ ئەوخەڵکەی دەکەونە بەردەست بۆ خۆبەدەستەوەدان هاتوون یان بەرێکەوت کەوتوونەتە دەست هیزەکانیان.

بەرگریی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە زەردەلیکاویش نەیتوانی زۆربخایەنیٚ ، بەڵکو ئەویش وەکو پێشبینی کراوە تێکشکاوە، ئیتر خەڵکی ئەم گوندانە کە بەهەزاران کەس بوون پۆل پۆل خۆیان بەرەو خواربوونەتەوەو بەزۆریش لە گوندی فەقیٚ مستەفا گیرانو سەربازو *جاش* چواردەوریان گرتنو بە ئیڤا ڕەوانەیان کردن" [64] بەشێکیش لە خەڵکەکە بە زەحمەت وماندووبوونێکی زۆربەدرێژایی زنجیرە شاخەکانی قەرەداخدا بەرەو باکوور ڕۆیشتن لەگەڵ ئەو *پێشمەرگانەدا* کە لەویٚ مابوونەوە. کە زۆریان پێشمەرگە چاوساغی کردنو بەزەحمەتێکی زۆر رزگاریان بوو. [65] بەپێی برووسکەی ئیستیخباراتی فەیلەقی دوو بۆ فەرماندەیی مەکتەبی باکوورو دەزگاکانی تر, ژمارە 11386 لە بەرواری 21 ی نیساندا. سەرلەبەیانیی ڕۆژی 20 ی نیسان هێزە هاوبەشەکەی پوونگڵە گەڕایەوە شوێنی خۆیو ڕایگەیاند کە تەواوی ئامانجەکانی جێبەجیٚ کراوە[66] ئەو

[64] بروانە میدل ئێست وۆچ – جینۆساید لەعێراق پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد – چاپی دووەم خانەی وەرگیران محمەد حەمە صالح توفیق .

[65] هەمان سەرچاوە ل312

[66] هەمان سەرچاوەی پێشوو .

چەندگوندە کەمەی کەپێشمەرگەوهێزی جێگیریان تێدابوو بەئاسانی دابڕانو هیچ هێزێکی پاڵپشتو زەخیرەوخواردنێکیان نەدەگەیشتی، پێشمەرگەکانیش دەبوو یان هەڵبێن یان شەڕ بکەن تا تەقەمەنییان پێنامێنێت. ئەو *پێشمەرگانەی* لەناوچەکانی ئەنفالی یەکەمو دووەمەوە گەیشتبوون هەمووماندوشەکەت بوونو ڕووخابوونو ورە بەردانێکی گشتیش باڵی بە سەرهەموو لایەکدا کێشابوو ئەمەش هەروا لەخۆرا نەبوو، بەڵکو بەهۆی پەلاماری کیمیاییەوەبووکە لەدۆڵی جافەتیو سێوسینان وهەڵەبجە بەکارهێنرابوو. دەنا پێشمەرگە ئەوسەروەختە هەروا لەخۆرا ورەی بەرنەدەدا.. ئەگەرچی ڕژێمی عێراق لەپەلاماردانی گەرمیاندا گازی ژەهراویی پێویست نەبوو کەچی لەگوندی تازە شاری گەرمیانیش ئەم چەکە قەدەغەکراوەی بەکارهێناوە بەڵام پاش بەرگرییەکی ئازایانەش لەهەندێ سەنگەردا بەتایبەتی لە تازەشارو شێخ تەویل سەرئەنجام پێشمەرگە خۆیان نەگرتو لەبەرواری **1988/4/14**دا بریاری پاشەکشەیاندا، جگە لەچەند فەرمانده‌یەکی پێشمەرگە کە هەموویان گەرمیانی بوون لەوانە ( عوسمانی حاجی محمود، مەلا ئەحمەدی کەلاری، حەمەرەش )و چەند پێشمەرگەیەکی حزبی شیوعی ئەوی تریان بەرەو ناوچەی مەڵبەندی سێ پاشەکشەیانکرد.[67] بەڵام دەبێ ئەوراستیەش لەبەرچاوبگیرێ کە بەرگری کردنی پێشمەرگە کارێکی بێهودە بوو بەتایبەتی لەپاش بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەچەندین شوێن لەوانە تازە شاری گەرمیانیشدا لەمبارەیەوە میدل ئیست وۆچ نوسیوێتی ( ڕاپۆرتگەلێکی متمانە پێکراو هەن لە سەرپەلاماردانی کیمیایی گوندی تازەشارناحیەی قادر کەرەم. ) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە لاپەرە(**248 ـ 249**). هەروەها میدڵ ئیست وۆچ

[67] بڕوانە بیرەوەریەکانی سەنگاوی – محمود سەنگاوی –2004



هەندێ ڕاپۆرتی پێگەیشتووە لە سەر هێرشی کیمیایی بۆ سەرخاڵۆبازیانی (قەرەحەسەن)، بەڵاّم وەکو ڕاپۆرتەکە باسی کردووە زۆر جێی متمانە نین. **(6)** ! ئەمەش لەلایەك بەهۆی دڵرەقیو درندەیەتی سوپاکەو لەلایەکی تریشەوە بەهۆی بەرگریەکی قارەمانانەوەوشەری مانونەمانەوە بوو کە *پێشمەرگە* وێرای گەمارۆدانێکی گەورەش لەلایەن جەیشو جاشێکی بێئەژمارەوە سەرباری ئەو هەموو بێ ئیمکانیاتەشیان کەچی بەرگرییەکی ئازایانەیان کردبوو.

## ڕۆڵی جاشە کوردەکان

لەبەرئەوەی لەپەلامارەکانی ئەنفالدا جاشەکوردەکان کەمینەیەکی زۆرکەمیان نەبێت دەنا زۆربەی *موستەشارەکان* لەگەڵ خەڵکی لێقەوماودا درۆیان کردووە، پروپاگەندەی ئەوەیانکردووە کە لێبوردنەو ئەمان دەیانپارێزنو لە شارۆچکەو کۆمەڵگاکان نیشتەجێیان دەکەنەوە، ئەم جۆرەکەسانە ئەمرۆ هەرپلەوپایەیکی حزبیو حکومییان هەبێت، لەلایەن خەڵکێکی زۆرەوە بەچاوی سوكو وەکو تاوانباری ئەنفال تەماشادەکرێن، ئەمەش لەوسۆنگەیەوەیە کە ئەم گومانلێکراوانە نەچوونەتە بەردەمی دادگا هەتا مەسەلەی تاوانباریو بێتاوانییان یەکلایی بکرێتەوە، بۆیە لەدیدی خەڵکەوە

[6] بڕوانە میدل ئیست وۆچ – جینۆساید لەعێراق پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد. خانەی وەرگێران چاپی دووەم – محمەد حەمە صالح توفیق .

ئەوانە تاوانبارن، دەنا ئەگەر بێتاوان بونایە خۆیان دەچوونە دادگاو ئەوپەڵەرەشەیان بەتەوێڵی خۆیانەوە نەدەهێشت.

بۆیە کاتێك باس لەئەنفال دەکرێت ناشێت رۆڵی خراپەکاری جاشەکان فەرامۆش بکرێت، ئەگەرچی هەندێکیان رۆڵی باشیشیان گێراوەوخەڵکیان رزگارکردووەو هەندێکیشیان باس لەچاکەو پیاوەتی خۆیان دەکەن لەو رۆژگارەدا، بەڵام بەشداری کردن لەتاوانێکی وەکو ئەنفالدا بەهانایانەوە نایاتو هەمیشە پرسیارێك خۆی قوتدەکاتەوە دەبێت بەشداری کردن لەتاوانی ئەنفالدا چ کەلێنێك بۆمەردایەتی بهێلێتەوە.. ؟ وای بۆدەچم بەعسی بوونو لایەنگری بۆبەعس لەسەروەختی ئەنفالدا پەڵەیەکە بەتەوێڵی هەرکەسێکەوە، چ جای ئەوەی لەو رۆژگارەدا چەکداربوو‌بێتو ڕاستەوخۆ بەشداری ئەوکۆمەڵکوژیەی کردبێت؟ ئەگەر باس لەڕۆڵی هێزەکانی *جاش* نەکرێت لەسەروەختی ئەنفالدا. وەك بەشدار لەتاوانی سوپادا، ئەوا کەلێنیکی گەورە دەکەوێتە هەرنوسینو لێکۆلینەوەیەکەوە، بۆیە ئەم نوسینەش دەیەوێت باس لەئەنفالی گەرمیانبکاو ناشێت لایەنداری تێدابێ‌و لەسایەیدا هەندێك کەس بێگوناهو سەربەرز بێنە دەرێ‌و قەڵەمەکەم سەرشۆری بەردەمی قوربانیانی ئەنفال بکەن.

ئەوەی  گومانی نەهێشتووەتەوە ئەویە کە ئەوان هاوکاربوون لەراپێچکردنی هەزاران هاولاتی کورددا، بەرەوگۆرەکانی مەرگو کامپەکانی کۆکردنەوەو زیندانی کردن لە زیندانەکانی تۆپزاواو دبسو تکریتو سەلامیەو نوگرەسەلماندا، کە لەم زیندانانەدا سوکایەتیەکی بێ‌ ئەندازەی بەکوردبوونو بەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتی تێداکراوە، لەپێش هەمووانەوە ئەنفالو ڕەفتارو کرداری ئەو جاشەکوردانە سوکایەتیەکی گەورەبوو بەوگوندنشینانەی گیرانودواتریش لەلایەن بەعسیەکانەوە پێیان دەگوترا ئەنفالکراو.



یەکەکانی *جاش* ئەركو فەرمانێکی بەربلاویان لەئەستۆگرتبوو، بەلێنامەیان پرکردبووەوە کەدڵسۆزی حزبی قائیدو "سەرکردەی مەزن"بن.[68] ئەوان کاروانی سوپایان دەپاڕاستو پێش هێزەکان دەکەوتن بۆگوندەکانو چاوساغیان دەکرد، لە ڕاستیدا رۆلی کاریگەریان هەبوو بۆ ڕێخۆشکردنو سۆراخکردنی هەواڵو زانیاریی پێویست، بەووتە کوردیەکە " کەوا سووری بپێش لەشکر بوون". رۆڵی ئەوان لەوێدا بۆبەعسو سوپاکەی گرنگ بوو چونکە ئەوان شارەزای گشت هەردەو جەوڵو چیاکان بوونو هەمووشوێنێکیان دەپشکنیو بەتەنیشت تالانیو حەرامخۆری خۆیانەوە بەدوای ئەوکەسانەشدا دەگەڕان کە لەدەست پێشڕەویی سوپا هەلاتبوون، ئەوجاشەکوردانە بوون کەخەڵکە خۆپەنادەرەکەیان دەدۆزیەوەو بەدڵرەقییەوە دەسگیریان دەکردنو دەیاندانەدەست یەکەکانی سوپاوە. زۆرجاریش بەشێوەیەکی نامەردانە خەڵکیان فریودەداو پروپاگەندەی لێبوردنی گشتیان دەکردوبەڵێنی پەنادانیان

[68] لەراپەرینی ئازاری 1991 دا بەڵگەنامەیەکم چنگ کەوت کە حاشەکان پریاکردبووە وەك سویند خواردنێك وابوو بۆ حزبی بەعس .. بەداخەوە لەماڵتالانکردنەکەماندا ئەو بەڵگەنامەیەش تیدا چوو، بەڵام ئەوەی مایەی لەسەر وەستانە تا ئەم چرکە ساتە وێرای هەوالپرسینێکی زۆر لەو جۆرە بەڵگەیەم بەرچاو نەکەوتەوە کە دەقەکەی بەم شێوەیە بوو.. ( من فلانی کوری فلان فەرماندەی (ئەوەی لای من مەفرەزەبوو) ...............م بەلێن دەدەم بە حزبو سەرۆکی فەرماندە هەرکەسێك بگرم لە عەملیاتی ئەنفالدا رادەستی لەماوەی 72 کاتژمێردا فەوجی دەکەم ئەگەر ئەو تێکدەرە کەسی پلەیەکی خۆشم بێت.. بەپێچەوانەوە ئامادەم سزای مەرگ قبولْ بکەم ... قەرماندی بەردەوامیتان لە پێناوی حزبوشۆرشدا .

بەخەڵك دەداو دواتریش بەڵێنی خۆیان دەشکاند. لەم بارەیەوە شایەتحاڵێکی زۆرباس لەوە دەکەن کە جاشەکان درۆیان لەگەڵدا کردوون و بانگەوازی ئەوەیان بۆخەڵکی گوندەکان کردووە کە هێچیان بۆنابێ با بێنەوە سەرماڵ و حاڵی خۆیان و خۆیان تەسلیم بکەن.

ئەوان خەڵکە هەڵاتووەکانی ناو هەردەوجەوڵەکانیان تەفرەداو بەڵێنی لێبووردنێکیان دانێ کە فرت و فیڵی خۆیان بوو، دەنا هەرگیز لێبوردن لەئارادا نەبوو، واتە بەڵێنی ئەوەیان پێدان کە ئەمەش زنجیرەیەکی کۆتایی نەهاتووی پەلامارەکانی دەوڵەتە بۆ سەر لەنوێ نیشتەجێ کردنەوە، بەوەی گوایە "ژیانێکی هاوچەرخ" بۆ خەڵکەکە دەخوازن لەکۆمەڵگاکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتدا. ئەگەر جاش هەبووبێ لەپەلاماری ئەنفالدا گوندنشینەکانی پەنادابێ ئەوا هەر ئەوانیش بوون بەردەوام درۆیان بۆ ئەفسەرەکانی سوپا دەکرد کەوا گوندنشینە دەسبەسەرەکان "لە شەڕدا گیراون"، ئەمەشیان وەك مەرایی کردنێك بۆئەوەی ئەفسەرەکانی سوپا لێیان ڕازی بن، یان ڕەنگە بەهیوای ئەوە بووبێتن کە بەپارە یان بەشتومەك خەڵات بکرێن. لەمبارەیەوە گەلێك شایەتحاڵی دووسەرە هەن هەم بەرزگاربوونیان بەهۆی موستەشارێکەوەو هەم گیرۆدەبوونیان بەهۆی وەعدو بەڵێنەدرۆینەکانیان. بۆیە ئەم جۆرە حاڵەتانە تەنها بەدادگاکان یەکلایی دەکرێنەوە، بەتایبەتی لە رۆژگارێکی وەکو ئەمرۆدا دادگایی کردنیان ئاسوودەیی و متمانەیەکی زۆر بۆهاولاتیانی کورد دەگێرێتەوە بەوپێیەی ئەنفال برینێکی گەورەی کردووەتە جەستەو رۆحی تاکی کوردەوە.

– گەران بەدوای تاڵان و برۆدا نەك هەر کۆسپێکی لەبەردەمدا نەبوو، بەڵکو بە فەرمی لەراسپاردەکەی عەلی حەسەن مەجیددا دەرفەتی بۆ ڕەخسابوو، *جاش* نەك هەر



شەرمیان لە ڕەفتاری خۆیان نەدەکرد، بەڵکو ڕاستەوخۆ هەوڵیاندەدا لەو قات و قڕیەی ئەنفالدا سودیان وەردەگرت، پڕبە پێستی واتا ئاینیەکەی ( غزو) یان واتا قورئانیەکەی "تالانکردنی کافران" چونکە لەبرگە(7) ی بریاری 4008 ی نوسینگەی باکوردا کە لە20ی حوزەیرانی ساڵی 1987 ەوە بڵاوکرابووەوە، زەمینەی تالان و برۆ سازکرابوو، وەکو ڕێنماییەکی فەرمی [69]پ یاوەکان بدەنە دەستی ئێمەوماڵ و کەلوپەلیش بۆ ئێوە"، ئەمە قسەی "ڕەفیق حیزبییەکی"** بەعسی بووە بۆ یەکێك لە سەرانی *جاش*(67). هەرچی پیاوانی ئیستخبارات بوون وا بڵاویان دەکردەوە کەوا *پێشمەرگە* کافرو بێدینن و دەبێ وەك کافریش ڕەفتاریان لە گەڵ بکرێت"، ئەم قسەیەش بەکۆنە *موستەشارێك* وترابوو لە کۆبوونەوەیەکدا ئەفسەرانی *ئیستیخباراتی* سوپا سازیان کردبوو. "ئێوە هەرماڵ و سامانێکی *پێشمەرگە* هەیەو لەشەڕدا دەستی بە سەردا دەگرن بۆ خۆتانی ببەن، ژنەکانیشیان بە پێی شەرع و یاسا *حەڵاڵی* ئێوەیە، هەروەها تەواوی ئاژەڵ و ماڵاتیشیان"(68). ئەوی ڕاست بێت *جاشەکانیش* درێغییان نەکردو

[69] بروانە بریاری 4008 ی نوسینگەی باکوری ڕێکخستنی باکور–

** ئەمە کەوانی دەقە ئینگلیزیەکە خۆیەتی, ئەم زاراوەیە لە ناو کوردیشدا باو بوو وەهەر ئەم شێوازە عەرەبییەی بۆ بەعسیەکان بەکاردەهات نەك هاوڕێ و هەڤاڵی کوردی . و.

(67) ئەو تێبینیە بە ڕێکەوت گوندنشینێك گوێی لێبووە لە گفتوگۆیەکی نێوان ئەفسەرێکی سوپا و *موستەشارێکدا* بە ناوی سەعید ئاغا لە گوندی گەرەوان (ناحیەی ڕەوانز). چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ، گەرەوان، 29 ی نیسانی 1992.

(68) چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ لە گەڵ کۆنە *موستەشار* محەمەد عەلی جاف، سلێمانی، 11 ی مایسی 1992.

گوندە چۆلکراوەکانیان سەرپاك بێبەزەییانە تالاّندەکرد لە پێش سووتاندنو تەختکردندا. ئەوباسەی کەوا لێرەدا ژنێکی گوندنشین بەناوی زەینەب دەیگێڕێتەوە نموونەو شێوازی گەلێ حالّەتە: " بێژم چی برا خۆ هیچ مەحکەمەیەکیان نەکرا هەتا منیش بچم قسەبکەم، من ئیسە، چیم لەدەست دێت بەخوا خۆم باش ئەیزانم ئەو جاشەی ماڵ باوکمی تالاّنکرد، دووپەنی دا زۆپەو تەلەفزیونو ماتۆڕئاوەکەی مالی باوکم برد، ماتۆربان بیریانبوو. "(69).

بەلاّم لە کاتێکدا کە زۆربەی جاشەکان ئەو ئەرکو فەرمانانەی پێیان دەسپێردرا بە ڕێکی ئەنجامیان دەدا، لە هەمان کاتیشدا دەبێ ئەو ڕاستییەش بگوترێ کەوا دوودڵیی لەمێژینەی ڕژێمی عێراق سەبارەت بە دڵسۆزیی جاشوجەیش شەعبیو میلیشیای کورد بنەمایەکی ڕاستەقینەی هەبوو، *هەرچەندە جاشەکان* وەك تاکە کەس توانیویانە لێرەو لەوێ کەمو زۆر خەڵك دەربازبکەن بۆ شارۆچکەو کۆمەڵگاکان. چوونکە ڕاستێکەی هەربەبۆنەی *جاشیشەوە* بووە کەوا هەندێك کەس رزگاربوون لەم بارەیەوە حمە سور لە گوندی کەلار کۆن بۆ ساڵنامەی ئەنفالستان دەدوێو دەلێت پارەمداوەتە جاش خەلکم پێ رزگارکردووە لەوانە باس لە حاڵەتێك دەکات کە بری 300 دیناری سویسری داوەتە ئامر سرییەك تا ڕێگەی بدات بچێت خێزانێك بهێنێتەوەو لە گوندی کەلار پەنایان بدات". هەروەها کورێك بەناوی جەلال بەهەمان شێوە لەو بارەیەوە بۆ ساڵنامەکە دەلێت جاشەکان لەبەرانبەر چەند سەر مەرێکدا رێگەیاندان

(69) **چاوپێکەوتنی ئەنفالستان لەگەڵ زێنەب- ژمارە 4 ی نیسانی 2006 کفری .**



بچین چەند خێزانێك بهێنینەوە[71]، بەم شێوەیە پێدەچێت هەندێ لە دڵنەرمیی *جاشەکان* بە هۆی بەرتیلەوە بووبێت رەنگە لێرەدا هەلوەستەکردن لەسەر پیاوەکەی کەلاری کۆن لەناوچەی گەرمیان (حەمەسور) زیاتر شوێنی شیاوی خۆی بێت ( حەمەسور کە ئێستا لەکەلار دادەنیشێ بە ووتەی خۆی کەبۆخۆم چاوپێکەوتنم لەگەڵ کردووە دەگیرێتەوە شەوان خۆم دەکوتایە جەولەکانو خەلکم رزگار دەکرد، سویندی خوارد کە چەندین جار وەکو بەرتیل پارەی داوەتە جاشەکانوخەلکی رزگارکردووە پرکێشی ئەوەشی کردووە دەلێت من خۆنەجاش بوومو نەپیاوی حکومەتیش بووم بەلاّم عەشیرەت نەماوە لەم گەرمیانە لیم رزگار نەکردبێت. )

بەلاّم چەند بەڵگەیەکیش ئەوە دەگەیەنن کە دڵنەرمی جاشەکان ئەوە بووە کەبە ڕاستیی لەدوای ئەنفالی سێوە دەرفەتێك هەبووبێ یان بڕوایان بەو درۆیانە کردبوو کەبۆخەڵکی دێهاتیان دەکرد، یان هەندێکجار خۆشیان هەر درۆیان لەگەڵ کرابوو. میدڵ ئیست وۆچ کۆنە *موستەشارێکی* بینیوە کە فەوجەکەی لە لایەن سوپاوە زانیاریی ئەوەی دراوەتێ کە "دەچن بۆ گرتن یان کوشتن یان هێنانی پیاوی گوندەکان". بەلاّم ئەمە بەڵگەیەکی جیاکار بوو، لەگوندێکی پارێزگای دهۆکی باکوورەوە سەرچاوەی گرتووە، کەوا ناوچەی قۆناخی ئەنفالی هەشتو کۆتایی بوو، بۆیە پێدەچێت فەرمانەکانی سوپا لە گەلێ بواردا گۆڕانکاریی بەرچاویان تێدا کرابێت. ڕاوبۆچوونێکی زۆروبلاّو هەیە، بە تایبەتی لەئەنفالی سێی گەرمیاندا، کەوا *موستەشارەکان*و

(71) **چاوپێکەوتنی ئەنفالستان- ژمارە – 4- لەگەڵ هەردوو کەسەکە حمە سورو جەلال کەلاری کۆن – 2006**

ئەوكەسانەش كە ئەوان فەرماندەیان بوون لە نیازو مەبەستی ڕژێم بێئاگابوون هەتاوەكو ڕاپێچكردنەكە گەیشتە قۆناخێكی مەترسیدار، هەربۆنمونە هەندێك لەجاشەكان براو خزمە زۆر نزیكەكانی خۆشیان داوەتە دەست ئیستخبارات و سوپاوە بەنیازی پارێزگاری كردنیان بەڵام هەر ئەو بینینە بوو جارێكی تر نەبینرانەوە. [72]، هەرگیزیش بە بیرمدا نەدەهات قەسابخانەیان بۆ سازبكەن. هەموو ئەوەی كە *جاش* كردی یارمەتیدانی سوپا بوو بۆ ڕەخساندنی باشترین ڕێگای كاركردنە سەر خەڵكی گوندەكانو گرتنی ئەوانەی دەرباز دەبوونو تەسلیم كردنیان بە سوپا". ڕۆژێكیشیان لە ئەفسەرێكی پرسیبوو ئەم خەڵكە گیراوە چییان لێدەكرێت، ئەویش لە وەڵامدا وتبووی:"دەیانبەین بۆ گوندی هاوچەرخ" بەڵام دواتر *موستەشارەكە* دڵی كرمێ دەبێت و لە دەرفەتێكدا سەردانی كەمپێكی سوپا دەكات (پێدەچێت قۆرەتوو بووبێت)و لەوێ خەڵكێكی گیراوی زۆری بینیبوو، لێرەش دیسانەوە لە ئەفسەرێكی پرسیبوو كە نیازیانە چیان لێبكەن، ئەفسەرەكەش لە وەڵامدا وتبووی: "ئەوە كاری تۆ نییە". كاتێ گومانی *موستەشارەكە* بوو بە قەناعەت، بە قسەی خۆی هەستی بە پەشیمانیەكی زۆر كردووە: "تفمان لە خۆمان دەكرد بۆ بەشداربوونمان لەم كارەدا كە تاوانێك بوو كردمان"[73].

[72] وەك چۆن كاتی خۆی ڕوویدا، لە مەسەلەی ڕاگواستنە بە ناوبانگەكەی بارزانیەكانو خەڵكی تریشدا، لە ساڵەكانی 1970دا.

[73] چاوپێكەوتنی ئەنفالستان هەمان ژمارەی پێشوو چاوپێكەوتن لەگەل عومەرحاجی صالح دوزخورماتوو– 2006.



بەڵام لەكۆی ئەو هەموو جاشانەی بەشداری ئەنفالیانكردووە بەدەگمەن باسی ئەوە دەكەن جاش فریایان كەوتبێ بەڵكو بەگشتی قسەوبۆچونیان لەوەدا یەكدەگرێتەوە كەوا جاش فریوی داون، بەپێچەوانەشەوە ئەو قسانە دەگمەنن تەنها باس لەمەركەزشەبابەكەی دوزخورماتوو دەكەن كەجاشێك بەناوی جەبارە درێژ كە پێشتر پێشمەرگەبووەو لەگوندەكانی دەوروبەری كفریش لەگەرمیان باس لە موستەشارێك دەكەن بەناوی سەعید حەمە غەریب جاف كەپڕكێشیان كردبێت و خەڵكیان ڕزگاركردبێت "[74].

هەروەها ژنێكی خەڵكی گوندی وارانی، كە جاش گرتبوویانو بردبوویان بۆ توزخورماتوو، دابوویانە دەستی سوپاوەو بەمجۆرە لەوێ "دەسبەجێ ژنو پیاویان لێكترجیاكردەوەو خستنیانە ئۆتۆمبیلی بارهەڵگرەوەو بردنیان بۆ تكریت. كاتێ لێمان پرسین مەسەلە چیەو چیان بە دەستەوەیە، ئەفسەرەكان وتیان تكریت باشترو لەبارترە بۆیان". لێرەدا *جاشەكان* كەوتبوونە گومانەوەو "هەندێكیان هاتن بۆ ڕزگاركردنی هەمان ئەوكەسانەی كەخۆیان پێشتر گرتبوونیانو دابوونیانە دەستی سوپاوە. بەمجۆرە *جاشێك* ( كەپێدەچێت هەمان ئەو جەبارە درێژەبێت) دە ئافرەتی ڕزگار كرد. پاشان بردینیان بۆ ماڵی خۆیانو لەوێ شاردینیانەوە"[75].

[74] بروانە هەردوو ژمارەی ئەنفالستان– چاوپێكەوتن لەگەڵ وەهاب و كەریم حسێن ژمارە 4 – 2006 دوزخورماتوو، هەروەها ژمارە 6 چاوپێكەوتن لەگەل سەعید جاف سلیمانی– 2009 .

[75] چاوپێكەوتنی میدڵ ئیست وۆچ، سلێمانی، 12 ی مایسی 1992.

بەڵام لێرەدا دەبێ پرسیارێکی ڕاستودروست ئاڕاستە بکەین لە بارەی ڕۆڵی *جاشەوە*، ئایا ئەمانە لە ڕاستیدا چ جۆرە هێزێك بوونو توانـاو دەسەڵاتیان چەندبووە...؟ بێگومان ئەوە رونوئاشکرابوو کەوا لە پەلاماری ئەنفالدا، جاشەکوردەکان، لەسادەترین سەربازی پیادە لەسوپای نیزامیدا بێ دەسەڵات تربوون. هەتا دەسەڵاتە بێ منافیسەکەی علی حسن المجید نەهاتبووە، ئاراوە *جاش* لەناو فەوجەکاندا تەنها سەرکزکردنو خۆپەنادانێك بوو لە شەروخۆدزینەوەیەك بوو لە تەنوری جەنگی هەشتساڵی ئێران– عێراق– بەڵام ئایا بەعس بەو هەموو رقەیەوە بەرانبەر ئەوکەسانە لێدەگەرا هەروا بێ ئارەق بۆی دەرچن..؟ بەتایبەتیش بۆکەسانێك لەبن دەستی خۆیدابوون، نەك بەرگری کار.. مەگەرچۆنها دەنا جاشەکان هیچ قسەیەکی ئەوتۆی نەدەرۆیی، بەڵام لێشیان قبوڵ نەدەکرا سەرپێچی بکەنو بە کەیفی خۆیان یاری بەچارەنوسی گیراوەکانەوە بکەن.. مەگەر چۆنها توانیبێتیان داکۆکی لەخۆشیان بکەن.. لەکۆی ئەو هەموو موستەشارەی لەناو کوردا هەبوون مەگەرچۆنها گوندێکیان لەنزیك شارۆچکەکانەوە مابێ دەنا هەموویان لەگەڵ زەویدا تەختکراونو زۆریشیان بەدەستی جاشەکان سوتێنراون.. بەڵگەنامەکانی *ئەمن* لە سەر ئەو گوند ڕووخاندنەی لە ساڵی 1986 دا جێبەجێکراوە بەئاشکرا ئەوانەی لێدەرکردووە کەوا کەسوکاریان *جاش* بووە[76]. هەرچەندە ئەمە نەرمی نواندن نەبووە بەڵکو تاکتیکێکی

---

[76] نووسراوێکی دەسنووسی لیژنەی کاروباری باکووری ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لە دیسەمبەری 1986دا باس لە ڕووخاندنی سێ گوند دەکات، بەڵام ڕەزامەندیی



سەرەتایی بوو، بۆئەوەی کەمترین بەرهەلستی روبەرووبنەوە، هەربۆیەش دواتر بارەکە بەجۆرێکی تر بووەو بەباری خراپیدا گۆڕاوەوئەوگوندانەش کە سەر بە ڕژێم بوون لەگەڵ گوندەکانی تردا سووتانو بە بلدۆزەر تەختکرانو بەهەمان مەرەدی ئەوانی دی دران. هەندێکیشیان جاشەکان خۆیان دەیان سوتاندن.[70] خۆ ئەگەر وەعدو بەلێنێکیشان بەخەڵك دابێ، تەنانەت ئەگەر نیازپاکیشی تێدا بووبێت، قسەی بێ بنەماوبۆشو بەتاڵ دەرچوون. هەروەکو جووتیارێکی دەسڕۆیشتووی گوندی قولیجانی ناو جافی رۆغزایی لەگەرمیانی خواروو، کاتێك لەگوندە سووتاوەکەی هەڵاتبوو، چووبوو دەستەودامێنی ( فەتاحی کەریم بەگ) ببوو، کە دەسەڵاتدارترین *موستەشار*بوو لەناوچەکەدا، بۆ ئەوەی فریای بکەوێت ویارمەتی بدات، ئەمیش پێی وتبوو کە هیچ ترسێکی نەبێت، "پسووڵەیەکی پێدامو تێیدا نووسیبووی کەوا من لە گەڵ ئەو *موستەشارەدام*و حەوت سەر خێزانم لە گەڵدایە. ئەوەشی پێوتم کە ئەگەر ئەم نامەیەم پێبێت ئەوە سوپا دەست ناهێنێتە ڕێم"[77]. کابرای جووتیار ئەمەی بۆ میدل ئێست وۆچ گێرابووەوە " گەلێ خۆشحاڵ بوو بەم چاوبەیەکتر کەوتنە" بۆیە ملی ڕێگەی گرت بەرەو جادەی سەرەکی بۆسەرقەلاّ، لەوێ تاقمێ سەرباز تێیانخوڕی بوەستێ، ئەمیش بەدڵنیاییەوە پسووڵەکەی *موستەشاری* دا بەدەستیانەوە بۆ ئەوەی بەسەلامەتی بگاتە

---

لە سەر ڕاسپاردەیەکی فەیلەقی یەك دەربڕیوە بۆ هێشتنەوەی ئەوانی تر چوونکە دانیشتوانیان *جاش* بوون.

[70] بروانە ئەنفالستان ژمارە –4 چاوپێکەوتن لەگەل کۆنە جاشێکی سەردەمی ئەنفال– کەلاری کۆن –2006

[77] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ، کۆمەڵگای سموود، 20 ی مایسی 1992.

جـێ. سـەربازەكە پرسـی: "ئـەم فـەتاح بەگـە كێیـە؟"و گوزارشـێكی بـەكارهێنا كـە تەشەرێكی ناشیرینە لەزمانی عەرەبیداو بە لاقرتییەوە وتی: " قسەكە زۆرناشرینە بۆنـاو ئەم كتێبە بەجوانم نەزانی – نوسـەر". نامەكـە هـیچ نرخێكـی نـەبووكابرای جووتیـار لەگەڵ خەڵكە گیراوەكەدا ڕاپێچی قەڵاكەی فیرقەی 21 كرا لەقۆرەتوو.

*موستەشارە كوردەكان كە بەراوێژكارەكانی* بەعسـیش نـاودەبران، كەمینەیـەكیان نەبێت هەتا هەنوكەش زۆرخۆیان لەمیدیای كوردی دەپـارێزن‌و بەهەرهۆیەكـەوە بێـت نایانـەوێت لەوبارەیـەوە قسـە بۆیراگەیانـدنی كـوردی بكـەن، بـەڵام لـەراپۆرتێكی گرنگ‌وبایەخداری هیومان رایتس وۆچدا زیانیاری وردیان داوەتە تیمەكانی میدڵ ئیست وۆچ كـە یوسـت هێڵتـەرمان سەرپەرشـتی پـرۆژەی راپۆرتەكـە بـوو، زانیـاری موستەشارەكوردەكان سەبارەت بەكۆبوونەوەكانی خۆیانە لەگەڵ علـی حسـن المجیـدو فەرماندەكانی هەردوو فەیلەقی یەكو پێنجدا لە هەولێرو كـەركوك. لەیـەكێك لـەم كۆبوونەوانە، لە ئابی 1988دا، عەلی حەسەن مەجید بە *موستەشارەكانی* وتووە كـەوا پەلاماری ئەنفال دەبێ ئێستا لە بادینان دەستپێبكات، كەئەوكاتە ناوچەی ژێردەسەڵاتی پارتی دموكرات‌و مەسعوود بـارزانی بـوو. بـەڵام بەفـەرمانی خـودی سـەدام حوسـێن كوردی بادینان دوا مۆڵەتیان دەدرێتـێ "بگەڕێنـەوە بـۆ ڕیـزی نیشـتمانی". تێكـدەران ئەگەر پێش دەستپێكردنی عەمەلیاتی سەربازیی لەو ناوچەیەدا خۆبەدەستەوە بدەن ئەوە بەربەزەیی دەكەون [78]. ئەم زانیاریەی لەدەمی *موستەشارێكەوە* كە لـە كۆبوونـەوەی

---

[78] یاداشـتێك كـە لـە لایـەن ئـەمنـی سـلێمانییەوە لـە 11 ی تـەمووزی 1988دا دەرچـووە چەسپاندنی ئەم سیاسەتە نوێیە دەردەخات. بەشێك لەم بەڵگەنامەیە دەڵێت: "هـەڤاڵ علـی



ئەو ڕۆژەی هۆڵی ڕۆشنبیریی جەماوەردا لەهەولێر بەشدار بووە گوازراوەتەوە بۆ میدل ئیست وۆچ پێویستی بەبەراوردێكی لۆژیكی هەیە لەنیوان لۆجیكی بەعس‌و قۆناغەكانی ئەنفالدا چونكە هەرگیز ئەوە بیروبۆچونێكی قایلكەرنیە بەعس لەگەڵ خەڵكی بادینـان نـەرم تربێـت، بـەڵكو مەسـەلەكە پەیوەندیـدارە بەریشەكێشـكردنی كوردەكانـەوە لەوناوچانەی بیرەنەوتیەكانی لێیەو بۆنی كوردیش لەوناوچـانەدا لـەلۆجیكی بەعسـدا مەترسیەك بووە كە پێویستە مشوری بخورێت بەاتیبـەتیش كـە بـارودۆخێكی گونجـاو لەئەنفالدا بۆجێبەجێكردنی ئەو سیاسـەتی ریشەكێشـكردنە زەمینـەی لـەباربوو. بۆیـە پاكتاوكردنی گەرمیانیەكان تەنها دیوێكی پەیوەندی بـە تونـدرەوفتاری بەعسـەوە هەیـە دیوەكەی تری ریشەكێشـكردنی كـوردە لەوناوچـانەی كەبـەعس خۆشـی بـەبوونیان نەدەهات.

---

حسن المجید، ئەندامی سەركردایەتیی هەرێمایەتیی‌و سكرتێری گشتیی مەكتـەبی باكوور ئەم خالأنەی خوارەوەی ڕاگەیاندووە:

1– ئـەو تێكـدەرەی خـۆی بـە دەسـتەوە دەدات‌و چـەكەكەی دەهێنێتـەوەو ئـەوەی كـە لـەو ناوچـانە دەگەڕێتـەوە كـە تـا ئێسـتا پرۆسـەی ئـەنفال نەیگرتووەتـەوە، لـە هـەموو تاوانێك دەبەخشـرێ، بـەو تاوانانەشـەوە كـە لـە ئـەنجامی كەمتەرخـەمی‌و هەلأتنـەوە(لـە خزمـەتی سەربازی) بەرپا كراون. ( لێرەدا جەختی لە سەر كراوە ).

2– ئـــەو تێكـــدەرەی بێچـــەك لـــەو ناوچـــانە دەگەڕێتـــەوە كـــەوا عەمـــەلیاتی ئـــەنفال نەیگرتوونەتەوە، لە تاوانی چوونە پاڵ تێكدەران‌و كەمتەرخـەمی‌و هـەلأتن دەبەخشـرێت. ( جەختی لە سەر كراوە.)

3– نابێ هیچ تەگەرەیەك بخرێتە ڕێی ناونووسین لە فەوجەكانی بەرگریی نیشتمانیدا".

پاشان هەرلەم کۆبوونەوەیەدا عەلی حەسەن مەجید دەرفەتی دابوون داخۆ کێ پرسیاری هەیە بابفەرموێت پرسیارەکانی بکات زۆر کەس لەو موستەشارانە هەڵسابوون بۆقسەکردن. یەك لەوانە شێخ موعتەسەم عبدالکریم بەرزنجی بووە، *ئەو پیاوەی* دەسەلاتدارو ترسناکترین موستەشاربوو، خەڵکێکی زۆری لە قادرکەرەم گرتبوو، هەروەها هەزاران خەڵکی مەدەنیی لەئەنفالی سێدا گرتبوو دابووە نیە دەستی سوپاوە. بە پێی قسەی *موستەشارێکی* تری کۆبوونەوەکە ئەو ڕۆژەی هۆڵی ڕۆشنبیریی جەماوەربێت لەهەولێر، شێخ موعتەسەم پێیدا دیاربووە بەگومانودوودڵ بووەو پرسیوێتی ئایا ئەوبەڵێنەی لەقۆناخەکانی سەرەتای ئەنفالدا دراوە ڕێزی لێدەگیرێت؟[79]، بەلام دوودڵیوئازارەکانی ویژدانی هاوکارێکی کوردی ئاوها کاریگەر، ئەو پیاوەی کە ڕژێم هەر شتێکی داوالێکرد جێبەجێی کرد، بە ڕقو بێزەوە خرانە لاوە. ئەلمەجید بە موعتەسەمی وتبوو: "تۆ بووی بە خاڵێکی ڕەش بە سەر ئاوێنەیەکی سپییەوە" وەکو میدل ئێست ۆچ نوسیوێتی ئەگەربهاتبایەو دانەیشتایە ئەلمەجید ئیعدامی دەکرد "تەنانەت ئەگەر خواش شەفاعەتی بۆ بکردایە"، چوونکە لەبەردەم ڕازگری گشتیی مەکتەبی باکووری حیزبی بەعسدا، تەنانەت زاتی خوا خۆیشی کەم دەسەلات بوو.

[79] چاوپێکەوتنیمیدڵ ئیست ووچ لەگەڵ کۆنە موستەشارێکدا، سلێمانی، 30 حوزێرانی 1992.



# مەدالیای ئازایەتی... !

ئەو ئەفسەرو دەرەجەدارانەی لەخوارەوە ناویان هاتووە، کەناوی جاشو سەرۆك جاشە کوردەکانیشی تیدایە، گوایە ڕۆڵی ئازایانەیان بینیوە لەئەنفالی سێدا، بەلام ئازایەتی ئەوجۆرە پیاوانە لەوکاتەدا دەردەکەوێ کەهەر لەم کتێبەدا قوربانیەکان دەبینیو حیکایەتی قارەمانانەی خەڵكو پێشمەرگەی ئەوسەروەختە دەبینین، کە بەرچاوترینیان لەگەرمیاندا چیرۆکی قارەمانانەی شێخ حسینی هەزارکانیو نەفس نزمی ئەم کەسانەبووە کە بەسەر ئەو کۆمەلکوژییەوە مەدالیای ئازایەتیان وەرگرتووە، ئەو کاتەی چیرۆکی ئازایانەی شێخ حسینی هەزارکانیو جەمالو ئازایەتی پێشمەرگەکانی شەڕی شێخ تەویلو تازەشار دەخوێنیتەوە لەهەرکات زیاتر دەتوانین بەراوردێکی تەندروست بخەینە بەر دیدو زەرینی خۆمان، سەبارەت بەو پیاوانەی دەسەلات بە ئازاو پاڵەوان ناوی دەبردنو هەربەناوی ئازایەتیشەوە مەدالیای ئازایەتی سەرکردەیەکی خێڵەکیو توند ڕەفتاریان بەسنگو بەرۆکیاندا هەڵدەواسی، باش هەرچەندە ئەو جۆرە پیاوانە خۆیان باش دەیانزانی کەوا شێخ حسێنی هەزارکانی بەیەك ووشە (نا)یەك هەموو عەرشی دەسەلاتو مەدالیاو درۆو دەلەسەیەکیان توڕدەداتە زبڵخانەی مێژووەوە.

لەڕۆژی 23ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1988 ( واتە دوومانگ دوای پەلامارەکە) بەپێی مەرسومی کۆماری ژمارە 1014 نۆتی شجاعە ( مەدالیای ئازایەتی ) بەسنگوبەرۆکی ئەمناوانەی خوارەوەدا هەڵواسیوە لەبەرئەوەی ڕۆڵی جوامێرانەو کاریگەریان لەئەنفالی سێدا بینیوە.

ناوەکان :

1. عمید رکن مشات – پیادە سامی محمد عیسی فەرماندەی لیوای پیادەی 444 .
2. عمید فتاح کەریم فتاح جاف – موستەشاری فەوجی 35 .
3. عقید روکن فواد ئیبراهیم محمد فەرماندەی فیرقەی 18ی ئالی – لیوای مغاویری حەفتا– 70 .
4. عقید تەیار – حمد عەتیە خوین ج ت_ جت_ 12 سرب .
5. مقدمی پیادە – محمد کازم حەسەن دوراجی فەوجی مغاویری فقەی 1ی خاصە.
6. مقدمی پیادە – خمیس حسن جاسم . فوجی 2 لیوای 444
7. رائیدی پیادە – باسل تورکی عبدالله فوجی یەك لیوای پیادەی 444 .
8. رائیدی پیادە– مونزر ئیبراهیم یاسین فەوجی مغاویری یەك لیوای 444 .
9. ملازمی یەکەمی پیادە – عەدنان سەلمان موسلح فەوجی یەکی مغاویر قیرفەی یەکی خاصە .
10. ملازمی یەکەمی پیادە – محمد عبدالزهره علی فەوجی یەك لیوای 444 .
11. ملازمی یەکەمی ئەمن– ئەحمەد عەبدللە ناسر سەربە ئەمنی پارێزگای سلیمانی.
12. ملازمی یەکەمی پیادە – **سعید حمید خضیر فوجی** 18ی ئالي لیوای **مغاویری** 70 .
13. ملازمی یەکەمی زریپۆش – ئەحمەد مستەفا شەریف– کەتیبەی تانکی ئەلکرامە .



14. ملازمی پیادە – کەریم حاسم شریف فوجی مغاویری 1 فیرقەی دووی خاصە .
15. ملاومی پیادە – شهاب عزیز حمزە فوجی مغاویری 1ی فیرقەی 2ی خاصە .

ئەم ئەفسەرو فەرماندانەی خوارەوەش ڕاستەوخۆ ناویان لەنامەو ڕاپۆرتەکانی ئیستخباراتدا هاتووە کەبەشدارییان کردووەو دەربارەی پەلاماری ئەنفالی سێ بەرزکراونەتەوە، یاخود یەکە سەربازیەکان کەئەمانە فەرماندەییانکردووەو لەراپۆرتەکاندا ناویان هاتووە.

ناوەکان :

1. عمید روکن بارق عبدالله حاج حنتە فەرماندەی هێزەکانی پارێزگاری نەوت.
2. عقید رکن غالب حامد سلمان فەرماندەی فیرقەی 21 ( ئەم عقیدە لەرۆژی 81ی نیسان 1988 بریندار بووە بەڵام تا کۆتایی شەرەکان نەیهیشتووە بیگوازنەوە بۆ دواوە ) .
3. عمید رکن فواد حسین عەلی جیگری بارق بووە لە هێزەکانی پارێزگاری نەوت.
4. عەمید روکن سامی فەرماندەی لیوای 444 .
5. عمید **خضیر عطیة ذهبان**- لەهیزەکانی پارێزگاری نەوت.

6. **مقدم سەلمان عبدالحسن ئامر فوجی 1ی مغاویر فیرقەی 17.**[71]

7. مقدم هاشم کامل محمود ئەفسەری ئیستخباراتی هێزەکانی پارێزگاری نەوت .

8. مقدم ئیسماعیل محمد یاسین لێپرسراوی ناوەندی ئیستخباراتی سلێمانی.

9. مقدم خالد یاسین عوبید لیپرسراوی ئیستخباراتی چەمچەماڵ.

10. مقدم خمیس فەرماندەی رەتلّی پێباز .

11. مقدم صباح بونس سعید جێگری فەرماندەی کەرتی سەنگاو.

12. رائید منزر ئیبراهیم یاسین– فەرماندەی فەوجی 1ی مغاویر . فرقەی 1ی خاصە ( فەرماندەی رەتلّی کەلار – سەبارەت بەم فەرماندەیە ئامرسرییەکی جاش لە ژمارە 4ی ساڵنامەی

---

[71] – ( **ئەم ئەفسەرە واباسدەکرێ کە لە شەری گوندی شێخ تەویل برینداربووە) بەلاّم واپێ دەچێت کوژرابێت، چونکە فەرماندەیەکی پێشمەرگە لەیادەوەریەکانی خۆیدا لەشەری شێخ تەویل باسی توند رەفتاریو هەلپەی مقدمێك دەکات، بەلاّم دواتر لاشەکەیو پێناسو تفەنگەکەی دەکەوێتە دەستی پێشمەرگەکان. ) بروانە خەلیل سەرکانی ئەنفال – یادەری پێشمەرگەیەك .**



ئەنفالستاندا باسی کردووە بەلاّم ناوەکەی بەهەلە دەهێنی بەرائید مەزهەر ناوی دەبا.

13. نقیب– کیفاح عەلی حەسەن – لێپرسراوی ئیستخباراتی کەلار .

14. نقیب – جاسم محمد ربیع لێپرسراوی ئیستخباراتی کەلار .

15. ملازمی ئەمن ئەحمەد عبداللە ناسر سەرپەرشتی 300 جاشی کردووە لە پەلاماری ئەنفالی سیدا .

16. ملازمی ئەمن علی محمود علی مەسئولی مەفرەزە خاصەکانی 3–55 –119– 194 .

17. ملازمی ئەمن فلاح تاهیر فیاز مسئولی ئەو جاشانەی کە پەلاماری گوندەکانی شێخ تەویلو ئیمام محمدو چەمی شیویان داوە.

18. **ڕائید سالم، ناوی سیانی نەزانراوە، بەلاّم لەکتێبە بەنرخەکەی میدڵ ئیست وۆچدا (جینۆساید لەعێراقو پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد) ناوی هاتووە کە ئەفسەرێکی تازەی فەرماندەی هێزە هاوبەشەکە بوو، هەرئەمیش هەواڵی دابەبارەگای خۆی کەهەردوو گوندی شێخ تەویلو بۆیسانەی دەراوسێشی " گیرانو تێکدران". هەر لەو کاتەشدا ڕاپۆرت درا کەوا پەنجاو سێ خێزان "گەڕاونەتەوە ڕیزی نیشتمانی کە پێدەچیت هەر** ئەم ئەفسەرە بێتو لەوە دەچێت ئەفسەرێکی هەواڵگری بوبێت.

**هەروەها لەرژنامەی ئەلجمهوریە بۆرۆژی 1988/9/20 ژمارە 6943و رۆژنامەی ئەلسەورەی بەرواری 1988/9/19 ژمارە 6689 مەرسومی کۆماری تایبەت بە بەخشینی مەدالیای ئازایەتی ( نوگ الشجاعە ) بە جەنگاوەران لەوانە بەجاشەکوردەکانیش بەخشراوە کە لەلایەن فەیلەقی یەکی سوپاوە بلاوکراوەتەوە کە ئەمە دەقی مەرسومەکەیە :**

**( بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان )**

**وەکو رێزلێنانێك لە هەلوێستی پاڵەوانانەوئازایەتی ئەم جەنگاوەرانەی لەخوارەوە ناویان هاتووە، لەبەرگریکردن لەشەرەفی گەل دژی دوژمنی رەگەزپەرەستی ئێرانیو جەنگەکانی قادسیەی صدامی پیرۆزدا، بە پشت بەستن بە برگەکانی مادەی 26ی یاسای نیشانو مەدالیای ژمارە ( 95 ) ی ساڵی 1982 بریاردرا بە بەخشینی مەدالیای ئازایەتی بەو جەنگاوەرانەی ناویان لەخوارەوەدا هاتووە بە پێی مەرسومی کۆماریە ژمارەکانی** ( 358،552، 584-708 -147-303-321- 384-414-417-448-472-524-548 -707-761-791-793- - 59 – 204 – 250 – 261 – 382 – 439 – 444 – 446 – 620 – 805 – 810 – 857 – 865 – 730 – 90 – 97 – 101 – 102 – 120 – 208 – 209 – 211 – 286 – 319 – 364 – 393 – 454 – 464 – 529 – 569 – 675 – 807 – 808 – 809 – 737 – 313 – 603 – 941 )

**ئەرکی وەزیری بەرگریە ئەمە جێبەجێبکات.**

**من لێرەدا تەنها ناوی جاشەکوردەکان دەخەمە بەردەست :**

1. **هادی شاوەیس سەعید دومەدالیا**
2. **جەنگاوەر عبدالله کاکە ئەمین سالح**



3. **جەنگاوەر سەباح عەلی فەقێ .**
4. **جەنگاوەر فتاح قادر سعید**
5. **جەنگاوەر فواد حسین کوێخا**
6. **عومەرمحمەد عەلی**
7. **ئەحمەد حەسەن محەمەد**
8. **عومەر بایز حەسەن دوومەدالیا .**
9. **نەوزاد محمەد غەریب**
10. **خەیرولا کەریم مەولود**
11. **محمود ئەحمەد سالح**
12. **جەبار عەباس محی الدین .**
13. **عەلی ئەحمەد عەلی**
14. **شەهاب عەزیز عەلی**
15. **مەجید نوری حەمە یار**
16. **حسین شریف پیرۆت**
17. **عومەر نەجمەدین صالح .**
18. **محمەد رسول محمەد**
19. **عبدالصمد ئەمین رەمەزان.**
20. **عبدالرحمان حەسەن محمەد**
21. **سەلام بایز حەسەن**
22. **عبدالله کەریم ئەحمەد**

23.هادی عبدالقادر ئەمر
24.کەریم محمەد حەسەن
25.عبدالله رەسول ئیسماعیل
26.رەئوف رەشید ئیسماعیل
27.حامد حەمەئەمین محمەد
28.عەلی عوسمان عەلی
29. محمەد عەزیز محمەد عەلی
30.سەردار جەلال جەبار
31. محمەد قادر عبدلرەحمان
32.ئیسماعیل فەرەج عەلی
33.جومعە قادر حەسەن
34.ئیبراهیم محمەد مەحمود
35.فوئاد کەریم محمەد
36.سەعید قادر محمەد جاف
37.قادر شەفیق نوعمان
38.کەریم عەبدالله محمەد
39.سوارە فەتاح فەرەج
40.رەزا تەها محیدین
41.سەلام ئەحمەد تەها
42.وەهاب ئەحمەد محمەد



43.کازم فایەق ئەمین
44.جەمال رەزا کەریم
45.عەلی رەزا کەریم
46.یاسین رەئوف توفیق
47.نوری جەبار نەریمان
48.عومەر حمەعەلی روستەم چەرمەگا
49.ئەحمەد حمەعەلی روستەم چەرمەگا
50.عەدنان عەبدالله نەجم  دوو میدالیا
51.سەلاح محمەد غەریب
52.ئەنوەر محمەد غەریب  دوو میدالیا
53.عومەر محمەد رەزا
54.عوسمان محمەد رەزا
55.رەشید عەباس قادر
56.محمەد سەعید ئەحمەد  دوو میدالیا
57.عەلی ئەحمەد محەمەد
58.خەلیل قادر ئەحمەد
59. محمەد خورشید محمەد
60.عەبدالکریم ئەحەد عەلی
61.سەمین محمەد تەها
62.عادل ئەحمەد رەشید

## 63.شەلال جەبار سالح

| ز | ناوی موستەشار | ژمارەی فەوجەکەی | بەڵگە | بەروار |
|---|---|---|---|---|
| 1 | عەدنان جەباری موستەشار | | . میدڵ ئێست وۆچ . | |
| 2 | فاروق نەورۆڵی | فەوجی 196 | هاوکاری ژمارە (1003) | 1989/9/1 |
| 3 | تۆفیق لێمان شیکرانی | فوجی 113 | هاوکاری ژمارە (582) بەرواری | 1988/6/13 |
| 4 | شێخ ئیبراهیم شێخ نەجمەدین | فوجی 102 | هاوکاری – ژمارە 1003 – | 1988/9/1 |
| 5 | محمد کەحلی رێکانی | فوجی 7 | هاوکاری 986- | 1988/6/27 |
| 6 | تۆفیق لێمان شیکرانی | موستەشاری 113 | هاوکاری ژمارە (582) . | 1988 /6/13 |
| 7 | سالارقەرەوەیسی | | هاوکاری ژمارە ( 982) . | 1988 /6/13 |
| 8 | جەلال رەفیق کاکی | فوجی 101 | هاوکاری ژمارە ( 982) . | 1988 /6/13 |
| 9 | معتصم عەبدالکریم برزنجی | | هاوکاری ژمارە (995) | 1988/8/4 |
| 10 | صادق زیرۆ هەرکی موستەشاری | فوجی 26 | هاوکاری ژمارە (998) | 1988 /8/15 |
| 11 | تەحسین شاوەیس موستەشار لە | فوجی 112 | هاوکاری ژمارە (998) | 1988/8/15 |
| 12 | شێخ ئەحمەد جەمیل بەرزنجی | فوجی 240 | هاوکاری ژمارە ( 966) | 1988 /8/8 |
| 13 | شێخ فەخری ئیسماعیل اغا | فوجی 133 | هاوکاری ژمارە 995) . | 1988/4/4 |
| 14 | عزەدین محمد ئەمین یاسین | فوجی 196 | هاوکاری ژمارە (967) | 1988 /4/18 |

ئەو خشـەتەی لەبەردەسـتدایە نـاوی ئـەو جاشـانەی لـە خۆگرتووەکـە بەشـداریان لـە ئەنفالی سێدا کردووەو خۆیان لەرۆژنامەکانی سروەختی ڕژێمدا دانیـان بـەو راسـتیەدا



ناوە کەبەشداری کردنیان بەشانازییەوە باسکردووەو ئازیاتی خۆیـانو دڵسـۆزییان بـۆ صدام حسێن دوپات کردووەتەوە.

## لێبوردنەگشتیەکەی بەرەی کوردستانی و دادگایی کردنی تاوانباران .

موستەشارەکان کەئەوکاتەی راپەرینی ئازاری 1991 بوو پێشوەخت بەرلێبورنێکی گشتی بەرەی کوردستانی کەوتن، هەرچۆنێك بووبێ باش یان خراپ ئەو سەرروەختە پاساوی خۆیان هەبوو، بەڵام لەپاش ڕوخانی بەعسەوە ئەو پاساوەش هیچ ئەرزشێکی نەما، بەتایبەتی پاش ئەوەی کە دادگایەکی تایبەتمەند بۆ تاوانی ئەنفالو هەموو ئەوتاوانانە دامەزرا بۆ لێپێچینەوەی گومانلێکراوانو تۆمەتبارانی هەموو ئەو تاوانانەی لەساڵی 1968وە تا 2003 ئەنجادرابوون، هەرچەندە ئەولێبوردنە هەتا ئێستا هیچ بنەمایەکی یاسایی نیەو تەواوبریارێکی سیاسی بوو، ئێستاش لەگەڵ برگەی 2ی مادەی 27ی یاسای ژمارە 10ی ساڵی 2005ی دادگای باڵای تاوانەکان ناکۆکونەگونجاوە، لەبەرئەوەی ئەومادە یاساییە جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە کەتاوانباران وگومانلێکراوانی مادەی 11و12و13و14ی تایبەت بەجینۆسایدو تاوانی دژی مرۆڤایەتیو تاوانی جەنگو پێشیلکارانی یاسای عێراقی دەبێت رادەستی دادگا بکرێنو هیچ کەسێك بۆی نیە بەسەرۆکی کۆماریشەوە پەنایان بداتو بیانحەوێنێتەوە، بۆیە هەموو ئەو بریارانەش هەلدەوەشێنیتەوە کەلەپێش دامەزراندنی دادگاکەوە بۆهەرکەسێك لەوگومانلێکروانە دەرچووبێت،[72] کەچی هەتا ئێستا نەحکومەتی هەرێمو نەحکومەتی عێراقو حزبە کوردستانیو عێراقیەکان هیچ ریزێك لەو دادگاکەو ئەو مادەیاساییە ناگرنو ئەوجۆرە تۆمەتباروتاوانبارانەیان لەقوربانیانو شەهیدانو یاساو داگا بەلاوە بەرێزترە. ئەمەش لەگەلێك رووەوە زەرەری گەورەی

---

[72] بروانە قانون المحكمە الجنائیە العلیا .



لەبنیادی پەیکەری سیاسیوکۆمەڵایەتی کوردی باشوردا، چونکە ئەوکەسانەی بەدڵگەرمییەوە بەشداری تاوانی ئەنفالیانکردبوو، بەهەموپێوەرێك دەبێت لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، لەبەرئەوەی ئەوانە بەسەرێك خیانەتی نیشتمانیان کردووەوبەسەرێکی تریش بەشداری تاوانی کۆمەڵکوژیو جینۆسایدیان کردووە، کەچی نەك هیچ لێپرسینەوەیەکیان لەگەڵدا نەکرا، بگرە هەندێکیان تائێستاش پلەوپایەی بەرزیان هەیە لەناو حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستاندا، وەك وتمان ئەوانە هەربەخیانەتی نیشتمانی بەدناونەبوون بەڵکو رۆڵی خراپو چاوساغیەکی گرنگیان بۆپلانەکەی بەعس گێڕا لەتاوانێکی جینۆسایدکردندا، کەهیچ یاساو رێسایەك مافی بەخشینو پەنادانی بۆ نەهێشتووەتەوە، کەچی بەپێچەوانەی هەموو دابونەریتێکی شۆڕشو نیشتمانیو یاسا ناوخۆییو نێودەوڵەتیانەوە هێشتا لەعێراقو کوردستان، شەهیدو قوربانیو هەیبەتی یاسا بەسوك تەماشادەکرێنو رێزی جەلادپێش قوربانیو یاساومافی گشتی خەڵك دەخرێت.

## بەردەوامی سیاسەتی بەعەرەبکردن 1991 -2003

لەساڵی 1991 دا لەکۆتایی یەکەمین جەنگی کەنداوخەڵکی کوردستان لەرژێمی بەعس راپەڕینو زۆرینەی ناوچە کوردنشینەکانی باکوری عێراق لەدەستی رژێم پاککرانەوەو لەچاوەڕوانی ڕوخانی یەکجاریدابوون،بەڵام کە سەرلەنوێ رژێمی بەغدا خوێنکرایەوە دەمارەکانیوپەلاماری کوردستانی دایەوە، خەڵکی شارەکانی سلێمانیو هەولێرو دهۆك لەترسی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی ڕەوێکی سەرتاسەرییان کردو سەرنجی دنیایان راکێشا، ئەمەش نەتەوەیەکگرتووەکانی ناچارکرد بەبریاری 686 پشتێنەیەکی ئەمنی بۆپاراستنی خەڵکی کوردستان دروستبکات، رژێمی بەعس بەنیازبوو

ئەمدۆخەش هەروا بەئاسانی تێپەڕێنیٚو بەگفتوگۆ لەگەڵ سەرکردایەتی کورد ئەمرۆو سبەی بەچارەسەری دۆخەکە بکاتو ژێربەژێریش خەریکی سیاسەتەکانی بێت، بەلاّم خەڵکی کوردستان دووجاری ترپەلاماری هێزەکانی بەعسیاندایەوەو بەغدایان ناچارکرد هەموو ئیدارەو دامودەزگای خۆی بەتایبەتی لەو ناوچانەی پێشتر بەعس بە ئۆتۆنۆمی ناوی دەبردن، ئیتر ئەم ناوچانە کەوتنە دەرەوەی کۆنترۆڵی بەغدا. بەلاّم بەعس دەستی کردە بەعەرەبکردنێکی فراونتر لەجاران لەباشوری ئەوهێڵە نافەرمییەی کەوتبووە نێوان خۆیو ناوچە ئازادکراوەکەی کوردستان، ئەم سیاسەتەش تا ساڵی 2003 کە هاوکات ساڵی لە گۆڕنانیشی بوو بەردەوامبوو: حکومەتی عێراق لەماوەی نێوان ساڵانی 1990 تا 2002 نزیکەی12 ، 000کەسی لەکەرکوكو ناوچەکانی تری ژێرکۆنترۆڵی وەدەرنا.[73] ئەم سیاسەتە هەتا رووخانی ڕژێمی سەدام حسێن لە نیسانی 2003 دا برەوی هەبوو، کە کوردەکانی بەرەو هەولێرو سلێمانیو چەمچەمال دەردەکرد.

## " ڕاستکردنەوە" ی نەتەوەیی

یەکێکی تر لەپایەترسناکەکانی بەعەرەبکردنو سرینەوەی شوناسی نەتەوەیی کورد بۆ نەتەوەی عەرەب لە سیاسەتی حیزبی بەعس بوو، ئەو هەوڵەبوو کە بەفەرمی لە 1997 دا راگەیەندراو حکومەت فشاری خستە سەر کوردو غەیرە عەرەبەکانی

[73] هیومان رایتس وۆچ – ماپەری سەرەکی رێکخراوەکە – http://www.hrw.org/en/node/86379/section/5 .



ناوچەکانی ژێرکۆنترۆڵی خۆی لەشارەکانی( کەرکوك، خانەقین، مەخمور، شەنگار، دوزخورماتوو) هەروەها چەند ناوچەیەکی تریش کە داوای دەکرد بنەرەتی نەتەوەییان ڕاستبکەنەوە ئەمەش نیازێکی شۆڤینیانەی بەعس بوو لەئاخروئۆخری تەمەنیدا دەیەویست ئەم دەستکەوتە بۆ نەتەوەی عەرەب لەدوای مەرگی خۆی بەجێبهێڵێ بەوەی کوردەکان ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بگۆرنەسەر نەتەوەی عەرەب، ئەمەشیان ناونابوو ( ڕاستکردنەوەی نەتەوە) تۆمارکردنیان بە "عەرەب" لەوفۆرمانەدا کە لەلایەن حکومەتەوە بەسەریاندا دابەشکرابو ریسواترینو پرشەرمەزاری ترین ڕەفتاری شۆڤینیانەی بەعس بوون کە بەداخەوە هەتا ئێستا عەرەبە دەسەلاّتدارەکانی عێراق بێشەرمانە دەیانەوێت بەری ئەو دەستکەوتانەی صدامو ڕژێمەکەی بچننەوە، نەتەوەیەکگرتووەکانو گروپی قەیرانە نیودەوڵەتیەکانیش لەمەر ناوچە کێشە لەسەرەکان هەڵوێستێکیان لەبارەی ئەم سیاسەتەوە نیە. ئەو بەعەرەبکردنەی لەرێگەی فۆرمێکەوە کە بەفۆرمی ڕاستکردنەوەی نەتەوەیی ناسرابوون. مەترسیدارترین جۆری جینۆسایدە کەلەکاتی ئاشتیداو بەبیٚ شەڕ پیادەدەکرێت، تەنانەت حکومەتی عێراق کەحزبی بەعس بەرێوەی دەبرد ئەوەشی رەتکردەوە کەلەدایکبوانی نوێی کورد یان غەیرە عەرەبەکان ناوی نەژادییانەی خۆیانیان لێبنرێت، بۆنمونە ناوی ئازاد قبوڵ نەدەکراو دەبوایە ناوی محمود یان باسل یان حلیمەو ئەنوار لەمنداڵەکانیان بنێن. بەوەشەوە لێیان نەدەگەرا بەڵکو ئەوانەی نەتەوەی خۆیان "ڕاستکردەوە" ناچار دەکران دەستبدەنە چالاکی دڵسۆزانە بۆ ڕژێم هەموومان دەزانین چالاکی دڵسۆزانەش بەوانە دەگوتر کە نەفرەتی لەنەتەوەکەی خۆی بکردایەو ببوایەتە بەعسیەکی توندڕەفتارو دلرەق.

**ئەم چیرۆکانە ون نەکەیت، بۆئەوەی تۆش وننەبیت.**



(1)

## گولێکی غەریب لەبیابان

**برادەرێکم لە گەرمیانەوە ئەم هەواڵەی بۆناردبووم بە کاك عومەر بلێن ئەم روداوە بڵاوبکاتەوە.**

**روداوێك لەنێوانی خەیاڵی من و ڕاستیدا**

**بیهێنەرە پێشچاوی خۆت .. لەتەنیشت دیوارە ئەستورەکانی قەڵای نوگرە سەلمان لەوبیابانە ووشکهەڵاتووەدا گولێکی سوری چیا نشین سەردەردێنی، تەنگاوی جەلادێك راو دەنێ بۆ ئەوەی لەپشت دیوارە ئەستورەکانی قەڵا ، هەڵدەتروشکێ، بۆئەوەی بخەڕێ .. لەوکاتەدا سەرنج دەدات گولێك لەبیابان رواوە !! عەجیب غەریب؟! یاران بیابان و گولێ؟ نوگرەسەلمان و بۆنی خۆش؟ من هاتم وەکو کەر(بخەڕم) چیی دەبینم ..!!؟ هەستایە پێی و جاری دووەهەم داهاتەوە تا لەنهێنی گولێ تێبگات!! یاران ئێرە مەملەکەتی لمە بیابان کوا گولێ دەناسێ..؟! جەلادەکە دەستی برد و ئیسقانێکی درێژکۆلەی لەلولاقی ئەنفالکراوێك هەلگرتو کەوتە هەڵدانەوەی لمی ژێر گوڵەغەریبەکەی بیابان، بەخوێنساردیەکەوە ووتی: ئۆو..هەر دەبوو بمزانیبا.. ئەوەی بینی تەرمی پیرێژنە کوردێك بوو تۆی گوڵی لەفەقیانەی کراسەکەیدا هەلگرتووە.**

(2)

## لافاوی ئاوەسپیو شالاوی ئەنفالی ڕەش

مام حەسەن ئەوپیاوەی تەرمەکەی لەگۆرەبەکۆمەڵەکانی بیابندا دۆزرایەوەو سۆراخی ژنو کچەکانیشی لەمیسر .

گێڕانەوەی یوسف یونس نوسینەوەی عومەر محەمەد

**پێشمەرگەبووم، دواتر لەبەرخاتر قوتابیەکان بوومە مامۆستای شۆڕش، پیاوێك هەبوو خەڵکی لای خۆمانە، لەناحیی نەوجول، ئەویش سەربازی هەڵاتووبوو هاتبووە گوندی (وارانی)ی ئاوەسپی لە ئەنفالەکان گیراو لەموسڵ دەرکەوتەوە کەزیندە بەچاڵکراوە، لەرۆژی 1988/4/11 لەکاتی ئەومەرگەساتەی بەسەرکوردو گەرمیانداهات، لەو رۆژی حەشرەدا، خوای (رەب العالمین)یش تۆفان وبارنی هەڵکردبوو، من لە"قوریچان" زۆر بە پەشۆکاوی مام حەسەنم بینی، ئەو پیاوەی زیانی بۆکەس نەبوو کەچی سروشتیش لەگەڵیدا دڵرەق بوو، باوکێك پڕبوو لەمیهرەبانی بۆ مندالەکانی، ئەوەندەی من لێی شارەزابووم بێسنور منداڵەکانی خۆی خۆش دەویست، ئەو پیاوە مێردی یەکیانو وباوکی چەند کچێك لەپاکیزەکانی گەرمیانە. ئەو چرکەساتەی بینیم قوری ئەپێوالەحاڵیکی زۆر خراپدا بوو لێم پرسی مام حەسەن بۆ واپەشۆکاوی :**

- **ئەی مالت نەرمێ مامۆستا ئەی من واحەسیبەموئەوە نەجیبەموئەوە شلێرموئەوەکێموئەوەکێم تەنها کورێکی بوو . لەپڕ چەمی ئاوەسپی هەلیکردبوو، لافاوێك هەستابوو مام حەسەن لە خاووخێزانی خۆی دابریا بوو، ئەم لەم بەرەوەو ماڵومنداڵیشی لەوبەرەوە ئەوان لەبەری قادرکەرەموئەمیش وەتەنیا لەبەری جاف، بۆیەکتری پەلە قاژەیان بوو. لەسەرەوەتا نوکی پەنجە لەقورهەڵکێشابوو هاواری ئەکردوو ئەی گوت:**



- **کورە مامۆستا (شلێرم رۆیی ، نەجیبەم رۆیی، حەسیبەی ئاوماڵم رۆیی، دایکیان رۆیی، بۆرهانیش لەیەلیان رۆیی). ئەی هاوار ئاوەسپی ئەنفالی رەش لەیەکی دابرین؟ ئەمە ئەنفالەو رۆژ حەشر کوردە، ئەی ئاوەسپی تۆبۆ؟ دەیخوای گەورە تۆ بۆ واماڵم کاول دەکەی؟ خۆت عالمی گوناهم بۆ میروویەك نەبوو نەك بۆمرۆڤێك.**

**خواتان لەلەیل رۆڵە تازە مەگەر لەقیامەت یەکتری ببینینەوە خواتان لەیەل، ئەمە ئەنفالە ئەمە بەعسە. کچێ گوێت لەمن بێ هۆو حەسیبەهۆو گەردنم ئازاکا، ئیتر من نیم لەتکتانا ئەو کەنیشکانە بێنازیان نەکەی دەسم دامێنت ژنە شیرینەکەم ساتێك دایکیانبەو ساتێك باوکیان، بووە باوایان باوانەکەم بۆیان بە وە باوا.**

**ئەم دیمەنەی مام حەسەنو ئەنفالی ڕەشو لرفەی ئاوەسپی هەموو رۆژێ دێتەوە بەرچاوم، سەرئەنجام دوای روخانیی قەڵای بەعس مام حەسەن لەگۆڕە بەکۆمەڵەکانی لای موسڵو نەجیبەو شلێروحەسیبەی دایکیان لەمیسر سۆراغیان دەرکەوتنەوەو بۆرهانیش خوادەزانێ کەیو چۆن سۆراخی دێتەوە بۆ گەرمیان.**

(3)

## چیرۆکی عاسی مستەفاو پەشیمانی دوای ڕوداو

چیرۆکی عاصی مستەفا بەتەنیا هەموو پروپاگەندەکانی بەعس پوچەڵدەکاتەوە کە دەیگوت ئەوانە بەکرێگیراوی ئێرانن، عاصی مستەفا قوربانیەکی دوسەرەی دەستی بەعسە، بۆخۆی سەربازێکی بەرەکانی جەنگی قادسیەو هەشت ساڵ دیلی جەنگی قادسیە بوو، خێزانێکەی‌و منداڵەکانی بەتۆمەتی بەکرێگیراوی ئێرانی ئەنفالکراون، ئەم چیرۆکە مرۆڤ هەژێنە نەك بە چەمچەماڵ‌وکوردستان بەڵکو بەجیهانیش نامۆنیە، عاصی کە سەربازێکی یەدەگی قادسیەی سەدام بووەو لە شکستێکی سوپای عێراقدا بەدیل دەگیرێ‌و پاش 9ساڵ دیلێتی لەئیران ئازاد دەکرێ‌و بەئومیدی شادبوونەوە بەمنداڵەکانی دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان، بەلام کاتێك دێتەوەودەیەوێت بڕواتەوە بۆماڵەکەی خۆی بەسەر هەواری خاڵیدا دەگەڕێتەوە.. ماڵی چی‌و حێزانی چی ؟ هەموویان لەلایەن بەعسەوە گیراون‌و ئەنفالکراون، ئەویش وەك سەربازێکی عێراقی بۆ سۆراخیان دەچێتە لای دام‌ودەزگا ئەمنیەکانی بەعس لەچەمچەماڵ، بەلاّم کەدەزانێ پیاوانی بەعس وەك ڕەوشتی هەمیشەییان دەستی‌ودرۆی لەگەڵ دەکەن، ئیتر پەتی تەحەمولی دەپچڕێ‌وبەسکالاّیەکی پاڕانەوە ئامێزەوە دەچێتە دیوانی سەرۆکیکی بێڕەحم‌ودڵڕەق جەنابی سەدام حوسێن، ئەوسەرۆکەی ناوی فریشتەو باوکی نەتەوەی لەخۆی نابوو، بەلاّم سەرەئەنجام پاش چەند رۆژێك لەچاوە ڕوانی لەلایەن سەرۆکی دیوانی سەدامی دلڕەقەوە بە ئیمزای ( سعدون علوان مصلح ) بەکورتی‌و بەدوو دێڕ وەلاّمێکی بۆدەنێرنەوەو بۆی دەنوسن : بەداخەوە ژنەکەت‌و منداڵەکانت لە پرۆسەی ئەنفالی باکوردا ونبوون، ئەمە



حیکایەتێکە لێوان لێوە لە ناپەسەندی‌و پێشاندەری کارەکتەرێکی وێرانکەرە، ڕەوشتی سەرکردەیەکی ناسیونالستی عەرەبە کەهیچ بەهایەکی بۆمرۆڤو مرۆڤایەتی نەهێشتۆتەوە، سکالاّی عاصی بەدەیان زمان بلاّوکرایەوەو رۆژنامەکانی جیهان شکستی سەربازێکی پەشیمانی عێراقیان گەیاندە ئەوسەری جیهان، ئەوسکالاّیەی دلّنیام بەقەد ژمارەی پیت‌وووشەکانی فرمێسکیان بەومرۆڤانە رشتووە ،کە پەتای دەمارگیری کوێی نەکردوون‌و مرۆڤانە بیرلەژیان دەکەنەوە، کەچی ئەوەی گوێی خۆی لێخەواند ئەعلامی عەرەبی بوو، ئەوەی شەرعیەتی دەدایە سەدام‌و بەعسیەکان لەبەرانبەر وەها کردەوەیەکی نامرۆڤانە بیری شۆڤینی عەرەبی بوو، ئەوەی پاش ئەنفال‌و جینۆسایدکردنی کوردیش، سەدامی بەسەرۆکێکی لێوەشاوە ناوزەد دەکرد دەمارگیری نەتەوەیی عەرەب بوو. ئیدی بۆمافی ئەوەمان نەبێت دەمارگیری ناسیونالستی ڕیسوا بکەین، بۆ نەتوانین بەوپەڕی جورئەتەوە بلّێین، نەفرەت لەبیری شۆڤێنی جا لەهەر دەقێکی پیرۆزەوە سەرچاوەی گرتبێ. نەفرەت لەوناسیونالیزمەی لەژێر پەردەی پیرۆزی نیشتماندا هاونیشتمانیان دەکاتە بوونەوەرێکی چەواشەوسەرکوێر، تەنیا بۆئەوەی ڕیگاکان بەرەوفاشیەت هەمواربکات .

(4)

## شێخ حسێن شێخ کاکه حەمەی هەزارکانی :



لـەکاتی ئـەنفالی سـێی گەرمیانـدا خـۆیو 12 ئەندامی خێزانەکەی وەك هەزاران ژنومنـاڵو پـیرو پەککەوتــەی تــری گـــەرمیانو کوردســـتان لەگوندەکـەی خۆیانـدا گیرانوبەرپـەلاماری ئـەنفال کەوتن.

دوای هــەواڵی دەســتگیرکردنی، شــیخ حســێن لەبەرئــەوەی پیــاوێکی ئــایینیو کۆمەڵایــەتی ناســراوی ناوچــەی گــەرمیان بــوو، هەنــدێك لەخزمودۆستوناسیاوەکانی بەتایبەتی ئەوکەسانەی دەســت ڕۆیشــتووبوون، هەرچــۆنێك بــووە خۆیــان دەگەیەننــە لای (عــزەت دوری)وتکــای لێدەکەن کەهەولًی ئازادکردنی بدات، ئیتر ئەوەش زۆر روننیـە ئـاخۆ چـۆن بـووە کـەعزەت دوری جورئەتی ئەوەبکات تەکلیف لە(سەدام حسێن) بکات کە ئەوپیاوچاکە ئـازاد بکـەن. ســەدام لەســەر داوای عــزەت دوری بروســکەیەك ئاڕاســتەی فەیلــەقی یــەك دەکــات کەسەرکردایەتی قۆناغەکانی ئـەنفالی دەکـرد، کەشـێخ حسـێنی هـەزارکانی ئـازاد بکـەن.



کاتێــك ئــەم بروســکەیەی ســەدام دەگاتــە دەســتی فەرمانــدەی فەیلــەقی یــەك هەمووئەنفالکراوەکانی گـەرمیان گواسـترابوونەوە بۆبنکـەی کۆکردنـەوەی (قۆرەتـوو) کـە شوێنی کۆکردنەوەی گیراوەکانی خەڵکی لای سەرووی گەرمیان بوو.

یەکێك لەو کەسانەی من ( نوسەری ئەم کتێبە) لەبارەی شێخ حسێنەوە دیدارم لەگەڵـدا کردووە، محمد مارف رۆغزایی دانیشتووی کەلاری کۆنـە کەئەوسـەروەختە لـە فـوجی 35ی جاش فەرماندەی سرییە بووە، محمد لەگەڵ کەسێکی ترکە ئەویش سرییە بـووە بـەناوی حمە صـالح بـەناوی لەوکەسـانەبوون کـە هـەوڵی ئـازادکردنی شـێخ حسـێنی هەزارکانیانـداوەو چوونەتە لای (قائید فرقە) کەبارەگاکەی لەوبەری سیروان بووە، وەکو محمەد مـارف دەڵێـت قائیدی فرقە خۆی ووتووەیەتی ممنونتان دەبم بچنەلای بەڵکو قایلی بکـەن، وادیـارە قائیـد فرقە پێشتر خۆی هەوڵیداوە وەك باسیش دەکەن دەچێتە قۆرەتوو لەناو ئەو هەزاران کەسەدا شـێخ حسـێن دەدۆزنـەوەو دەیهێننـە لای فەرمانـدەی فەیلـەقو پێـی رادەگەیـەنن کـەتۆ لەسـەر(فـەرمانی سـەرۆکی فەرمانـدە) ئـازاد دەکرێیـت بـڕۆ ژنو منالـەکانت بهێنـەو بـۆ هەرشوێنێك پێت خۆشە دەتبەین.

شێخ حسێن بەفەرماندەی فەیلەقی یەك دەڵێت: ئـەی ئـەم قـەومو قیلـە چـی لێدەکـەن؟ وەلامی دەداتەوە کەئەوانە (حیجز) دەستبەسەرن.. شێخ حسێن دەڵێت: منیش حـاڵم وەکـو ئەوانە (حجزم) نامەوێ بەتەنیا ئازادم بکەن..!

قائید فەیلەق لەوەلاًمدا دەڵێ: (سەیدئەلرەیس ئەمری کردووە کەدەبێت تۆ ئازاد بکرێیت) شێخ حسێنیش پێیان دەڵێت : سەدام ئەمری بـە ئێـوە کـردووە..منـیش ئـەمر بەخۆم دەکەم نامەوێ لەخزمو کەسو کارو ئەم خەڵکـەی گـەرمیان جیابکرێمـەوە.. شـێخ

حسێن رازی نەبوو ئازادی بکەن، هەرچی محمد مارفیشە دەلێت کە ئێمە چووین بۆلای قائید فرقە زۆر ئیحترامی گرتین‌و پێی وتین فەرموون بچن لەقۆرەتوو بیهێننەوەو لەگەڵ خۆتاندا بیبەنەوە، بەڵام ئیمە نەچووین بۆئەوەی کەشف نەبین ووتمان نەخێر ئەو بهێنن بۆ ئێرە ئەوەبوو ئەفسەرێکی ناردبەجیب قیادەیەکدا نارد بەشوێنیدا، کەهێنایان ئەملاولای یەکترمان ماچکردو کەوتینە قسەو زۆرهەوڵمان لەگەڵدا، بێسود بوو ئەو وتی: دەبێت هاورێکانیشم لەگەڵدا ئازادبکەن، قایل نیم بەتەنیا بێمە دەرەوە ووتی: حاڵم وەکو حاڵی ئەوان ..) ئیتر شێخ حسێن‌و منداڵەکانیشی وەکو ئەو عەشاماتەی کە لەئەنفالی گەرمیاندا گیرابوون خۆی‌وهەر 12 ئەندامەکەی خێزانەکەی‌و هەموو خەڵکی گوندەکەی ئەنفالکران‌و دواتر نەبینرانەوە، هەربۆیە هەتا ئێستا گوندی هەزارکانی ئاوەدان نەکراوەتەوە، لەبەر ئەوەی تاکە یەك ماڵی دەرنەچوون.

هەر سەبارەت بە چیرۆکی مەردانەی شێخ حسینی هەزارکانی عارف قوربانی لەکتێبێکیدا ( لەئوم ریعانەوە بۆ تۆبزاوە) بەرهەمەکەی پێشکەش بەو کردووە، هەرچەندە جیاوازییەك لەگێرانەوەکەی " ئەوو محمد مارف" دا هەیە بەڵام هیچ لە هەڵویستەکەی شیخ حسین ناگۆڕی چونکە ئەوئامادەنەبووە نامەردانە بژی‌وبەبێ ئازاددکردنی خەڵکانی ترقسەی بەعسیەکانی رەتکردووەتەوەو بەبێ ئازادکردنی گیراوەکانی تربەئازادی خۆی قایل نەبووە.



(5)

## جەمـــــال

لەسەر داوای کەسوکاری ناوی سیانی ئەو قارەمانە نانووسین . لەشالاّوەکانی ئەنفالی گرمیاندا لەگەڵ دووهاوڕێی تری دەستگیرکران‌و کەوتنە دەست دڕندەکانی رۆژگاری رەشەوە، لەوێ بەرێکەوت گەلە جاشێکی خزمی خۆی لێپەیدابوو، تە کلیفێکی زۆریان لای ئەفسەرەکە بۆکردبوو، هەتا ئازادی بکات‌و وەری بگرنەوەو پەنای بدەن، سەرئەنجام ئەفسەرەکە رازی دەبیٚ‌و دەڵێت: برۆن بیبنەوەو بەزوترین کات لەم ناوە دوری بخەنەوەو بیشارنەوە. بەڵام جەمال بەوە ڕازی نابێت بەتەنها خۆی رزگاری بێت، داوا دەکات هەردوو هاوڕێ خۆشەویستەکەی خۆشی لەگەڵیدا ئازاد بکرێن.. پاش مشت‌و مڕێکی زۆر .. جەمال دەڵێت مردنم لەگەڵ هاوڕێ کانمە.. هەرگیز قبوڵ ناکەم من بیٚم‌و هاوڕێکانم بەرەو چارەنوسێکی ڕەش بەرن. تەنانەت قسەیەکی زبریشی بەجاشەکان وتبوو، کە لێرە بەشیاوم نەزانی بلاوی بکەمەوە.

## ئایا سوپای عێراق دامەزراوەیەکی نیشتمانی بوو یان دژی نیشتمان :

سوپای عێراق
گەرچی هەتا
ـەمرۆش
وپاگەندەی ئەوەی
دەکرێت
ەسوپایەکی
شتمانی بووە، بەڵام
ـەو
،درەفتاریوتوندرەو
یـەی



ئەفسەروسەربازەکانی لەپەلامارەکانی ئەنفالدا بەگشتیو لەپەلاماری ئەنفالی سێی گەرمیانو هەشتی ناوچەی بادیناندا بەتایبەتی نواندیان، ئەوتاوانەی دەرهەف بەوخەڵکە مەدەنیە بەخولڵقوخۆومیواندۆستەی گەرمیان بەتایبەتیو کوردستان بەگشتی ئەنجامیدا، هەرگیز لەیادەوری کوردا ناسرێتەوەو روی ئەوسوپایە بەقسەی بێ بناغە سپی نابێتەوە، هەروەك لەگەشتێکی مەیدانیمدا بۆگوندی قیرچەی ئەنفالکراو ژنێك بەناوی ئەختەر پێی گوتم : خۆزگە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو جلانەی لەبەری عەسکەرەکاندایە، دەیگۆرین.. باکوردیش بن باحکومەتی خۆشمان بێت، هەرچەنێ ئەوجلو پۆستاڵانەیان لەبەردا دەبینم وادەزانم تازە براکانمیان ئەنفالکردووە) بەهەرحال



ئەوەی رِونو ئاشکرایە ئەوەیە سوپای عێراق هیچ ئینتمایەکی نیشتمانی نەمابوو، بەڵکو دامەزراوەیەکی لەگرێژنەچوو بوو کە تەواو لەخزمەتی سیاسەتەکانی بەعسدابوو بۆیە هەموو متمانەو بەهایەکی نیشتمانیو ئینسانی خۆی لەدەستدابوو، ئەوەی لەئەنفالدا ئەم سوپایەو ئەفسەرە پایەبلندەکانی ئەنجامیاندا، پێشیلکردنی هەموو سنورێکی یاسای سەربازی بوو، چونکە سوپا تەنانەت لەشەریشدا ئامانجی تایبەتی خۆی هەیەو بەهیچ پاساو بیانویەك ناشێت لەتاوانی دژی مرۆڤایەتیوکۆمەڵکوژییەوە بئاڵێ، لەکاتێکدا زەق بەبەرچاوانەوە بوو ئەوەی سوپای عێراق لەپەلامارەکانی ئەنفالدا ئەنجامی دەدا تاوانی جینۆسایدبوو، چونکە تەرِو وشکی پێکەوە سوتاندوهیچ جیاوازیەکی لەنێوان شەرِکەرو شەرنەکەر، چەکدارو بێچەکدا نەکرد، بەپێچەوانەوە داوی خۆبەدەستەوە دانیشی بۆخەڵکی گەرمیان دادەناو، ئەفسەرودەرەجەدارانی ئەوسوپایە بەدلسۆزییەکی زۆرەوە خەڵکیان دەگرتو رەوانەی بنکەکانی کۆکردنەوەیان دەکردنو بۆ کۆمەڵکوژی ئامادەیان دەکردن، هەروەك ئێستا سەرئەنجامی تاوانەکەیان رِونەوکەمینەیەکی زۆرکەم لە پلەدارەکانی ئەوسوپایە لەقەفەزی دادگادا بەتاوانی دژی مرۆڤایەتیوتاوانی کۆمەڵکوژی سزا دراونو هەندێکیشیان سزا نەدراون[74]، لەگەرمیاندا ئەو سوپایە زۆر بێبەزەییانە پەلاماری خەڵکی مەدەنی داو بێهێزیولاوازیی پێشمەرگەی لەگەرمیاندا قۆستەوە، بەتایبەتی کە ئێرە سەنگەری مەحکەم وشوێنی قایمی بۆبەرگری تێدا نەبوو، بەلایەنی کەمەوە وەکو ناوچەکانی ئەنفالی یەكو ئەنفالی

[74] بروانە دەقی بریاری دادگای باڵای تاونەکانی ئەنفال لە بارەی دۆسێی تاوانی ئەنفالەوە.

دووی قەرەداغ نەناوچەیەکی شاخاوی نەبوو، هەتا بەلایەنی کەمەوە ببێتە پشتو پەنایەك بۆخۆحەشاردانی خەڵکەکەی، نەچەکی قورسیشی لێبوو پێشمەرگە بتوانی بەرگری پێبکات. هەرچەندە مقاومەتی پێشمەرگەکانی گەرمیان بەرچاوەو بەهیچ بیانوویەکەوە ناشێت بەکەم بگیرێت، پرسیارێکی گرنگ لەئەنفالی سێی گەرمیاندا خۆی دەسەپێنێ ئەویش ئەوەیە کە بەرگری هێزی پێشمەرگە ئەوەندە نەبوویێ، سوپا توشی هێستریاو توندڕەفتاری بکات، ئەی ئەوهەموو ژنومنداڵە لەپای چی بوونە سوتەمەنی سیاسەتەکانی دەوڵەتی عێراقو سوپا بۆچی بووە جێبەجێکەرو هاوڵاتیو هاونیشتمانیانی خۆی کردەکورەی مەرگێکی بەکۆمەڵەوە بەکام یاسای سەربازی جیاوازی لەنیوان چەکدارو بێچکدانەکرد ؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە نەوەی ئێستاش هێزی بەسەردا نەشکێ نەوەی داهاتووی کورد ئاڕاستەی دەکاو درەنگ یان زوودەبێت دەوڵەتی عێراقو کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی وەڵامی بداتەوە، خۆئەگەر ناوچەیەکی توندی بەرگریش بوو بێت کوشتنی سڤل واتای چی؟ ئەنجامدانی تاوانی نائاسایی واتای چی..؟ ئەنفال تاوانێکە سنوری تاوانی ئاسایی بەزاندوەودەچێتە ناوخانەی تاوانی نیودەوڵەتیەوەو مەسەلەکەش ڕاستەوخۆ پابەندە بەدەوڵەتی عێراقو بەبێ باکیو توندڕەفتاری ئەفسەرەباڵاکانی سوپای عێراقەوە.



## دەرئە نجام

### دادگایکردنی تاوانبارانی ئەنفال

**وای بۆدەچم دەستپێشخەری ئەمریکا بۆدامەزراندنی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بەوخاڵە باشەشیەوە کەدەقی بەندەکانی جینۆسایدوتاوانی دژی مرۆڤایەتی بۆ گوازراوەتەوەولەیاساکەدا جێگیرکراون، ئامانجی ئەوەبوو کەوا سەدامودارودەستەکەی لەدادگایەکی نیشتمانی تایبەتمەندا دادگایی بکرێن، ئەمەش مەسەلەیەکی تەواو گرنگ بوو هەم بۆ کوردوهەم بۆ عێراقیەکانیش کە صدام لەبەردەمی دادگادا ببینین، هەرچەندە ئەودادگا نیشتمانیە هێزی دادگای نێودەوڵتی هەیە بەڵام لەوە گرنگتر ئەوە بووکەوا دۆسێکان بەوەی دوجەیلیشەوە لەدادگای نێودەوڵەتی بوایە، نەك لە دادگای نیشتماندا، بێگومان مەبەستی ئەمریکا ئەوەبوو کە تاوانی جینۆساید کردنی گەلی کورد بەردەرگای دادگای نێونەتەوەیی نەبینێ،ئامانجەکەش ئەوەبوو کە ئیدارەی جۆربوشو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیانزانی کەوا جگە لەوەی ئیدارەی ڕێگان لەسەروەختی تاوانەکاندا سۆزیان بەلا عێراقدا بووەو گەلێك دەوڵەتو لایەنوکۆمپانیای جۆراوجۆر بەخودی ئەمریکاشەوە لەتاوانەکەوە گلاونو بەهۆی بەرژەوەندی خۆیانەوە گوێیان بەهاوارو ناڵەی نەتەوەیەك نەداوە کە صدام بەهەموو هێزییەوە ئازاری دەدانو هەولی پاکتاوکردنی دەدان، بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیاویو پەلامارەکانی ئەنفالەوە ئەم سیاسەتەی ئەمریکا لەبەرئەوە بوو هەتا گەلی کورد نەتوانێ وەکو لایەنێکی جینۆسایدکراولەبەردەم دادگای عەدلی نێودەوڵەتی خۆی**

ببینێتەوەوداکۆکی پێویست لەخۆی بکات، چونکە لەوەها حالێکیشدا بەلای کەمەوە سۆزی ولاتێك لەو ولاتانەی واژۆی پەیماننامەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆسایدیان کردووە دۆسێکەی ئیحالە بکات، بۆیە ئەمریکا هەولێکی زۆری دا گەورەترن تاوانی دژبە مرۆڤایەتی و تاوانی کۆمەلکوژی سەدەی بیستەم (کە هەر ئەمریکا خۆی ئەنفالی بەتاوانی سەدە ناودەبرد) لەچوارچێوەی دادگایەکی نیشتمانیدا قەتیس بکەن، ئەمەش بۆ ئەوەیە کورد کارتی جینۆسایدکردنی نەکەوێتە دەست لەدادگای نێودەوڵەتیدا، چونکە لەوەها حاڵێکدا گەلێك رەهەندی مەترسیدارتری لێدەکەوێتەوە.

لەلایەکی تریشەوە بۆ ئەوەبوو کورد فراوانتر بیرنەکاتەوەو تاوانبارانی جینۆساید بەپێی یاسای نێودەوڵەتی ناچار بەقەرەبوو بکات، چونکە لەوەها حالێکدا رەنگە لەمپەری گەورەو دۆستی لەمێژینەی لێبرەنجابە لەوانە تورکیا، دەنا کورد دەرفەتی ئەوەی دەبوو لەسایەی وەها دادگایەکی نێودەولەتیدا حەصانەیەکی نێو دەوڵەتیش مسۆگەربکات و ئیتر بەرەو ژیانێکی ئارامترو ئاشتی بروات، نابێت ئەوەش لەیاد بکەین کە زۆرجاران شیواندن و ئارامکردنەوەی ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکەش کارتێکی بەهێزی ئیقلیمی و نیودەولەتیە، هەروەکو لەچەند ساڵی رابوردودا سنوربەزاندنەکانی تورکیامان بینی.

ئەوە ڕونە کەدەوڵەتە زلهێزەکان لەرابوردودا بێدەنگیان لە تاوانی جینۆسایدکردنی گەلی کورد کرد، بۆ ئەوە بوو کەوا بەرژەوەندی ولاتەکانیان لەو سەروەختەدا وای دەخواست بەئاشکرا لایەنگری عێراقیان دەکرد لەدژی



ئێران، ئەو سەروەختە لەکۆی پێنج ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش چواریان لایەنگری عێراق بوون لەدژی ئێران، ئەوان ئەوکاتە بەئاشکرا چاو پۆشیان لەبەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دەکرد دژی گەلی کورد، بۆیە درێژە کێشانی جەنگی ئێران– عێراقیان بەلاوە گرنگتربوو، لە هەڵوێستێك کە بەپێویستیان نەدەزانی، لەکاتێکدا کورد لەبەردەم هەرەشەی لەناوچوونی یەکجارەکیدابوو، بۆیە هێنانەوە پێشی ئەم دۆسێیە کە بەئاقاری بەرژەوەندی کورددا بشکێتەوەو بەزەرەر بەسەر خۆیاندا یشکێتەوە کارێکی ئالۆزو تارادەیەکی زۆریش ئەستەمە، ئەمە جگە لەوەی وەها دوایەکیش نەلەتوانی کوردایەو نە هەروا کارێکی بێسەرئێشەیە، هەربۆیە ئەمریکاش وای پێباش بوو ئەم دۆسییە بخاتەوە بەردەمی دادگای نیشتمانی نەك نێونەتەوەیی، بەلای کەمەوە دەیویست بالانسێك وەربگرێت، بەلای کەمەوە سەرانی بەعس بداتە دادگاو چاوبەستەی دنیای پێبکات لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە دەسەلاتدارانی ناوچەی کەنداوو خۆرهەلاتی ناوەراستی پێچاوترسێن بکات و باشتر ملکەچی هەیمەنەوسیاسەتەکانی بن.

بەداخەوە کە لەرابوردوودا رۆشنبیرانی کوردو حزبە سیاسیەکانی لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان ئەم مەسەلەیان بەهەند نەگرت و بەپێویستیان نەزانی سەرئەنجام ئەوخەمساردیەی دادوەرانی لێکەوتەوە کەوا لەدادگای عێراقیدا بینیمان، ڕێرەوی دادگاکە بەتایبەتی لەدۆسێی کیمیابارانکردنی هەلەبجەدا بەئاشکرا سازش و ناعەدالەتی تێدابوو، ئەگەرچی یەکلایی

کردنەوەی هەردو دۆسێی هەلەبجەوئەنفال بەجینۆساید هێزێکی گەورەی هەیە.

ئێمە هێشتا نازانین داهاتووی عێراق چۆن دەبێ‌ودەرئەنجامی ئەو بریارانەی دادگا لەمەڕجینۆسایدی کوردو ئەودۆسێیانە بەکوێ دەگەن‌وحکومەتی عێراق چۆن قەرەبووی کورد دەکاتەوە لەعێراقی تازەدا، بەلاّم هەرچۆنێك بێت لەباشترین حاڵەتیدا ئەودادگایە ناتوانێ حەصانەیەکی نێونەتەوەیی‌وتەنانەت نیشتمانیش بۆ کورد مسۆگەر بکات. لەباشترین حاڵەتدا دەتوانێ بریار لەقەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتوان بدات، ئەویش ئەگەر حکومەتی عێراق پابەندبێت بە جێبەجێکردنیەوە، ئەوا کارێکی باشە.

مادام دادگا بریاریدا واباشترە دەوڵەتیش پەند لەهەڵەوتاوانەکانی دەوڵەتی پێشوو وەرگرێ، بۆئەوەی چیتر باجی توند ڕەفتاری خۆی نەدات، بەئەرکی ئەخلاقی‌وسیاسی خۆی هەستێ‌و ڕێگەی دوبارەبوونەوەی جینۆساید لە کورد بگرێت بەوپێیەی لەپەیماننامەی نێودەوڵەتیدا هاتووە، تاوانی جینۆساید دژ بە هەر نەتەوەوئاین‌و گروپێك ئەنجامبدرێت ئەوا تاوانبارانی دەبێت لەدادگای نێودەوڵەتی دادگایی بکرێن. ئەگەرنا لەدادگایەکی تایبەتمەندی ناوخۆدا دادگایی کردنەکە بەرێوەدەچێت، ئەمەی کەلە عێراق بوو شێوەی دووەمی دادگایی کردنی تاوانبارانی جینۆسایدە لەبەر ئەوەی هیچ دەوڵەتێك ئامادە نەبووە دۆسێی جینۆسایدی کورد بگرێتە ئەستۆو هەواڵەی دادگای نێودەوڵەتی بکات. ئەگەر ئەمە بکرابایە هەرئەویش دەبووە کلیلی چارەسەری کێشەی سیاسی نێوان کوردو عێراق، دەبووە پاڵپشتێکی



بەهێز بۆئەوەی ئاسانتر بریار لەچارەنوسی خۆی بدات، بەلاّم چ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی‌و چ رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، لەکاتی ڕوودانی تاوانەکە بێدەنگ بوون، چاوەروانی ئەوەش لە ئەمریکا نەدەکرا زەمینە بۆدادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ دادگایی کردنی سەرانی دەوڵەتی عێراق‌و جێبەجێکارانی تاوانەکە سازبکات. ئەوان کە لەتاوانی جینۆسایدی کەلتوری، سایکۆلۆژی، ئابوری کورد بێدەنگ بوون، سەرئەنجام جینۆسایدی جەستەیی سنوری بە زاندوو بەکۆمەڵ کوشتن بووە سیمایەکی دیارو ئاشکرای دەسەلاّتی بەعس‌و لەوەش واوەتر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی تەنانەت لەگوندێکی بچوکی بیست ماڵی وەکو تازەشاری گەرمیاندا، ئەمەش هەتا ئەمڕۆ مایەی شەرمەزاری هەر پێنج وڵاتە هەمیشە ئەندامەکەی ئەنجومەنی ئاسایش‌ونەتەوە یەکگرتووەکانە،چونکە تاوانی جینۆساید دژ بەهەر گروپێك ئەنجامدرابێ لە راستیدا دژبە کۆی مرۆڤایەتیە، پاکتاوکردن‌وبەکارهێنانی چەکی قڕکەر لەدژی کوردو کوشتنی بەکۆمەڵ، واتای کۆشتن‌و سڕینەوەی ڕەگەزی بەشێکی مرۆڤایەتیە، ئایا نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانێ نامرۆڤ بوونی کورد بسەلمێنێ..؟! جاهەرچەندی دواکەوتووبێت لە رووی کۆمەلاّیەتی‌وکەلتوریشەوە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەمرۆ بێت یان سبەی دەبێت ئەم وەلاّمە بداتەوەو لە ئاست تاوانی جینۆسایدی گەلێکی زوڵملێکراو قسەیەك بکات، بەلای کەمەوە لەعێراقدا لایەنگری ئاشتی‌و عەدالەت‌و مافی ژیان‌ومانەوەی نەتەوەیەکبێت کە لەمێژودا غەدری گەورەی لێکراوەو لەبەردەم هەرەشەی پاکتاوی یەکجاریدابووە، ئەمەش نەك بەتەنها رێگایەك بەڵکو

بەچەندین شێوازی جیاواز، هەرلە شیواندنی مێژووکلتوریەوە تا بەتەعریبو گۆرینی ناسنامەی نەتەوەیی کەئەمەیان لەکاتی ئاشتیدا ئەنجام دەدەرێو دورنیە دەولەتی نوێ لەهەلودەرفەتی خۆیدا پەنای بۆ بەرێتەوەو پیادەی بکاتەوە .



دەقی بریاری 160

بەناوی خوای گەورەو بەخشندە

بەناوی گەل

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

ژمارەی بریار: 160

بەرواری بریار: 29/3/ 1987

بریار

پشت بەستوو بەئەحکامی برگە(1) لەمادەی چل ودوو ، وە بڕگەی (2) لەمادەی چلوسێی دەستور، جێبەجێکرا. هەروەك بڕیاریدا لەکۆبوونەوەی هاوبەشی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشو سەرۆکی هەرێمایەتی پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالستی، بەسترا لە 1987/3/18 .

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بریاریدا لە بەرواری 29ی ئازاری 1987 بەم شێوەی کە هاتووە:

یەکەم: عەلی حەسەن مەجید ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالستی، هەڵدەستێت بەنوێنەرایەتی کردنی پێشەوایەتی هەرێمی حزبوئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانیان، لە هەموو ناوچەکانی باکورو لەمیانیدا، ناوچەی کوردستانو ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەمەبەستی پارێزگاری ئاسایشو ونیزامو دەستەبەرکردنیوچەسپاندنی یاسای ئۆتۆنۆمی لەوناوچانەدا.

دووەم: هـاوڕێ ئەنـدامی پێشـەوای هەرێمایـەتی سەرپەرشـتی بـەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەو بڕیارە دەکات، هەموو دەسەڵاتێکی هەیە کە پەیوەستن بەم بڕیارەوەولەسـەر هـەموو دەزگامەدەنی وسـەرازیوئەمنیەکانی دەوڵـەتی هەیـە، تایبەتی ئەوەی کەتایبەتە بەکاروباری ئەمنی نەتەوەیی و لیژنەی کاروباری باکورەوە.

سێهەم : لەناوچـەی بـاکور هـەموو ئەولایەنانـە پەیوەندیـداردەبن بـەهاوڕێ ئەنـدامی پیشـەوایەتی هـەریم و ئیلتـزام بـەبریارو راسـپاردەکانیەوە دەکـەن و ئەرکەکانیان جێبەجێدەکەن، هەروەکو لەبریارەکەدا هاتووە.

1/ ئەنجومەنی جێبەجیکردن لەناوچەی کوردستان بۆ ئۆتۆنۆمی.

2/ پارێزگاری شارەکان، سـەرۆکی یەکە ئیداریـەکان، کەسـەربە وەزارەت و ئیدارەی خۆجێییەتین.

3/ دەزگاکـانی هـەواڵگری، وەهێزەکـانی ئاسایشـی نـاوخۆ، وە هـەواڵگری سەربازی.

4/ سەرکردایەتی سوپای میللی ( قيادات الجيش الشعبي )


چـوارەم: هــەموو پیشــەوا ســەربازیەکانی ناوچــەکە پەیوەســت دەبــن بەفەرمانداری هاوڕێ ئەندامی سەرکردایەتی هەرێم، بۆهـەموو ئەومەسـەلانەی پەیوەندیان هەیە بە(یەکەم) لەم بریارەدا.

پێنجەم : کاربەم بریارە دەکرێت لە بەرواری دەرچوونیەوە هەتا " ئەشعار" ی کۆتایی، و وەستانی کارەکە بەحوکمێکی یاسایی کە ناکۆك بێت بەم بریارە.



صدام حسێن

سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش



بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

مجلس قيادة الثورة

رقم القرار/ ١٦٠

تاريخ القرار/ ٢٩/ ٣/ ١٩٨٧

قــــرار

استنادا الى احكام الفقرة (آ) من المادة الثانية والاربعين ، والفقرة (آ) من المادة الثالثة والاربعين من الدستور ، وتنفيذا" لما تقرر في الاجتماع المشترك لمجلس قيادة الثورة والقيادة القطرية لحزب البعث العربي الاشتراكي المنعقد في ١٨/٣/١٩٨٧ .

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة في ٢٩/٣/١٩٨٧ مايلي :ـ

اولا . يمثل الرفيق علي حسن المجيد ، عضو القيادة القطرية لحزب البعث العربي الاشتراكي ، بتمثيل القيادة القطرية للحزب ومجلس قيادة الثورة في تنفيذ سياستهما في عموم المنطقة الشمالية ومنها منطقة كردستان للحكم الذاتي بهدف حماية الامن والنظام وكفالة الاستقرار فيها وتطبيق قانون الحكم الذاتي في المنطقة .

ثانيا . يتولى الرفيق عضو القيادة القطرية ، لتحقيق اهداف هذا القرار ، صلاحية التقرير الملزم لجميع اجهزة الدولة المدنية والعسكرية والامنية ، وبوجه خاص الصلاحيات المنوطة بمجلس الامن القومي ولجنة شؤون الشمال .

ثالثا . ترتبط الجهات التالية في عموم المنطقة الشمالية بالرفيق عضو القيادة القطرية وتلتزم بالقرارات والتوجيهات الصادرة عنه التي تكون واجبة التنفيذ بموجب هذا القرار .

أ ـ المجلس التنفيذي لمنطقة كردستان للحكم الذاتي .

ب ـ محافظو المحافظات ورؤساء الوحدات الادارية التابعين لوزارة الحكم المحلي .

ج ـ اجهزة المخابرات وقوى الامن الداخلي والاستخبارات العسكرية .

د ـ قيادات الجيش الشعبي .

رابعا . تلتزم القيادات العسكرية في المنطقة باوامر الرفيق عضو القيادة القطرية بكل ما يتصل بـ ( اولا" ) من هذا القرار .

خامسا . يعمل بهذا القرار من تاريخ صدوره وحتى اشعار آخر ، ويتوقف العمل بالاحكام القانونية التي تتعارض واحكام هذا القرار .

صدام حسين

رئيس مجلس قيادة الثورة

**دەقی تەواوی بڕیاری س ف 4008:**

**20 ی حوزێرانی 1987**

**لە: فەرماندەیی مەکتەبی باکوورەوە .**

**بۆ: فەرماندەیی فەیلەقی یەك، فەرماندەیی فەیلەقی دوو ، فەرماندەیی فەیلەقی پێنج [48].**

**بابەت: مامەڵە کردن لە گەڵ ئەو گوندانەی کە لە بەر هۆکاری ئەمنیی قەدەغە کراون.**

لە بەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیەی کە دوا مۆڵەتی ڕەسمیی ڕاگواستنی ئەم گوندانە لە 21 ی حوزێرانی 1987دا کۆتایی دێت بڕیارمان دا ئەم خاڵانەی خوارەوە لە 22 ی حوزێرانی 1987ەوە جێبەجێ بکرێن:

1 – هەموو ئەو گوندانەی کە تێکدەران – بەکرێگیراوانی ئێرانو خیانەتکارانی لەوچەشنەی دەرهەق بە عێراقیان تێدا بێت لەبەر هۆکاری ئەمنی بە قەدەغەکراو دادەنرێن.

2 – ئەم شوێنانە بە ناوچەی عەمەلیات دادەنرێنو بوونی مرۆڤ و ئاژەڵ تیایاندا بە تەواوی قەدەغەیەو هێزە چەکدارەکان بێ هیچ بەربەستێك دەتوانن دەستیان لێبکەنەوە تاوەکو ڕاسپاردەی تریان لە لایەن مەکتەبمانەوە بۆ دێت.

[48] ئەمە کۆپی ڕاسپاردەی س ف 4008 کەوا نوسینگەی ڕێکخستنی باکوری حزبی بەعس ئاڕاستەی هەردوو فەیلەقی یەكوپێنجو دەزگا جۆراوجۆرەکانی ئەمنو موخابیەرات کراوەو میدڵ ئیست وۆچ لە ناو فایلەکانی حکوومەتی عێراقدا بەدەستیهێناوەو دواتر لەراپۆرتەکەی خۆیدا بڵاوی کردووەتەوە.



3 – هاتوچۆکردن بۆ ئەم ناوچانە، هەروەها هەرچالاکیەکی ئاژەڵداریوکشتوکاڵوپیشەسازی قەدەغە دەبێتو بەچاکی لە لایەن دەزگا تایبەتمەندەکانەوە چاودێریی دەکرێت.


4 – فەرماندەیی فەیلەقەکان پەیڕەویی بۆردمانی (عشوائی) کوێرانەی ئەو ناوچانە دەکەنو تۆپخانەو هەلیکۆپتەرو فڕۆکە هەموو کاتێك بە شەو و بە ڕۆژ بەکاردێنن، بۆ ئەوەی گەورەترین ژمارەی ئەوکەسانە بکوژن کە لە ناوچە قەدەغە کراوەکاندانو ئێمەش لە ئەنجامەکانی ئاگادار بکەنەوە. (لێرەدا جەختی لە سەر کراوە).

5 – هەموو ئەو کەسانەی لەو گوندانەدا دەگیرێن دەبێ لە لایەن دەزگا ئەمنیەکانەوە لێکۆڵینەوەیان لە گەڵ بکرێتو ئەوانی تەمەنیان لە نێوان 15 . 70 ساڵدایە پێویستە ئیعدام بکرێن پاش ئەوەی زانیاریی بەکەڵکیان لێوەردەگیرێتو لە کاتی خۆیدا ئاگادار بکرێینەوە (جەختی لە سەر کراوە).

6 – ئەوانەی تەسلیم بە دەسەڵاتە حکوومیو حیزبیەکان دەبنەوە لە لایەن دەزگا تایبەتمەندەکانەوە لێکۆڵینەوەیان لە گەڵدا دەکرێت بۆ ماوەی ئەوپەڕەکەی سێ ڕۆژ کە دەکرێ درێژ بکرێتەوە بۆ دە ڕۆژ ئەگەر پێویستی کرد، بە مەرجێ لە هەموو حاڵەتەکان ئاگادارمان بکەنەوە. ئەگەر لێکۆڵینەوەکە پێویستی بە ماوەیەکی زۆرتر بوو پێویستە بە تەلەفۆن یان برووسکە ڕەزامەندیی ئێمە یان هەڤاڵ تاهر توفیق العانی وەربگیرێت.

7– هەموو شتێك کە لە لایەن *موستەشارەکان*و فەوجەکانی بەرگریی نیشتمانییەوە دەستی بەسەردا دەگیرێت بۆ خۆیان دەبێت جگە لە چەکی قورسو

دابەستراو و مامناوەندی[49]. ئەوان دەتوانن چەکە سووکەکان بۆ خۆیان گلبدەنەوە بە مەرجێ تەنها ئاگاداری ژمارەی ئەو



چەکانەمان بکەنەوە. فەرماندەی فەیلەقەکان دەبێ بە تەواوی *موستەشارەکان*و هاوکارەکانیان و یەکەکان ئاگاداربکەنەوەو زانیاریی سەبارەت بە چالاکییان لە نێو فەوجەکانی خێرایی فەرماندە فەرماندەی تەواومان بدەنێ



بەرگریی نیشتمانیدا (لێرەدا جەختی لە سەر کراوە).

بۆ زانیاریتان و دەستبەکاربوون لە ناوچەی دەسەڵاتتاندا، ئاگادارمان بکەنەوە.

ئیمزا

هەڤاڵ

علی حسن المجید

ئەندامی سەرکردایەتیی هەرێمایەتی

سکرتێری گشتیی مەکتەبی باکوور

## گەڕانەوەی تەرمی ئەنفالکراوەکانی گەرمیان.



**پاش**

بیست ساڵی تەواو لەبێسەروشوێنکردن و گوللەبارانکردنیان، سەرئەنجام لەگۆڕێکی بەکۆمەڵی ناوچەی حەیدەرییەی پارێزگای نەجەف ژمارەیەك لە ئەنفالکراوەکان لەگۆڕێکی بە کۆمەڵی بیابەنەکانی ئەوپارێزگایە لەخواروی عێراق دۆزرانەوەو پاش ئامادەکاری گەرێندرانەوە بۆکوردستان و لەوێشەوە بۆ گەرمیان و تایبەتی لەدێبنەی بەرانبەر ئۆردوگای رزگاری، سەرەتا لەشاری هەولێری پایتەختەوە کەژاوەکە بەرێکەوتوو لەرێورەسمێکی شایستەدا گەیەنرانەوە بۆ دێبنەی نزیك ئۆردوگای زۆرەملێی رزگاری و جارێکی تر



بەخاك سپێردرانەوە، سەرلەبەیانی رۆژی 2009/4/12 روفاتی ئەنفالکراوەکان بەبەردەم پەرلەمانی کوردستانەوە بۆ رێزگرتن لەگیانی مرۆڤە ئەنفالکراوەکانی کورد رێورەسمی گەرانەوەیان بۆ زێدی خۆیان دەستیپێکرد.

هەولێر :

سەرلەبەیانی رۆژی 2009/9/12 لەبەردەمی پەرلەمانی کوردستانەوە 187 روفاتی مرۆڤە بێتاوانەکان کەوتە رێ لەرێورەسمەکەدا کەسەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەبوون. سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان عەدنان موفتی وتەیەکی پێشکەش کرد.

دواتر کەژاوەی روفاتی قوربانیەکان، لەهەولێری پایتەختەوە بەرەوشاری کەرکوك بەرێکەوتن.

شاری کەرکوك :

لەشاری کەرکوکیش جگەلەپارێزگاری کەرکوك و بەرپرسانی ئەوشارە لەلایەن جەماوەری شارەکەوە بە گوڵباران پێشوازی لە تەرمی ئەنفالکراوانکراوپارێزگاری کەرکوك عەبدولڕەحمان مستەفا، تاجەگوڵینەی رێزلێنانی،لەسەرکەژاوەی ڕوفاتی قوربانیەکانی ئەنفال دانا، لەنا هەمان ئاپۆڕای جەماوەریدا لەشاری بابەگورگوری کوردانەوە کەژاوەکە بەرێخران بەرەو شاری چەمەچەماڵ.

شاری چەمچەماڵ:

شاری چەمچەماڵ بەهەمان گوڕو تین و بەهەمان هەست و شۆزەوە پێشوازی لەتەرمی ئەنفالکراوەکان کرد، لەوشارەشدا بەرێزەوە لەلایەن کەسوکاری

ئەنفالكراوانەوە گوڵبارانی روفاتی ئەنفالكراوانیان كرد، بەوجۆرە شەوی 4/13/12 كەژاوەی ڕوفاتی ئەنفالكراوەكان گەیشتە شاری سلێمانیو لە فەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگەی كوردستان مانەوە.

شاری سلێمانی :

ڕۆژی 4/13 شاری سلێمانی بەگوڵباران پێشوازیەكی گەرمی لەكەژاوەی ڕوفاتی قوربانیانی ئەنفالكردو هەر بەگوڵبارانیسش بەرەو گەرمیان،تەرمی ڕۆڵەكانی نیشتمانیان بەڕێكرد، بەم شێوەیە ڕێورەسمی گەرانەوەی روفاتی ئەنفالكراوەكان كە ژمارەیان 187 قوربانی بوو بەرەو گەرمیان كە دەشێت بەمەملەكەتی ئەنفالكراوەكانی كوردستان ناوی بەرین بەڕێخران، شایانی باسە لەهەموو شارو شارۆچكەكانی سەرڕێگاكان (عەربەت، وارماواو شاری دەربەندیخانوپێباز ) پێشوازیی شایستەیان لە ڕوفاتی ئەنفالكراوەكان كرد، تا گەیشتنە شاری كەلار لەوێش جەماوەری شارەكەو






خەڵكی گەرمیانو كەسوكاری قوربانیان كە زۆربەیان لەئۆردوگای رزگاری نیشتەجێن، ئامادەبوون، دوای پێشوازییەكی شایستە، لەمەراسیمێكی جەماوەری گەورەدا ڕۆژی 4/14 لە دێبنەی بەرانبەر كۆمەڵگای رزگاری تەرمی هەر 187 كەسەئەنفالكراوەكەیان بەخاك سپاردەوە .

سەرنج

لەووتەكەیدا سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان ووتی خۆشبەختانە ئێستا تاوانباران دادگادان هەندێكیان دوجارو سێجار حوكمی لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە بەهیوام ئەو تاوانبارانە بەسزای تەواوی خۆیان بگەن، بەڵام هیچی لەبارەی ئەو تاوانبارانەوە نەگوت كە لەكوردستان بەئازادیو بەموچەی بەرزو سەری شۆرەوە بەبەرچاوی كەسوكاری ئەم قوربانیانەدا تێدەپەرنو بێباكن لەو هەموو مرۆڤەی ئێستا لە بیابانەكانی عەرەبستان بێ كفن راكشاونو ژێرخۆڵدراون.



**بەلام لەناو ئاپۆرەی خەڵکی گەرمیاندا لەناو گۆرستانە تایبەتەکەی دێبنە**



**دایکانو خوشکانو کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بەروونی پەیامی خۆیان گەیاندە دەسەڵاتدارانی کوردستانو بەزۆری جەختیان لەوە دەکردەوە کە شورەییەکی گەورەیە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانو حزبە دەسەڵاتدارەکانی بکوژی ئەم تەرمانەو چاوساغەکانی ئەم تاوانەیان داڵدەوپەنا داوە.. هەروەکو پیرەژنێکی شاری کفری پڕ بەدەمی هاواری دەکرد دەك ریسوای دنیاو قیامەتبن کە دوێنێ بەسەیارەی عەسکەری کورەکانمانتان بردو ئەمرۆ بە مۆنیکاوە هاتوونەتە پێشوازی تەرمەکان توخوا داناوەشێن دانارزێن..؟**



## پرۆفایل



- ناو عومەرمحمەد قادر
- سالی 1968 لە ناوچەی سورداش لەدایکبووە.
- پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلیمانی بەشی شانۆی تەواو کردووە.
- بەرێوەبەری ناوەندی چاك ە لەکوردستان.
- ساڵی 2001-2002 خاوەنی بلاوکراوەی سپێدەبووە.
- خاوەنی گۆڤاری ئەنفالستانە- تایبەتە بەتاوانی ئەنفالو جینۆساید .
- ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستانە .
- ئەندامی رۆژنامەنوسانی جیهانە .
- بەهۆی چالاکیەکانیەوە شەرەفی ئەندامی فەخری لەرێکخراوەوکۆمەڵەکانی قوربانیانی کیمیابارانی دۆڵی بالیسانو دۆڵی جافایەتیو رێکخراوی کارا بۆئەنفالو دەستەی ناساندنو بوژاندنەوەی گوندی گۆپتەپەی شەهید پێبخشراوە.
- بۆردی رێکخراوی سپی بۆ ناوچەکیمیابارانکراوەکانی کوردستانە.
- خۆبەحشانە سەرپەرشتی چەندین پرۆژەی فریاگوزاری خێراو هوشیاریو بەتەنگەوەهاتنی قوربانیانی لەگوندە کیمیابارانکراوەکانو ئەنفالکراوەکان کردووە
- رێزلێنانی لەلایەن کەسوکاری قوربانیانو رێکخراوەکانیانەوە پێشکەشکراوە .
- بەردەوام لەمالپەرو رۆژنامەکاندا دەربارەی ئەنفالوجینۆساید دەنوسیو چالاکوانێکی ئەومەیدانەیە.

**سوپاس و پیزانین** :

- بۆ جەمالی ئامۆزام کەدەست و دڵفراوانی ئەو یارمەتی دەرێکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی خۆم و قەڵەمەکەم باشتر بخەمە خزمەتی قوربانیانی ئەنفالەوە.

- بۆ برای بەرێزو خۆشەویستم کاك فریاد زەنگەنە کە هاوکاریی زۆری کردم لەناردنی ئامارو زانیاری بۆ ئەم کتێبە .

- دێرینی هاوڕێ و هاوسەرم کەهاوکارو پاڵپشتی هەمیشەیی ژیانمە .